# کوردایەتی

# لەنێوان دروشم و واقیعدا

نوسینی
نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم

سلێمانی ............٢٠٠٧

کوردایەتی لە نێوان ...

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە
تەنها بۆ نوسەر

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا
نوسەر: نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس)
تیراژ: ٣٠٠ دانە
چاپی : یەکەم ٢٠٠٧
چاپخانە: شڤان
پیتچن: دڵشاد سابیر ڕەزا
هەڵەبڕ: نەوزادی موهەندیس
دیزاینی بەرگ: زەردەشت عەلی

ژمارەی سپاردنی( ١٠٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

# ناوەڕۆك

=============

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە ........ | ٨ |
| سوپاس بۆ ........ | ٩ |
| پێشەکی ........ | ١٠ |
| **بەشی یەکەم** ........ | ١٦ |
| ڕۆڵ و کاریگەری سەرکردەو کادرەکانی ........ | ١٧ |
| ڕۆڵ وکاریگەری جەماوەر ........ | ٢٢ |
| ڕۆڵ وکاریگەری کۆمەڵە و ڕێکخراوە ........ | ٢٦ |
| ڕۆڵ وکاریگەری دەرودراوسێ و فاکتەری ........ | ٣١ |
| کوردایەتی لە نێوان دروشم و واقیعدا ........ | ٣٥ |
| پرسی کوردو فاکتەرە سلبیەکانی بەردەم ........ | ٤١ |
| شەڕی نمونە, شەڕە لەپێناو کوردەواریو ........ | ٤٧ |
| کوردو نەبونی کاریزما ........ | ٥٢ |
| چارەنوسی کەرکوك لە ئەستۆی هەموانە ........ | ٥٥ |
| ڕاپەڕین دەسپێکی قۆناغێکی ........ | ٦٢ |
| لەسایەی ڕاپەڕینەوە مانگی ئادار ........ | ٦٧ |

کوردایەتی لە نێوان ...

| | |
| --- | --- |
| ڕاپەڕین فاکتەرێکی گرنگ بوو ........ | ٧٠ |
| ڕاپەڕین خاڵی وەرچەرخان بوو ........ | ٧٥ |
| کۆڕەو ڕاپەڕینێکی نوێ بوو لەهەناوی ........ | ٧٨ |
| کۆڕەو ڕای گشتی جیهانی بەرامبەر ........ | ٨١ |
| کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلەکەمان مەسەلەی ........ | ٨٥ |
| بڕیاری ٦٨٨ وکاریگەری لەسەرداهاتووی ........ | ٨٨ |
| بڕیاری ٦٨٨ و کاریگەری لەسەر مەسەلەی ........ | ٩٣ |
| کارەساتی هەڵەبجە ترۆپکی ئازارو ........ | ٩٧ |
| کارەساتی هەڵەبجە ترۆپکی ئازارەکانی ........ | ١٠٠ |
| ئەنفال ترسناکترین شێوازی ........ | ١٠٣ |
| ئەنفال بەشێك بوو لە ستراتیژی ........ | ١٠٦ |
| ئەنفال پرۆسەی بەفەناکردنی کورد ........ | ١١١ |
| زەمانی کاروکردارە نەك دروشمی بریقەدارو ........ | ١١٥ |
| ئەرێ پەیوەندی کردن بە ئیسرائیلەوە ........ | ١١٩ |
| نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان ........ | ١٢٥ |
| حکومەتی سەیرو سەمەرەی عێراق و ........ | ١٢٨ |
| ڕۆژی ١ی ئایار ........ | ١٣٢ |
| شکور وشیارە مەحوی ........ | ١٣٦ |
| کاریگەری کۆمەڵەی فشار(لۆبی) ........ | ١٤١ |

**بەشی دووەم**........................ ١٤٦

نەوت و ئایندەی کوردوستان........................ ١٤٧
سەرچاوەکانی وزە لە کوردوستان........................ ١٥٤
ڕۆڵ وکاریگەری نەوت لەپێشخستنی........................ ١٦٠
پەراوێزێك بۆ کێشەی ئاو........................ ١٨٥
سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن........................ ١٨٨
دیاردەی بێکاری و چۆنێتی........................ ١٩١
گرنگی هێزی کار و چۆنێتی ........................ ٢٠٢
چۆنێتی پێشخستن و گەشە پێدانی........................ ٢١٢
گرنگی کارگە بچووکە بەرهەمهێنەکان........................ ٢١٧
گرنگی پیشەسازی خۆراك لە ئێستاو ........................ ٢٢٣
پلانی بەتایبەتکردنی دام و دەزگا........................ ٢٣٠
زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت........................ ٢٣٥
بەرزبونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕە........................ ٢٣٩

**بەشی سێیەم**.......... ٢٤٤

تەرشیقی ئیدارەو چەند پێشنیازێك..... ٢٤٥
سیستەمی هاندان........................ ٢٤٩
کەمکردنەوەی ڕۆتین لە دام و .......... ٢٥٣
لەپێناو خزمەتێکی چاکتر هەنگاو...... ٢٦٠

کوردایەتی لە نێوان ...

کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو........ ٢٦٨
گرنگی دان و بەگەڕخستنی توانا..... ٢٧٣
حکومەتی هەرێمی کوردوستان....... ٢٨٠

**بەشی چوارەم**.............. ٢٨٤

چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاوی پیس...... ٢٨٥
پیشەسازی بۆیە و واڕنیش............... ٣٠٢
داخورانی کانزاکان........................ ٣١٠
سووتەمەنی و جۆرەکانی.................. ٣٢٠
پیشەسازی بۆردو بلۆکی گەچ............ ٣٤٠
چیمەنتۆ کەرەسەیەکی گرنگی ........... ٣٤٨
پیشەسازی شووشە........................ ٣٦١
پیس بوونی ژینگە و مەترسیەکانی..... ٣٧٢
ئاسۆی دواڕۆژی پیشەسازی پەینی........ ٣٨٢

**بەشی پێنجەم**............... ٣٩١

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان.......... ٣٩٢
بناغەی دەسەلأتی گەل........................ ٣٩٦
هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی............ ٣٩٩
هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شاراوەنیەکان.. ٤٠٢

ئایا بەرژەوەندی کورد لە بەشداریکردنی........... ٤٠٥

**بەشی شەشەم**................ ٤١١

ی.ن.ك ڕێکخراوی هەستانەوە و............. ٤١٢
بەحەق ی.ن.ك داهێنەرە ,خزمەتگوزارە,...... ٤١٦
پێویستە کۆنگرە گیانی شۆڕشگێڕی........ ٤٢٦

**بەشی حەوتەم**.................. ٤٣٢

ئەندازیاران پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەی..... ٤٣٣
بەرەو کۆنگرە و هەڵبژاردنی ئەندازیاران........ ٤٣٨

**بەشی هەشتەم**.................. ٤٤١

تیرۆر لە فەرهەنگی کوردەواریدا.................. ٤٤٢
جەنگی دژە تیرۆر و ئایندەی گەلی کوردوستان... ٤٤٦
تیرۆریستان پەلەقاژەی مەرگیان دەکەن........... ٤٥٠

کوردایەتی لە نێوان ...

**پێشکەشە :-**

## بەو دووکەسەی کە دڵسۆزترین و
## بەخشندەترین کەسن بۆمن
## و
## بەدرێژایی تەمەنیشم قەرزارباری ئەوانم
## ئەوانیش
## دایك و باوكی
## خۆشەویستمن و لە پەروەردگار داواکارم
## کە تەمەن درێژیان بکات

## سوپاس بۆ:-

❖ بە پێویستی دەزانم کە لێرەدا سوپاسی خۆم ئاڕاستەی هاوڕێیانم لە (کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردوستان و هاوڕێی بەڕێزم ئەندازیار کاك عوسمان قادر) بکەم بۆ هاوکاری و پشتگیری کردنم بۆ لەچاپدانی کتێبی دووەمم ئەگەر بەهاوکاریەکی کەمیش بوبێت. یەزدان نمونەیان زیاد بکات.

❖ سوپاسم ئاڕاستەی کاکە ( دڵشاد سابیر ڕەزا )دەکەم بۆ هاوکاری و یارمەتیدانم بۆ تایپکردنی ئەم کتێبەم, چونکە گەر ماندووبونی ئەو ئازیزەم نەبوایە ئەم کتێبەم لەکاتێکی زوودا لەچاپ نەدەدرا. خوازیارم هەمیشە سەرکەوتوو لەش ساغ بێت لە ژیاندا.

❖ سوپاسم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەشم کە هەریەکەیان بەجۆرێك هاوکاری و هاندەر و پشتیوان و دەستخۆشیکەرم بوون بۆ لەچاپدانی ئەم بەرهەمە و هەردوو بەرهەمی پێشووترم.





## پێشەکی

❖ ئەم کتێبەی کە لە بەردەستدایە بریتیە لە بەشی دووەمی بابەت و نوسینەکانم کە لە گۆڤارو ڕۆژنامە و سایتە ئەلکترۆنیەکاندا بڵاوکراونەتەوە , کاتێك یەکەم بابەتم و بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێدا لە بەرواری ١٩٩٦/٧/١٤دا کە ڕۆژنامەیەکی گەورەو بەر بڵاوی ئەوکاتە و ئێستاشە بوە مایەی خۆش حاڵی و دڵشادیەکی بێ وێنەم چونکە ئەوە نۆبەرە و دەستپێك و خونچەی نوسینەکانم بوو لەهەمان کاتیشدا وەك هاندەرێکیش وابوو بۆ بەردەوام بون و بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیریم و گەشە پێدانی تواناکانم .ئاشکراشە هەموو کەسێك هەر هەمان هەست و سۆزی دەبێت لەو کاتانەدا , چونکە تائێستاش هەر کاتێك بابەتێکم بڵاودەبێتەوە لەهەر ڕۆژنامە یان گۆڤار و سایتێکدا هەمان خۆشی و شادمانیم پێدەبەخشێت و هەست بەسەرکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی نوێ دەکەم.

❖ ئاشکرایە مرۆڤ هەر کاتێك هەوڵیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێك و توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت, ئەوا هەمیشە نەشئەی سەرکەوتن و خۆشی چێژ دەکات.هەربۆیە

بنچینەی هەموو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجێك, هەوڵدانە و بەردەوام بوونە بەدڵسۆزی و ڕاستگۆیانە و گرتنە بەری شاڕێگە ڕاست و دروستەکەیە دوور لە لادان و خۆخەریککردن بەشتی لاوەکیەوە و کات بەفیڕۆدان, جاکاری نوسینیش یەکێکە لەکارە زۆر هەستیار و گرنگ و پڕ لێپرسراوێتیەکان,وەك دەوترێت (( مرۆڤ بریتیە لە ووشە و بەڵێن و گووتە جا شەرەفی مرۆڤ ووشە و گووتەیە بەهەمان شێوەش شەرەفی خواش هەر ووشەیە )) بەو مانایەی کە سەرڕاستی و ڕاسگۆیی و کەسایەتی و گەورەیی مرۆڤ لە ووشەوە دەست پێدەکات ,هەربۆیە کاری نوسین هەوڵ و ماندووبون و جورئەت و دڵسۆزی و ڕاسگۆیی و ئەمانەتی گەرەکە. نوسین گەر تەنها ئامانج لێی نوسین و بلاوکردنەوە و پڕکردنەوەی کاغەزی سپی و بینینی ناوی خۆت بێت لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان ئەوا بەدڵنیاییەوە ناچێتە ناو هیچ دڵێك و تەمەنێکی دوور و درێژ و ناو و ناوبانگێکی نەمریش بۆ بابەتەکە و نوسەرەکەشی تۆمار ناکات . بەپێچەوانەشەوە گەر نووسین ئامانج لێی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و نەوەی داهاتوو بێت و بابەتی بەپێز و ڕەسەن ونوسینەوەی مێژوو بێت و لەدڵێکی پڕ ڕاسگۆیانە و ە هەڵقوڵابێت, ئەوا





ڕاستەوخۆش دەچێتە ناو دڵەکان و کاریگەریەکی گەورەش دروست دەکات و وەك نەخشی سەر بەردیش بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و دەبێتە شاکار و نەمریەکی گەورەش بۆ نوسەرەکەی تۆمار دەکات.

لەڕۆژگاری ئێستادا نمونەی زۆرێك بابەت و نوسین هەن کە هیچ مانا و ئاماژەیەکی قوڵ و کاریگەریان نیە و هەر ئەو ساتە لە بەر چاودایە و هەستی پێدەکرێت, ئەگینا هیچ کاریگەریەك لەسەر خوێنەر بەجێناهێڵێت, بەداخیشەوە بڕێکی زۆر لەو نوسینانە هەن وەك دەوترێت (( زۆری و بۆریەك)) دەبینرێت لە ئێستای نوسین و بلاوکراوەدا,لەگەڵ ئەو هەموو ئاسانکاری و تەکنەلۆژیایەی کەلەبەردەستدایە و ئەو هەموو سەرچاوەی زانیاریانە کە دونیای کردۆتە گوندێکی بچووکی هاوچەرخ و لەزەمەنێکی زۆر کورتدا دەتوانرێت پەیوەندی بکرێت بەدوورترین جێگەی دونیاوە و باشترین سەرچاوە و زانیاری دەستبکەوێت. بەلاّم باووباپیرانی ئێمە بەکەم دەرامەتی و بەکۆلکە خوێندەواری و لەزەمەنی نەبونی سەرچاوە و نەبونی زانا و زانیاری و هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردنی پێشکەوتوودا, شاکاری وایان خوڵقاندوە لەهەموو بوارەکاندا کە تائێستاش جێگەی بەرزیان هەیە لە فکر و یادەوەریماندا.هۆکارەکەشی

تەنها و تەنها ڕاسگۆیی و ئەمانەت و داهێنان بوە دوور لە بازرگانیکردن و خۆ دەوڵەمەندکردن و ناو و ناوبانگ پەیداکردن.چونکە زۆرێك لەو کەڵە پیاو و ڕۆشنبیر و نوسەرانە بە کەساسی و نەبونی و هەژاری سەریان ناوەتەوە وکۆچی دواییان کردەوە و تەنها داهێنان و نوسینە گەورەو شاکارەکانیان پاشماوە و میراتیان بوە بۆ نەوەکانی خۆیان و گەلەکەیان.

❖ ئاشکراشە هەمیشە (( گوتەی چاك و بیری چاك و کرداری چاك )) بەنەمری و سوودبەخشی دەمێنێتەوە و کاریگەری گەورە بەجێدێڵێت لەسەر فکر و هەڵسوکەوت و ڕێڕەوی بیرکردنەوەکانی ئێستا و ئایندەش.

بەندەش بەهیوای ئەوەی کە ئەم کار و هەوڵە زۆر بچوکانەم بچێتە ئەو چوار چێوە ڕاسگۆ و ڕەسەنانەوە کە بتوانن گەرچی کەمیش بێت کاریگەریەکی پۆزەتیڤانەیان هەبێت لەسەر هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیری نەوەکانی ئێستا و داهاتووشمان.

❖ ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە پێك هاتوە لە هەشت بەش کە تایبەتن بە (( سیاسەت و ئابوری و ئیدارە و زانست و هەڵبژاردن و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و ئەندازیاران ودیاردەی تیرۆر)) کە سەرجەمیان ٧٢ بابەتن و





لەکاتی خۆیاندا بڵاوکراونەتەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا. بیر و بۆچون و ڕاکانمان لەدایك بووی زەمەن و زەمینەی خۆیان بوون و بەتێڕامان و لێکۆڵینە وەو ووردبونەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان هاتونەتە بوون.کە مەرج نیە لە ئێستادا هەمان بیروبۆچوونمان هەبێت و هەواداری هەمان ڕاکانمان بین,چونکە لەزەمەنێکدا دەژین کە داهێنانە زانستیەکان و ڕووداوە سیاسی و ئابوری و ئیداری و هونەریەکان هێندە بە خێرایی ڕوودەدەن و کاریگەری هێندە گەورەیان هەیە کە بواری هیچ پێشبینی و دووربینیەکیان بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە, بەشێوەیەك ئەوەی لە دوێنێدا لە چوارچێوەی حەقیقەتێکی نەگۆڕدا بوە لە مڕۆدا پوچەڵ بۆتەوە و بۆتە هەڵە و ئەوەی لە ئێستاشدا بەهەمان شێوە وادەبینرێت و هەستی پێدەکرێت کە ڕاستیەکی نەگۆڕە پێدەچێت لە داهاتوودا ببێتە هەڵەیەکی گەورە و سەرتاپای بیرو بۆچوون و ڕاکان دەربارەی بگۆڕێت.

❖ بەبڕوای من مرۆڤ کوڕی زەمەنی خۆیەتی و ناتوانێت زەمەنی هیچ کەسێك و نەوەیەکی پێشتر یان دواتری خۆی ببات , هەربۆیە چەندی پێدەکرێت هەوڵ بدات ببێتە تاکێکی بەسوود و بەخشندە و ڕێپیشاندەری

دەوروبەرەکەی و ڕێگای ڕاستیەکانیش بۆ نەوەکانی داهاتووش ڕۆشن بکاتەوە . و هەموو مرۆڤێك لە خاڵێك و وێستگەیەکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکات و لە خاڵێك و وێسگەیەکی نوێتر و دیاریکراودا کۆتایی بە کارو چالاکیەکانی دێت و لە بەهرە و بەخشندەیی و کەڵکی بۆ دەورو بەرەکەی دەکەوێت و شەمەندۆفێرە دوورو درێژەکەی ژیان بەجێدێڵێت بۆ نەوەیەکی دواتری دوا خۆی .

❖ بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵەشم کەلێنێکی زۆر بچووکی بواری نوسین و کتێبخانەی کوردەواری پڕ بکاتەوەو سوودێکی گەرچی بچووکیش بێت بگەیەنێت بەخوێنەران لە ئێستا و داهاتووشدا و داوای لێبووردن لەهەڵە و کەموکوڕیەکان دەکەم و بەهیوای ڕاستیەکان وەك خۆی وەربگیرێت و هەڵەکانیشم بۆڕاستبکەنەوە , چونکە هیچ مرۆڤێك کامڵ و بێ کەموکوڕی و بێ هەڵە نیە تەنها کامڵ بوون بۆ پەروەردگارە ...

لەگەڵ ڕێزی.........

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

**٢٠٠٦/١٢/٢٧**

Nawzad_mohandis@yahoo.com





# بەشی یەکەم

# ڕۆڵی سەرکردەو کادرەکانی حزبە سیاسیەکان و حکومیەکان
## لەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ئیرادەی کوردیدا*

❖ ئاشکرایە کە کادرو سەرکردەکانی حزبە سیاسیەکان ڕۆڵی گەورە و گرنگ دەگێڕن لەدانانی بەرنامەو ستراتیژو هەڵبژاردنی تاکتیکی گونجاو بۆ هەر قۆناغ و مەودای درێژخایەن . سەرکردەکان ڕۆڵی پلاندانان و داڕشتنی بنەما سیاسی و فکری و ئابوورییەکانی حزبەکان دەگێڕن و بەئاراستەیەك سیاسەتەکان دەبەن کە بەقازانجی حزب بێت و لەناو جەماوەردا پشتگیری و پشتیوانیان بۆ دروست بێت و بتوانن زۆرینەی جەماوەر لەخۆیان کۆ بکەنەوە و لەکاتی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکاندا لەگەڵ بۆچوون و ڕێبازو سیاسەتەکەیاندا بن و بتوانن لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و دروشم و ئامانج و بەرنامە سیاسیەکانی خۆیان کە چەندین ساڵە خەباتی خوێناوی و دیموکراسی لەپێناودا دەکەن بهێننە دی و لەڕێگەی کارو خزمەتگوزارییەکانەوە کە پێشکەشی جەماوەرو لایەنگرو دۆستەکانیان دەکەن درێژە بەدەسەڵاتیان بدەن و لەپاڵیشدا حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان بچوك و بچوکتر بکەنەوەو ململانێکان بە قازانجی خۆیان بشکێننەوە , لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی





ڕەگی داکوتاوەو حزبە سیاسیەکان ئەزمونی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان هەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەم ئاراستەیە کاردەکەن و حزب هۆکارێکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کۆمەڵگاو وڵات و خۆشگوزەرانکردنی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و سیاسی و ئابووری و کۆ مەڵایەتی و زانست و ئەدەب و ...هتد .

سەرکردەکانیش لەم بوارەدا ڕۆڵی بەرچاو دەبینن و هەمیشە خۆیان وەك خزمەتگوزارێکی بەئەمەك و بەوەفا دەزانن لەبەردەم ڕای گشتی وڵاتەکەیاندا و بەبچوکترین دیاردەکانی گەندەڵی و کەمتەرخەمی و زەرەرو زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی میللەت و وڵات دەست لەکار دەکێشنەوەو داوای لێبوردنیش لەگەل دەکەن ......

بەڵام ئایا سەرکردەو کادرو لێپرسراوەکانی کوردستان لە حزب و حکومەتدا بەم ئاقارەدا کاریان کردووە یان بەئاقاری پاراستنی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان و کەسوکاریان و مە حسوبانیان بۆ ئەوەی دەسکەوت و پلەو پایەو ئیمتیازاتەکانیان لەدەست نەچێت ؟ ئایا لەماوەی ئەم ١٣ ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا سەرکردەکان بۆ جارێکیش گوێڕایەڵی ڕای گشتی شەقامی کوردی بوون ؟

ئایا بەرژەوەندی گەل و وڵاتیان خستۆتە سەروو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و حزبەکانیانەوە ؟ ئایا چەند جار سەرکردەو کادرو وەزیر و وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی

لەسەر گەندەڵی و کەمتەرخەمی و فەساد دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوەو داوای لێبوردنی کردووە ؟

دەیان و دەیان پرسیاری تر دەتوانرێت بەو ئاراستەیە بکرێت و وەڵامەکانیشیان هەموویان بە ( نەفیە ) و لەم چەند ساڵەی حوکمی کوردیدا وێنەیەکی گەش و سووربونی ئەو سەرکردانە بەرچاو ناکەون بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستاندا .

بەڵکو سەرکردەکان درێژە بەسیاسەتە هەڵەکانیان دەدەن و لەخوار خۆشیانەوە دەسخۆشیان لێدەکرێت , لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخەی کەکوردی پیاتێپەڕدەبێت لەنەبوونی یەك ئیدارەو یەك سەنتەری بڕیارو یەکنەگرتوو لەووتەو کرداردا تەنها بەقازانجی سەرکردە بێتوانا و نەخوێندەوارو ناهۆشیارەکانە بۆ ئەوەی درێژە بەدەسکەوت و پلەو پایەکانیان بدەن و زیاتر خۆیان دەوڵەمەند بکەن .

ئەگینا ئەوە چ پۆزشێکە بۆ یەکنەگرتنەوەی دوو ئیدارە کە کۆمەڵێك سەرکردەی سەربازی و شەڕەنگێزو گەندەڵ کە هەردوولا یان چەند کەسێکی کەمی وەزیرو وەکیل وبەڕێوەبەری گشتی زەرەر دەکەن و پۆستەکانیان لەدەست دەچێت و زویر دەبن , ئایا پۆست و دەسکەوتەکانی ئەوان گەورەترە لەچارەنوسی ٤ ملیۆن کورد ؟ ئایا مەسەلەی دواڕۆژ و خەباتی خوێناوی سەدان ساڵەی کورد ئەوە ناهێنێت کە چاو لەبەرژەوەندی چەند سەد کەسێك بپۆشین ؟ ئایا ئەو کەسانە





( سەرکردەو کادرە حزبی و حکومیەکان ) لەئەزەلەوە پۆست و پارەو کورسیان هەبووە یان ئەو بارو دۆخەی شەڕی ناوخۆو دووکەرت بون و مەحسوبیەت وتەکەتول وفەراغ پێی گەیاندوون ؟

هەربۆیە دەکرێت کەسەرکردە سیاسیەکان و لێپرسراوی یەکەمی حزبەکان و حکومەتەکانی هەردوولا زۆر بوێرانەتر و ڕاشکاوانەتر چاو لەو هێندە کەمەی دەسەڵات ببۆشن و بڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکەی مێژوو بدەن بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو چیدی یاری بەچارەنوسی میللەت و وولاتەوە نەکەن و واز لەخۆپەرستی و حیزبپەرستی و عەشایەر زیندووکردنەوە و مەحسوبیەت و دڵڕازیکردنی ئەم و ئەو بهێنن و کادری بەتوانا و لێهاتوو خاوەن بڕوانامە و شارەزا بۆ سەرکردایەتی حزبەکانیان و پۆستە ئیداریەکان دەستنیشان بکەن , نەك لەسەر بنەمای ئەوەیان ژنەو ئەوەیان لەبنەماڵەیەو ئەویتریان لەتەکەتولی خۆمەو هەزاران بەهانەی بێمانای تر .

سەرکردەی مێژووکرد دەبێت دووربین و دڵفراوان و دوور لەڕق و قین و تۆڵەسەندنەوە بێت و دووربێت لەگیانی ناوچە گەرێتی و عەشایەرچێتی و تەکەتولبازی نارەواو دڵڕازیکردن , بەڵکو دەبێت ڕاستگۆو ڕاشکاوو بوێرو بەوەفا بێت بۆ هەموان بەبێ جیاوازی , چونکە عێراقی نوێ , کوردستانی نوێ , سەردەم عەولەمەو تەکنە لۆژیاو کۆمپانیا زەبەلاحە نیو دەوڵەتیەکان و سەرمایەداری و دیموکراسی ئەمڕۆ کەسانی بەتوانا و شارەزاو خاوەن بڕوانامەو زمانزانی باشی دەوێت , چونکە ئەم سەردەمە

سەردەمی سنورەکان و بنەماڵەکان و خێزان و تاکڕەوی عەقڵ و دۆگمایی نەماوە , بەڵکو دەبێت سەرکردە و بنکردە ڕاستگۆ بن لەخەبات و بڕیارەکانیان لە پێناو بەرژەوەندی باڵای گەلدا و واز لە دەستکەوتی کەمی خۆیان بهێنن و ئەم قۆناغە ناسکە ببڕن و سەروەری هەتاهەتاییە بۆ خۆیان تۆمار بکەن. ئەگینا بەپێچەوانەوە ئەوان بەرپرسیاری یەکەم و کۆتایین لەشکستی ئەم دەسەڵاتەی کوردان و مێژووش بەزەیی بەهیچ کەسدا نایەتەوە ....

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (٨٦) لە (١٩) ی حوزیرانی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.



کوردایەتی لە نێوان ...

## ڕۆڵ و کاریگەری جەماوەر لەیەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەوە ئیرادەی کوردیدا*

❖ ئاشکرایە کە جەماوەر سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتی هەموو حکومات و دەوڵەتان و حیزبێکی سیاسیە , جەماوەر ڕۆڵ و کاریگەری گەورە دەبینێت لەسەرکەوتن و پشتگیری هەموو پرۆسەو پرۆژەیەکی گەورەی سیاسیدا .

جەماوەر هەمیشە لەکێشەو پرسە ناسك و گرنگ و ئالۆزەکاندا وەك ئاراستە کەر و یەکلاکەرەوە پەنای بۆ دەبرێت لەلایەن پارتە سیاسیەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش .هەریەکەیان لەهەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر لەدەوری بەرنامەو دروشم و پلانەکانی دواڕۆژیاندا . چونکە زۆرینەی جەماوەر لای هەرلایەك بگرێت ئەوا ڕەوایی و دروستی بەرنامەو دروشمەکانی ئەو لایەنە سیاسیە دەردەخات و درێژەش بەدەسەڵات و هێزی دەدات .

جابۆیە هەمیشە هێزە سیاسیەکان لەکاتی هەڵبژاردن و ڕەخنەگرتن و مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕینیاندا و ڕاوەرگرتنیان دەگەڕێنەوە بۆ لای جەماوەر . هەربۆیە لەو وڵاتانەی سیستەمی سیاسیان دیموکراسیەو ئازادی و مافەکانی تاکە کەس پارێزراون و میدیا و ڕۆژنامەکان ئازادن , جەماوەر هۆشیارانەتر

و ڕاشکاوانەتر داوای مافەکانیان دەکەن و فشاریش دروست دەکەن لەسەر دەسەڵات کە پێشێلی مافەکانیان نەکات .

بەم شێوەیە لەولاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و ڕۆژئاوا دا جەماوەرو ڕای شەقامی گشتی ولاتەکانیان سەنگ و قورساییان هەیە و دەسەڵات ناتوانێت بەتەنها بڕیاربدات و حساب بۆ جەماوەر نەکات و تاك ڕەوی وخۆسەپاندن نانوێنن , نمونەی زیندووش هەموو ئەو مانگرتنانەن کە لە لایەن کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییەکانەوە سازدەدرێن و دەتوانن شەلەل بخەنە کاری دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە و بەناچاری دەوڵەت والێ دەکەن کەوەڵامی داواکاریەکانیان بدەنەوە .

بەلام لێرەدا دەیان پرسیار دێنە پێشەوە کە ئایا لەم چەند ساڵەی حوکمی کوردیداو لەزەمانی ئازادی و دیموکراسی و میدیای ئازاددا لەکوردستان جەماوەر چ ڕۆڵێکی بینیوە ؟ ئایا جەماوەرو ڕای گشتی شەقامی کوردی توانیویەتی فشارێکی پۆزەتیفانەی بەهێز لەسەر دەسەڵات و پارتە سیاسیەکان دروست بکات ؟ ئایا جەماوەر چەند جار و دوور لەدوای حزبەکان ڕژاوەتە سەر شەقامەکان و ناڕەزایی و سکالایان کردووە لەپێناو پێشێلنەکردنی مافەکانیان و حساب بۆ کردنیان و گوێ لێگرتنیان ؟ ئایا شەقامی کوردی توانی شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێبهێنێت و داوای سەروەت و سامانی بەهەدەر چووی چەند ساڵی ڕابردوو بکاتەوە لەیەکێتی و پارتی ؟ ئایا پارتە سیاسیەکان و دەسەڵات چەند جار گەڕانەوە بۆ لای





جەماوەرو پرس و ڕایان پێکردون و حسابیان بۆ ڕاو بۆچوونەکانیان کردووە ؟ ئایا جەماوەری کوردستان ئەوەندە هۆشیارن و دەستەمۆی دەسەڵات نین و سازش ناکەن لەسەر مافە نەتەوایەتی و پیشەیی و مافە سەرەتاییەکانی ژیان وگوزەرانیان ؟ دەیان و دەیان پرسیاری تر دەتوانرێت لەوبارەیەوە بکرێت .

بەلام وەلامی هەموویان بەکورتی ئەوەیە کە بەداخەوە جەماوەرو ڕای گشتی شەقامی کوردی ئەوەندە هۆشیارو تێگەیشتوو نیە بتوانێت ببێتە سەرچاوەی فشار بۆ سەر دەسەڵات و کاریگەری و قورسایی هەبێت لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان و مەسەلە چارەنوسسازەکاندا .

بەداخەوە جەماوەر بەگشتی و زۆرینەی تاکەکانی هۆشیارن تەنها بۆ پاراستن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و بەرژەوەندییە بالاکانی گەل و وولاتیان پشتگوێ خستووە و خۆیان بەخاوەنی نازانن , ئەگینا چۆن دەکرێت کەلەکوردستانداو لەسایەی سیستەمێکی تاڕادەیەك باشی دیموکراسی و ئازادیدا , چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ درێژە بکێشێت و سەروەت و سامانی گەل بدزرێت و برسێتی و هەڵبژاردن دوابخرێت و پەرلەمان لەکار بخرێت و حکومەت دوو کەرت و لەمەسەلە چارەنوسسازەکانی کەرکوك و دەسەلات و بەشداری لەحوکمی مەرکەزداو ئاوارەکان و هێزی پێشمەرگەو گەلێکی تردا جەماوەر بێدەنگ و کڕ بکرێت .دیارە ئەو جەماوەرە جەماوەرێکی ناهۆشیارو دەستەمۆی دەسەلات و خاوەنی بیرو

هەستی نەتەوەیی خۆی نیە .. هەربۆیەش لەغیابی ڕۆڵ و کاریگەری جەماوەری کوردستاندا هەموو ئەو مەرگەسات و کەرت بوونی هەردوو ئیدارەو ئیرادەی کوردیدا هاتۆتە ئەنجام .

بۆیە لەم قۆناغە ناسکەی کەکورد و مەسەلەکەی پیادا تێپەڕ دەبێت لە عێراقی نوێدا پێویست دەکات کە جەماوەری کوردستان بەهەموو چین و توێژەکان و بیرو ڕا جیاکانەوە ڕۆڵ و کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕووداو وپێشهاتەکان و هەموو مەسەلەکان بەجێ نەهێڵن بۆ پارتی و یەکێتی و خۆیان گۆشە گیرنەکەن و ڕای خۆیان هەبێت و بەئازادانە ڕایبگەیەنن بەدۆست و دوژمنانی گەلەکەمان و ڕێگەنەدەن کە هیچ کەس و لایەنێك موزایەدە بەسەر ماف و مەسەلە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردەوە بکات و ئەو مافانەی کەسەندراون خێرو حەسەنات نین بۆ کوردو بەزیادی نەزانن . جائەگەر جەماوەر بەو شێوەیە ڕۆڵی ڕەسەن و مێژوویی خۆی بینی و هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردو سازشی نەکرد لەسەرمافەکانی , ئەوا بەهەق دەبێتە سەرچاوەی هێزو دەسەلاّت و دەتوانێت هیواو ئامانجی گەلەکەمان لەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ئیرادەی کوردیدا بێنێتە دی .

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (٨٩) لە (١٠)ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٤دا بلاّوکراوەتەوە.





## ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان

## لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ئیرادەی کوردی*

❖ ئاشکرایە کە هەموو کۆمەڵگایەك لەچەندین چین و توێژی جیاوارز پێکهاتووەو هەریەکە لەو چین و توێژانە ئامانج و دروشم و داواکاری و شێوازی کارکردنیان جیاوازە , بەمەبەستی ڕێکخستنی ئیشوکارو کۆکردنەوەی تواناو بەئاراستە کردنی ڕاستی دروشمەکانیان و سەندنی ماف و داواکارییەکانیان , زۆرێك لەو چین و توێژانە لە چوارچێوەی کۆمەڵەو ڕێکخراو و سەندیکاو گروپی پیشەیی خۆیان کۆبونەتەوەو بەشێوازێکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە خەباتی پیشەیی خۆیاندا سازداوە ,ئاشکرایە کە خەباتی ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە جیاوازی هەیە لەگەڵ خەباتی پارتە سیاسیەکاندا , هەرچی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانە ئامانجی پیشەیی و سەندیکاییان هەیە و کاریان داواکردن و وەرگرتنەوەی مافەکانیانە و ئەرکەکانیان سنوردارەو ئەوکەسانەی کەلەو ڕێکخراوانەدا کۆبونەتەوە بەرژەوەندی هاوبەش و پیشەیی ( یەکێتی کار ) کۆی کردونەتەوە و خەباتێکی دیموکراسیانە دەکەن و مەرجی بوون بەئەندام تیایاندا والاّترەو مێژوی دروست بوون و دامەزراندنی

ڕێکخراوە پیشەییەکان دێرینە وسەرچاوەن بۆ دروستبونی پارتە سیاسیەکان . هەرچی پارتە سیاسیەکان هەیە ئامانجی سیاسی و ستراتیژیان هەیەو ڕێکخستنی سیاسی بەخشینە و ئەرکەکانی لەچوارچێوەی کاری سیاسیدا یەو ئەو کەسانەشی کەلە پارتە سیاسیەکاندا ئەندامن ڕێبازو فکر کۆی کردونەتەوە و پارتی سیاسی تێدەکۆشێت بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی و مەرجی بوون بەئەندام کۆنکرێتیەو پارێزراوە بەدیسپلینەوە و پارتی سیاسی و مێژووی سەرهەڵدانی نوێترە . بەڵام هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکان لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیدا شان بەشانی پارتە سیاسیەکان شۆڕش دەکەن بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی , بەڵام لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات ڕێکخراوە پیشەییەکان خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیشەییەکانیان لەسنوری دەسەڵاتی خۆیاندا , و هەموو جۆرەکانی خەباتی دیموکراسی لە کۆکردنەوەی واژۆو پێشکەشکردنی سکاڵانامەو مانگرتن پەیرەودەکەن کەئەمەش خۆی لەخۆیدا وادەکات کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی و یەکسانی و سەربەستی بەرن .

بەم شێوەیە کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییەکان دەتوانن ببنە گروپی فشاری بەهێزبۆ سەرپارتە سیاسیەکان و دەسەڵات بۆ ڕاستکردنەوەی سیاسەت و بڕیارەکانیان , چونکە زۆرترین ئەندام و لایەنگریان هەیە لەناو هەموو چین و توێژەکاندا و





لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتدا و لەتوانایاندایە کەشەلەل بخەنە ئیشوکارەکانی حکومەتەوە . لەلایەکی تریشەوە بوونی ئەم ڕێکخراوانە ئاماژەی بوونی ژیانی دیموکراسیەتن و زەمانەتی سەرهەڵنەدانی تا کرەوی و دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوەن لەهەرولاتێکدا بن , ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەسەن و دوور لەدەستێوەردان و دروستکردنی پارتە سیاسیەکان هاتبنە گۆڕەپانی خەباتەوە .

لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا توانیویانە سەنگ و قورسایی خۆیان دەربخەن و بتوانن ببنە گروپی فشار بۆ دەسەر دەسەڵات و بتوانن ڕێگر بن لەبەردەم سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ و دووکەرت بوونی ئیدارەو دزینی سەروەت و سامانی وڵات و ئاوارەبوونی هەزارەها کەس و کوشتن و ڕاوەدونانی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان و پارتە سیاسیەکان ؟ ئایا توانیویانە کاریگەریان هەبێت لەسەر ناوەندی بڕیار لەحکومەت و پارتە سیاسیەکان بەگشتی و هەردوو پارتی ( یەکێتی و پارتی ) و توانیویانە بڕیارە هەڵەکانیان پی ڕاست بکەنەوە ؟ ئایا چەند جار مانگرتن و ڕێپێوان و واژۆیان کۆکردۆتەوە بۆ سەندنی مافەکانیان و لەبەرامبەر دەسەڵاتدا وەستاون ؟ بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارنە دەبێت بەشێوەیەکی وورد لەمێژووی سەرهەڵدان و دروستبونی قۆناغەکانی گەشەکردنیان و

چۆنیەتی ئیشوکاری ئەم ڕێکخراوانە بکۆڵینەوەو بەکورتیش وەلاَم ئەوەیە کەلەبەر ئەوەی هەموو ئەو ڕێکراوانە بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆڕسك و ئازادانە و زەرورەتی قۆناغ دروستی نەکردون و بەڵکو پشتگیری و لەچوارچێوەی ڕێنمایی و سیاسەتەکانی پارتە سیاسیەکانەوە دروسبوون و دروستکراون هەربۆیە هەمیشە وەکو پاشکۆو دەستەمۆو گوێڕایەڵی ئەو پارتە سیاسیانە هەڵسوکەوتیان کردووەو بۆیەش نەیانتوانیوە کۆمەڵگای کوردەواریش لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو هەربۆیە بەبێ هێز وبێ دەسەلاَت ماونەتەوە و لەدوای دابەشبونی هەردوو ئیدارەی کوردستان لەنێوان هەردوو هەولێرو سلێمانیدا سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەش سەنگەریان لەیەك گرت و بوون بەدوژمنی سەرسەختی ڕێکخراوە هاوپیشەکانی خۆیان لەلایەن ئەوبەردا . لەئەنجامی ئەم ڕاستیانەوە پێدەچێت کە ئەم ڕێکخراوانە ئەگەر وەك پێشتر هەڵسوکەوت بکەن لەمەڕ گۆڕانکاری و ڕوداوەکان و بەتایبەتیش دوای ئاشتبونەوەی ( یەکێتی وپارتی ) و یەکگرتنەوەی پەرلەمان و ئاسایی بونەوەی بارودۆخەکەو نەمانی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی عێراق ئەم ڕێکخراوانە هەروا بەپاشکۆیەتی پارتە سیاسیەکان بمێننەوەو هیچ هەوڵێکی جدی نەدەن بۆ یەکگرتنەوەی خۆیان . کە ئەمەش خاڵێکی ڕەشی ترسنۆکی و نەبونی هێزو دەسەلاَت و سەنگ و قورساییانە و لەئەنجامیشدا ناتوانن کاریگەریان هەبێت





لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ئیرادەی کوردی ئەگەرچی لەئێستادا چەند ڕێکخراوێك یەکیان گرتەوە بە( عەمەلیاتی قەیسەری ) و لەژێر چاودێری دکتۆرەکانی پارتە سیاسیەکانداو وەکو برایەکی نا عەدالەت جارێکی تریش پۆست و ژمارەکانیان لەسەر ئەساسی حزبایەتی دابەشکردۆتەوەو هەڵەکانی چەند ساڵەی ڕابردوویان دووبارە کردۆتەوە .

لەکۆتایدا دەڵێین ئەم بارو دۆخە ناسکەی ئێستای عێراق و بەتایبەتیش کوردستانی پیادا تێپەڕدەبێت ئەوە دەهێنێت کە هەموو ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بەجدی بیر لەیەکگرتنەوەی خۆیان بکەنەوەو ئەوساکەش بەیەکگرتوویی فشارێکی بەهێز دروست کەن لەسەر هەردوو پارتی دەسەلاَتداری هەولێرو سلێمانی و ئەو شەرەفە مێژوییە بۆ خۆیان تۆمار بکەن کەببنە پێشەنگ و دەستپێشخەری پرۆسەی یەکگرتنەوەی کوردستان تا ببنە جێگەی متمانەی سەرجەم کۆمەلاَنی خەڵك و ئیدی لەپاشکۆیەتی حزبایەتی دەربچن و ڕۆڵە مێژوویی و ڕەسەنەکەی خۆیان بگێڕن لە درێژە پێدان و پیادەکردنی ژیانی دیموکراسیەتدا بەمەبەستی گەیاندنی کۆمەڵگای کوردەواری بەکۆمەڵگا پێشکەوتوو و ئارام و مەدەنی و دیموکراسیخوازانی جیهان .

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (٨٤) لە (٥) ی حوزیرانی ساڵی ٢٠٠٤ دا بلاَوکراوەتەوە.

## ڕۆڵ و کاریگەری دەرو دراوسێ و فاکتەری دەرەکی
## لەسەر یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیرادەو ئیدارەی کوردیدا*

❖ ئاشکرایە کەهەموو گەل ودەوڵەتێك لەم دونیایەدا لەجێگەیەکی دیاریکراودایە و سنوری نێودەوڵەتی خۆی هەیەو چەندین گەل و دەوڵەتی جیاواز دراوسێیەتی کە جیاوازییان لە جوگرافیاو مێژوو زمان و ئاین و داب و نەریت و بەرژەوەندییدا هەیە لەگەڵ یەکتردا . هەروەها ئاشکرایە کەهەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیك و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکان لەنێوان دەوڵەتانی دراوسێ و دونیادا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا و لەدونیای ئێستاماندا کەپێشکەوتن و داهێنانەکان و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ئەوەندە پێشکەوتوون کە سنورەکانیان بەزاندوەو بەرژەوەندیەکانیان هێندەی تر ئاڵۆزو چڕ کردۆتەوەو نەك دەوڵەتان بەڵکو لەئێستادا کۆمپانیا فرە ڕەگەزە زەبەلاحەکانی دونیا کاریگەریان هەیە لەسەر بڕیاری سیاسی دەوڵەتان و دەتوانن پشێوی و ئاژاوەو دڵەڕاوکێ لەهەر وڵاتێکدا بنێنەوە کە بەرژەوەندیان مسۆگەر نەکات .

لەم ڕوانگەیەوە کوردستانیش بە حوکمی مێژوو و هەڵکەوتە جوگرافیاکەی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە خاڵی





چڕبوونەوەی بەرژەوەندی زلهێزو دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانە و بەهۆی داگیر و دابەش کردنی کورد و کوردستانیشەوە بەسەر چوار دەوڵەت و نەتەوەی جیاوازو دواکەوتووشدا و بوونی کانزاو ئاوی شیرین و نەوتێکی زۆرو خاکێکی بەپیت و بەرەکەت و ..هتد . کورد چەندین ساڵە دابەش و داگیرکراوە و نەیتوانیوە ببێتە خاوەن کیان و دەسەڵات و بڕیاری خۆی و نەیتوانیوە بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کوردیش بپارێزێت .

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی گەلەکەمان و وەدەرنانی ڕژێمی بەعس لەم بەشەی کوردستاندا کورد توانی کیانێکی تاڕادەیەك سەربەخۆی ئازادو دیموکراسی و دیفاکتۆ بۆ خۆی پێکەوە بنێت و گەلێك دەسکەوتی گرنگ بە ئاڕاستەی چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکانی تاك و میدیاو کاری سیاسی فەراهەم بکات و مافەکانی مرۆڤ و ژنان بپارێزێت و یاسا سەروەر بێت و تاڕادەیەك دام و دەزگاکانی حکومەت بچەسپێنێت و هەنگاوی باش بنێت بەرەو پێکەوەنانی کۆمەڵگای مەدەنی ...

بەڵام لەبەرئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکە سەرتاپا ڕژێمی دیکتاتۆری و تاکڕەو و خۆسەپێن و بنەماڵەیین و هیچیان لەئەنجامی ڕاپرسی و دەنگدانەوە هەڵنەبژێردراون لەلایەن گەلەکانیانەوە , ئەم مۆدێلەی کوردیان بۆ هەزم نەدەکراو ئیدی لەوکاتەوە کەوتنە کۆبونەوەی سێ قۆڵی و داڕشتنی پیلانی دوژمنانەو دروستکردنی فیتنەو ئاژاوەنانەوەو ئەوەبوو توانیان

ئاگری شەڕێکی ناوخۆی چەندین ساڵەی سەپێنراوو نەویستراو گڕ بدەن لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان ( یەکێتی و پارتی) و براکان بکەنە دوژمنی یەکتری, هەر دەوڵەتەش بەپێی بەرژەوەندی خۆی و هەرجارەی یارمەتی و کۆمەکی پارتێکی سیاسی دەکرد , بەمەبەستی درێژەدان بەشەڕەکەو ڕاگرتنی بەلأنسی هێز لەناوچەکەداو دروستکردنی ڕێگر لەبەردەم هێنانە دی خەونەکانی کورد لە دروستکردن و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئازاددا..

بەم شێوەیە ئەزموونی حوکمی کوردی و مۆدێلی دیموکراسی و ئازادی لەکوردستاندا بەرەو کزی و لاوازی چووە و زۆر دواکەوت لەڕەوتی گەشە کردن و پێشکەوتن و دروستکردنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان و دان پیادانانی نێودەوڵەتی بەو قەوارەو دەسەڵاتەدا.....سەرکردەو پارتە سیاسیەکان و جەماوەر و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکانیش هێندە هۆشیار نەبوون کەڕێگە نەدەن پیلانی دوژمنان سەربکەوێت و بەرژەوەندیە حزبی و ناوچەیی و عەشایەری یەکان و تایبەتیەکانیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندیە بالأکانی گەل و خاکی کوردستان . ڕێگە نەدەن کەئیدارە و ئیرادەی یەکگرتووی کوردستان کە خۆیان ( لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ) دا دەبینیەوە سست و لاواز و دووکەرت ببێت . هەربۆیە لەئێستاداو بۆ ماوە ١٤ ساڵە دوژمنان هەمیشە لەسەر خەتن و دوای ڕزگارکردنی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی





بەعسیش هەر لەپیلان دانان و ئاژاوە نانەوەو دروستکردنی کێشەو گرفت نەکەوتون و هەرجارەو بەبیانویەکەوە دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەندن و چەسپاندنی مافەکانی کورد وهەوڵ دەدەن کێشەکەی بچوك بکەنەوە و لەسەرئاستی ناوچەکەو دونیاش هەوڵ دەدەن کە پشتگیری و کۆمەك و دۆستەکانی کورد پەشیمان و پاشگەز بکەنەوەو نەهێڵن ئەم قەوارەیە بچەسپێت , بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە سەرکردەکان و پارتە سیاسیەکان و جەماوەریش بەهۆشیاری و بیری قوڵ و عەقلأنی تر لەجاران مامەڵە لەگەڵ دۆست و دوژمنان بکەن و چۆن لەمەیدانی خەباتی چەکداریدا سەرکەوتین ئاوهاش لەمەیدانی خەباتی سیاسی و جەماوەریدا سەربکەوین و بتوانین شیکاری ڕاست و دروست بکەین بۆ تێڕوانین و پرۆژەکان و بەرژەوەندیەکانی گەل و ولأتمان بپارێزین و کوردیش وەك نەتەوەکانی ناوچەکە بەسەر بەخۆیی و ئازادی شاد ببێت و ئیدی لەدواکەوتن و دووکەرت بونی ئیدارەو ئیرادەی کوردی ڕزگار ببین و هەرچی زووترە بڕیارە مێژوویەکە بدەین بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیرادەو ئیدارەکەمان و بەوەش دڵی دۆستان و جەماوەرەکەمان شاد و دڵی دوژمنان و ناحەزانیشمان بتەقێنین .

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (٩٠) لە (١٧) ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٤دا بلأوکراوەتەوە.

# کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا*

❖ کوردایەتی وەك بزووتنەوەیەك و هەم وەكو ئایدیایەكیش بناغەی بوژاندنەوەو گەشەسەندنی هەست و بیری نەتەوایەتی كوردە لەناو سەرجەم ڕۆڵەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریدا بەپارتە سیاسیەكانیشەوە .

کوردایەتی وەك بزووتنەوەیەكی ڕزگاریخواز و ئاشتیخواز بەگەلێك قۆناغ و زەمەنی پڕ لەنسكۆو كارەسات و گەشەكردن و بوژاندنەوەدا تێپەڕی كردووە , هەرچەندە قۆناغە تاریك و پڕ لەنسكۆكان زیاتر بوون .

هەستی نەتەوەیی وەك غەریزەیەكی خۆڕسك لای هەموو كوردێك هەمیشە هەبووەو سۆزو هەستكردنی بەكورد بوون لای سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری لەهەر جێگەیەكدا بووبن هەستی پێكراوە . بەڵام كەمجارو لای كەم كەس و سەركردەش ئەم هەستە نەچۆتە قاڵبی بیری نەتەوایەتییەوە كە بیكاتە بەرنامەی كاری سیاسی خۆی و خەبات بكات لەپێناو بڵاوكردنەوە و گەشەپێدان و زاڵكردنی بەسەر هەموو بیرو ئایدیاو ڕێبازە سیاسییەكانی تردا .

لەمێژووی نەتەوەی كورد و خەباتی كوردایەتیشدا لەكۆن و لەئێستاشدا هیچ كاتێك بیری كوردایەتی و نەتەوایەتی نەگەیشتۆتە ئاستێك كە كورد وەك نەتەوەو كوردایەتیش وەك بزووتنەوەو ئایدیا بتوانن مەسەلەی ڕەوای كورد بگەیەننە





ئاستی چارەسەركردن و ناساندنی بەجیهان و بتوانن قەوارەو كیانێكی سەربەخۆیی كوردی دابمەزرێنن كە سەرجەم نەتەوەی كوردی تیادا كۆ ببێتەوە , هەروەك نەتەوەكانی تورك و فارس و عەرەب و .. هتد .

شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كورد لەمێژوودا هەریەكەیان پابەندی ڕێبازو ئایدیاو بەرژەوەندی كەسی و بنەماڵەیی و ئاین و ناوچەیی جیاوازی وابوون كەهەندێكیان زۆر دووربوون لەهەست و بیری كوردایەتییەوە و گەلێك جاریش دژایەتی كوردایەتی و كوردیشیان كردووە لەداواكردنی مافە ڕەواكانی خۆی وەكو نەتەوەیەك و بەرژەوەندی ڕێباز و ئاینەكانیان خستۆتە سەروو بەرژەوەندی كوردایەتی و بیری نەتەوایەتیەوە .

هەر بۆیەش بەدرێژای سەدەی نۆزدە كەسەرەتای دەستپێكی شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كوردە و سەدەی بیستیش كەسەدەی ڕزگاری گەلانە , بزووتنەوەی بیری كوردایەتی نەچۆتە قاڵبێكی كارو كردەی بەبەرهەم , هەر بۆیە وەك دروشمێكی بێ ناوەڕۆك لەپەیڕەوی ناوخۆی هێندێك لەحیزبەسیاسیەكان و بەرنامە سیاسیەكاندا ماوەتەوە .

لەگەڵ ئەم بارو دۆخە ناهەموارە بۆ كوردایەتی , بەڵام هەوڵی زیندوو كردنەوە یان بوژاندنەوەی بیری نەتەوەیی لای كۆمەڵە كەسانێكی ڕۆشنفكرو نەتەوەیی هەوڵی بۆ دراوە لەڕێگەی هەندێك حیزب و كۆمەڵەی سیاسی بچوكەوە , گەرچی نەتوانراوە ئەو ئاراستەو ئاستە بەهێزە بەخۆوە بگرێت

لەبەرامبەر ئایدیاو ڕێبازە فکری و سیاسییەکانی دەورو بەردا . ئەوەش دیارە هۆکاری ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایشی هەبووەو کاریگەریان تێکردووە .

ئاشکرایە هیچ بیرو باوەڕێك یان ڕێباز و فکرێك تەنانەت زمانێکیش گەشەو بالاَ ناکات ئەگەر نەتەوەکە بۆ خۆی ژێردەستەو چەوساوەو گەمارۆ درابێت بەدوژمنان و بیرو باوەڕی گەلانی سەردەست .

ئەگەریش لەقۆناغێك لەقۆناغەکانیشدا گەشەیەکی کەم بکات , ئەوا گەشەیەکی ئاسایی نابێت و ئەگەر هۆکارە خۆیی و بابەتییەکان لەناو بچن ئەوا ئەو کەف و کوڵەش دادەمرکێتەوە .

بیری نەتەوەیی هەرنەتەوەیەك لەزەمان و زەمینێکی دیاریکراودا گەشەدەکات و خۆی دەچەسپێنێت لەئێستادا کەزەمان زەمانی عەولەمەو تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتووە لەبواری پەیوەندییەکاندا کە جیهانی بەو گەورەیی و زەبەلاحیە کردۆتە گوندێکی هاوچەرخی بچووك کە لەچەند چرکەیەکدا دەتوانرێت گەورەترین زانیاریت دەست بکەوێت دەربارەی هەموو کارێك , ئەم زەمانە هەموو پێوانەو پرنسیپەکانی گۆڕیوەو ڕاماڵیوە .

عەولەمە بڕوای بەمەسەلە فکری و نەتەوەیی و جوگرافی و تەنانەت مێژووش نییە , بەڵکو هەموویان دەسڕێتەوەو تەنها بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بازاڕو دراوو داهات کاری خۆیانی تێدا دەکەن . بەم شێوەیە کورد لەزەمەنێکدا





نەیتوانیوە سوود وەربگرێت بۆ گەشەسەندن و ژیاندنەوەی بیری نەتەوایەتی کوردی کەسەردەمی ڕزگاری گەلان و بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی باوی بووەو سنوورو جوگرافیا قودسیەتی مابوو , ئەوا کارێکی سانا نییە کەبتوانێت لەسەردەمێکدا قەوارەیەکی نەتەوەیی دابمەزرێنێت , کە ڕەوتی ڕووداوو پێشکەوتنەکان بەپێچەوانەی ئیرادەو ویستی کوردەوەیە .

لەگەڵ ئەم بارو دۆخەی ئێستادا کورد دەتوانێت هەوڵی زیاتر بدات بۆ بوژاندنەوەو گەشەکردنی بیری کوردایەتی و نەتەوەیی لەناو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و بتوانێت داوا ڕەواکانی خۆی بەگەرم و گوڕی بهێڵێتەوە لەسەر ئاستی ناوچەکەو دونیاشدا لەڕێگەی :-

١. تێکۆشان لەم قۆناغەی خەباتدا بۆ چەسپاندنی فیدڕاڵیزم لەکوردستاندا .

٢. یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کورد لەسەر بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد لەناوچە کوردنشینەکانی ژێردەسەلاَتی حکومەتی عێراقدا .

٣. یەکهەڵوێستی لەبەرامبەر بڕیاری ٩٨٦ و ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا .

٤. یەکهەڵوێستی کورد بەهەموو ئاراستەجیاوازەکانەوە لەسەر جێبەجێکردن و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی

و ئازادییە سیاسییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و سەروەرکردنی یاساو هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی .

٥. هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی مەسەلەی ڕەوای کورد و بیری کوردایەتی .

٦. هەوڵدان بۆ زیاتر وروژاندن و پیشاندانی ڕادەی چەوساوەیی و کارەسات و مەینەتییەکانی کەدژ بەگەلی کورد ئەنجامدراوە . هەر لەجینۆساید و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیایی باران و نەسەلماندنی مافە کلتووری و ڕۆشنبیری و سیاسیەکان .

٧. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی دیل و گیراو و بێ سەروشوێنەکان لەناو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا وەك کارتێکی گوشار .

٨. هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی جوڵەی دیبلۆماسی کوردی و بەشداریکردن لەکۆڕو سیمنارو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەمەبەستی بەگەرم و گوڕو هێشتنەوەی مەسەلەی کورد کە هەمیشە جێی بایەخی زلهێزەکان بێت .

٩. هەوڵدان بۆ زیاتر سوودوەرگرتن لەسەردەمی عەولەمە لەڕێگەی هۆکارە پێشکەوتووەکانی بواری پەیوەندییەوە وەك کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت و فاکس و سەتەلایت و ..هتد.

١٠. ڕێکخستن و سەرپەریشتیکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کورد کە لەدونیادا بلاوبوونەتەوە بەشێوەیەکی وا کەبکرێنە





گروپی فشار بۆ سەر ناوەندەکانی بڕیارو حکومەتەکانی دونیاو ڕای گشتی جەماوەر .

بەم شێوەیە لەم سەردەمەی ئێستادا کەکورد لەم بەشەی کوردستاندا و بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵە دەسەڵات و حکومەتی کوردی خۆی بەڕێوەی دەبات و تاڕادەیەکی زۆر باش سەرکەوتووبووە لەبەڕێوەبردنی کارەکانیداو , لەماوەی خەباتی دوورو درێژی کوردایەتیدا ئەمە یەکەمین ئەزموون و چڵەپۆپەی دەسەڵاتی کوردییە کەخۆی لەحکومەتی هەرێمدا دەنوێنێت , دەبێت هەوڵی جدی بدات بۆ زیاتر بووژانەوەو گەشاندنەوەی بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی لای سەرجەم تاکەکانی کورد لەهەر جێگەیەك بن .

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی ژمارە (٢٥٩٥)لە ٢٨/١٠/ ٢٠٠١ دا بلاوکراوەتەوە.

# پرسی کورد و فاکتەرە سلبیەکانی بەردەم گەشەکردنی *

پێمان وایە تاکە نەتەوەیەك کە لەسەر گۆی زەوی هەبێت و سەرجەم خەسڵەتەکان وبنەماکانی نەتەوەو دەوڵەتی تیابێت لە ڕووی خاك و ژمارەی دانیشتوان و ئاین و زمان و جوگرافیاو کەلتورو مێژووەوە ,بەڵام تائێستا نەیتوانیبێ بگاتە ئامانج یان نەیان هێشتبێت ببێتە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆی , ئەوا تەنها نەتەوەی کوردە .بۆیە ئێمە تەنها بەکورتیەك ئەو خاڵانەدەست نیشان دەکەین کەبە درێژایی مێژوی کورد وەك فاکتەرێکی سلبی ڕۆڵیان بینیوە لەسەر دروست نەبوون ودانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی ,ئەوخاڵانەش ئەمانەن :

١. هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لەگرنگترین ناوچەی جیهاندا کە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە. لەم ناوچەیەدا بەرژەوەندی زلهێزەکانی تیادا چڕ بۆتەوە وئەم ناوچەیە بۆتە شانۆی ململانێکان و دووکێشەی سەرەکی و زۆر ئاڵۆزی تیادایە ئەوانیش کێشەی فەلەستینیەکان و کێشەی کوردە کەتائێستا هیچ کامێکیان چارەسەر نەکراون ,ئەمە سەرەڕای کیشە جۆر بەجۆرەکانی سنوور و ئاو .. هتد .

٢. بوونی ڕێژەیەکی زۆر لەنەوت و کانزاو دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی و دارستان و لەوەرگا و ئاوی شیرین و سازگار



کوردایەتی لە نێوان ...

لەکوردستاندا ,بۆتە مایەی چاوتێبڕینی دوژمنان و دەرو دراوسێ و هەوڵی داگیرو دابەش کردنیان داوە . هەر لەسەرەتا ی ململانێکانی نێوان فارس و تورکەکانەوە لەسەدەی شەشەمی زاینەوە تاکو سەردەمی داگیرکەرە ئەوروپاییەکان و دابەش کردنەوەی کوردستان بەپێی ڕێکەوتنامەی سایکس – بیکۆ و دواتر لکاندنی هەرپارچەیەك بە عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا و بەشێکیش بۆیەکێتی سۆڤیەتی جاران .

٣. دواکەوتوویی میللەتی کورد لەڕووی زانست و خوێندەوارییەوە کەتاکو ئێستاش ڕێژەیەکی بەرز نەخوێندەوار هەیە ,ئاشکرایە هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەك خاوەن زانست و تەکنەلۆژیاو پیشەسازی قورس و پێشکەوتوو نەبێت و تاکەکانی کۆمەڵ بەرهەم هێن و داهێنەرو بەتوانا ولێهاتوو نەبن ناتوانن بنەما ئابوورییەکانی دەوڵەت دابمەزرێنن و دواتریش لەبڕیاری سیاسی دا بێ هێزو لاوازدەبن .

٤. دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری لەڕووی کۆمەڵایە تییەوە و گەشەنەکردنی قۆناغە مێژووییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری و زەق بوونەوەی دیاردەی عەشیرەت گەری و ناوچە گەریی و هەندێ جاریش مەزهەبی ودواتریش حیزبایەتی تەسك وای لەتاك و کۆمەڵی کوردەوای کردووە کە بەعەقڵێکی تەسکەوە بیر بکاتەوە وبیرو هەستی نەتەوەیی لادروست نەبێت و فەرامۆشی بکات و بەم شێوەیەش کۆمەڵگای کوردەواری پەرت و پەرش و بڵاوو یەکنەگرتوو بمێنێتەوە .

٥. نەبوونی یان گەشەنەکردنی هەست و بیری نەتەوایەتی لەسەر ئاستی تاك و گروپ و حیزبە سیاسیەکانیش جگە لەچەند نمونەیەکی تاکەکەسی کە هەوڵیان داوە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنن وەك هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵا ی نەهری و سمکۆو شێخ مەحمودوپێشەواو هەوڵی بەکر سدقیش کەویستی بەیارمەتی ئەڵمانیا دوای کودەتا کەی ساڵی ١٩٣٦-١٩٣٧ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنێت بەڵام ئەو هەوڵانە هەرلەلانك دا تاسێنران و سەریان نەگرت .

٦. هەڵنەکەوتنی سەرکردەی مێژوویی یان ئاینێك یان پارتێکی سیاسی کوردستانی کەدید و بۆچوون و دروشم وستراتیژی کوردایەتی گشتگیر بێت ومەسەلەی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەبەرنامەی خۆی دا بچەسپێنێت و لەپێناوی دا خەبات بکات , لەمێژووی زۆر بەی گەلاندا ئەم سێ فاکتەرە کاریگەری بەهێزیان کردووە لەسەریەککگرتنی نەتەوەو دروست کردنی دەوڵەتی خۆماڵی وخەملاندنی بیری نەتەوەیی , بسمارك لەئەڵمانیاو مستەفا کمال لەتورکیاو گاندی لەهندستان و ماوتسی تۆنگ لەچین و ...هتد ,وەك سەرکردەی مێژوویی ڕۆڵیان بینیوە .کەنیسەی ئەرمەنی ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەیەکگرتن و کۆ کردنەوەی ئەرمەنیەکان لەدونیادا , زۆربەی پارتە سیاسیەکان لەزۆر وڵاتاندا ڕۆڵی یەکگرتن و یەك پارچەیی نەتەوە و فاکتەرەکانیان بینیوەو بونەتە جێگەی شانازی جەماوەرەکانیان.





٧. دابەش کردنی خاك و نەتەوەی کوردی لەکوردستاندا لەسەر سێ خاك و نەتەوەی جیاوازی عەرەب و تورك و فارس لەڕۆژهە لاتی ناوەڕاست دا و بەسەرخاکی نیوان ئەرمینیاو ئازەر بایجان لەیەکێتی سۆڤێەتی جاران .لێرەدا بەهۆی فرە دوژمنی و داگیر کەرو دابەش کرنی خاکەکەی بەشێوەیەك کەدەروازەی سەر دەریایی نەبێت و ببێتە خاکێکی داخراو وای کردووە کەکورد دەنگی بەئاسانی نەگاتە دنیای دەرەوە .

٨.نەبوونی عەقڵیەتێکی ستراتیژی و سیاسی و عەسکەری و ئابووری و ئیداری وا کەبتوانێت سەرکردایەتی خەبات و شۆڕشەکانی کورد بکات و بتوانێت کاروانەکەی بگەیەنێتە ئامانج و سەرکەوتن .

٩. بەهۆی خۆ خۆری و ساویلکەیی و هەڵخەڵەتاندنی کوردەوە لەلایەن بێگانەو دوژمنانەوە هەمیشە کورد خۆی فاکتەرێکی کاریگەر بووە بۆ لەناوبردن و تیاداچوون و تاساندنی دەسەلات و حکوماتی کوردی , ئەویش بەپەلکێش کردنی دوژمنان بۆ سەرخاك و براو حکومەت ودەسەلاتی خۆماڵی , ئەم کردارەش پڕلەشەرمە زارییە لەسەرەتای مێژووی خەبات و شۆڕشەکان و دەسەلاتەکانی کوردەوە تا ئەم سەردەمەش و ئەم چەند ساڵەی دوایشدا بەجۆرەها شێوەو هەرجارەش خوێناوی تر دووبارە بۆتەوە , ئەم کردارە خیانەتکارانە هەرجارەی بەبڕواو بیانووی زۆر نامەنتیقی پاساوییان بۆ هێنراوەتەوە وەك لەسەردەسەلات و هەندێ ناوچەو عەشایەرو پارەو هەندێ

جاریش بۆ ئافەرین وەرگرتن بووە لەلایەن دوژمنانەوە و لەکۆتایشدا خائینان و خۆفرۆشانیش خۆشیان کەوتونەتە بەر چەقۆ و پەتی خنکاندنی داگیر کەران.

❖ هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەبووە لەئێستاشدا بەچاوی خۆمان دەیان بینین کەچۆن کاردەکەن بۆ ڕووخاندن و لاواز کردنی ئەم ئەزموونە مێژووییەی کەلەم پارچەیەی کوردستاندا بەدەست هاتووە لەئەنجامی خەبات و شۆڕشی سەد ساڵەی کورد لەم پارچەیەداو ڕشتنی خوێنی هەزارەها لاوو گەنجی کورد و سەرگەردانی و ئاوارەبوون و کاول کردن و کیمیابارانی هەزارەها گوندو شارۆچکەو جینۆ ساید کردنی ئەم نەتەوەیە .

بەڵام زۆر لەپارتە سیاسیەکان و سەرکردەکان بەخەم ساردی یەوە ئەم کێشەیە دەبینن و هەوڵی جدی نادەن بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردوبڕیاری سیاسی کوردو چەسپاندنی ئاشتی و بیری نەتەوەیی لەناو جەماوەردا لەپێنا و دووبارە نەبونەوەی تراجیدیای قات و قڕ کردنی کورد و مەسەلە ڕەواکەی لەبەدەست هێنانی دەسەڵات و حکومەتی کورددا .

دەبێت کورد کارێک بکات کەلەسەدەی داهاتوودا مەسەلەکەی بکرێتە کێشەی پلەیەک لەناوچەکەدا لەسەرشانۆی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا , ئەوەش بەوە دەبێت کەکێشە ی کورد لەکارتی فشارەوە بگۆڕێت بۆ پایەی کۆنکرێتی وچەسپاو لەسیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا , چونکە هەمیشە





لەڕابردوودا کێشەی کورد دیزە بەدەرخۆنە کراوە لەبەرئەوەی وەك کارتێکی فشار بەویست و ئارەزوی دوژمنان گەمەی سیاسی پێکراوە و کراوەتە قوربانی و بەرژەوەندیەکانی داگیرکەران و زلهێزەکانی دنیا , بەڵام ئەگەر کێشەو مەسەلەی کورد کرایە پایەی کۆنکرێتی ئەوا حساباتی سیاسی و ئابووری لەسەر دەکرێت و دەچێتە هاوکێشە سیاسی یەکانەوە و ئیدی ناتوانرێت گەمەی پێبکرێت . لەزۆر کات و قۆناغدا کورد لەسەریەك قاچ خەباتی کردووەو بەتەنها گرنگی داوە بەفاکتەری ناوخۆیی بەبێ سوود وەرگرتن و خۆگونجاندن لەگەڵ فاکتەری دەرکی دا کە لەڕۆژگاری ئیستادا ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی هەیە لەسەرکەوتنی خەبات و چارەسەری کێشەی میللەتاندا .

بۆیە دەبێت کورد هیچ هەل و فرسەتێك لەدەست نەداو بیان قۆزێتەوە لەبەرژەوەندی کێشەکەی و بتوانێت لەسەدەی داهاتوودا بچێتە هاوکێشە سیاسییە نێو دەوڵەتیەکانەوە کەلەگەڵ بەرژەزوەندی زل هێزەکاندا یەکانگیر بێتەوە ..

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی ژمارە(٢٠٢٣ )لە١١/١٢/ ١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەسەلاَتی خۆماڵی و شەڕی نموونە شەڕە لەپێناو کوردەواری و بەرژەوەندی کوردایەتیدا*

هەر لەسەرەتاوەو لەناونیشانی تەوەرەکەوە ( دەسەلاَتی خۆماڵی و شەڕی نموونە ) دا دەردەکەوێت کەپەیوەندییەکی ڕاستەوانە و توندو تۆڵ و ئۆرگانی هەیە لەنێوان دەسەلاَتی خۆماڵی و شەڕی نموونەدا .

ئەوپەیوەندییە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کەتەنها لەسایەی دەسەلاَتێکی خۆماڵی و هەڵبژێراو بەشێوەیەکی دیموکراتی و سەربەست و ئازادەوە لەلایەن زۆرینەی جەماوەرەوەو پشتگیری و پشتیوانی زۆرینەی چین و توێژەکانەوە نەبێت هیچ کاتێك ناتوانرێت شەڕی نموونە بکرێت ,چونکە ئەگەر شەڕی نموونە بەو مانایە بێت کە هەمیشە دەستپێشخەری لەخزمەتکردنی جەماوەرو داهێنانی نوێ لەدەستکەوت و بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوە دابێت , بەمانای گەشەدان و زیندوو کردنەوەی ئابوری وڵات و بازاڕو بازرگانی و بەگەڕخستنەوەی دامەزراوەو کارگە بەرهەمهێنەکان بێت , ئەگەر شەڕی نموونە بەمانای بەگوڕ ترکردن و بەهێزکردن وسەروەرکردن و سەربەخۆکردنی یاساو تۆکمەکردن و چەسپاندنی ئیدارە بێت ,ئەگەرشەڕی نموونە بەمانای ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی ئازاد بۆ هەموو تاکەکانی





کۆمەڵ و چەسپاندنی دیموکراتی و پرنسیپەکانی بێت , گەر مەبەست لەشەڕی نموونە هێنانە دی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاکەکانی بێت , ئەوا تەنها ئەم (شەڕە نموونەییە ) لەسایەی دەسەلاَتێکی خۆماڵی و کوردەواری وادا دێتەدی کە خاوەن پێشینەیەکی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتوو خواز و دیموکرتخوازو عەدالەت پەروەردا بەشێوەیەك بێت و ڕەگو ڕیشەی لە قوڵایی جەماوەرەوە بێت ئەگینا هەرگیز شەڕی نموونە لەپاڵ دەسەلاَتێکی داگیرکارو دوژمن و دیکتاتۆردا ناکرێت و نایەتەدی .

* کاتێك بەڕێز مام جەلال دروشمی (شەڕی نموونە) بەرز دەکاتەوە لەهەموو بوارەکانداو بەئاشکرا ڕایدەگەیەنێت کەلەمەودوا ی.ن.ك و حکومەتی هەرێم شەڕی نموونە دەکات لەگشت بوارەکاندا .... ئەو ڕاستیە دووپاتدەکاتەوە کە (ی.ن.ك ) لەسەرەتای دامەزراندنیەوەو دواتر لەقۆناغی خەباتی شاخدا و تاکاتی ڕاپەڕین و دواتر هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی دەسەلاَتی خۆماڵی کوردی , ی.ن.ك بڕوای تەواوی بەبنەما دیموکراسی و ئازادییەکان هەبووەو هەر بەو ئاراستەیەش کاتێك دەسەلاَت و حوکمی ئەم بەشەی کوردستانی گرتە دەست پشت ئەستور بەبنەما ئایدۆلۆژیە سۆشیالیست و دیموکراتیەکەی هەنگاوی گەلێك گەورەی نا لەپێناو دابینکردنی کەش و هەوایەکی ئازادو دیموکراسی و لەسەر زەمینەی واقیعیشدا

**بەرێژەیەکی باش پرۆسەی بەدیموکراسیکردن و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری بەئەنجام گەیاندووە .**

**بەڕێز مام جەلال کاتێك (شەڕی نموونە ) دەکات شەڕی نموونەیی و لەبەرامبەر سەرجەم هێزە سیاسیەکانی ناوخۆو وڵاتانی دراوسێشدا پێشکەشکردنی نموونە دەکاتە کەناڵی ململانێیەکی دروست و مۆدێرن , ئەوڕاستیە دەزانێت کە شەڕ هەموو شەڕێك تەدارەك و پێداویستی ماددی و مرۆیی وزەمان و زەمینەی خۆی دەوێت .**

**لەبەر ئەوە بەرزکردنەوەی دروشمی (شەڕی نموونە ) لەلایەن ی.ن.ك و حکومەتی هەرێمەوە لەسەرجەم بوارەکاندا ,وزەو تواناو لێبووردن و گاینفیدایی لەهەمووا ن دەوێت لەسەرجەم پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان لەخاوەن سەرمایەو کرێکارو جوتیاران لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ.**

**(شەڕی نموونە ) شەڕێکی ساناو ساکارنییە بەڵکو شەڕێکی قورس و گرانبەهاو پڕزەحمەتە , چونکە شەڕێکە دژ بەکۆنە پەرستی و دواکەوتوویی و مشە خۆری و گەندەڵی و بێ یاسایی و توندو تیژی و تیرۆرو تۆقاندن دەکرێت .**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەخۆیەوە دەستپێدەکات لەناو حزب و حکومەت و ه.پ.ك — و لەهەموو دام و دەزگاکاندا (شەڕینموونە) دەکات لەپێناو گەشەدان و پێشکەوتن و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆماڵی و کوردەواریدا . دەرگا واڵا**





**دەکات بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ و هەموو ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانیش کەهەموویان شەڕی نموونە بکەن لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەی کوردەواری و داهاتووی بزوتنەوەی کوردایەتیدا .**

**(شەڕینموونە) پرۆسەیەك یان هەنگاوێکی خۆڕسك و بەردەوام و درێژخایەنەو قۆناغێکی مێژوویی و دیاریکراوی بۆ نییە , بەڵکو شەڕینموونە و لەهەموو ئانو ساتێکدا دەکرێت و پێویستە هەمیشە هەمووان سازو ئامادەبن لەسەنگەری ئەو شەڕەدا , دژ بەدوژمنان و دیکتاتۆریەت و کۆنە پەرستی و مشە خۆری .**

**ئاشکرایە شەڕ بەهەموو جۆرەکانییەوە بەباش و خراپیەوە بە عەدالەت و ناڕەوایەوە هەموویان خراپن و ماڵوێرانی و هەژاری و دواکەوتنی تێدایە . لەهەر جێگەو لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت , کوردیش وەك نەتەوەیەك و کوردایەتیش وەك بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی پێشکەوتنخواز و مرۆڤ دۆستانە گەورەترین زیانیان پێکەوتووە لەئەنجامی شەڕی دوژمنان لەلایەك و لەو لاشەوە لەئەنجامی شەڕی براکاندا .**

**بەڵام ئەمجارەیان لە (شەڕی نموونەدا ) پێموایە کوردایەتی و کوردەواری گەورەترین سوود و سەرکەوتن بەدەستدەهێنن , ئەگەر هەندێك سوکە زیان و سلبیاتیشی هەبێت .**

**هەربۆیە بەشداریکردن لەم (شەڕینموونە) یەدا ئەرکێکی نیشتمانی و کوردایەتی و ئەخلاقیشە لەسەر هەمووان .**

ئەگەر پارتە سیاسیەکان ,ڕێکخراوە کان , چینوتوێژەکان , ڕوناکبیر و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ دژ بەشەڕی ناووخۆ و براکان بووبن لەڕابردوودا , ئەوا پێویستە لەئێستا و لەداهاتووشدا کۆك و تەباو یەکگرتووبن لە (شەڕی نموونە ) یدا .

هەریەکە بەتێڕوانین و ئایدیای خۆیەوە دوور لەدیدو بۆ چوونی (ی .ن.ك) و سەرکردایەتیەکەی بەمەرجێك (شەڕینموونە ) لەپێناو زیاتر گەشەکردن و پتەوکردنی دەسەلأتە خۆماڵیەکەماندا بێت و بەرژەوەندی کوردو کوردایەتی بخرێتە سەروو بەرژەوەندی تاك و حزب و ناوچەو ئایدیاوە .

*ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانی نوێیژمارە ( ٢٥٢٦) لە٨/٨/ ٢٠٠١ دا بلأوکراوەتەوە.





## کوردو نەبوونی کاریزما*

❖ ئاشکرایە زۆربەی گەل و نەتەوە پەرش و بلأوەکان و خاك دابەش و داگیرکراوەکان لەقۆناغەکانی شەڕی ڕزگاری و ئازادی و یەکگرتنەوەدا هانای بردۆتە بەرکەسێك کەسیفاتەکانی تواناو هێزو عەقلەیەتی سیاسی و خاوەن ئابووریەکی بەهێزو ڕۆحیەتێکی بەرزی مقاوەمەت و گیانفیدایی تیادابێت لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و یەکگرتووی خاك و نەتەوەکەیدا , کەهەموو ئەم سیفاتانە کەسێکی هەڵکەوتوو سونبولەو ئەو کەسە دەبێتە پاڵەوان و سەرکردەو ڕزگارکەرو ڕابەرو پێشەوا و کاریزمایەکی بێوێنە لە مێژووی نەتەوەکەیدا و دەبێتە جێگەی فەخرو شانازی بۆ نەوەکانی داهاتووش .

نەتەوەکانی ئەڵمان شانازی بەبسمارکیانەوە دەکەن و فەرەنسییەکان دیگۆلیان هەیەو ئەمریکاییەکان جۆرج واشنتۆن و هندییەکان غاندی و نەهرۆو چینییەکان ماوتسی تۆنگ و عەرەبەکانیش عبدوالناسرو تورکەکانیش مستەفا کەمال ئەتاتورك و...هتد . ئەو نەتەوانە مافی خۆیانە کەشانازی بەو سونبول و ڕابەرانەیانەوە بکەن , چونکە خەبات و گیانفیدایی ئەوان بوونەتە هۆی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی خاك و گەلەکانیان , هەقیانە کە پەیکەریان بۆ بکەن و مەزارەکانیان

پیرۆز ڕابگرن و نەوەکانی داهاتووشیان فێری ڕێزلێگرتنیان بکەن و لەمێژوو و خەباتیان تێیانبگەیەنن .

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کەسەرنج ڕاکێشم بۆ ئەو پیرۆزی و ڕێزگرتنەی تورکەکان لەئەتاتورکی ڕابەریان , لەڕۆژانی ١ تا ٢٠٠٤/٦/١٠ بەسەردان چوومە ولاتی تورکیا و لەشاری ئەنقەرەی پایتەخت چەند ڕۆژێك مامەوە بۆ بینینی جێگە جوان و گرنگ و مێژووییەکانی ئەو شارە, سەردانی مەزاری ئەتاتورکم کرد , کەلەسەر گردێکی بەرزو ڕازاوە و جوانی شارەکەیەو لەساڵی ١٩٥٣ دا تەرمی ئەتاتورکیان لەناوەڕاستی شارەوە ( ئۆڵوز) ەوە گواستۆتەوە بۆ ئەم جێگەیەو ئیدی کراوەتە جێگەیەکی وەها کەهەموو میوانانی ڕەسمی دەوڵەت و گەشت و گوزارانەوە هەموو چین و توێژەکانی میللەت سەردانی دەکەن و بەهەق هەر لەبیناسازیو شەقام و کارەباو ڕێکخستنی کەل و پەل و وێنەو دۆکۆمێنت و سەرتاپای ژیان و پێداویستییەکانی ئەتاتورك بەشێوەیەکی جوان ڕێکخراوە و هەقی گەورەیی و ڕێزیان داوەتە ئەتاتورك , ئەوەی جێگەی مەبەستمە لەو ڕۆژەدا کە ئێمە سەردانی ئەو مەزارەمان دەکرد , خوێندکارانی سەرەتایی لەگەڵ مامۆستاکانیاندا سەردانی هەمان جێگەیان دەکرد , ئەوەی تێبینیم کرد کەئەم منداڵانە لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بەڕێزەوە دەچوونە بەردەم گۆڕی ئەتاتورك وفاتیحایان دەخوێند و دواتر قۆناغ بەقۆناغ وێنەو ژیان و شەڕو سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی ئەتاتورکیان بۆ باس دەکردن , لەو





کاتەدا بەهاوڕێکانم وت سەیر بکەن چۆن هەر لەئێستاوە فێری ڕێزو خۆشەویستی بنیاتنەری دەوڵەتی تورکیای نوێیان دەکەن , خۆزگە ئێمەی کوردیش کەسێکی وامان دەبوو !

لێرەدا ناگەڕێمەوە قوڵایی مێژوومان و ناچمە سەر ئەوەی بۆچی و لەبەرچی و کێ تاوانبارەو هۆکارەکانی دروستنەبوونی کاریزمایەك و ڕەمزێکی پیرۆزی کوردی چییە ؟ بەلام تەنها دەپرسم ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەئێستاداو لەنزیك بوونەوەی قۆناغی ڕزگاری و سەربەخۆییماندا , بیرێك لەوە بکەینەوە کەچیدی واز لە خۆخۆری و براکوژی و دووبەرەکی و پاشقول لەیەکگرتن و ناوچەگەرێتی و عەشایەرچێتی و خزمخزمێنە و مەحسوبیەت و خۆپەرستی بهێنین ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بەرەو ئاسۆ یەکی ڕوون و هەمووان لەدەوری سونبول و سەرکردەو ڕابەرێکی بەتوانا و لێهاتوو کۆببینەوەو هەوڵی یەکگرتنەوەی ئیدارەو ئیرادەو ویستی جەماوەرەکەمان بدەین و ئێمەش وەك گەلانی تر ڕەمزێکی پیرۆزمان هەبێت و شانازی پێوەبکەین و وەچەو نەوەکانی داهاتووشمان فێری ڕێزگرتن بکەین بۆی ؟

---

*ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی‌ژمارە (٢٤٠١) لە ٢٠٠٤/٦/٢٤ دا بڵاوکراوەتەوە.

## چارەنووسی کەرکوک لەئەستۆی هەموانە نەک بەتەنها کەرکوکیەکان*

❖ ئاشکرایە خەباتی خوێناوی دورو درێژی کورد لەپێناو سەندن و سەلماندنی مافە ڕەواکانی بووە لەسەربەخۆیی و ڕزگاری و پێکەوەنانی کیان و دەسەڵاتی خۆماڵی کەتیایداو لەسایەیدا کوردان سەربەخۆو ئازادبن لەهەڵبژاردنی سیستەمی حوکمیاندا بەشێوەیەک کەیاسا تیایدا سەروەر بێت دوور لەخۆسەپاندن و تاکڕەوی , هەوڵبدەن کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتنخوازی وا بینا بکەن کەمافەکانی مرۆڤ و ژیان تیایدا پارێزراوبێت و ئازادی بۆ هەموان بە پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان و میدیا و تاکەکانی کۆمەڵ دابینکرابێت و جگە لەکوردیش هەست بەئاشتی و ئارامی و سەلامەتی بکات .

کورد لەم خەباتەیدا هیچ کاتێک مساوەمەو تەنازولی لەمافی دانیشتوانی هیچ کام لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان نەکردووە بگرە زۆر جاریش لەگفتوگۆکاندا لەسەر چارەنووسی شارۆچکەیەک یان شارێک کوردو حکومەتە مەرکەزییەکانی بەغدا ڕێک نەکەوتوون .

کەرکویش وەک شارێکی گرنگ لەڕووی سیاسی و ئابووری و جوگرافیەوە کەشارێکی کوردستانییە هەمیشە گرنگ بوە و





ئامادەبوونی گەورەی هەبووە لەنێوان کورد و بەغدادا و هەمیشە جێگەی مشتومڕی زۆر بووەو وەک خاڵێکی یەکلاکەرەوە وابووە بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی گفتو گۆکان و هەمیشە وەک پێوەرێکی نیەت پاکی و ڕاستگۆیی حکومەتەکانی عێراق بووە بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کوردو سەلماندنی مافەکانی . هەرکاتێک کێشەی کەرکوک نزیکبووبێتەوە لەچارەسەرکردن ئەوا گفتوگۆکانیش نزیکتر بوونەتەوە لەسەرکەوتن .

لەئێستاشدا دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و نەمانی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و ڕزگارکردنی عێراق و سەرجەم شارو شارۆ چکەکانی کوردستان بەکەرکوکیشەوە کەهەمیشە خەون و ئاواتی کوردان بووە کە بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی کورد .

جارێکی تریش چارەنوسی کەرکوک بووە جێگەی مشتومڕو کێشمەکێش لەلایەک لەنێوان حکومەت و کوردو لەلایەکی تریشەوە لەنێوان نەتەوەکانی کوردو تورکمان و عەرەبەوە , کورد دیدو بۆ چوونی خۆی بەئاشکرا ڕاگەیاندووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و دەڵێت : کیشەی کەرکوک بەوە چارەسەردەکرێت کەدەبێت ئەو ڕاستیە بسەلمێنرێت کەکەرکوک شارێکی کوردستانییەو جگە لەکورد نەتەوەکانی تورکمان و عەرەب و کلدۆ ئاشووری دەژین و کەرکوک دەکەوێتە سنوورە مێژووییەکانی کوردستانەوەو هەموو نەتەوەکان مافی ژیان و

مانەوەیان لەکەرکوکدا هەیەو پێویستە گیانی برایەتی و تەبایی و ئاشتی و ئارامی بپارێزێت .

هەروەها دەبێت پرسی شاری کەرکوک ئاسایی بکرێتەوە لەڕووی ئامارو جوگرافیاو دیموگرافیایی خاك و دانیشتووانەکەی و گێڕانەوەی هەموو شارو شارۆچکە مێژووییەکان وەك چەمچماڵ و کەلارو کفری و توزخورماتوو حەویجەو..هتد . بۆسەر شاری کەرکوك , دواتر گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارەکانی کورد و تورکمان و ئاشووری بۆ کەرکوك و هەروا گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ زێدی خۆیان و ئەوسا ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی بێ غەش و ڕاست و ڕەوان و دواتر دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك کەئایا کەرکوك بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی کورد لەهەرێمی کوردستانی فیدڕاڵ یان هەر لەسەر دەوڵەتی مەرکەزیدا بمێنێتەوە لەڕاپرسییەکی سنووری شارەکەدا یەکلا بکرێتەوە .

بەم شێوەیە دەتوانرێت چارەنووسی کەرکوك بۆ هەتاهەتایە چارەسەربکرێت و هیچ گەل و نەتەوەیەکیش هەست بەزوڵم و زۆری و مافخواردن نەکەن .

بۆ کورد ئەم پرۆسەیە زۆر گرنگ و چارەنوسسازە چونکە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە هەر چییەك بێت دەبێتە بنەماو بنچینەیەکی باوەڕپێکراوو دۆکۆمێنتێکی مێژوویی و هیچ گەلێك ناتوانێت ئەنجامەکەی قبوڵ نەکات و ڕەتی بکاتەوەو حسابی بۆ نەکات .





بۆیە ئەرکی دیاریکردنی چارەنوسی کەرکوك بەتەنها ئەرکی کەرکوکییەکان نییە بەڵکو لەم قۆناغەمێژوویی و هەستیارەی خەباتی کوردایەتیدا ئەرکی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە بەبێ جیاوازی دانیشتووانی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و شارۆچکەکانی تر .

کەرکوکییەکان بەدرێژایی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی بێ جیاوازی لەنێوان شارو شارۆچکەکاندا قوربانی و گیانفیداییان پێشکەش کردووەو هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەدابوون و خوێن و شەهیدیان لەسەرجەم کوردستاندا داوە . بۆیە لەئێستادا کارێکی ڕەوانییە ئەگەر چارەنووسی کەرکوك و کەرکوکییەکان بەتەنها بۆ کەرکوکییەکان بەجێبهێڵین و خەڵکانی سلێمانی و هەولێرو ..هتد , لە دوورەوە سەیربکەین .چونکە لەداهاتوودا سوودو قازانج و خێرو بێری کەرکوك بۆ هەمووان دەبێت نەك تەنها بۆ کەرکوکییەکان . بەڵام ئەرکی سەرەکی لەم پرۆژەیەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئاوارە خۆڕاگرو سەربەرزەکانی کەرکوك ئەویش بەگەڕانەوەیان بۆ ئەو شارەو نیشتەجێبوونە تیایدا سەرەڕای هەموو بارە ناخۆشی و سەختەکانیش کەتەنها چەند مانگێکی کەمی ماوە و ڕەوا نییە کە چارەنوسی کەرکوك لەپێناو بەرژەوەندی و دەستکەوتی کەمی تایبەتیدا لەدەست بدەین و بەبیانووی بێمانا لەشارەکانی سلێمانی و هەولێرو .. هتد بمێنینەوە . کەرکوك بەو هەموو گرنگییەوە ئەوەدەهێنێت کە هەمووان و لەپێشەوەدا کەرکوکییەکان قوربانی زیاتری لەپێناودا

بدەن , چونکە نەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سنوری هەرێمی کوردستان واتە بڕینی شادەماری بەردەوامبوونی هێزو دەسەلاّتی کورد و بەبێ بوونی کەرکوك مانایەکی نابێت و هەمیشە لەبەردەم مەترسی و ترس و دڵەڕاوکێدا دەبێت و سست و لاوازیش دەگوزەرێنێت .

دروست بوونی دەسەلاّت و کیانی سەربەخۆ گیانفیدایی و قوربانی گەورەی دەوێت نموونەش : دروست بوونی دەوڵەتی جوولەکەیە لەناو جەرگەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی عەرەبیداو تائێستاش قوربانی بەردەوام دەدەن لەپێناو مانەوەو چەسپاندنیدا , ئەوەتا لەڕۆژی (٢٩/٧/٢٠٠٤ ) دا (٢٠٠) جولەکە لە پاریسی پایتەختی جوانی و بۆنخۆشی لەدنیادا بە جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە شاری تەلئەبیب کەڕۆژانە شەڕو شۆڕو کوشتاری تیادایە کە ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویستی و گیانفیداییە بۆ خاك و نەتەوەو دەوڵەتەکەیان .

لێرەدا دەپرسین ئایا کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستانیش کەساڵە های ساڵە قوربانی بۆ دەدەین و خەونی پێوە دەبینین لەئێستادا کە کاتی بەدەستهێنان و گێڕانەوەیەتی بۆ باوەشی دایکی ولاّت ڕەوایە بەدەستی خۆمان و لەبەر کەمتەرخەمی و خوێن ساردی و بیرتەسکی حزبایەتی و ئیمتیازات و دەستکەوتی تایبەتی بۆ هەتاهەتایە لەدەستی بدەین .

بۆیە دەڵێین کەرکوکییەکان نابێت ئاووهەواو خاك و خۆڵی کەرکوك بەسلێمانی و هەولێرو ..هتد بگۆڕنەوەو دەستکەوتێکی





گەورە و گرنگیش بەخۆشییەکی کاتی لەدەست بدەن , چونکە نەسلێمانی و هەولێر بۆ کەرکوکییەکان پاریسەو نەکەرکوکیش بەوێنەی تەلئەبیبە لەڕووی ئارامی و نائارامییەوە , بەڵکو سلێمانی و هەولێر و جێگەکانی تر بۆ خەڵکانی خۆیان پاریسن و کەرکوکیش دەبێت وەك تەلئەبیب بۆ جولەکەکان پیرۆزە بۆ کەکوکییەکان ئاوا پیرۆز بێت .

ئەم نموونەیەشمان تەنها بۆ ڕادەی قوربانی دان و گیانفیدایی و لەخۆبوردەیی هێنایەوە, نەك بۆ لێکچوونی خەباتی کورد لەگەڵ جولەکەکاندا ..

کورد هەمیشە هەڵگری ئالاّی برایەتی کوردو تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشووری بووە و هیچ کاتێکیش لەگەڵ داگیرکردنی خاك و چەوساندنەوەی گەلان نەبووەو ڕێزی لەخەباتی گەلانی تریش گرتووە .

بۆیە لەکۆ تایدا دەڵێین کە ئەرکی هەمووانە بەسەرکردەو حزبە سیاسییەکانەوە , (بەبێ موزایەدەکردن و دروشمبازی ) کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان و سەرجەم چین و توێژەکان و میدیاو هەموو تاکێکی کوردە کە دەست لەدەست و بەیەك بەرنامەو پلانی گونجاو شەفافەوە بکەوینە خۆ بۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەرکردن و گێڕانەوەی کێشەی کوردستانیبوونی کەرکوك , بەهاوکاری ماددی و مەعنەوی بێت بۆ کەرکوکییەکان و ئەم ئەرکە قورس و مێژوویی و زێدە هەستیارە بەتەنها بەئەرکی کەرکوکییەکانی نەزانین و هەقە هەمووان خۆمان بەبەرپرسیاری

مێژوویی نەوەی نوێمان بزانین , ئەگینا تاماوین هەر خەون بەکەرکوکەوە دەبینین و ئەو کاتەش پەشیمان بوونەوە دادمان نادات و سەردەمیش سەردەمی (یاکەرکوك و خانەقین یا تاماوین دەجەنگین ) نییەو کاتی بەسەرچووە . کەرکوکیش دەکەوێتە سنوورەمێژووییەکەی کوردستانەوەو هەموو نەتەوەکان ماڤ ژیان و مانەوەیان لەکەرکوکدا هەیەو پێویستە گیانی برایەتی و تەبایی و ئاشتی و ئارامی بپارێزرێت .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە(٣٤٤٠)لە ٢٠٠٤/٨/٨دا بڵاوکراوەتەوە.





# ڕاپەڕین دەستپێکی قۆناغێکی نوێ و چاوگی دەستکەوتەکانی ئێستای گەلی کوردە*

بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەمێژووی خەباتی کوردایەتیدا بەوەرزێکی هەمیشە نەمرو ڕزگاریی و سەربەستی ئەم بەشەی کوردستان و کورد دادەنرێت لەئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوکاری هێزە سیاسیەکانی تر توانرا لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا بۆ یەکەمینجار شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و خانەقین و بەکەرکوکی کوردستانیشەوە ڕزگاربکرێت و هەموو دام و دەزگاو پیاوان و سوپاو دارو دەستەی ڕژێمی بەعسی سەدامی لەگۆڕنراو لەبەر یەك هەڵتەکێنرێت و کوردستانیان لێپاك بکرێتەوە و شاربەدەر بکرێن .

بۆیە بەهاری ئەو ساڵە وەرزێکی پرشنگدارە لەخەباتی کوردایەتیدا , چونکە دەسپێکی قۆناغ و ژیان و سەردەمێکی نوێ بوو بۆ کورد و مەسەلەکەی لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیاشدا , هەر بۆیە ئەو بەهارە بەهاری هەمیشە سەوزی کوردانە , چونکە لەو ڕۆژەوە ئەستێرەی بەختی کوردان لە هەڵکشان و درەوشانەوەی زیاتر دایە و ئاسۆکانی دواڕۆژیش ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ ڕوونتر دەبنەوەو تا دێت کورد و

مەسەلەکەی دەبنە جێگەی بایەخ و لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا گەرمتر و چاکتر حسابی بۆ دەکرێت و لەهاوکێشەی گۆڕانکارییەکاندا باسی لێوەدەکرێت و تەنانەت زلهێزەکانی دنیاش بوونەتە دۆست و هاوپەیمانیی کوردان و لەنەخشەو پرۆژە سیاسی و ئابووریەکانی عێراق و ناوچەکەشدا ڕۆڵ و کاریگەری کورد لەبەر چاو دەگرن .

هەروەك چۆن ڕاپەڕین و بەهاری ئەو ساڵە بوونە مایەی بەدەستهێنانی گەلێك دەستکەوتی گەورەو گرنگ وەك چەسپاندنی دیموکراسی و هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکەوەنانی کیان و دەسەڵاتێکی دیفاکتۆو تاڕادەیەك سەربەخۆو ئازاد لەم دەڤەرەدا کەبۆماوەی ١٤ ساڵی ڕێکە بەردەوامە لەئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدانی هەموو بوارەکانی ژیان لەکوردستاندا , گەرچی بەپیلانی دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان چەند لاپەڕەیەکی ڕەش و خوێناوی تێکەوت , بەڵام دواتر بەحیکمەت و ژیری سەرکردایەتی کوردو بەتایبەتیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەڕێز مام جەلال توانرا تاڕادەیەکی باش کێشە و ناکۆکیەکان چارەسەر بکرێن و دۆخی کوردستان ئاسایی بکرێتەوەو ئەو قۆناغە هەستیارەش تێبپەڕێنرێت و درێژە بەئەزموون و دەستکەوتەکان بدرێت .

هەر لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٣ شدا توانرا بەهاوکاری هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بەتایبەتیش کورد





ڕژێمی بەعسی سەدامی دوای نزیکەی ٣٥ ساڵ لەدیکتاتۆریەت و خوێنڕێژی و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی عێراق و بەتایبەتیش کوردستان , بۆ دواجار بڕۆخێنرێت و بەرەو زبڵدانی مێژوو تووڕ هەڵبدرێت و کورد توانی بەمقاوەمەت و شۆڕشەکانی بەرەنگاری هەموو سیاسەتە شۆڤێنی و بەعەرەبکردن و پیلانی سڕینەوەو نەمانی مێژوو جوگرافیا و کەسایەتی کورد بکات و هەموو خەون و خەیاڵەکانی دوژمنانی کردە بڵقی سەر ئاوو توانی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستبهێنێت و لەئێستاشدا بەشداری جدی و کاریگەری هەبێت لەبڕیارو دەسەڵات و پێکهاتەکانی حکومەتی نوێی بەغداد و بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنە گەورەکەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی زیاتر لە ٢٥ ٪ ی دەنگەکان و لیستی دووەمی براوەکان و سەلماندی بۆ هەمووان کە کورد یەکێکە لەتوخم و پێکهاتەسەرەکییەکانی گەلانی عێراق و ناکرێت پەراوێز و کەنارگیر بکرێت وەکو ڕۆژان و سەردەمانی حکومەتەکانی پێشووی عێراق بە هاوولاتی پلە دوو حساب بکرێت و دەنگ و سەداو بەشداری نەبێت لەناوەندی دەسەڵاتداو مافی ڕەوای خۆشێتی هەر پۆست و پلەیەك وەربگرێت و خێرو سەدەقەی هیچ گروپ و مەزهەب و قەومیەتێك نیەو دەبێت و پێویستە گوێ لەڕاو داواکارییەکانی بگیرێت .

كورد لەئێستادا لەسەر هەموو ئاستەكانی ناوخۆو ناوچەكەو دنیاو زلهێزەكانیش گوێی بۆ دەگیرێت و هاوكاری و پشتیوانی لێدەكرێت و هەست بەسەنگ و قورسایی دەكەن , هەموو ئەمانەش بۆ حەكیمی و دانایی كوردو سەركردایەتیەكەی دەگەڕێتەوەو لەناویشیاندا ڕۆڵ و كاریگەری یەكێتی و بەڕێز مام جەلال, دوژمنان لەپێش دۆستەكانەوە دانی پێدادەنێن و هەر لەوڕوانگەیەشەوە كورد مەرجی كەركوك و پێشمەرگەو داهات و فیدراڵی هەڵگرتووە بۆ بەستنی هاوپەیمانی و كاركردن لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەكانی عێراق بە جیاوازی مەزهەب و قەومیەت و ئایدیایان , لەهەوڵی بەردەوامیشدایە بۆ بەدەستهێنانی دەستكەوتی زیاترو چەسپاندنیان لەدەستووری هەمیشەیی داهاتووی عێراقدا , هەموو ئەم كارە گەورەو گرنگانەش بە ژیری و عەقڵێكی دووربین و مامەڵەی وورد دەكرێت و پێویست دەكات هەموو چینوتوێژەكانی گەلەكەمان هەروەك چۆن لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا یەك و یەكگرتووبوون ئاوهاش لەئێستادا بەهەموو جیاوازییەكانمانەوە لەپشت سەركردایەتی سیاسیمانەوە بین و بەیەكگرتوویی خیتاب و هەڵوێستی یەكگرتوومانەوە لەگەڵ قۆناغەكەدا بچینە پێش و گیانی مقاوەمەت و ڕاپەڕین زیندوو بكەینەوەو بچووكترین سازش و سەودا ڕێگە پێنەدەین و لەو لاشەوە پارێزگاری لە هاوپەیمانێتی نێوان كوردو جیران و ئەمریكاو بەریتانیاش بكەین .





بۆیە لەیادی جەژنەكانی ڕاپەڕین و و نەورۆزدا خوازیارین كە بەهاری ئەمساڵیشمان ببێتە بەهاری هەمیشەسەوزی دەستكەوتەكانمان و بەدیهێنانیان و چەسپاندنیان لەدەستوورداو گێڕانەوەی كەركوكی قودسی كوردستانیش بۆ باوەشی گەرمی كوردستان و بەوەش تاجی سەركەوتنەكان لەسەردەنێن .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێی ژمارە (٣٦١٣) لە ٢٠٠٥/٣/٥ دا بلاۆكراوەتەوە.

## لەسایەی ڕاپەڕینەوە
## مانگی ئادار کرایە مانگی ئازادی و سەرفرازی*

❖ لەمێژووی زۆربەی گەلاندا هەندێك ڕۆژو مانگ و ساڵ تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و ساڵانە یادیان دەکرێتەوە،ئەو مێژووانە هەندێکیان کارەساتی دڵتەزێن و مەترسیداریان تیا ڕووداوەو هەشیانە سەرکەوتن و ئازادی و سەربەخۆیی و داهێنانی مەزنیان تیا ئەنجامدراوە.هەموو گەلان و دەوڵەتانی دونیا ڕۆژی ئازادی و ڕزگاریان بەڕۆژێکی مێژوویی دەدەنە قەڵەم و کردویانەتە بۆنەیەکی ڕەسمی و جەماوەری و ساڵانە یادی دەکەنەوە.ئێمەی کوردیش وەك هەموو گەلان مافی خۆمانە کە ئەو ڕۆژەمان هەبێت و ساڵانە یادی بکەینەوە. لەمێژووی میلەتی کورددا مانگی ئازار تاپێش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لەم بەشەی کوردوستاندا پڕ ئازارترین و مەترسیدارترین مانگ بوە بۆ سەر داهاتووی گەلەکەمان.لەگەڵ ئەوەی کە گەلێك بۆنەو سەرکەوتنیشی تیادا بەدی هاتوە لەو ڕووداوە مەترسی و کاریگەرانە کە لەم مانگەدا ڕوویانداوە:

❖ بۆردومانکردنی شاری سلێمانی لەلایەن فرۆکەکانی ئینگلیزەوە لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٣داو چۆڵکردنی شار لەلایەن شێخی نەمرەوە بەرەو ناوچەی سورداش.





❖ هەر لەم مانگەداو لەساڵی ١٩٤٧دا پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەمەیدانی چوارچرا لەشاری مهاباد لەسێدارە دران.

❖ هەر لەمانگی ئازاری ساڵی ٥ ١٩٧دا بوو کە ڕێکەوتننامە بەدناوەکەی جەزائیر لەنێوان ئێران و عێراقدا مۆرکرا و لە ئەنجامدا شکستێکی گەورەو کاریگەرمان بەرکەوت.

❖ لەمانگی ئازاری ساڵی١٩٨٨دا بوو کە یەکەم شاڵاوی ئەنفال کۆتایی پێهات لەدۆڵی جافایەتی.

❖ لەمانگی ئازاری ١٩٨٨داو لەڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦دا بوو کە شاری هەڵەبجەی زیندوو کیمیابارانکراوزیاتر لە ٥هەزار شەهید و ١٠ هەزار بریندار بوون.

بەم شێوەیەمانگی ئازار مانگێکی ڕەش وترسناك و پڕ ئازار بووە بۆ خەڵکی کوردوستان, بەڵام دوای ئەوەی ڕاپەڕینی گەلەکەمان لەم مانگەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بۆ یەکەمین جار لەمێژووی خەبات و شۆڕشی چەندین ساڵەی گەلی کورددا لەم بەشەی کوردوستاندا سەرجەم شاروشارۆچکەکان ڕزگارکران و شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و بەشاری کەرکوکی قودسی کوردوستانیشەوە ڕزگارکران.بۆ یەکەمین جار لە مێژوویی گەلەکەماندا ئاگری نەورۆزی ئازادی و سەرفرازی لەشاری کەرکوکدا کرایەوە و دوای زیاتر لە ٧٠ساڵ خەبات و شۆڕش گەلەکەمان توانی لەم مانگەدا چێژی ژیانی ئازادی و سەربەستی دوور لە چەوسانەوەو زوڵم و زۆرداری بکات.

❖ ئیدی لەدوای ڕاپەڕینەوە مانگی ئازاری پڕ لە ئازاری گەلەکەمان بوە مانگێکی تایبەتمەند و پیرۆز لەناو مانگوکانی ساڵداو دوای ١٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕاپەڕیندا و بەدەستهێنانی گەلێك دەسکەوتی گەورەو مەزن بۆ گەلەکەمان.هەقوایە مانگەی ئازار لەمێژووی گەلەکەماندا بکرێتە مانگی ئازادی و گیانی ڕۆژانی ڕاپەڕین بەزیندووی بهێڵرێتەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٣٩٨لە ٢٠٠١/٣/١١دا بڵاوکراوەتەوە .





# ڕاپەڕین فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەئاگاهێنانەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی بەلای مەسەلەی کورددا*

❖ ئاشکرایە ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان دەرئەنجامی سیاسەتی نادروستی دوژمنان بوو دەرهەق بە بەخەڵکی کوردوستان.وەڵامدانەوەیەکی ڕاست و دروست و مەنتیقی بوو بۆ بەگژداچونەوەی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە و سیاسەتی بەسووتماککردنی کوردوستان و شالاوە مەترسیدارەکانی کیمیاباران و ئەنفال. ڕاپەڕین دەرئەنجامی پەنگخواردنەوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ ڕق و قینی تۆڵە سەندنەوەی گەلی کورد بوو لەدامودەزگا داپڵۆسێنەرەکان.کە بەسیاسەتی شەلم کوێرم ناپارێزم دوور لەهەموو هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی سەردەم بەناهەق دژ بە ژن و منداڵ و پیرو گەنجی کوردییان قەتڵ و عام دەکرد.

بەم شێوەیە پێش ڕاپەڕین چارەنوسی گەلی کورد لەکوردوستاندا ڕووبەڕووی نەمان و فەوتان و لەناوچوون ببوەوە.بەجۆرێك دەسەڵاتدارێتی بەغدا بەنیازبوو کە کێشەی کورد لە عێراقدا بەشێوەیەکی هەتا هەتایی نەهێڵێ ئەویش بەجێبەجێکردنی سیاسەتی کوردقڕان و خاپوروکاولکردنی سەرجەم شاروشارۆچکە و گوندی کوردوستان و سوتماککردنی

خاکەکەوسڕینەوەی سیمای کۆمەڵگەی کوردەواری بەشێوەیەك کە لەداهاتوودا کوردو بزاڤەکەی نەتوانن زیندووببنەوە.

بـەڵام ڕاپـەڕین هـەموو ئـەو نەخـشەونیازانەی نەهێـشت و دەروازەیەکی گەورەی لەسەر کوردوکۆمەڵەکەی بەڕووی دونیادا کـردەوەو بـووە هـۆی ئـەوەی کـە دەوڵـەتان و میلـەتانیش لەمەسـەلەی کـورد بـەئاگابن و دۆسـت و پـشتیوانی زیـاتر بـۆ مەسـەلەی کـورد پەیـدا بکـات و ئیـدی مەسـەلەی کـوردی لەکێـشەیەکی بـچووکی فەرامۆشـکراوەوە گەیانـدە سـەر مێـزی گفتوگـۆ و دانوسـانەکانی حکومـەت و دەوڵـەتانی ناوچـەکە و دونیاو پرسی کوردی کردە مەسەلەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی ئـەوتۆ کـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکانی ناچـارکرد دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ و بۆ یەکەم جار ناوی کوردو کوردوستان لە دۆکۆمێنـت و بڕیارەکـانی بـاس بکـات و تەنانـەت بڕیـاری ٦٨٨یش دەربکات کە تیایدا داوادەکات ڕژێمی عێراق هێمنی و ئارامی ناوچە کوردنشینەکان بپارێزن و قـەتڵ وعامی کوردان ڕابگیرێت.

- ❖ ڕاپەڕین فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ :

١. ناسـاندنی زیـاتری مەسـەلەی کـوردو میلـەتی کـورد بەدەوڵەتان و میلەتانی دونیا.

٢. ڕاپـەڕین بـووە هـۆی زیندووکردنـەوەو جۆشـدانەوەی مەسەلەی کوردو وای کرد کە ویژدانی مرۆڤایەتی و زلهێزەکانی دونیـاش بەئاگابێنێتەوەکەلەسـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا بەناهـەق





چارەنوسـی زیـاتر لـە ٣٠ملیـۆن لەخـەڵکی کوردوخاکەکـەیان ڕووبەڕووی نەمان و دابەشکردن کردەوە.

٣. ڕاپـەڕین بـووە هـۆی دروسـتبوون و دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی سیاسـی و ئیـداری کـوردی لەکوردوسـتاندال و ئـەویش بەهەڵبـژاردنی پەرلـەمان و دامەزرانـدنی حکومـەتی هەرێمی کوردوستان.

٤. هەر لەسایەی ڕاپەڕیندا ئەم پارچەیەی کوردوستان بووە مەڵبەنـدی حەوانـەوە وبـەردەوامبوونی کـاری سیاسـی کـوردان بەگشتی.

٥. ڕاپـەڕین فاکتـەرێکی گـرنگ بـوو بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ژێرخـانی داتـەپیوی ئـابووری کوردوسـتان و شاروشارۆچـکەو گوندە کاولکراوەکانی کوردوستان.

٦. ڕاپـەڕین دووپـاتی ئـەو ڕاستیەی کـردەوە کـە ئەگـەر گـەلی کوردیش هەل و مەرج و زەمان وزەمینـەی لـەباری بـۆ بڕەخسێت دەتوانێت وەکو هـەموو گـەلانی زینـدووی دونیـا ببێتـە خـاوەنی کیان و دەسەڵات و ئیدارەی خۆی و هاوبەشی گـەلانی ناوچەکە و دونیا بەئاشتی و برایەتی.

٧. ڕاپەڕین دەروازەیەکی گرنگ بوو کە لەڕێگایەوە گەلی کورد ئاشـنا بـوو بـەژیانی دیموکراسـی و ئـازادیو مافـەکانی مـرۆڤ و پێشکەوتنەکانی دونیا بەشێوەیەك کە کوردوستان وەك نمونـەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی لەناوچەکەدا دەدرەوشێتەوە.

بەم شێوەیە ڕاپەڕین مەسەلەی کوردی لە مەسەلەیەکی ناوخۆیی بچوکی عێراقیەوە کردە مەسەلەیەکی گرنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و گەیاندییە ئاستی مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی لەدونیادا و دەریخست کە ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ناچەسپێت بەبێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.بۆیە بەرز ڕاگرتنی گیانی ڕاپەڕین پێویست دەکات کە پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانی کورد و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و گەلەکەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵی جدی بدەن بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین وبەزیندووی هێشتنەوەی گیانی ڕاپەڕین لەدڵ و دەروونی گەلەکەماندا چونکە تائێستا مەترسیەکان نەڕەویونەتەوە و تائێستا گرنگی کوردوستان بەشاری کەرکوکیشەوە هێشتا بەداگیرکراوی ماونەتەوە.عێراق هێشتا بەردەوامە لەسەر سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی دژ بەکوردەکانی ژێر دەسەلاتی لەکەرکوك و شەنگار و خانەقین و شوێنەکانی تر.گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و دونیا و بەرژەوەندیە ئابوریەکان دوای ١٠ساڵ لە ڕاپەڕین و ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراق هەموو ئەگەریکیان لێ دەوەشێتەوە.

بەم شێوەیە ئەگەر کورد خۆی هەوڵ نەدات و لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی کوردوستاندا دۆست و پشتیوان بۆ مەسەلەی کورد پەیدانەکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆڕوکۆبونەوەکاندا مەسەلەی کورد بەزیندووی نەهێڵنەوە و





دیپلۆماسیی کوردی گەشە پێنەدەن و لەناوەوەی وولاتیش یەك و یەکگرتوو نەبن, ئەوا گیانی ڕاپەڕین بەبەرزی ڕاناگیرێ.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٣٩١لە ٢٠٠١/٢/٢٨دا بلاوکراوەتەوە .

# ڕاپەڕین
# خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کوردایەتیدا..*

❖ لە ١٩٩١/٣/٥دا یەکەم بروسکەی ڕاپەڕین لەشارۆچکەی ڕانیە( دەروازەی ڕاپەڕینەوە ) دەستی پێکردو لەماوەیەکی زۆر کورتی ١٧ ڕۆژیدا توانرا سەرجەم شار و شارۆچکە و شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و کەرکوکی قودسی کوردوستانیش ڕزگار بکرێت و پاك بکرێنەوە لەپاشماوەی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی عێراق. لەم ڕاپەڕینەدا جەماوەر بەهەموو چین و توێژەکانیەوە ڕۆڵی گەورەو بەرچاویان بینی لە ڕاپەڕیندا و سەرکەوتنیش هەر لەسەر دەستی جەماوەر هاتە دی. بەڵام بزوێنەرو ڕێکخەر و ئامادەکەری ڕاپەڕین وەك ڕاستیەکی مێژوویی لەلایەن سەرکردایەتی ی.ن.ك وە نەخشەی بۆ کێشرابوو, لەڕێگەی دابەزاندنی مەفرەزە پارتیزانەکان و دروستکردنی شانە چەکدارەکان لەشارو شارۆچکەکاندا و ئامادەکردنی چەك و تەقەمەنی و جهازی لاسلکی پێویست و سازو ئامادەکردنی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردوستان کە تەنها دەزگای ڕاگەیاندن بوو بۆ جۆشدان و بەرزکردنەوەی حەماسەتی جەماوەری ڕاپەڕیوو. بەم شێوەیە ڕاپەڕین سەرکەوت و بوە تاجی ڕاپەڕینەکان لەمێژووی گەلی کورددا و بەگرنگترین ڕاپەڕین تۆمار دەکرێت چونکە :-





١. یەکەم ڕاپەڕین بوو لە مێژووی گەلی کورددا کە بتوانێت سەرکەوتن بەدەس بهێنێت و بەشی زۆری کوردوستان ڕزگار بکرێت و دەسکەوتی مەزنی لێبکەوێتەوە .

٢. لەسایەی ڕاپەڕیندا بۆ یەکەم جار لەمێژووی گەلی کورددا هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بەدەست هات کە تائێستا حکومەتە شەرعیەکەی بەسەربەرزی ماوەو درێژە بەکارەکانی دەدات.

٣. لەسایەی ڕاپەڕیندا بوو کە مەسەلەی کورد توانی بچێتە قۆناغێکی نوێوە و بۆ یەکەم جاریش بە ئاشکراو بەڕەسمی لەنێوەندەکانی دونیادا و لەناو زلهێزەکاندا باس بکرێت و دۆست و پشتیوانی لەسەر ئاستی حکومەتەکان و ڕای گشتی لەدونیادا بۆ دروست بێت.

٤. هەر لەسایەی ڕاپەڕینەوە بوو,کە کورد توانی زەمینەی ژیانێکی دیموکراسی و ئازادی بۆ تاك و کۆمەڵ دابین بکات و گەشەو پێشکەوتن و داهێنانی گەورە لەبوارەکانی خوێندن و تەندروستی و ڕۆشنبیری و یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ و پتەوکردنی دام و دەزگا ئیداریەکان و بازرگانی و جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژی گەورە لەبواری نەوت و کارەبادا بەدەست بێنێت.

٥. هەر لەسایەی ڕاپەڕینەوە بوو ,کە کورد توانی جارێکی تر کوردوستانی خاپورکراو بەباشترین شێوە لەجاران زیاتر ئاوەدان بکاتەوەو ببوژێنێتەوە.

٦. هەر لەسایەی ڕاپەڕینەوە بوو کە ئەم بەشەی کوردوستان بووە جێگەی حەسانەوەو پشتیوانی بۆ سەرجەم ئازادیخوازان و ناڕازیانی دیکتاتۆریەت.

بەم شێوەیە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی گەلەکەمان بووە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا, بۆیە ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین کارێکی مێژوویی و گرنگە, لەبەرئەوە پێویستە لەسەر شانی سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییەکان و لەسەرو هەمووشیانەوە جەماوەری زیندووی گەلەکەمان.کە زۆر بە وریاییەوە ئەم دەسکەوتانە بپارێزین و وەفاداربین بۆ خوێنی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردوستان و حیزبایەتی بخەینە خزمەت کوردایەتیەوەوخۆخۆری و براکوژی بگۆڕینەوەبە ئاشتی و برایەتی لەپێناو دوا ڕۆژێکی پرشنگدارتر و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان.

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٠٩٤ لە ٢٠٠٠/٣/٩دا بڵاوکراوەتەوە.





## کۆڕەو ڕاپەڕینێکی نوێ بوو لەهەناوی ڕاپەڕیندا*

❖ کورد وەك میلەتێکی شۆڕشگێڕ و قاڵبوو لە بۆتەی خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕیندا , گەلیك شێوە و شێوازی خەباتی پیادە کردوە کە هەریەکە لەو شێوازانە بۆ قۆناغ و سەردەمی خۆی کاریگەرو گونجاو بوە.کورد لەسەردەمی شاخ لەلایەك خەباتی چەکداری پیادە دەکردو لەزەمان و زەمینەی گونجاوی خۆشیدا پەنای دەبردە بەر گفتوگۆکردن و توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی خۆی لەئاستی ناوخۆی کوردوستان و ناوچەکەو دونیاو دۆست و پشتگیری و کۆمەکی بۆ داواکاریە ڕەواکانی گەلی کورد تێدەکۆشا.لەئێستاش و لەدوای ڕاپەڕینەوە گەلێك شێوازی خەباتی پیادەکردووە, هەر لەخەباتی جەماوەریەوە تا شێوە خەباتی پەرلەمانی و پیشەیی و مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕین و گەلێك شێوازی تر.هەریەکەش لەم شێوازانە لەکاتی خۆیدا تەکانێکی گەورەی دەدا بە خەباتە ڕەوا و دوور و درێژەکەی , کۆڕەویش کەلەدوای ڕاپەڕین ولەگەرمەی ڕووداوەکاندا لەهەناوی ڕاپەڕیندا وەك شێوەیەکی نوێی خەبات پیادەکرا لەلایەن سەرجەم جەماوەرو کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستانەوە لەهەموو ناوچەکاندا.هیچی کەمتر نەبوو لە ڕاپەڕین خۆی,چونکە ئەگەر ڕاپەڕین توانیبێتی دام ودەزگاکانی حکومەتی عێراق لەکوردوستان وەدەرنێ و کورد بە ئازادی و

سەربەستی و ژیانی دیموکراسی دڵ خۆش بکات,ئەوا کۆڕەویش توانی بۆ جارێکی تر یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی و یەك چارەنوسی سەرجەم گەلی کورد بەجەماوەر و حیزبە سیاسیەکانەوە دووپات بکاتەوە, بۆ ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆر و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق.هەروەها کۆڕەوی ٣ ملیۆن خەڵکی کوردوستان توانی مەسەلەی کورد لەمەسەلەیەکی ناوخۆیی و بچوکەوە بکاتە مەسەلەیەکی گەورەو گرنگی نێودەوڵەتی و لە چوارچێوەی کێشەی ناوخۆیدا دەربازی بکات.هەربەهۆی کۆڕەوەوەبوو کە کێشەی کورد گەیشتە ڕای گشتی جەماوەر لەهەموو دونیادا و بەتایبەتیش ڕۆژئاوا و ئەمریکاو ...هتد.کە لە ئەنجامی فشار و پشتگیری جەماوەری ئەو وولاٚتانەدا بوو کە حکومەتەکانیان دەنگی پشتگیری و کۆمەککردنی گەلی کوردو مەسەلەکەیان بەرزکردەوەو بۆ یەکەم جار لەمێژوودا مەسەلەی کوردیان گەیاندە کۆڕو کۆبونەوە ڕەسمی و نێودەوڵەوتیەکان و لەسەروو هەمووشیانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە ئەنجامدا بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتوەکان دژی عێراق و بۆ پشتگیری لەماف و ئازادی گەلانی عێراق بە کوردو شیعەوە دەرچوو.بەم شێوەیە کۆڕەو بەرجەستەکەرو چەسپێنەری دەسکەوتو سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو.هەربۆیە کۆڕەو لە مێژووی کورددا ڕووداوێکی زۆر گرنگ و چارەنوس سازبوو.کۆڕەوی گەلی کورد بەپیاوو ژن و منداڵ و پیرو پەکەوتەوە لەوەرزێکی باراناوی و ساردو سەرمادا بەبەرچاوی





هەموو دونیاوە ڕوویدا و ئێش و ئازار و مەینەتیەکانی گەلی کورد لەسەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دونیادا پیشان دەدراو سەرئەنجام بووە هۆی هەژاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی و کەوتنە پشتگیری و کۆمەك کردنی گەلی کورد و مەسەلە ڕەواکەی, لەدوای کۆرەوەوە دەروازەیەکی گەورەومێژوویی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد کرایەوە.لەوکاتەوە کورد بەسەربەستی و بێترس و بەئاشکرا خەباتی خۆی ڕووەو دونیای دەرەوە بەردەوام پێدەدا و لەهەر کۆڕوکۆبونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا بۆی بکرێت ئازارو مەینەتیەکانی کوردباس دەکات و داوای هاوسۆزی و هاوخەباتی و دان پیادانانی داواکاری و مافە ڕەواکانی دەکات.

لەیادی ئەم ڕووداوە مەزنەداحەق وایە هەموو لایەك بەگیانی پاراستنی دەسکەوتەکان و ڕەنج و تێکۆشانی کۆمەلاٚنی خەڵك کاربکەین.

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە٢١٠٧ لە ٢٠٠٠/٣/٣٠دا بڵاوکراوەتەوە .

# کۆڕەو

## ڕای گشتی جیهانی بەرامبەر مەسەلەی کورد بەئاگاهێنا*

❖ مەسەلەی کورد تاپێش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ کرابوو بەمەسەلەیەکی پەراوێزکراو و بچوك و لە چوارچێوەی سنووره دەستکردەکانی ولاَتانی ناوچەکەدا قەتیسکرابوو , دوژمنان بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری هەموو هەوڵێکی دەوڵەتان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەبوونەوە ئەگەر بیانویستایە سەردانی کوردستان بکەن و لەنزیکەوە لەدۆزی کورد شارەزابن و ئاشنابن بەخواست و ویستەکانی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی , هەربۆیە لەمیدیاکانی دونیادا زۆر بەکەمی باس لەکورد و کوردستان و شۆڕش و مەسەلەکەی دەکرا . لەو کاتەدا کورد بەتەنها شاخەکان دۆست و پشتیوانی بوون و تاك و تەراو لێرەو لەوێ کەسایەتییەك یان ڕۆژنامەو گۆڤارێك یان لەکۆڕو سیمینارێکدا باسیان لەکوردو مەسەلەکەی دەکرد , ئەویش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەدەکرد و بەم شێوەیە مەسەلەی کورد کرابووە قوربانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە , کەبەرژەوندییە ئابوورییەکان ڕۆڵی گەورەیان دەگێڕا لەوسیاسەتانەی ئەوێ ڕۆژیدا . بەدەگمەن باس لەمافی مرۆڤ و دیموکراسی و چەسپاندنی ئاشتی دەکرا .





لەسایەی ئەم سیاسەتەدا کورد ڕووبەڕووی چەندین کارەسات و مەرگەسات بووەو هیچ کەس و لایەنێك لەسەری هەڵنەدایە . شالاَوەکانی خاپوورکردنی کوردستان و بەسوتماککردنی خاکەکەی و جینۆ ساید ی گەلەکەی و ئەنفال و کیمیاباران هیچیان ویژدانی مرۆڤایەتییان نەهەژاند .

بەلاَم کاتێك لەئازاری ١٩٩١ داو بەدەست و بازووی ڕۆڵەکانی کورد ڕاپەڕین ئەنجامدراو توانرا لەماوەی کەمتر لە ٢٠ ڕۆژدا بەشێکی زۆری شارو شارۆچکەکان ئازادو ڕزگاربکرێت , ئیدی کورد و مەسەلەکەی بوونە مەسەلەیەکی گەرم و گوڕو گرنگ لەسەر ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتاندا .

ڕاپەڕین دەروازەیەکی گەورەی کردەوە بۆ مەسەلەی کورد بەڕووی دنیاداو مەسەلەی کوردی لەمەسەلەیەکی بەچوارچێوەکراوی ناو دەوڵەتانی ناوچەکە دەرهێناو ئەو ڕاستییە لای دۆست و دوژمنان سەلماند کەئاشتی و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەبێ چارەسەرێکی عادیلانە بۆ مەسەلەی کورد ناچەسپێت .

بەم شێوەیە کوردو مەسەلەکەی دۆست و پشتیوانی زۆری بۆ پەیدابوو , چەندین وەفدی حکومی و ڕەسمی و جەماوەری و ڕۆشنبیری بەئازادانە سەردانی کوردستانیان دەکرد و لەنزیکەوە لەدۆزی کورد تێگەیشتن .

چەندین ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی حکومی و ناحکومی و چەندین پەیامنێرو ڕۆژنامە نووسی کەناڵە جیاجیاکانی میدیایی

عەرەبی و ئەوروپایی هاتنە کوردستان و دوور لەسانسۆڕو گیرو گرفت دروستکردن بابەتیان لەسەر کورد و کوردستان دەناردەوە بۆ کەناڵەکانیان .

هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپایی و ئەمریکایشدا چەندین کۆڕی فکری و سیاسی دەربارەی کورد و مەسەلەکەی سازدران . ڕاپەڕین بەڕزگارکردنی شاری کەرکوك تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا , بەڵام وەستاندنی شەڕ لەنێوان هاوپەیمانەکان و حکومەتی عێراقدا هەندێ هۆکاری ناوخۆیی بوونە هۆی گەڕاندنەوەی سوپای عێراق بۆ شارو شارۆچکە ڕزگارکراوەکان , هەربۆیە خەڵکی کوردستان بەرەو سنوورەکان و لەرێڕۆیشتنێکی کەم وێنەدا لەدنیادا بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا کەوتنەڕێ بەبەرچاوی کەناڵەکانی میدیای جیهانەوە . ئەم ڕێڕۆیشتنە ملیۆنییەناوی ( کۆڕەوی ملیۆنی کورد ) ی لێنرا , کۆڕەو بریتی بوو لە ڕاپەڕینێکی نوێ لەهەناوی ڕاپەڕینداو بریتی بوو لەگۆڕینی شێوە خەباتی چەکداری و ململانێی خوێناوی بۆ شێوە خەباتی ئاشتی . کۆڕەو بووە هۆی گۆڕینی شکستی ڕاپەڕین بۆ سەرکەوتن و جارێکی دی گەڕانەوە بۆ شارو شارۆچکەکان و کۆڕی بەرگری و ڕاپەڕینی گەرم و گوڕتر کردەوە , بووە هۆی ڕوودانی ڕاپەڕینەکانی دووەم و سێیەم و ئیدی هێزو دامو دەزگاکانی حکومەتی عێراق بەتەواوەتی کوردستانی بەجێهێشت . ئەو هەلومەرجەی ڕەخساند کە خەڵکی کوردستان حوکمی





ئازادانەی خۆیان بەڕێوەبەرن . کۆڕەو لەکاتی خۆیدا دەروازەیەکی گرنگی تری کردەوە بۆ مەسەلەی کورد بەڕووی دنیادا , ئەگەر ڕاپەڕین وەك ڕووداوێکی سیاسی بەتەنیا حکومەتەکان و دەوڵەتانی دنیای بەئاگاهێنابێت , ئەوا کۆڕەو ڕای میللی و جەماوەریی ناوچەکەو دونیاشی هەژاندو بەئاگاهێناو هەر لەئەنجامی فشاری جەماوەردا دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکا کەوتنە ناردنی کۆمەك و پشتیوانی بۆ گەلی کوردو هێزی چەکوشی ئامادەیان پێکهێنا بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو ملیۆنان کوردەیان دا بۆ ناو کوردستان و فشاریان خستە سەر حکومەتی عێراق بۆ دەستهەڵگرتن لەکوشتن و کوشتاری خەڵکی کوردستان , کۆڕەو خاڵێکی گرنگی وەر چەرخان بوو لەمێژووی کورددا , چونکە لەسایەی کۆڕەوەوە بۆ یەکەمین جار دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ پشتگوێخستنی مەسەلەی کورد لەلایەن کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوای ڕێکەوتننامەی (سێڤرەوە ) ناوی کوردو کوردستان لەبڕیارو دۆکۆمینتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەئاشکرا باسی لێکراو بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرەنجامێکی ئەو کۆڕەوە ملیۆنییەی کورد .

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٤١٢)لە ٢٨ / ٣ /٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلەکەمان
# مەسەلەی کوردی کردە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی *

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ دا توانرا سەرجەم دامودەزگاو سوپاو موخابەرات و ئیستخبارات و مەنزومەی حیزبی بەعسی لەگۆڕنراو تەفرو تونا بکرێن و لەبەریەك هەلبوەشێنرێن و لەماوەی کەمتر لەیەك مانگدا کورد گەورەترین سەرکەوتنی بەسەر دڕندەترین ڕژێمی سەردەمدا تۆمارکرد لەخەباتی درێژی خوێناوی کوردایەتیدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی و بەهاری ئەو ساڵەی کردە چەندین بەهارو توانی بەئازادی و سەربەستی شاد ببێت کە بۆ نزیکەی ٧٠ ساڵی ڕێك کورد لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دەچەوسایەوەو زوڵمی لێدەکرا لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقیەوە لەساڵی ١٩٢١ ەوەو هەریەك لەو ڕژێم و دەسەلاّتانە هونەرێکی نوێی بەکاردەهێنا بۆ قەتڵ و عامکردنی کورد و کوردستان هەر لەتەعریب و تەهجیرو تەبعیسەوە تا دەگاتە جینۆ ساید و بەسوتماککردنی خاك و ئاوو تەنانەت ئاژەڵەکانی کوردستان و دواتریش ترۆپکی دڕندایەتی و قین و ڕقیان لەبەرامبەر گەلی کورد لە ئەنفال و کیمیابارانی کوردستاندا دەربڕی و دەیانویست نەگەلێك بمێنێت بەناوی کوردو نەخاکێکیش بمێنێت بەناوی کوردستانەوە ,





بەلاّم خەیاڵیان خاوبوو , بەهۆی حساباتی هەڵەیان و فشارو گوشاری ناوخۆ و دەرەوەش ڕژێمی بەعسی سەدامی تووشی هیستریاو نەخۆشی ( جنونی عەزەمە ) ببوو کەوتە داوی کردارو سیاسەتە هەڵەکانی خۆیەوەو پەلاماری وڵاتی کوێتی داو ئەو کارەی بووە مارەکەی شێخ هۆمەرو لەگەردنیەوە ئاڵاو تالەساڵی ٢٠٠٣ دا بەیەکجارەکی ڕوخێنراو بەرەو زبڵدانی مێژوو توور هەڵدرا .

دوای ڕاپەڕین ڕژێمی ڕوخاوی بەعس هاتەوە سەرخۆی و بەوسوپا بێهێزو بێ ورەیەی کەمابویەوە توانی هەندێك شارو شارۆچکە بگرێتەوە بۆ ماوەیەکی کەم , لەبەرئەوەی گەلی کوردیش زۆری چەشتبوو لەدڕندەیی و قەتلوعامکردن لەسەردەستی ئەوسوپایەدا سەرجەم کۆمەلاّنی خەڵك و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش بڕیاریاندا کۆڕەوێکی ملیۆنی دەستپێبکەن وەك ڕێپێوانێکی ناڕەزایی بەرامبەر زوڵم و زۆرو تۆقاندنی ڕژێمی بەعس هەمووان سەروەت و سامانیان دەست لێهەڵگرت و بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا بەڕێکەوتن و ئەم ڕووداوە هەناوو ویژدانی ڕای گشتی و دەوڵەتانی گەورەی دونیای لەناخەوە هەژاند و کەوتنە خۆ بۆ هاوکاری و یارمەتی و کۆمەکی سیاسی و مرۆیی و بۆ گەلی کورد , بەم شێوەیە کورد و مەسەلەکەی بوونە مەسەلەی سەردەم و هەموو دونیا تێیگەیشت و ئیدی بەو بچوکی و بچوکراوەییە نەمایەوە کە ڕژێمی بەعس خنکاندبووی , ئەوە بوو هەر لەبەر گەورەیی

کارەسات و ڕووداوەکەو بینینی لەلایەن هەموو دونیاوەو بۆ ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ئەو کۆڕەوە بەو وەرزی سارد و سەرمایەی ئەوکاتە , نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ ی لە ١٩٩١/٤/٥ دا دەرکردو بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی ٤٥ ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانداو لە بڕیارێکی ئومەمیدا ناوی کورد بێت و و داوا بکات لەدونیا بەهانایەوە بچن .

بەم شێوەیە کۆڕەو مەسەلەی کوردی گەیاندە لوتکەو کردیە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی وا کەئیدی لەوساتەوە کوردو مەسەلەکەی ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشاندنەوەو سەرکەوتنی یەك لەدوایەکدایەو لە ئێستاشداو لە عێرا قی دوای ڕژێمی بەعسدا بۆتە هێزێکی کاریگەر لەبڕیارو دەسەڵاتی ناوەند لەبەغداد وهیچ کارو پرۆسەیەکی سیاسی بێ کورد جێبەجێنابێت .

بۆیە ئەرکی هەموانە کەگیانی سەردەمی ڕاپەڕین و کۆڕەو بەزیندوویی بهێڵینەوە , چونکە ئەو دوو ڕووداوە مێژووییە سەرچاوەو چاوگی هەموو دەسکەوتەکانی ئێستاو داهاتووشمانن .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کودوستانی نوێی ژمارە ٣٦٣٥ لە ٣/٤/ ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە .





## بڕیاری ٦٨٨ و کاریگەری لەسەر داهاتووی مەسەلەی کورد*

❖ نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی هەمیشەو بەبەردەوامی بۆتە قوربانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لەلایەن نەتەوەکانەوە زوڵم و زۆری وناهەقییەکی گەورەی دەربارە ی کورد و مەسەلەکەی کراوە , بەوەی کەتاکو ئێستا بەدەر لەبڕیاری ٦٨٨ کەلە ٥/ ٤ / ١٩٩١ دا دەرچوو بەهیچ شێوەیەك مەسەلەی کورد نەبۆتە بابەتی جدی کۆبوونەوەکانیان و هەوڵی جدیشیان نەداوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی عادیلانە بۆ مەسەلەیەکی ئاوەها گرنگ و هەستیار لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەپێگەی چڕبوونەوەی بەرژەوەندییە جیاجیاکانی زلهێزەکانی دونیایە .

کارێکی ئەخلاقی و مرۆڤانەش دەبوو کەنەتەوە یەکگرتووەکان چەند جارێك مەسەلەی کوردیان لەدۆکۆمێنتەکانی خۆیدا بەڕەسمی بناسایەو بیکردایەتە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی و هەوڵی جدی بدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتیبیانەی کێشەی کورد .

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لەئەنجامی کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستانەوە بۆ یەکەمینجار لەمێژووی نەتەوە

یەکگرتوەکاندا و دوای ٤٦ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی کەئەرکی سەرەکی دابینکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشە لەجیهاندا و پشتیوانیکردن و کۆمەککردنی سەرجەم کۆمەڵەو گەلان و نەتەوەکانە لەکاتی لێقەومان و چەوساندنەوەو قات و قڕکردنیاندا و هەروەها هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ و ناکۆکییە خوێناوییەکان بەڕێگاچارەی ئاشتی لەدنیادا . بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی دەرچوو , کەتیایدا بەئاشکرا باس لەکێشەو مەینەتییەکانی کوردو ناوچە کوردنشینەکان دەکات کەلەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەرهەقیان کراوەو داوا لەڕژێمی عێراق دەکات کە دەستبەجێ دەست هەڵبگرێت لەکوشتن و کوشتار و ڕاوەدونانی کوردەکان و مافە مرۆیی و سیاسیەکانی کوردەکان بپارێزێت و ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچە کوردنشینەکان بگێڕێتەوە و ڕێگەش بەوڵاتان بدات کەکۆمەك و پشتیوانی بگەیەننە خەڵکی لێقەوماو , خاڵێکی گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کەئەرکی پاراستنی کوردەکان و هێمنی و ئاسایشی ناوچە کوردنشینەکانی کردۆتە ئەرکێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و سکرتێری گشتی ڕاسپاردووە کەبەبەردەوامی چاودێری بارودۆخەکە بکات و ئەم فایلەی بەکراوەیی هێشتۆتەوە .

❖ بڕیاری ٦٨٨ و دەرچوونی لەوبارو دۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکە و دنیادا کەپاش کۆتاییهێنانی جەنگی ساردو





هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بلۆکی سۆسیالیستی بوو گەلێك بایەخ و گرنگی هەیە بۆ مەسەلەی کورد لەوانە :

١. یەکەمجارە لەمێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیارێکی ئاشکراو ڕاشکاوانە دەربارەی کورد و ناوچە کورد نشینەکان دەربچێت و پەردەی بێدەنگی چەندین ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدڕێت و مەسەلەی کورد لەپشتگوێخستن و هەڵگرتنی لەسەر ڕەفەکان ڕزگار بکات .

٢. بڕیاری ٦٨٨ مەسەلەی کوردی لەمەسەلەیەکی بچوك و ناوچەیی لەنێو چوارچێوەی سنوورە داخراوە ناوخۆییەکانەوە کردە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی .

٣. بڕیاری ٦٨٨ ئاسۆیەکی بەرفراوان و ڕوونی کردەوە بەڕووی کورد و مەسەلەکەیدا و لەئێستا بەدواوە ئەرکی کوردو دیپلۆماسی کورد ئەوەیە کە ئەم گەرم و گوڕی و جۆش سەندن و هاتنە پێشەوەی مەسەلەکەی لەناو کۆمەڵەو ڕێکخراوو دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا بپارێزن و گەشەی زیاتری پێبدەن و ڕێگە نەدەن جارێکی دی مەسەلەی کورد بکرێتە قوربانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەوڵەتان .

٤. دەکرێت ساڵانەو لەیادی دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ دا کورد بەیەکدەنگی هەڵمەتێکی بەرفراوان لەمیدیاکانی دنیادا لەڕێگەی ڕێپڕۆیشتن و کۆڕو سیمینارو یاداشتنامەو ... هتد . سازبکات و داوای جێبەجێکردنی یەك بەیەکی خاڵەکانی

بڕیارەکە بکەن و مەینەتییەکانی گەلی کورد کەتاکو ئێستاش هەر بەردەوامە لەڕێگەی پاکسازیی ڕەگەزییەوەو دەرکردن و ڕاگواستنی کوردەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم و لەلایەکی تریشەوە دڕندەیی و سیاسەتە شۆڤێنییەکانی ڕژێم بخەنەوە بەرچاوی دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو ڕۆژە تالانەیان بهێننەوە یادو داوابکەن کەکاتی ئەوە هاتووە لەسەدەی بیستو یەکەمدا کوردیش بەمافە ڕەواکانی خۆی بگات و جێگەی شیاوی خۆی بگرێت لەنێو نەتەوەکانداو بەشداری بکات لەدابینکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو دنیاشدا .

بەم شێوەیە بڕیاری ٦٨٨ نۆبەرەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو دەربارەی مەسەلەی کورد لەسەدەی بیستداو هەق وایە کورد هەوڵبدات کەچەندین بڕیاری تر دەربارەی مەسەلەکەی دەربچێت ئەویش بەڕێکخستنەوەی ماڵی کوردی لەناوخۆدا و یەکگرتوویی لەهەڵوێست و وتەداو زیاتر چەسپاندنی دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دابینکردنی زیاتری ئازادی و دیموکراسی لەکوردستاندا و پاراستنی مافەکانی مۆڤ و هەنگاونان بەرەو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و بوژاندنەوەی بازرگانی و ئابووریی کوردستان لەلایەك و لەسەر ئاستی دەرەوەش ئەرکی کوردو دیپلۆماسی کوردییە کەگورجو گۆلانەتر و ژیرانەتر مەسەلەی کورد لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بوروژێنن و





بەزیندوویی بیهێڵنەوە , پشت ئەستوور بەو ژمارە زۆرە لەدۆست و پشتیوانییە دەرەکییانەی کە لەماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا بۆ کورد و مەسەلەکەی پەیدابوون و هەروەها سوودوەرگرتن لەو ژمارە زۆرەی کورد لەدەرەوەی ولات و هەوڵی ڕێکخستن و یەکگرتوویی ڕیزەکانیان بدرێت بە جۆرێك کەببنە گروپی فشار لەو ولاتانەدا و بتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕای میللی و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی .

بەم شێوەیە کورد دەتوانێت و چاکتر هەلی بۆ دەڕەخسێت کە لەدەروازەی بڕیاری ٦٨٨ەوە زیاتر و بەرفراوانتر مەسەلەی کورد بناسێت و داهاتوویەکی ڕوونتر و گەشتر بۆخۆی مسۆگەر بکات .

* ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانیﻧﻮێی ژمارە ٢٤١٩ لە ٢٠٠١/٤/٥ دا بلاوکراوەتەوە.

## بڕیاری ٦٨٨ و

## کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد*

❖ بڕیاری ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرئەنجامی ڕەنج و خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی میلەتی کوردە و بەدەسکەوتێکی گرنگ و مێژوویی دەژمێردرێت. دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ لەبەرواری ١٩٩١/٤/٥ دا گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ میلەتی کورد. چونکە وەلاٌمدانەوەیەکی سەرجەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو دژی زوڵم و زۆر و داپڵۆسینی ڕژێمی عێراق و دەرچوونی بڕیارەکە دوای کۆڕەوە ملیۆنیەکەی کورد بوو بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عێراق, لەترسی ڕەشەکوژی و بەکۆمەڵ کوشتنیان لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە , بڕیاری ٦٨٨ یەکێکە لەگرنگترین بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە دژی عێراق دەرچوون لەدوای داگیرکردنی کوێتەوە. چونکە بڕیاری ٦٨٨ زۆر نزیکە لەبەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق بەکوردو شیعەو تورکومان و ئاشوری و..هتد.لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە ڕێگە لە ڕژێمی عێراق دەگرێت لەچەوسانەوەو داپڵۆسین و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا. بڕیاری ٦٨٨ بۆکورد گرنگیەکی گەورەو مێژوویی هەیە چونکە یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتیە لەمێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە باس لە کێشەی کورد دەکات و بەدووەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیش دادەنرێت لەدوای ڕێککەوتنامەی





( سێڤرە ) وە لەساڵی ١٩٢٠دا. کە لەم بڕیارەدا بەناو ناوی کوردی هێنابێت و ئەم بڕیارە کۆتایی بەسەردەمی بێدەنگی نەتەوە یەکگرتوزەکان هێنا کە لەمەوپێش بەهیچ جۆرێك باسیان لەکوردو کێشە ڕەواکەی نەدەکرد.

❖ بڕیاری ٦٨٨ ئەو تەوقەی شکاند کە مەسەلەی کوردی کردبوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق و پێشتر کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ئاست مەسەلەی کوردا بێدەنگ کردبوو, ئەم بڕیارە بوەمایەی بەنێودەوڵەتیکردنی مەسەلەی کوردو پەیداکردنی دۆست و پشتیوانی زیاتر بۆ گەلی کوردوداواکاریە ڕەواکانی.بۆیەکەم جارو لەڕێگەی بڕیاری ٦٨٨وە نەتەوە یەکگرتوەکان دانی نا بەوەدا کە گەلی کورد تووشی ئازار و داپڵۆسین و چەوسانەوە هاتووە لەسەر دەستی ڕژێمی عێراقدا کە ئەمە وایکرد کێشەی کورد ببێتە کێشەیەکی سەرنج ڕاکێش و مەسەلەی کورد لەکۆڕو کۆبونەوە ڕەسمی و نێودەوڵەتیەکاندا بە ئاشکرا باسی لێوە بکرێت و دەروازەی دونیای لەسەر مەسەلەی کورد کردەوەو چەندەها ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی خێرخواز و مرۆڤ دۆست ڕوویانکردە کوردوستان بەمەبەستی کۆمەك کردن و بەشداریکردن لەچارەسەری کێشە و مەینەتیەکانیدا.

❖ بڕیاری ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتوەکان دانی نا بەو ڕاستیەدا کە چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد وچەوسانەوە و داپڵۆسینی کورد, کاردەکاتە سەر ئاشتی و هێمنی ناوچەکە و دونیا.کە ئەم ئاماژە پێکردنە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە کوردو

کێشەکەی وەك گەلێکی زیندووی ناوچەکە و کێشەکەشی وەك کێشەیەکی ڕەواو نێودەوڵەتی مایەی پشتیوانی و هاوکاریکردنە. بەم شێوەیە بڕیاری ٦٨٨ کاریگەری و گرنگی یەکی گەورەی هەیە بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا. پێویست دەکات کە کورد لەسەر ئاستی سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و جەماوەریش بەڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانەوە لەهەوڵی بەردەوامدا بن بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە. بەمەبەستی جولاندنی ڕای گشتی دونیا بۆ پشتیوانی و هاوکاری کردنی لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨دا.

❖ کورد تائێستا و دوای ٩ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم بڕیارەدا کاری پێویستی بەقەدەر گەورەیی ئەو بڕیارە نەکردووە بۆ جێبەجێکردنی. جگە لە هەندێ هەوڵی ی.ن.ك نەبێت کە لەڕێگەی هەڤاڵ مام جەلال و نوێنەرەکانی ی.ن.ك لەدەرەوە بەجدی هەوڵی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەدەن. بۆیە ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژوویییە لەسەر سەرجەم پارتە کوردیەکان کە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا و بەهەمان شێوەش بەعەرەب و تورکومان و ئاشوریشەوە کە خەبات بکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨ چونکە ئەم بڕیارە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر داهاتووی عێراق و داوای لابردن ونەمانی چەوساندنەوە و داپڵۆسینی سەرجەم گەلانی عێراق





دەکات و داوای پاراستنی مافی مرۆڤ دەکات و بەمەش بەشێکی گرنگی داواکاریەکانی خەڵکی عێراق دێتە دی .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١١٥ لە ٢٠٠٠/٤/٩دا بڵاوکراوەتەوە .

# کارەساتی هەڵەبجە ترۆپکی ئازارو ناسنامەی گەلی کوردە*

ڕۆژانی پڕ ئێش و ئازارو خەمناك لەمێژووی گەلی کورددا هێندە زۆرە کە لەژماردن نایەن , بەڵام هیچیان هێندەی ئازارو زامی هەڵەبجە بەئێش و سوێ نەبوون , کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ١٦ /٣ / ١٩٨٨ دا کەسەرەتای بەهاروساڵی نوێی کوردی و جەژنی نەتەوەیی کورد بوون , دوژمنان ژەهرو مەرگ و کیمیابارانیان کردە دیاری دەستیان و پێشکەشی هەڵەبجەیان کرد لەپێش چاوی هەموو دنیاو ڕۆحی ٥٠٠٠ ژن و منداڵ و گەنج و لاوی کوردیان کردە قوربانی حەزو ئارەزوو مەرامە گلاوەکانیان . کارەساتی هەڵەبجە چەندە گەورەو پڕ ئازارو کوشندە بوو , بەڵام لەوکاتەدا هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان چرکەیان لێوەنەهات و بەرژەوەندییەمادیەکانیان کردە پێوەر بۆ بەدەنگەوە نەهاتنی کورد .

مرۆڤی زوڵملێکراوو بێ پشت و پەنای کورد لەوکاتەدا تەنها وتەنها خۆی و شاخەکانی مابوونەوەو سەنگەری مقاوەمەتیان چۆڵ نەکردو بەهەموو تواناکانیانەوە بەرەنگاری سیاسەتە شۆڤێنیەکانی ڕژێمی بەعس دەبوونەوەو درێژەیان بەخەباتی ڕەوای خۆیان دەدا , بەڵام خۆشبەختانە هێندەی نەبردوو لەدوای ٣ ساڵان ڕاپەڕینە مێژوویەکەی گەلەکەمان لەبەهاری





١٩٩١ دا ڕوویداو لەئەنجامدا کوردستان بەکەرکوکیشەوە ڕزگارکراو تۆڵەی خوێنی سەرجەم شەهیدانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو چەندین ساڵەی زوڵم و زۆری بەعس کرایەوەو بووە ناسنامەی گەلێکی بێپشت و پەناو زوڵم لێکراو, لە ئێستادا ڕۆژانە وەفدی دەوڵەتانی دنیا دێنە سەردانی کوردستان و مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە بەسەر دەکەنەوەو ئێستا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە چەند ڕژێمی بەعس زوڵمی لەگەلی کورد کردووەو چەندە دڕندەبوە و لەبەرنامەیدا بووە کە کەلتوورو مێژوو خاك و ئاوو سیمای کورد نەهێلێت و بسڕێتەوە , هەربۆیە لەساڵیادی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەدا داواکارین کەحکومەتی هەرێم کە پەرۆشی سەرجەم ناوچەو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە بەشێوەیەکی جدیتر پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بەهەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان بکات و قەرەبووی زیانە گیانی و مادییەکانیان بۆ بکاتەوەو نەخۆشەکان بنێردرێنە دەرەوەی کوردستان بۆ چارەسەرکردن و پێش لەسەر ئەوە دابگرین کە دادگایی کردنی عەلی کیمیاوی و سەرانی دەستڕۆیشتووی بەعس کەدەستیان هەبووە لەو کارەساتەدا لەهەڵەبجەو لەبەردەم کەسوکاری شەهیداندا دادگایی بکرێن , بەم شێوەیەش دەتوانین بەشێکی کەمی ئەرکە ئەخلاقی و ویژدانیەکانمان بەرامبەر بەهەڵەبجە جێبەجێبکەین و هەقیشە ئەمساڵ کە یەکەم جارە یادی ئەو کارەساتە بکرێتەوە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و گرتنی

تاوانبارانی ئەو کارەساتە . گرنگییەکی گەورە بەمەراسیمەکە بدرێت بۆ ئەوەی جارێکی تریش تیرۆریستان و دوژمنانی گەلەکەمان تاوانی شەهیدبوونەوەی هەڵەبجە ئەنجام نەدەنەوەو هەڵەبجە هەمیشە وەك ڕەمزی تاوانی بەعسییەکان بمێنێتەوەو لەبەرامبەریشدا بۆ کوردیش ببێتە سومبولی خۆڕاگری و مقاوەمەت و مێژوویەکی نەمر .

---

*ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی ژمارە (٣٣٢٠)لە١٦/٣/ ٢٠٠٤ دا بڵاوکراوەتەوە.





# کارەساتی هەڵەبجە
# ترۆپکی ئازارەکانی گەلی کوردوستان بوو*

❖ کورد بەگەلێك شێواز و زۆر دڕندانە لەمێژوودا چەوسێنراوەتەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سەرکوت کراوە و ئاوەدانی و خوێندن و زانست و ئەدەبیان وێران کردوە و شێواندویانە.دوژمنانی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کورد نەتوانێت ببێتە خاوەنی دەسەلآت و کیانی سەربەخۆیی خۆی, دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەجۆرەها شێواز و زۆر بێ بەزەییانە لەگەڵ کوردو مەسەلەکەیدا مامەڵەی کردووە. بەلآم ئەم حکومەتەی ئێستا لەهەموان خراپتر بەرامبەر بەکورد و مەسەلەکەی جولآوەتەوە و تەڕ و ووشکی پێکەوە سووتاندوە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق هەر لەساڵی ١٩٦٨ وە پیلانی بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی کورد داڕشتوە بۆ ئەوەی بەیەکجارەکی لەعێراقدا کورد نەهێڵێت ئەوەش لە ڕێگەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسی کردنی کورد هەوڵی جێبەجێکردنی داوە لەگەڵ خۆچەسپاندن و بەهێزبوونیدا زیاتر هەوڵ و تەقەلای لەناوبردنی گەلی کوردی داوە , لەکۆتایی شەڕی عێراق-ئێراندا, کارەساتی ڕاگواستنی گوندو شارۆچکەکان و کاولکردنی کوردوستانی توندترکردەوە بەوەشەوە نەوەستا دەستی دایە کارەساتی ئەنفال و زیاد لە ١٨٢هەزار کوردی

لەناوبرد و سیاسەتی دڕندانەی جینۆساید و سوتماککردنی کوردوستانی جێبەجێکرد.هەموو ئەم ئازارو چەوساندنەوە و قڕکردنە چۆکی بەکوردو شۆڕشەکەی دانەهێنا،بەڵکو زیاتر سووربون لەسەر بەرگریکردن تائەوکاتەی ئەم حکومەتە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چەکی کیمیاوی بەرامبەر دژی هاولاتیانی مەدەنی بەکارهێنا.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پێش کارەساتی هەڵەبجەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەکارهاتبوو لەهێرشەکانی ئەنفالدا،بەلام لە هەڵەبجەدا زۆر بێ بەزەییانە و دوور لەهەست و سۆزی مرۆڤانە و لە ١٦/٣/١٩٨٨دا( ٥٠٠٠ ) ڕۆحی پاك و بێگەردی منداڵ و ژن و پیرو لاوی هەڵەبجەی تاساند کە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند،ئازاری هەڵەبجە ترۆپکی ئازارەکانی گەلی کورد بوو.هەڵەبجە لەو مێژووەوە بۆتە ڕەمزو ناسنامەی میلەتێکی چەوساوەو زوڵملێکراوی وەك کورد.مەخابن لەکاتی خۆیدا دونیای بەرژەوەندی و سەوداو مامەڵەی مرۆڤایەتی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات بەشی هەرە زۆریان گوێی خۆیان لەئاست کارەساتی هەڵەبجەدا کەڕکردو هاوار و گریان و داواکاری کوردیان نەدەبیست و زیاتر پشتیوانی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراقیان دەکرد, وولاتانی عەرەبی و ئیسلامیش جگە لەکۆماری ئیسلامی ئێران بەهەمان شێوە قڕوقەپیان لێکرد،لەو ڕۆژەدا دەرکەوت کە کورد چەندە بێ کەس و بێ پشتیوانە.





بۆیە کورد نابێت هەرگیز کارەسات و ئازاری کیمیا بارانی هەڵەبجەی بیر بچێتەوە.لەیادی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا, هەق وایە حکومەت و سەرجەم لایەنەکان زیاتر هەوڵەکانیان بە ئاراستەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی هەڵەبجە بێت و نەهێڵرێت هەڵەبجە هیچ کاتێك ئازار بچێژێت و هەڵەبجە بکرێتە شاری ئاشتی و برایەتی دوور لە دیاردەی چەکداری,چونکە هەڵەبجە زۆر ئازاری چێشتوە و هەقی بەسەر هەموو لایەکەوە هەیە.

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١٠٠ لە ٢١/٣/٢٠٠٠دا بلاوکراوەتەوە .

## ئەنفال ترسناکترین شێوازی لەناوبردنی خاك و نەتەوەیەك بوو*

❖ کورد لەم پارچەیەی کوردوستاندا لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراقەوە بەخراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کێشەی کورددا کردوە و چەندی پێکرابێ بەدڕندانەترین شێواز کەوتۆتە قات و قڕکردن و چەوساندنەوەی کوردو سوتماککردنی خاکەکەی کارەساتی( ئەنفال) یەکێکە لە دڕندانەترین و ترسناکترین ئەو شێواز و شاڵاوانەی کە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق دەرهەق بەگەلی کورد پیادەی کردوە,شاڵاوی ئەنفال لە ١٩٨٨/٢/٢٢ وە دەستی پێکردو لەڕۆژانی ٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠ گەیشتە لوتکەی تاوان و بێ بەزەیی .لەو ڕۆرژانەدا کە بەئەنفالی سێ ناسراوە و بۆسەر ناوچەکانی گەرمیان جێبەجێدەکرا زیاد لە ٢٠هەزار ژن و پیر و منداڵ و لاوی ئەو ناوچانەیان بێ سەرو شوێن کردو لە ڕێگەی کوڵەجۆوە بۆ قۆرەتووی ناحیەی مەیدان و لەوێشەوە بۆ شوێنێکی نادیار بردیانن.شاڵاوی ئەنفالەکان کە لەچوارچێوەی ٨ قۆناغدا جێبەجێ کرا لەڕۆژی ١٩٨٨/٩/٦ دا کۆتایەی پێهات. لەم شاڵاوە ترسناکەی دوژمن زیاد لە ١٨٢هەزار هاوڵاتی بێ دیفاعی کوردی بێ سەروشوین کران.نزیکەی ٥هەزار گوندو ٣٠ ناحیەو ٤ قەزاو ٢٥٠٠ مزگەوت و ١٠٠ کڵێسەشی تیادا خاپوورو کاول کرا.بەدەیان هەزار هێکتار زەوی کشتوکاڵی و دارستان و باخ و





لەوەڕگای تیادا سووتماك کرا و بەهەزاران سەر ئاژەڵ و باڵدار تیاچوو.

❖ بەم شێوەیە کارەساتی ئەنفالە بەدناوەکان.قۆناغێکی سەخت و دژوار و پڕمەترسی بوو لە مێژووی خەبات و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا.چونکە شاڵاوی ئەنفال ڕووداوو کارەساتێکی بێ پلان و سەرپێی و کاتی نەبوو.بەڵکو لە مێژ بوو حکومەتی عێراق نەخشەو پلانیان بۆ داڕشتبوو وە بەپڕۆسەیەکی ستراتیژی و گرنگ حسابیان بۆ کردبوو.چونکە لە ڕێگەی ئەم کارەساتەوە دەیانویست کە کێشەی کورد لە عێراقدا بۆ هەتاهەتاییە بنەبڕبکەن و کۆتایی بەشۆڕش و خەباتی کورد بێنن.کارەساتی ئەنفال تاکو ئێستاش کاریگەری هەرماوە لەسەر ئەو ناوچانەی کەبەر شاڵاوەکە کەوتوون و قوربانیانی ئەنفال تاکو ئێستاش جۆرەها کێشەیی کۆمەڵایەتی و خێزانیان بۆ ماوەتەوە و بەدەستیەوە دەناڵێنن.

❖ لەیادی ئەو کارەساتە شووم و مەرگەساتەدا حەق وایە حکومەت و پارتە سیاسیەکان و جەماوەریش فشار بخەنە سەر عێراق لەڕێگەی un و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و ....هتد. بۆ ئاشکراکردنی چارەنوسی قوربانیانی ئەنفال و ئەرکی حکومەتە کە باشتر هەوڵ بدات بۆ جێبەجێکردنی داخوازی و پێداویستیەکانی قوربانیانی ئەنفال یادی ئەنفال , پێویستە گرنگیەکی گەورەی پێبدرێ و لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گەورەیی و قەبارەی ئەو مەرگەساتە پیشانی دونیا و ناوخۆ

بدرێت و درندەیی و تاوانەکانی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە پیشانبدرێن و بێ تاوانی و مەزڵومیەتی گەلی کوردیش دەربخرێت.بەمەبەستی هەژاندنی رای گشتی دونیاو بەگوڕترکردنی ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانەی کە دەنرێن بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و ناساندنیان وەك تاوانباری جەنگ.هەقە جەماوەریش لەڕێگەی ڕێپێوان و مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕینەوە, یادی ئەو کارەساتە بکەنەوە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١٢٧ لە ٢٣/٤/٢٠٠٠دا بڵاوکراوەتەوە .





## ئەنفال بەشێك بوو لەستراتیژی داگیرکەران بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان*

❖ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لەمێژە بەبەرنامە کاردەکەن بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی کوردو لەهەموو قۆناغەکانی دەسسەلاَتیاندا ئامانجی سەرەکییان تواندنەوەی نەتەوەی کورد بووە لەناو نەتەوەکانی خۆیاندا , قۆناغی جێبەکردنی ئەم سیاسەتە شۆڤێنیانە لەعێراقدا بەم شێوەیە جێبەجێکراوە :

قۆناغی یەکەم : لەنێوان سالآنی ( ١٨٦٩ – ١٩١٤ ) لەسەردەمی مەدحەت پاشای عوسمانیدا سیاسەتی ڕاگواستنی کوردو نیشتەجێکردنی عەرەب و تورکیان لە جێگەیاندا دەستپێکرد .

قۆناغی دووەم : لەنێوان سالآنی ( ١٩٢٥ – ١٩٥٨ ) لەسەردەمی پاشایەتیدا سیاسەتی ڕاگواستن و پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژ بەکورد درێژەی هەبوو .

قۆناغی سێهەم : لەنێوان سالآنی (١٩٥٨ – ١٩٦٣ ) کەسەردەمی گەشەی جولآندنەوەی کوردایەتی بوو ئەم سیاسەتە دژ بەکورد هەربەردەوام بوو .

قۆناغی چوارەم : لەنێوان سالآنی (١٩٦٣ – ١٩٨٧ ) لەسەردەمی حیزبی فەرمانڕەوای ئێستای عێراقدا شالآوی ڕاگواستن و پاکتاوکردنی ڕەگەزیی گەیشتە ترۆپکی درندایەتی ئەم سیاسەتە شۆڤێنیانەیان .

قۆناغی پێنجەم : ئەنفالەکان لەم سەردەمەدا زۆر بەئاشکراو لەبەر چاوی هەموو دونیاداو لەماوەی (٧) مانگدا شالاوێکی دڕندانەی دژ بەکوردو کوردستان دەستپێکرد و ناویان لێنا ( ئەنفال ) بەمەبەستی کۆتایی پێهێنانی ڕەگەزی کوردو جینۆ ساید کردنی بۆ هەتا هەتایە .

( ئەنفال ) بریتی بوو لە شالاوی حکومەتی عێراق بەنوێترین چەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی و بریتی بوو لەپرۆسەیەکی ستراتیژی بۆ جینۆ سایدی کورد و لەڕەگ و ڕیشە دەرهێنای لەخاك و وڵاتی خۆیدا .

بەم شێوەیە شالاوی ئەنفال کردەیەکی سەرپێی و ڕاگوزەر نەبووە لەسیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا , بەڵکو قولایی و ڕەگ و ڕیشەی مێژووی هەیەو بریتی بووە لەبەرنامەو ستراتیژیان و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حکومەتی ئێستای عێراقدا بەئاشکرا ڕووی ڕاستەقینەو دڕندەیی و داخ لەدڵییان دژ بەکورد خستەڕوو . مەبەستی سەرەکیشیان تواندنەوەی کوردو سڕینەوەی دوا شوێنەواری کوردستانی بوونی ئەم بەشە لەکوردستان بوو , ئەنفال ماوەیەکی دوورو درێژ بوو پلانی بۆ داڕێژراوبوو بەلام بەهۆی شەڕی عێراق – ئێرانەوە نەپەرژانە سەر جێبەجێکردنی , هەر بۆیە کاتێك تەرازووی هێز بەلای عێراقدا شکایەوە ڕاستەوخۆ کەوتە جێبەجێکردنی پیلانە پڕمەترسی و دڕندانەکەی دژ بەکوردو لە( ١٩٨٨/٢/٢٢ ) یەکەم





شالاوی ئەنفال دەستپێکردو تا (١٩٨٨/٩/٦) بە (٨) قۆناغ توانییان بەشێکی زۆری ئامانجەکانیان بپێکن .

شالاوی ئەنفالەکان کردەیەکی پلانڕێژو تۆکمەو سەراپاگیری وەهابوو کەڕژێم لەماوەی کەمترلە(٧) مانگدا توانی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و گەرمیان و دۆڵی ڕووباری زێی بچوك و دەشتی هەولێر و بادینانی گرتەوەو توانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا دووربخاتەوەو بەشێوەیەکی گشتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی دوچاری هەلومەرجێکی سەخت کردەوەو ڕژێم لەناو شارەکانیشدا شالاوی ئەنفالکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکانیشی دەستپێکردو ژمارەیەك هەڤاڵی قارەمانیان گرت و لەسێدارەیان دان .

شالاوەکانی ئەنفال بەورد بوونەوە لەتۆکمەیی پلان و جێبەجێکردنی و ئەو زەرەرو زیانانەی کەبەکوردو کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی کەوت کەتیایدا زیاد لە(١٨٢) هەزار کورد ڕووبەڕووی مردن بوونەوەو نزیکەی (٥) هەزار گوند (٤) قەزاو (٣٠) ناحیەو (٢٥٠٠) مزگەوت و (١٠٠) کڵێساش کاول و خاپور کران . بەدەیان هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی و ڕەزو باخ و لەوەڕگا سوتێنران و بەسەدان هەزار سەر ئاژەڵ و پەلەوەر تیادا چوون و دەیان کانیاو سەرچاوەو کارێز پڕکرانەوە . یەکێك لەدڕەندەترین و خوێناوی ترین شالاوەکانی ئەنفال ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بوو کەلە (٧- ٢٠/ ٤/ ١٩٨٨ ) ی خایاند و تیایدا بەیەك جار زیاد لە (٢٠)

هەزار ژن و پیاوو منداڵ و پەککەوتەی تیادا سەرەونگون کراو لەڕێگەی کوڵە جۆوە بران بۆ قەڵای ملەسووره (قۆرەتوو) ی سەربەناحیەی مەیدان و ئیدی لەو کاتەوە کەسیان نەگەڕانەوە .

ئاسەواری ئەم سیاسەتە شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستییە کە خۆی لەئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستاندا دەبینێتەوە هەربەردەوامە و چەندین خێزان دوای (١٣) ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تووشی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی بوونەتەوەو زامی قوڵی ئەنفال لەیادەوەری و فکریاندا نەسڕاوەتەوە . ئەنفال لەسیاسەتی نێو دەوڵەتی ئەوڕۆژێدا جێبەجێکرا کەبەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەسەروو مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسییەوە حسابیان بۆ دەکراو کوردو دەیان نەتەوەی تر بونە قوربانی بێویژدانی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە .

لەساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا دەبێت کورد هەوڵبدات ئەم کارەساتە بەزیندوویی بهێڵێتەوە لەویژدانی مرۆڤایەتیدا و بیکاتە چەکێکی کاریگەری خەباتەکەی دژ بەداگیرکەران و لەناو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا و لەڕێگەی :

١. سازدانی هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی فراون لەناوەو دەرەوەی کوردستان لەڕێگەی کەناڵەکانی میدیای جیهانییەوە دژ بەم کارەساتە بۆ ڕای گشتی و حکومەتەکانیان .

٢. سازدانی کۆڕو سیمینارو کۆبونەوەو مانگرتن و ڕێپێوان و ناڕەزایی دەربڕین و یاداشتنامە نووسین بۆ ناوەندەکانی





بڕیاربەدەست لەدونیادا دژ بەم کارەساتە بەمەبەستی هەژاندنی ویژدان و پەیداکردنی دۆست و پشتیوان .

٣. بەردەوام بوون لەخەبات بەهەموو شێوازەکانییەوە بەمەبەستی دیموکراتیزەکردنی عێراق کەمافەکانی گەلی کوردی تیادا بەرجەستەو دابین کرابێت .

٤. لەئێستاشدا کەوەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفالکراوەکان لەناو حکومەتە خۆماڵییەکەی خۆماندا دامەزراوە , هەق وایە ئەم وەزارەتە بەوردی لێکۆڵینەوەو ئامار دەربارەی کارەساتی ئەنفال و ئەنفالکراوەکان و ئاسەوارە خراپەکانی بەسەر ژیانی ئەو خێزانانەی کەماونەتەوە ئامادەبکات و کارەساتی ئەنفال و ئەنفالکراوەکان و دواڕۆژیان بکاتە کارتێکی گوشاری بەهێز دژ بەحکومەتی عێراقی لەهەموو کۆڕو کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانداو داوای دەرخستنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بکات و ئەم کارەساتە بکاتە دەروازەیەکی گرنگی تر بۆ مەسەلەی کورد بۆ پەیداکردنی پشتیوانی و داکۆکیکردنی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ گەلەکەمان و وروژاندنی ڕای گشتی دونیا , بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەعێراقداو زامنکردنی دووبارەنەبوونەوەی ئەو مەرگەسات و جینۆسایدی دژ بەگەلەکەمان لەڕابردوودا ئەنجامدراون .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٤٢٥) لە ١٢/١٤/٢٠٠١دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئەنفال پرۆسەی بەفەناکردنی کورد*

❖ بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عەرەبی عێراقی لەبیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کەبنچینەی ئەم دەوڵەتە لەسەر پرەنسیپێکی هەڵەی شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستی عەرەبیی داڕێژراوە , بەچاوێکی سوك و حساب بۆ نەکردنی گەل و مەزهەب و ئایینەکانی تر کە لەدێر زەمانەوە لەسەر ئەم خاك و ئاوە دەژین و خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم خاکەن , درێژەی پێدراوەو هەمیشە بەدرێژایی دەسەلأتی ٨٠ ساڵەی عەرەبی سوننە لەعێراقدا بەرنامەو پیلانی داڕشتووە بۆ لەناو بردن و تەفرو توناکردنی گەلانی عەرەبی شیعەو کوردو تورکمان و ئاشووری ..هتد .

گەلی کورد کە گەلێکی دێرینی عێراقەو لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستیشدا چوارەمین گەلە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەدوای عەرەب و فارس و تورکەوە وەك نەتەوەش هەموو مەرجەکانی نەتەوەو دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ لەزمان و خاك و دین و مێژوو جوگرافیاو..هتد تیادایە ,ئەگەر پیلانی زلهێزان و دەوڵەتانی ناوچەکە نەبوایە , لەعێراقیشدا دووەم گەلە لەڕووی ژمارەوە , بەهۆی ئەم هەموو مقەوماتانەوە کە کورد هەیەتی و هەمیشەش لەبەرەی خەباتێکی ڕەواو ڕەسەندا بۆ سەندنەوەی مافەکانی بەرەنگاری دڕندانەترین شێوازی لەناوچوون بۆتەوەو لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزەوە لەبەغدا





پیلانی ڕاگواستن و ترس و تۆقاندن و بەعەرەب کردن و لەم دواییانەشدا بەعسی کردن و جینۆساید و بەسوتماککردن و خاپورکردنی خاك و گوندو شارەکان و دواتریش کیمیایی بارانکردن و ترۆپکی ئەم سیاسەتە دوژمنکاریانەش لەپرۆسەی ئەنفالی بەدناودا خۆی نواند کەبریتی بوو لەپرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئەوتۆ کەهەموو پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی بۆ دابینکرابوو وەك پرۆسەیەکی ستراتیژی و گرنگ کاری بۆ کرابوو , بەشێوەیەك کە ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستبهێنایەو تەمەنی ڕژێمی بەعس لەکوردستاندا درێژ تر بوایە , ئەوا گەل و خاکی کورد لەعێراقدا بوونی نەدەماو هەموو سیماو کەلتوورو مێژووەکەشی بۆ هەتاهەتایە بەفەنا دەچوون , چونکە ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیری ئەوتۆ بوو کەسەرجەم ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بازیان و دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ و دەشتی هەولێرو باڵەکایەتی و پشدەرو ناوچەی بادینانیشی گرتەوەو لە ٨ قۆناغی پڕ خوێناویدا کۆتایی هات , شکستێکی کاتی , بەلأم گەورەی سرەواندە ه.پ کوردستان و ڕۆحیەت و عەزیمەتی کوردی بەرەو قبوڵکردنی شکست دەبردو نەفسیەتی تاکی کوردی لاواز کردو کەشێکی ئاڵۆزو ڕەشی ئەوتۆی خوڵقاند کەتروسکایی ئومێدی نەهێشتەوە , هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوێکی ئەم دنیایەش فزەیان لێوەنەدەهات و کورد زۆر بێ کەس و بێ دەرەتان بوو .

گەورەترین پرۆسەی ئەنفال لە ١٤/ ١٩٨٧/٤ دا جێبەجێکرا کەتیایدا ٢٠هەزار گەنج و پیرو ژن و منداڵی کورد لەناوچەی گەرمیان بێ سەروو شوێنکران و رووەو سەربازگەو بەندیخانەکانی خوارووی عێراق راپێچ کران , بەم شێوەیە کوردبەدرێژایی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی خۆی زۆر جار تووشی شکست و نوشستهێنان بۆتەوە , بەلأم هەرگیز رۆحی مقاوەمەتی نەمردووەو ئەوەبوو لەدوای پرۆسەی ئەنفال کورد و بزووتنەوەکەی توانیان گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بێنن لەراپەرینی بەهاری ١٩٩١ داو تۆڵەی چەندین ساڵەی قات و قری و جینۆ سایدو کیمیایی و ئەنفالیان لەدامو دەزگاو پیاوانی بەعس کردەوەو توانیان بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کورددا پەرلەمان و حکومەت و حوکمڕانی کورد لەسەر بەشێکی خاکەکەی دابمەزرێنن و لەئێستاشدا کە رژێمی بەعسی سەدامی بۆ هەتاهەتایە لەناوچووەو چۆتە زبڵدانی مێژووەوە , کورد لەلوتکەی دەسەلأت لەبەغدادا بەشداری دەکات و زۆرێک لەمافەرەواکانی خۆی بەدەستهێناوەو بەم شێوەیە گیانی سەرجەم شەهیدان و ئەنفالکراوان ئاسوودەبوون و جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤیش ئەنجومەنی حوکم لەعێراقدا قەرەبووی بنەماڵەو کەسوکاری ئەنفالکراوان بداتەوەو ئەگەرچیش هیچ قەرەبوویەك جێگەی هیچ ئەندامێکی خێزان ناگرێتەوە , بەلأم وەك پێزانین و وەك ئەرکی بەرامبەریان مایەی خۆشحاڵی و رەزامەندیان دەبێت و





ئیدی ئومێدی دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەساتانە ناکرێن لەعێراقی نوێدا کەهەمووان بەعەرەب و کوردو تورکمان و ئاشوورییەوە هاوبەشن لە بونیادنانەوەو گەشەکردنی عێراقدا .

---

* ئەم بابەتەم لەرۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە (٣٣٤٥) لە ١٩ /٢٠٠٤/٤دا بلأوکراوەتەوە.

## زەمانی کارو کردارە نەك دروشمی بریقەدارو موزایەدەکردن*

* ئاشکرایە لەخەباتی گەلان و نەتەوەکاندا و بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ئەو پارت و شۆڕش و سەرکردەو گەلانە گرەوی مێژوویان بردۆتەوەو سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و بەئامانجەکانیان گەیشتوون کە لەکاروانی خەباتی دوورو درێژیاندا شاڕێگەی خەباتیان گرتووەتەبەرو هەمیشە بڕوایان بەکارو کردەوە بووەو واقع بین و دوربین بوون و هەرگیز پەنایان نەبردۆتە بەر دروشمی قەبەو بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەرو موزایەدەشیان نەکردووە بەسەر پارتە سیاسیەکانی هاوسەنگەرو هاوپەیمانیاندا و هەمیشە ڕێزو پێزانینیان بۆ خەبات و تێکۆشان و خوێنی شەهیدانی سەرجەم ڕێکخراوو چین و توێژەکانی گەلەکانیان هەبووەو هەرگیز خۆیان بەپارتی پێشڕەو میراتگر و کوێخانەزانیوە , بەڵکو بڕوای تەواویان بەکاری دەستە جەمعی و کاری پێکەوەیی و بەرەیی هەبووە , چونکە زەمانی قورسی شۆڕشی شاخ و چەکداری بەتەنها کارێکی مەحاڵە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن و سەرفرازی و بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکان , دوور لەهاوخەباتی وپشتگیری پارتە سیاسییەکان و جەماوەر . گەلی کوردو شۆڕش و مەسەلەکەی و پارت و ڕێکخراوو سەرکردەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دەرناچن و هیچ مەسەلەیەکیش هێندەی مەسەلەی کورد





هەستیار و ناسك نییەو بەزۆر قۆناغی هەڵچوون و داچووندا تێپەڕیوەو ئیدی بەرگەی موزایەداتی بێ بنچینەو ناڕەوا ناگرێت و سەردەمی دروشم و خۆ گیڤکردنەوەی بێ ناوەڕۆك نەماوە . یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك هێزێکی سەرەکی و ڕەسەنی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بڕوای بەسەرەتا شۆڕشگێڕیەکانی پێکەوە کارکردن و لەچوارچێوەیەکی یەکگرتووی سەرجەم هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا بووە , هەر بۆیە خۆی لەسەر شێوەی نیمچە بەرەیی دروستبوو , هەمیشە دەستی هاوکاری و برایەتی و هاوخەباتی بۆ لایەنە سیاسیەکان درێژ کردووە و نەیویستووە خەباتی کوردایەتی پەرش و بڵاوبێت و گەر پیلانی دوژمنان و ناحەزان بیانهێشتایە ی.ن.ك هەرزوو دروشمی دروستبوونی بەرەی کوردستانی بەرزکردەوەو دەیویست سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتی چڕبکاتەوە لەیەك چوارچێوەدا ئەنجامیش ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوەو سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆریەتدا بەدی هات .لەئێستاشداو دوای ڕووخانی یەکجارەکی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق , کاتی کۆکردنەوەو دۆزینەوەی سەرجەم ماف و دەستکەوتەکانە , نەك کاتی موزایەدات و فرۆشتنەوەی هەڵوێست و هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنە خوێناوییەکان . سەرجەم گەلی کوردستان و عێرا ق و هێزە

ئۆپۆزسیۆنەکانی پێشوو تەنانەت دۆست و دوژمنەکانیش ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە ی.ن.ك هیچ کاتێك مساوەمەو تەنازولی نەکردووە لەبەردەم دوژمنانیدا لەسەر مافە ڕەواو سەرەکییەکانیدا لە ( مافی چارەنوس و مافی مرۆڤ و ژنان و دیموکراسی و فیدراڵیی و پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتی و دراوسێیەتی باش و مەسەلەی کەرکوك و ئاوارەکان و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس و ..هتد .)، ی.ن.ك هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە و تاکو ئێستاش خاوەنی تاکتیك و ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرایەو خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی پێشکەوتنخوازو گونجاو بووە لەگەڵ قۆناغەکان و گۆڕانی خەباتەکەیدا و بەدرێژایی خەباتی سیاسی و چەکداریش ی. ن .ك سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتی بووە و لەهیچ کاتێکدا نەبەئاشکراو نەبەنهێنی دەستی لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەیدا تێکەڵ نەکردووەو هیچ تەنازولێکیشی بۆ نەکردوون , بەڵام بۆ براکانی خۆی و پارتە سیاسیە کوردیەکان و لە پێناو ئاشتی و ئارامیی و سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی کوردو زیندوو کردنەوەی پەرلەمان و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەداو بۆ لەبار نەچوونی ئەم ئەزموونەی چەند ساڵەی کورد زۆر تەنازولی لەمافەکانی خۆی کردووە وەك حیزب و بەکارو کردەوە هەڵوێستی خۆی نواندووە نەك تەنها بەقسەو ڕاگەیاندن و خۆدەرخستن .هەربۆیە ئەم سیاسەتە وا قیعبینانەی ی.ن.ك . بۆتە جێگەی ڕەزامەندی دۆستەکان و حسابی بۆ





دەکەن و گوێ لەڕاو پێشنیازەکانی دەگیرێت . پێویستە لەئێستادا کوردو پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانی بەعەقڵانیترو دووربینترو نەفەس درێژتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکاریە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا بکەن و هەوڵبدەن کە چۆن لەخەباتی چەکداریدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ئاوهاش لەخەبات و گەمەی سیاسی و دیپلۆماسی و دیموکراسیشدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن و بتوانن شیکارو لێکدانەوەی ڕاست و دروست بۆ سیاسەتە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەکان بکەن و هەموو هەلێك بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد , چونکە دەبێت هەڵسوکەوت و کردارو گوتاری ئێستامان لەڕابردوو نەچێت و لەئێستادا بەقەبارەی لێپرسراوێتی و بەشداریمان لەعێراقی نوێداهەڵسوکەوت بکەین وەك پیاوی دەوڵەت ( رجل الدولة ) , نەك وەك سەرۆکی حزبێکی سیاسیی کوردستانی و خاوەن میلیشیایەکی چەکداری , دەبێت سەردەمی دروشم و موزایەدات تووڕ هەڵدەین و بەکارو کردەوەش بیسەلمێنین کەدڵسۆزی گەل و ولات و مەسەلە گەورەکەی کوردین و پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەمانین نەك پارێزەری بەرژەوەندی حیزب و وەرگرتنی پۆست و ئیمتیازاتی تایبەت .

---

* ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی ژمارە( ٣٤٢٠ )لە٢٠٠٤/٧/١٥ دا بلاوکراوەتەوە.

## ئەریٚ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەلاٚڵە یان حەرام ؟*

❖ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٤٨ داو لەناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دڵی وڵاتانی عەرەبیدا و لەسەر سیٚ ڕیانی کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپادا کارێکی ڕاگوزەرو بیٚ بەرنامەو لیٚکۆڵینەوە نەبووە کەئەم پێگەیە گرنگی گەورەی هەیە لەڕووی سیاسی و عەسکەری و ئابووری و مێژوویی و جوگوگرافیەوە بۆ جولەکە .

ئەم کارەی وڵاتانی زلهێزی دونیای ئەو کاتە بووە مایەی نارەزایی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بەهەموو شێوەکان کەوتنە داژایەتی کردنی ئەم دەوڵەتە لەگەمارۆی ئابووری و نەبەستنی پەیوەندی و تەنانەت شەڕکردنیش و تائێستا سیٚ شەڕی گەورەیان پیٚ فرۆشتوە لەساڵەکانی ١٩٤٨و١٩٦٧ و ١٩٧٣ داو لەهیچ کامیاندا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست نەهێناوە تەنها لەشەڕ ١٩٧٣ داو لە قۆڵی میسرەوە سووکە سەرکەوتنیکیان چنگ کەوت بەڵام تاکو ئێستاش و دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ هیچیان پێنەکراوە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەو بەڵکو پاشەکشەیان کردوە لەهەڵویٚست و دروشمە بریقەدارەکانیان و کەوتونەتە خۆیان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا .





ئاشکرایە دیانەتی جولەکەو کتابی جولەکە کە ( تەوراتە ) و پەیامبەرەکەشیان کە (موسا) یە لەوڵاتی میسرو فەلەستیندا هاتونەتە بوون و دەستیان کردوە بەبلاٚوکردنەوەی دیانەتی جولەکەو کۆنترین دیانەتە لەپێش مەسیحیەت و ئیسلامەوە و لەپێش عەرەبدا لەسەر خاکی فەلەستین ژیاون و ئاماژە بەم ڕاستیە مێژووییە جولەکە ئەگەر تاکە خاوەنی فەلەستین نەبن ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێکن لەهاولاٚتی ئەصڵی ئەوخاکەو مافیان هەیە لەژیان لەسەری و لە قورئانیشدا هاتووە کە ( جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خودان ) و هەر بۆیە مافی سەرەتاییانە کە دەوڵەت و کیانی خۆیان هەبێت لەناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا و لەڕۆژی دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە لەلایەك بەهۆی پشتیوانلیٚکردنی دەوڵەتانی زلهێزی دونیا لەئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنساو گەورە دەوڵەتانی تر بەماددی و مەعنەوی و لەلایەکی ترەوە بەهۆی پشتیوانی لۆبی جولەکە لەهەموو دونیادا و قوربانی و گیانفیدایی تاك بەتاکی جولەکە و وازهێنانیان لەهەموو خۆشییەك و دەسکەوتێکی ماددی و کۆچکردنیان بۆ فەلەستین و بەرانگاربونەوەی عەرەبەکان ئەم دەوڵەتە ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزترو چەسپاوتر دەبێت و لەهەموو بوارەکانی سیاسی و عەسکەری و ئابووری و ئەتۆمی فەرهەنگی و ....هتد , لەعەرەبەکان لەپێشترەو نهێنی ئەم سەرکەوتنانەشی بۆ بەهێزی بڕوایان بەڕاستی مافەکانیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ سیستەمە سیاسیەکەیان

دەگەڕێتەوە کەسیستمێکی دیموکراسیەو مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵی تیاپارێزراوە و تاکە دەوڵەتێکە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەدیموکراسیەتی تیا بەرقەرار بێت لەبەرامبەر دەوڵەتە عەرەبیە دیکتاتۆرو عەسکەری و خۆسەپێنەکاندا .. بەم شێوەیە دەوڵەتی جولەکە توانی پارێزگاری لەخۆی بکات و درێژە بەژیان و مانەوەی خۆی بدات سەرەڕای بچوکی زەوی و کەمی ژمارەی دانیشتوانی و چوار دەور گیرانی بە دوژمنەکانی.

بەم شێوەیەو بەناچاری دەوڵەتانی عەرەبی دەستیان کرد بەگفتوگۆکردن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا و ئەوەتا لەساڵی (١٩٧٨) داو گەورەترین دەوڵەتی عەرەبی (میسر ) ڕێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵدا ئیمزاکرد و ( ئەنوەر سادات ) یش سەردانی تەلئەبیبی کردو دواتر ئوردن لەساڵی ١٩٩٤دا بەهەمان شێوە ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵدا ئیمزاکرد و وڵاتی مۆریتانیاش پەیوەندی دیپلۆ ماسی هەیە لەگەڵیدا و مەغریب و قەتەریش نوسینگەی ئابوری و پەیوەندی جۆراو جۆر یان هەیەو هەرچی دەوڵەتانی کەنداویشە بەنهێنی پەیوەندی جۆر بەجۆریان هەیە و دەوڵەتانی وەك سوریاو عێراقی سەدام و لیبیاو جەزائیرو یەمەن و ..هتد کە خۆیان بە دەمڕاست و شۆڕشگێڕو نوێنەری ڕەوتی عەرەبی دەردەخەن بەنهێنی چەندین جا ر چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان لەگەڵ لێپرسراوانی جولەکەدا ئەنجامداوەو لەسەریشەوە بۆ خۆڵکردنە چاوی گەلەکانیان





هەڕەشەو گوڕەشەیان دەکردو داوای لەناوبردنی دەوڵەتی جولەکەیان دەکردو بەگشتی دوای پرۆسەی ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل دەوڵەتانی عەرەبی هەریەکە بەشێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروستکردوەو لەشەرم و حەرامدا نەماوە ...

لەساڵی ١٩٩٤ یشەوە بەئاشکرا و دوای ٢ساڵ لەگفتوگۆی نهێنی فەلەستینیەکانیش کە خاوەنی یەکەمی مەسەلەکەن خۆیان دەستیان کردە گفتۆگۆو ڕێکەوتنامەی ( ئۆسلۆ ) یان ئیمزاکرد ..

کەچی دوای ڕزگارکردنی عێراق لەکەناڵە ئاسمانیەکانی عەرەبیەوە (الجزیرة و العربیة و ابو ظبی و.......هتد )وە درۆو دەلەسەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کەکوردەکان بەتایبەتی پەیوەندیان لەگەل ئیسرائیلدا هەیە و کوردستانیان کردۆتە مۆڵگەو سەربازگەی مۆساد و کۆماندۆی ئیسرائیلی و عێراقە تازە ڕزگارکراو سەرکردەکانیشیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست بکەن و جولەکە بەسەربەستی لەعێراقدا هاتو چۆ دەکەن و کەوتونەتە زەوی و موڵك کڕین لەبەغداو کەرکوك و شارەکانی تری عێراق و کوردیان تاوانبار دەکرد بەتێکدانی یەکێتی خاکی عێراق و دروستکردنی ئیسرائیلێکی تر لەناوچەکەدا... ئەمەو چەندان درۆی هەڵبەستراوی تر تەنها بۆ ئەوەی ڕای گشتی جەماوەری عەرەبی دژی کورد هانبدەن .

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە و خۆی دەسەپێنێت کەئایا سەردەمی ئەوە ماوە کەپەیوەندی بەئیسرائیلەوە شەرم

بێت ,بەنهێنی بمێنێتەوە , یان قۆناغی حەڵاڵ و حەرامی تێپەڕاندوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش دەڵێین نەخێر لەگەڵ ئیسرائیلدا هیچ جۆرە شەرم و نهێنیەکی ناوێت وبۆ هەمووگەل و حکومەتێکیش بەکورد و عێراقی نوێشەوە حەلاڵەو هیچ یاساغ و حەرام نیەو مافی هەموو گەل و وڵاتێکە کەبەسەربەستی و لەتێڕوانین و بەرژەوەندی خۆیەوە پەیوەندییەکانی خۆی هەڵبژێرێت و دیاری بکات , بەتایبەتیش دوای هەموو ڕێکەوتن و پەیوەندیە ئاشکراو نهێنیانەی فەلەستینیەکان و سەرجەم عەرەبەکانیش .

لەعێراقی نوێشداو لەئێستادا تەوەجوهی ئەوە هەیە کەجۆرە پەیوەندیەك دروست بکرێت لەگەل ئیسرائیلدا( لەهەفتەی ڕابردوودا سەفیری نوێی عێراق لەبەریتانیا ڕایگەیاند کەلۆبیەك هەیە لەناو دەسەلاتی عێراقدا کەدەیانەوێت پەیوەندی دروست بکرێت لەگەڵ ئیسرائیلدا ) و یەکەم هەنگاویش لەوەوە دەستپێکرد کەلەسەر پەساپۆرتی نوێی عێراقی سەفەر بۆ ئیسرائیل قەدەغە ناکات , بەپێچەوانەوە ڕژێمی پێشوو کەتەنها سەفەر بۆ ئیسرائیل قەدەغەبوو.. کە ئەم تەوەجوهەش تێڕوانینێکی ڕاست ودروست و سەلیمە و دوور بینیشە چونکە سەردەمی خۆ گیڤکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشە نەماوەو عێراقی نوێش لە هەموان زیاتر پێویستی بەئاشتی و ئارامی و دیموکراسی و ئازادیەکانە و مافی خۆشیەتی کە سەربەست بێت لەهەڵبژاردنی پەیوەندییەکان و دۆست و دوژمنەکانیداو جارێکی





تر نەبێتەوە کەوا سووری بەر لەشکری مەسەلەی نەتەوەی عەرەبی و بەزەرەرو زیانیش بگەڕێتەوە بەسەر گەلانی عێراقدا بەعەرەب و کورد و نەتەوەکانی تریشەوە و باجی هەڵەو سەرە ڕۆییەکانی عەرەبە شۆڤێنیەکان بداتەوە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی (١٠٣) لە (١٦) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان مەترسی بۆسەر خۆشیان هەیە*

لەساڵی ١٩٤٨وە هەتا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە فەلەستینیەکان ئاوارەو دەربەدەر بوون و زۆربەیان لە وولاتە عەرەبیەکاندا و لەکەمپدا و ژیانی ئاوارەیی بەسەر دەبەن و ژمارەیەکی تریش روویان کردۆتە ئەوروپاو ئەمریکاو وولاتانی دیکە.دیارە گەڕانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی فەلەستینیەکان کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگی ژمارەی عەرەب و جولەکە.هەربۆیە ئیسرائیل ئامادەنیە ئەم خاڵە جێبەجێ بکات و بەو پێیەش پرۆسەکە بە بنبەست گەیشتوە.بەپێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵ بۆ دەربازکردنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب –ئیسرائیل ژمارەیەك لە دەوڵەتە عەرەبیەکان و ئەمریکا لە پشت پەردەوە هەوڵ دەدەن, کێشەی ئاوارەکان بە ئاقارێکی تردا بەرن,ئەویش وەك هەواڵەکان باسی لێوەدەکەن بەنیشتەجێبوونی نیو ملیۆن فەلەستینیە لە عێراقدا و بەتایبەتیش لە شارەکانی کەرکوك و خانەقین و جێگەی تر لە کوردوستاندا ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێت ئەوا مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر هەردوو کێشەی گەلی کوردو فەلەستینیەکان خۆیان جگە لەبەرژەوەندیە راستەقینەکانی گەلانی عێراق بەگشتی.بەلای کوردەوە هەمیشە کێشەی فەلەستین کێشەیەکی رەواو عادیلانە بوەو گەلی فەلەستینیشی بەگەلێکی زوڵملێکراوو خاك داگیر کراو زانیوە و لەو پێناوەشدا کورد خۆی بە هاوسۆز و هاوخەباتی فەلەستینیەکان زانیوەو هەمیشە فەلەستینیەکانیان بە





رەمزی مقاوەمەت و خەبات ناسیوە.کوردو کێشەکەی لەگەڵ کێشەی فەلەستیندا دووکێشەی سەرەکی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستن و بەبێ چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی و عادیلانەئەم ناوچەیە ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێت و کاریگەری خراپیشی دەبێت بۆسەر ئاشتی دونیاو گەشەکردنی ئەم ناوچەیە.چونکە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە و جێگەی چڕبونەوەی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکانیشە بۆیە حەق وایە فەلەستینیەکانیش هەمان سۆز و هەڵوێستیان بەرامبەر بەگەلی کورد و کێشەکەی هەبێت.نەك بە خراپەو داگیرکردنی کوردوستان وەلامی ئەو چاکانەی کورد بدەنەوە.نیشتەجێکردنی نیو ملیۆن فەلەستینی لە کەرکوکدا کاریگەریەکی خراپ دەکاتە سەر برایەتی کوردو عەرەب و دراوسێیەتی و پەیوەندی سیاسی گەلی کوردو عەرەب بەگشتی و فەلەستینیەکان بەتایبەتی,ئەم هەنگاوە ئەگەر راست بێت و جێبەجێبکرێت کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کێشەی فەلەستین لەرووی:–

١. فەلەستینیەکان بەم کارەیان و نیشتەجێبونیان لە کوردوستان لەپێش هەموو شتێکدا لەگەلێکی داگیرکراوو شۆرشگێرەوە دەبنە گەلێك کە مافی گەلێکی تر زەوت دەکەن و رەوایی کێشەکەیان دەخەنە بەردەم پرسیاری گوماناویەوە.

٢. فەلەستینیەکان بەم کارەیان, لەمێژوودا دەبنە یەکەم گەل کە بەئارەزوو و ویستی خۆیان خاك و وولاتی خۆیان جێ دەهێڵن

و چۆڵی دەکەن و ئاڵای سپی لەبەرامبەر دوژمنەکەیاندا هەڵ دەکەن.

٣. فەلەستینیەکان بەم کارەیان هاوسۆزی و پشتیوانی گەلی کورد لەدەست دەدەن و بۆ دوا ڕۆژێکی دووریش سەرەتای پەیوەندیەکی خراپ لەنێوان هەردوو گەلدا دروست دەکەن.

٤. هەروەها ئەم کارە کاریگەری خراپیشی دەبێت لەسەر پەیوەندیو هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ کوردو بزوتنەوەکەی,چونکە کێشەی کوردیش هێندەی کێشەی فەلەستینیەکان ئاڵۆزە و بەم کارەش هێندەی تر ئاڵۆزتر دەبێت و بەمەش لەناوەوە تەنها گەلی عێراق بەکوردو عەرەبییەوە زەرەرمەند دەبێت.

بۆیە ئەرکی سەرشانی سەرجەم پارتە سیاسیەکانی کوردوستانە بەجیاوازی بیروڕای سیاسیانەوە کە هەوڵی جدی بدەن و هەڵوێست وپەیوەندیەکانی خۆیان لەسەر ئاستی ناوچەیی و عەرەبی و ئیسلامی و دونیاشدا بەکاربهێنن و هەریەکە بەپێی تواناو قەبارەی خۆی بۆ پوچەڵکردنەوەو سەرنەگرتنی ئەم کارە ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لەسەروو هەمووشیانەوە جەماوەر دەبێتهەڵوێستیان هەبێت و دەست بدەنە ڕێپێوان و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەنیشتەجێکردنی نیو ملیۆن فەلەستینی لەشاری کەرکوك و خانەقین و جێگەکانی تر.

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٠٩٨ لە ٢٠٠٠/٣/١٤دا بلاّوکراوەتەوە .





## حکومەتی سەیرو سەمەرەی عێراقی و لەدایك بونێکی قەیصەری*

❖ ئاشکرایە لەڕۆژی ٢٠٠٥/١/٣٠دا و بۆ یەکەمین جار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقی نوێدا پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی نهێنی و ڕاستەوخۆی ڕاستەقینەئەنجام درا دوور لە ترس و تۆقاندن ودەستتێوەردان و چاوسوورکردنەوە و سەپاندنی کەسانی بێزراو لەلایەن جەماوەرەوە کە ببنە نوێنەر و لێپرسراوانی دەوڵەت, ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گرنگ و کەم وێنە بوو ئەگەر بەدیقەت سەرنجی ئەو بارودۆخە ناسك و هەستیار و پڕ مەترسیە بدەین کە پرۆسەکەی تیادا ئەنجامدرا لەژێر سایەی ئیرهاب و تەقاندنەوە و دڵەڕاوکێ و مەرگدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەبۆ عێراقی دوای ٣٥ ساڵی حوکمی دیکتاتۆریەت و بۆ ناوچەکەش کە نامۆ بوون بە پرۆسەیەکی وا ئازاد و دیموکراسی هێندەی تر ئەو پرۆسەیە گەورەو گرنگتر دەبێت.لەگەڵ ئەو هەموو ترس و تۆقاندن و نامۆبونەی گەلانی عێراقیشدا بەپرۆسەیەکی وا نوێی دیموکراسی( جگە لەکۆمەلانی خەڵکی کوردوستان کە دوو ئەزموونی هەڵبژاردنیان سازدابوو).

جەماوەر بەشداریەکی کەم وێنەیان کرد بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و وەك تەحەدایەکیش بۆ تیرۆریستان,بەلاّم بەداخەوە لیستە سەرکەوتوەکانی هەڵبژاردنەکە لەلایەك و بەشدارنەبونی

تایەفەی سونە مەزهەبەکان لەپەرلەمان و حکومەتدا لەلایەکی ترەوە وای کرد کە گرنگی و سەرکەوتنی پرۆسەکە بکەوێتە بەر مەترسیەوە چونکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژودوای ٣٦ ڕۆژ یەکەم کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی توانرا سازبدرێت و دوای ٦٦ ڕۆژی ڕەبەق توانرا سەرۆکی کۆمار و جێگرەکانی هەڵبژێرێن و دوای تەنها ٨٨ ڕۆژی بچوکی تریش توانرا حکومەتی عێراقی بەشێوەیەکی نابەکام پێك بهێنرێت و لەدایك ببێت و متمانەی کۆمەڵەی نیشتیمانی بەدەست بهێنێت.

پرۆسەی لەدایك بوونی ئەم حکومەتە لە پرۆسەی لەدایك بوونی منداڵێك دەچوو کە بەعەمەلیاتی قەیسەری لەدایك ببێت.ئەوەندە بەناڕەحەتی و ململانێ و قۆناغی قورس و جیاوازی ڕاوبۆچونداتێپەڕی,کە هێندەی نەمابوو کە ماوەی دروستبوونی حکومەتەکە بەسەر بچێت کە ٣٠ ڕۆژ بوو کە تەنها ١٠ ڕۆژی مابوو ئەگەر ئەو ١٠ ڕۆژەش تێپەڕیایە ئەوا دەبوو سەرۆکی کۆمار یەکێکی دی لە لیستی شیعەکان ڕابسپێرێت بۆ پێك هێنانی حکومەت, هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی ئەم حکومەتەش بۆ جیاوازی نێوان هەردوو لیستی یەکەمی هەڵبژاردنەکان شیعە و کورد لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە جیاوازی ئەم دوو لیستەش لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەدا و لەلای سێهەمیشەوە لەنێوان هەرسێ لیستەکە و تایەفەی سونە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنەکاندا دەگەڕێتەوە ئەمە سەرەڕای





جیاوازی ناوخۆیی لەنێوان گروپەکانی ناو لیستی شیعە و کوردوستانیشدا هۆکارێکی تر بوو.

بەهەرحاڵ و بۆ دوا جار حکومەت لەدایك بوو بە نابەکامی چونکە لیستی ئەلعێراقیەکە سێیەم لیستی براوە بوو بەشداری نەکرد کە خاوەن ٤٠ کورسی پەرلەمانیش بوون و لەهەمان کاتیشدا سونەکانیش بەشدار نەبوون کە ئەوانیش یەکێکن لە پێك هاتە گرنگەکانی گەلانی عێراق و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان بوە و دەشبێت لە داهاتوودا. ئەم حکومەتە لە ٣٢ وەزیر و ٤ جێگری سەرۆك وەزیران پێك دێت کە تائێستا ٤ وەزیریان دەستنیشان نەکراون کە ئەم کارە لە دونیادا نەبوە و نەکراوە,لەلایەکی ترەوە لەکۆی ٢٧٥ ئەندام پەرلەمان تەنها ١٨٥ ئەندام ئامادەبوون و لەو ژمارەیەش تەنها ١٨٠ ئەندام متمانەیان بەخشیە حکومەتەکە کە ئەگەر لە کۆی ٢٧٥ ئەندامەکە حساب بکرێت ئەوا ئەو متمانەیە ناگاتە ٣/٢ی دەنگەکان.ئیدی ئەم حکومەتە چۆن حکومەتێك دەبێت؟ حکومەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان یان حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی؟ کە ئەگەر بەووردی لێی بڕوانین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە نەئەمیانە و نە ئەویانە, چونکە ئەگەر بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بوایە پێویست بوو لیستی عێراقیە بەشداری پێبکرایە بەژمارە و قەوارەی دەنگەکانیان, ئەگەر وەك حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی بوایە پێویست بوو کە سونەکان بەشداریان تیا بکردایە کە ئەم دوو کارە نەکران کەواتە ئەم حکومەتە نەحکومەتێکی ئەنجامی

هەڵبژاردنەکانە و نە حکومەتی تەوافوق ویەکێتی نیشتیمانیشە و تەنها حکومەتێکی سەیرو سەمەرە و نەبەکامی ئەم ناوچەیە و دونیاشە و ئومێدی سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورەشی لێناکرێت ئەگەر بەو نەهجەی ئێستای بەردەوام بێت لەگەڵ لایەنە سیاسی و تایەفی و مەزهەبیەکانی ناو پێکهاتەی گەلانی عێراق و ناتوانێت دەستووری هەمیشەیش بۆ عێراقی نوێ بنوسێتەوە کە کاری سەرەکی و گرنگێتی. هەروەها لە پێك هاتەی حکومەتەکەشدا کەموکوڕی گەورەتر هەیە بەهۆی لێکدانەوەو لەبەر چاوگرتنی کەسانی حیزبی و خزمخزمێنە و کەسایەتی کوڕ و کچی لێپرسراوە بالاَکانی ناو حیزبەکان کە ئەگەر سەیری وەزیرە کوردەکان بکەین ئەوا دەبینین پێك هاتوون لە مەکتەب سیاسیەکان و ئاوەڵزاواو وخاڵی لێپرسراوەکانی پارتی و یەکێتی و کچ و خزمەکانیان و هیچ ئەکادیمیەك و تەنانەت کادری بەتوانای خوارەوەی حیزبەکانی خۆشیان و حیزبە هاوپەیمانەکانیشیان بەشدار پێ نەکردوە لەو حکومەتەدا.ئەوە بە دڵنیایشەوە لیستی شیعەکانیش لەکوردەکان خراپتریان کردووە بۆیە بەهەموو ئەم کەموکوڕیانەوە و دەیانی تریشەوە ئەم حکومەتە نەسەرکەوتوو دەبێت و نەدەشتوانێت دەسکەوت و کاری گەورە و گرنگ ئەنجام بدات لەڕووی ئەمنی و خزمەتگوزاری و بەتایبەتیش نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیدا.

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ١٣٠ لە ٢٠٠٥/٥/٧دا بڵاوکراوەتەوە .





## ڕۆژی ( ١ ) ی
## ئایارجەژنی کرێکاران و ڕەنجدەرانی بازوو*

❖ کرێکاران چینێکی سەرەکی و بەرفراوانن لەکۆمەڵداو دەتوانن ڕۆڵی گەورەو کاریگەر بگێڕن لە پێشخستن و گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵدا .

کرێکاران وەك شادەمارەکانی جەستەی مرۆڤ بڵاوبونەتەوە بەسەرجەم بوارەکانی ئابووریەو سەنعەتی و بازرگانی و بوارەکانی تری کۆمەڵدا و بەم هۆیەوە کرێکاران بوونەتە سەرچاوەی وزەو توانای بەرهەمهێنان و گەشەکردنی کۆمەڵ و بوونەتە چینێکی کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و تەنانەت بڕیاری سیاسیش لەزۆربەی وڵاتاندا بەتایبەتیش کەکرێکاران لەو وڵاتانەدا بوونەتە چینێکی یەکگرتووی خاوەن سەندیکای پیشەیی بەهێزی وا کەدەسەڵاتداران ناچار دەکەن گفتووگۆو سازشیان لەگەڵ بکەن و دان بەمافە ڕەواکانیاندا بنێن .

کرێکاران لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا پێشەواو ڕابەرایەتی خەباتی چینە چەوساوەو زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕەکان دەکەن و ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن و خاوەنی پەیامێکی مێژوویی تایبەتن , چونکە لە پێناو سەقامگیربوونی یەکسانیدا تێدەکۆشن .

ململانێی مێژوویی نێوانی چینی کرێکاران و سەرمایەداران کەلەسەر بنچینەی بەکارهێنان و ڕەتاندنی وزەو توانای چینی کرێکارانەوە دەستپێکردووە , خاوەن سەرمایەو هۆکارەکانی بەرهەم هێنان توانیویانە بەری ڕەنجی هیلاکی و ماندووبوونی کرێکاران بەقازانجی خۆیان ببەن و لەئەنجامی ئەمەدا دەستکەوتێکی مادیی گەورە بەدەستبهێنن و لێرەوە کرێکاران دەبنە چینێکی زوڵملێکراوو ماف خوراوو چەوساوە , هەر ئەم مەوقیعەی کرێکاران و ئەو ململانێ مێژووییە وایکردووە کە کرێکاران ببنە هۆشیارترین چینی شۆڕشگێڕی کۆمەڵ و ڕۆڵی گرنگ لەڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشدا وازی بکەن .

کرێکاران هەمیشە سوتەمەنی گەورەو سەرەکیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بوون لەدونیاداو هەمیشە سەرە نێزەی خەباتی چەوساوەو زەحمە تکێشان بوون , ئەوەتا لە لەساڵی (١٨٨٦) دا لەویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکادا کرێکارانی سەنعەتی دەستیان دایە خۆپیشاندان و مانگرتن و لەپێناو سەندن و بەدیهێنانی داواکاری و ئامانجەکانیان لەبەرامبەریشدا خاوەن سەرمایەکان لەسایەی ڕژێمی سەرماریەداریدا بەدڕندانەترین شێوە بەرەنگاریان بوونەوە و سەرکردە کرێکاریەکانیان لەسێدارەداو ژمارەیەکی زۆرتریشیان لەبەندیخانە توند کردن بەم شێوەیە ڕۆژی (١ ئایاری ساڵی ١٨٨٦) بووە ڕۆژێکی پرشنگدراو گەشاوە لەخەباتی کرێکاران و ساڵانە کرێکاران بەرزو پیرۆزی ڕادەگرن





هەرسەندیکاو کۆمەڵەو گروپێك لەولاّتاندا بەشێوازی جیاواز یادی دەکەنەوە .

لەکوردستانی خۆشماندا کرێکاران لەپێش ڕاپەڕیندا لەسەرەکیترین مافیان بێبەش کرابوون و ناوی پیرۆزی کرێکارانیشیان لێسەندرایەوەو مافی مانگرتن و خۆپێشاندان و داواکردنی مافەکانیان لێ قەدەغە کراو وەکو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرەو ڕووی زوڵم و زۆری سەخت دەبوونەوە , بەلاّم لەدوای ڕاپەڕین و دروستبوونی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە , کرێکاران کەوتنە جموجوڵی کرێکارانەی خۆیان و سەندیکاو یەکێتی و کۆمەڵەی کرێکارانیان زیندوو کردەوەو خەباتی کرێکارانەیان جۆشداوەتەوەو مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینیان هەیە .

هەر بۆیە لەیادی جەژنی کرێکاراندا پێویستە هەردوولا حکومەتی هەرێم و کرێکاران هاوکاری و هەم ئاهەنگی زیاتر بکەن لە پێناو بەدیهێنان و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران ئەویش بەوەی کرێکاران ڕیزەکانی خۆیان باشترو چاکتر ڕێکبخەن و یەکگرتووبن و قۆڵی دڵسۆزی لێهەڵماڵن لەکارگەو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا لە پێناو گەشە پێدان و زیادکردنی داهاتوداو وەکو چینێکی خەباتکارو سەندیکایەکی ڕێکخراوی پیشەیی دیموکراتیش هاوکاری حیزبە سیاسیەکان بکەن بەم شێوەیە ئەرکی دەرکردن یان زیندوو کردنەوەی یاسایەکی نوێی تایبەت بەکرێکارانیش دەکەوێتە ئەستۆی

حکومەتی هەرێم کەبتوانێت سەرجەم مافەکانی کرێکاران دابین بکات لەڕووی باشتر بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کرێکاران و دیاری کردنی مووچەو دەرماڵەی کرێکاران و سەعاتی کارو پشوودان و سەرجەم مافەکانی تریان .

ئاستی بەرزی ژیان و خۆش گوزەرانی هەر کۆمەڵگایەك وابەستەی بەرزی خۆشگوزەرانی سەرجەم چین و توێژەکانێتی بەتایبەتیش کرێکاران جاچەندە مافەکانی کرێکاران پارێزراوو ئامانجەکانیان بەدیهاتبێت ئەوەندەش ئاستی ژیان و گوزەرانیان بەرزو خۆش دەبێت و کۆمەڵگاش بەکۆمەڵگایەکی پڕ ڕەفاهیەت و پێشکەوتوو دەژمێردرێت .

لەبەرئەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش زیاد لەهەر کۆمەڵگایەکی تر بەدەسەلأت و کرێکارانیشەوە پێویستیان بەهاوکاریو تەبایی زیاتر هەیە لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی تردا لەپێناو بنیادنانی کۆمەڵگایەکی کوردەواری یەکسان و بەختەوەرو دوور لەزوڵم و زۆرو چەوساندنەوە وجیاوازی چینایەتی .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٤٤١) لە ١ / ٥ /٢٠٠١دا بلأوکراوەتەوە.





## شکور وشیارە مەحوی

## تێدەگا دونیا خەراباتە *

❖ لەهەواڵنامەی (هەواڵ ) ی ژمارە (٩٠) ی ١٧تەموزی ٢٠٠٤ دا بابەتێکم خوێندەوە بەناونیشانی (لەبیٚ خەبەران کەشکەك سلأوات ) کە بەڕێز (ڕؤوف خطاط ) نوسیبووی لەسەر نوسینێکی بەندە بەناونیشانی ( کوردو نەبونی کاریزمایەکی پیرۆز) ..حەزدەکەم بەکورتی وەلأمی ئەو بەڕێزە بدەمەوە بەزمانی گوڵ دوور لەتێگرتنی توانج و ووشەی ناپێویست .

١. بەو بەڕێزە دەڵێم کەنوسینەکەی من پەخشان نەبوو بەندە نەئەدیب و نەشاعیرم بەڵکو نوسینەکەی من لەچوارچێوەی مەقالێکدا بوو کە مەبەستی سیاسی لەدواوەبووە نەك بێخەبەری لە مێژوو جوگرافیای وڵات و خەباتی خوێناوی گەلەکەم و زوڵم و چەوساندنەوەی دوژمنانیشم .

٢. ئەگەر ئەو بەڕێزە بگەڕێتەوە سەر نوسینەکەم من نەموتوە ( کەفاتیحام داداوە لەسەر گۆڕی ئەتاتورك ) بەڵکو وتومە هاتنی مندالأنی تورك بۆ سەر گۆڕی ئەتاتورك و فاتیحادادنیان و وەستانیان لەسەر گۆڕی ئەتاتورك جێگەی تێبینی و تێرامانی من و هاوڕێکانم بوو کەچۆن لەو تەمەنەوە فێری ڕێزو خۆشەویستی ڕابەرەکەیانیان دەکەن . خۆزیا کوردیش ڕابەرێکی ئاوهای دەبوو کە جێگەی ڕێزو فەخری هەمووان دەبوو بە بیٚجیاوازی .

٣.ئەو بەڕێزە بۆم ڕووندەکاتەوە کە ئەتاتورك جولەکەو ماسۆنیە . منیش دەڵێم بابیرکردنەوەمان نە گاتە ئەو ڕادەیەی وەکو کەسانی دواکەوتو و دەمارگیرو مەزهەبگیرو توندڕەوە دینیەکان بیربکەینەوە و جیاوازی مرۆڤەکان لەسەر جولەکەیی و مەسیحی و ئیسلامی بکەین چونکە ئەوەندەی کورد بەڵاو ناسۆری بەدەست ئیسلامی عەرەب و تورك و فارس و کوردی تازە ئیسلامیەوە چێشتووە بەدەست جولەکە و مەسیحی و ماسۆنیەوە نەچێشتووە , کورد هیچ کاتێك ئەوەندە دین و مەزهەبی بەلاوە گرنگ نەبووە هێندەی نەتەوەو و یەکسانی لەژیان و مردنی مرۆڤەکاندا بەلاوە گرنگ بوە .

٤.ئەو بەڕێزە مێژووی خوێناوی قەتڵ و عامەکانی ئەتاتورکم بیردەخاتەوە کە بەرامبەر گەلی کورد کردویەتی , منیش دەڵێم ئایا ڕێی تێدەچێت کە ئەندازیارێك و کادرێکی سیاسی و سەرنوسەری گۆڤارێکی زانستی ئاگاداری مێژوو و جوگرافیاو خەباتی خوێناوی گەلەکەی نەبێت و دەستبداتە قەڵەم و نوسینی سیاسی و ئابوری و زانستی کە بەدەیان نوسینە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا .. هەر بەو بەڕێزە دەڵێم خۆزیا کورد ئەوەندە قەڵس و کەم جیکەڵانە نەبوایە بەباسکردنی دەسکەوت و پێشکەوتن و گیانفیدایی و خەباتی کەسان و گەلانی دیکە بەدوژمنەکانیشمانەوە و دەڵێم بالەجیاتی تەنگەنەفەسیمان پەند و عیبرەت لەخەبات و سەرکەوتن و





پێشکەوتنەکانیان وەربگرین و کارە باشەکانیان بکەینە ڕێنوێن و خراپەکانیشیان ڕەت بکەینەوە , ئەو گەلەشی کە حساب بۆ مێژوو و خەباتی گەلانی تر ناکات هەرگیز بەئامانج و سەرکەوتن ناگات بە دوژمنەکانیشمانەوە .

٥. من وەك کەسێکی ڕوناکبیر هەرگیز لەگەڵ پەرستن و پیرۆز کردنی هیچ کەسێکدا نیم هەرچەندە ئەو کەسە زۆر لێهاتو ومەزن و داهێنەر بێت چونکە ئەوە سەرەتایەکە بۆ تاك ڕەوی و پەرستن و کڕنوش بردن و زوڵم و چەوساندنەوە . بەڵام مەبەستی من لەبوونی کاریزمایەکی پیرۆزی کوردی پێویست بەکاریزمایەکی بەهێزو مەزن و پێشکەوتنخوازی وادەکات کە بتوانێت گەلەکەمان و مەسەلەکەی بگەیەنێتە دوامەنزڵ و هەموان بەیەکگرتووی لەدەوری کۆبکاتەوەو گەلەکەمان لەپەرش و بلاوی و دووکەرت بوون ڕزگاربکات وەك هەموو ئەو گەلانەی کە لەنوسینەکەماندا باسمان کردبوون بەهۆی ڕابەرەکانیانەوە گەل و وڵاتەکانیان ڕزگارکردبوو بەندەش ڕێزو خۆشەویسیم بۆ هەموو سەرکردەو زانا و ڕوناکبیر و شەهید و شوانێکی کوردیش هەیە کەخزمەتێکی بەگەلەکەم کردبێت و دڵسۆزی خۆشم لەهیچ کەس بەکەمتر نازانم بۆ مێژوو خەبات و مەسەلە ڕەواکەی گەلەکەم . خۆزیا ئەو نەخۆشیەش لەناو کوردا نەدەما کە خۆی بەهەموو شتێك و بەرامبەرەکەشی بەهیچ بزانێت کە ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کەکورد تائێستا نەگەیشتۆتە ئامانج .

٦. کە دەڵێم ( سەری ڕێزو نەوازشم بۆ دانەواندووە ) بەو بەڕێزە دەڵێم کە لەدەفتەری میواناندا بەناوی نەوزادی موهەندیس و سلێمانی و کوردستانەوە و بەزمانی کوردی چەند ووشەیەکم نوسیوە و سەری ڕێزم بۆ شەخصی ئەتاتورک دانەنەواندوە بەڵکو بۆ خەبات و گیانفیدایی و دەستکەوتەکانی بۆ گەلەکەی دانەواندوەو خۆزیاش دەخوازم کەلەناو کوردیشدا سەرکردەیەکی کاریزمایی ڕاستگۆ و گیانفیداو یەکخەرەوەی وامان دەبوو وەك گەلانی دونیا کە کوردی بگەیەنایەتە دوامەنزڵ و سەرکەوتنی کۆتایی , نەوەك ئێستا کە دابەشبوینەتە سەر دوو سەرکردەو دوو هەرێم و دوو ئیرادەو دوو دەسەڵات و هیچ کامیان تەنازول بۆ ئەوی تریان ناکات و چارەنوسیشمان لە خەتەردایە . ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لەناو کوردا سەرکردەو ڕابەرو دڵسۆز نەبووە بەڵام لەبەر خیانەتی و ناپاکی نەتوانراوە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان ببینن .

* لەکۆتایشدا دەڵێم ئەو کەس و گەلەی دوژمنەکانی باش نەناسێت و حساب بۆ هێزو دەسەڵاتیان نەکات ئەوا کەس و گەلێکی گێل و بێ بەرنامەیەو دووربین نیە , و هەرگیزیش بە ئامانج و ئاواتەکانی ناگات و تەنها بەخەون و خەیاڵ پلاوی دەژێت و لەکاروانی سەرکەوتن دوادەکەوێت و گەرەوی مێژووش دە دۆڕێنێت .



کوردایەتی لە نێوان ...

هیوادارم کاك ڕۆوف لەمەبەستی سەرەکی نوسینەکەم گەیشتبێت و زویریش نەبێت ئەگەر هەندێ ووشەمی بەدڵ نەبێت .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (٧) ی ئابی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# کاریگەری کۆمەڵەی فشار( لۆبی )
# لەسەر بڕیاری سیاسی لەئەمریکا*

❖ لەساڵەکانی سییەوە لەئەمریکادا کۆمەڵەی فشار ( لۆبی ) دروستبوون بەمەبەستی پاراستنی هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و کا رکردنە سەربڕیارە سیاسیەکانی کۆنگرێس و سەنتەرەکانی تری بڕیاربەدەست .

ئەم کۆمەڵەی فشارانە بەپێچەوانەی پارتی سیاسیەوە کاردەکەن ,پارتە سیاسیەکان هەوڵ دەدەن بگەنە دەسەڵات و لەڕێگەیەوە بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان جێ بەجێ بکەن و ئەندامانی خۆیان بپاڵێون بۆ پۆستی ئیداری و دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن و یاسادانان و ...هتد .

بەڵام کۆمەڵەی فشار چوارچێوەی ڕێکخراوێکە کە کۆمەڵە کەسانێکی خاوەن بەرژەوەندی و خاوەن سودی ناوکۆیی تیایدا کۆ بوونەتەوە ,ئامانجیان کارکردنە سەر دروستکەری بڕیاری سیاسییە لەئەمریکادا لە پێناو ئاراستە کردنێتی بەشێوەیەک کە لەگەڵ مەبەست و بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت .

کاریگەری کۆمەڵەی فشار (لۆبی ) لەسیستەمی سیاسی ئەمریکیدا لەشێوەی جۆراو جۆردا دەردەکەوێت ,هەندێکیان پەیوەندییان بەبونیادی کۆنی کۆمەڵگەی ئەمریکیەوە هەیە , هەندێکی تریان پەیوەندیان بەو بوندیادە تازەیەوە هەیە کە لە





قۆناغێکی زەمەنی تازەدا دروست بووە بەهۆی فراوان بوو نی چالاکی دەوڵەت لەناوخۆو دەرەوەدا ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی و کۆمپانیاکان بەتایبەتیش کۆ مپانیا پیشەسازییە گەورەکان .

لەڕاستیدا کۆمەڵگای ئەمریکی هەر لەکۆنەوە ئاشنای دیاردەی گروپچێتی وکۆمەڵە و دەستەگەرێتی یە , بەهۆی بارو دۆخی جوگرافی و ئابووری و ڕەگەزییەوە ,کە بۆتە هۆی هۆکارێکی بابەتی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی و سەرهەڵدانی کۆمەڵەی فشار لەبواری سیاسیدا .

ئەم هۆکارانەش وایکردووە کە کۆمەڵگای ئەمریکی کۆ مەڵگایەکی هەمە جۆرو کراوە بێت ,لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەو کۆمەڵە و گروپانە لەناو کۆ مەڵگادا بەشێوەیەکی لەیەک گەیشتوو هاوولاتیانە لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوت دەکەن .
هەندێ کۆمەڵە لەسەر بنچینەی دین و ڕەگەزوبنەماڵە دروست بوون کە لەبنچینەدا یابانین یان ئیسپانین .هەندێ کۆمەڵەی تر لەسەربنچینەی پیشەو بەرژەوەندی ناوکۆیی دروست بوون ,وەک کۆمەڵەی خاوەن پیشەکان وکۆمەڵەی ژینگەو سەندیکا کرێکارییەکان ویەکێتی سەرمایەدارەکان و ..هتد . کە هەموو ئەم کۆمەڵانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پشتگیری کردنی پاڵێوراوە سیاسیەکاندالەکاتی هەڵبژاردنەکاندا .بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوورییەکان .

لەهەندێ کاتدا بەشێك لەدام و دەزگا حکومییەکانیش دەبنە کۆمەڵەی فشار ,وەکو دامو دەزگا بیرۆکراتیەکان لەبەرامبەر لێپرسراوەسیاسییەکان لەحکومەت و کۆنگرێسدا .

لەبەناوبانگترین کۆمەڵەی فشار ( الهیئة الثلاثیة ) یە کەسەرمایەداری بەناوبانگ ( رۆکفلر ) پشتگیری و هاوکارییان دەکات .هەروەها کۆمەڵەی زانایان و ئەکادیمانیش درووست بووە و لەشێوەی سەنتەری جۆراو جۆردا بەمەبەستی فشار خستنە سەر بڕیارە سیاسیەکان .

ئەم کۆمەڵەی فشارانە بۆ کارکردنە سەربڕیارە سیاسیەکان ئامرازو هۆکاری جیاوازیان هەیە ,هەریەکەو بەگوێرەی دەسەڵات و ژمارەیان لەدام و دەزگاو پۆستە گرنگەکاندا .

هۆکارەکانی فشار لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە :– دەسەڵات , هێزی دارا یی ,هێزی ژمارەو جۆری کۆمەڵەکە ,زانست و زانیاری و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و .. هتد .

بەهۆی ئەوەی کاری (لۆبی ) لەچوار چێوەی یاسادا ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٤٦وە تائێستا ژمارەی ئەو کۆمەڵانەی لای کۆنگرێس تۆمار کراون دەگاتە ١٠ هەزار تا ٢٠ هەزار کۆمەڵەو گروپی فشار .

یەکێك لەو کۆمەڵانەی کەزۆر کاریگەریان هەیە لەسەر بڕیاری سیاسی ئەمریکی , بریتیە لە ( کۆمەڵەی لۆبی ئیسرائیلی ) کە لەناویانداکاریگەرترین کۆمەڵە ( ڕێکخراوی ئەنجومەنی جولەکەی جیهانییە ) کە بە( IPAC) ناسراوە .





❖ ڕۆڵی کۆمەڵەی لۆبی ئیسرائیلی لەدروستکردنی بڕیاری سیا سی ئەمریکی دا ..

فشاری لۆبی ئیسرائیلی لەدوو شێوەدا دەردەکەوێت :

یەکەم : گەورەیی هێزی داهات و دەرامەتیان کەلەناوەوەو دەرەوەی ئەمریکادا هەیانە ,کە ئەمەش بەدرێژایی مێژووی دروست بوونیانەوە دەستیان کەوتووە بە هۆی نزیکبوونیان لەسەنتەری بڕیاری سیاسییەوە ,ئەو سەروەت و سامان و ئامرازانەش کەکاریان پێ دەکەن وەك :

١.داهاتێکی زۆرو زەوەندی پارەو دەسەڵاتیان لەبازاڕی دراو و بازرگانیدا (وۆڵ ستریت ) وکۆمپانیا گەورەکانی پیشەسازیو تەکنەلۆژیاوبانقەکان و بنەماڵە دەوڵەمەندەکان .

٢. داهاتێکی گەورەی ڕاگەیاندن لەبواری پیشەسازی ڕاگەیاندن و بەرهەم هێنانی ئامێری بینین و بیستن و سینەماکان .

٣.کاریگەریان لەسەر ڕێچکەی کۆمەڵەسیاسیەکان وەك پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە پیشەیەکان و مەڵبەندەکانی ڕاوێژو لێکۆڵینەوەکان .

دووەم : کارکردنی لۆبی ئیسرائیل بەهۆی ئەو سەروەت و سامان و دەسەڵاتە زۆرەی کە هەیانە و لە هیچ کام لە کۆمەڵەی فشارەکانی تر ناچێت لەئەمریکادا , بەهۆی ئەم سیفەتەشیانەوە کاریگەریان گەیشتۆتە بەرزترین لوتکەی دەسەڵات کە کۆشکی سپی و کۆنگرێسەوپەل و پۆشی هایشتۆتە سەرجەم دام و

دەزگاکانی خاوەن بڕیاری سیاسی لەمریکا .ئەم دەسەڵاتەی لۆبی ئیسرائیلی بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت لەسەر مەسەلەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست لەسەر خاوەن بڕیاری سیاسی ئەمریکی .

**سەرچاوە :**

**صناعة القرا ر السياسي الامريكي / منصف السليمى**

---

* ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەیکوردوستانینوێی ژمارە ٢٠١٢ لە ٢٨ /١١/ ١٩٩٩ دا بلاّوکراوەتەوە.





# بەشی دووەم

# نەوت
# و ئایندەی کوردوستان

❖ نەوت لەزۆر کۆنەوە ناسراوە,لەگەڵێك سەرچاوەی مێژوویی و ئاینی کۆندا باسکراوە و لەناوچەی (( باکۆ)) لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ناسراوە.بەڵام ئادەمیزاد بەتەواوی لەساڵی ١٨٦٥ی زاینییەوە بۆی دەرکەوتوە کەنەوت زۆر بەکەڵکە و هەر لەوساڵەشەوە لەشاری(( پەنسلڤانیادا))لە ئەمریکا بەکارهێنراوە بۆ ڕووناککردنەوەی ناوشار.وشەی نەوت لە ووشەی ((نافثا))ی گریکییەوە هاتوە,هەروەها وشەی (( پترۆڵ)) واتا نەوتی سروشتی, وشەیەکی گریکیە و لەدوو برگە پێك هاتوە ,یەکەمیان(( پیترۆ)) واتا ( بەرد) و دووەمیان (( ئۆلیۆم)) واتا ( ڕۆن ) کەواتە(( ڕۆنی بەرد)) دەگرێتەوە.چونکە نەوتی سروشتی لەبەردی تایبەتیدا هەیە و دۆزراوەتەوە.

❖ نەوت هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە لە عێراقدا بەڕێگەیەکی ساکار و ئاسان لە ( مەندەلی) و ( گەیارە ) و (باباگوڕگوڕ) دەرهێنراوە و پوختکراوەتەوە.

لەساڵی ١٩٢٥دا کۆمپانیای نەوتی خانەقین دەستی بەکارکردو لەساڵی ١٩٢٧دا بەکەمی نەوتی دەرهێنا هەر لە ناو عێراقدا دەفرۆشرا.هەر لەساڵی ١٩٢٧دا نەوتخانەی باباگوڕگوڕ لەکەرکوك دۆزرایەوە,بەم شێوەیە دۆزینەوە و





دەرهێنانی نەوتی عێراق لەکوردوستاندا بوە, کوردوستانی عێراق یەکێکە لەو ناوچە هەرە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەن نەوتێکی یەکجار زۆرە,هەربۆیە لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە جێی سەرنج و چاوتێبڕینی وولاتە ئیمپریالیستەکان و بەتایبەتی بەریتانیا بوە , حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقیش هەر لەساڵی ١٩٢٥وە تەقەلایەکی بێسنووریان داوە تا ئەو سیاسەتە و هێڵە گشتیەکانی زیاتر بچەسپێنن و بەشێوەیەك کورد بخەنە تالوکەوە کە مەبەستەکانیان لەدزین و تالانکردنی نەوتی کوردوستان بەئاسانترین شێوە بێننە دی. دەشێ ئەو ناوچانەی کە چاڵگەی نەوتیان تیادایە بکەینە سێ بەشەوە :-

یەکەم/ ئەو چاڵگانەی کە دۆزراونەتەوە و نەوتیان لێ دەردەهێنرێ.

دووەم/ ئەو چاڵگانەی کەدۆزراونەتەوە و بەڵام تائێستا نەوتیان لێ دەرنەهێنراوە .

سێیەم/ ئەو ناوچانەی کەنەوتیان هەیە بەڵام تائێستا نەپشکنراون.

❖ چاڵە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی کوردوستان بەسەر ئەم ناوچانەدا دابەشبوون:-

١. ناوچەی کەرکوك( چاڵەکانی باباگوڕگوڕ,جەمبور,چەمەبۆر,بای حەسەن,جەمبوری تازە).
٢. ناوچەی موسڵ( چاڵەکانی عەین زالە,بەنجە,گەییارە).

٣. ناوچەی خانەقین( چاڵی نەفتخانە).

بێجگە لەم چاڵە نەوتانە لەکوردوستاندا چەندین چاڵە نەوتی تر هەیە کە دۆزراونەتەوە و ئامادەن بۆ بەرهەمهێنان,بەڵام بەکردەوە هێشتا نەچونەتە قۆناغی بەرهەمهێنان وەك چاڵە نەوتەکانی تەقتەق لەوانەیە لە داهاتوودا چەندین چاڵە نەوتی تریش بدۆزرێتەوە.

❖ ئەو چاڵگانەی دۆزراونەتەوە بەلأم نەوتیان لێ دەرنەهێنراوە:-

١. چاڵگەی گوێر: لەناوچەی گوێر لەهەولێر
٢. چاڵگەی قەرەچوغ: لەسەر شەقامی قەرەچوغ
٣. چاڵگەی مەخمور: لەدەشتی مەخمور
٤. چاڵگەی جدیدە: لەباشوری داقوقی کەرکوك
٥. چاڵگەی ئینجانە: جادەی کەرکوك-بەغداد پارێزگای بەعقوبە
٦. چاڵگەی گڵابات: لەناوچەی گلأبات
٧. چاڵگەی کورمۆر: لەناوچەی قادر کەرەم لەپارێزگای کەرکوك
٨. چاڵگەی بەڵکانە: زنجیرە چیای شاری کفری لەپارێزگای کەرکوك
٩. چاڵگەی گومار: لەناحیەی کۆکزەوە لەسەر چۆمی سیروان





١٠. چاڵگەی( مەنصوریە الجبل) : دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری شارەبان لەپارێزگای بەعقوبە
١١. چاڵگەی ناودۆمان: لەباشوری شاری خانەقینەوە-گەرمیان
١٢. چاڵگەی تەل غەزال: خوار چاڵگەی ناو دۆمانەوە
١٣. چاڵگەی دارە خورما: نزیك ناحیەی مەیدان/خانەقین
١٤. چاڵگەی شەنگار: دەشتی شەنگار/پارێزگای موسڵ
١٥. چاڵگەی چەمچەماڵ: ڕۆژهەلأتی شاری چەمچەماڵ/پارێزگای کەرکوك
١٦. چاڵگەی شنی قەند: باکوری ئەلکیش
١٧. چاڵگەی حەمرین: دەکەوێتە سەر چیای حەمرین لەسەر هەردوولای ڕێگای گشتی کەرکوك-تکریت/پارێزگای بەعقوبە

❖ ئەو ناوچانەی نەوتیان هەیە بەلأم هێشتا دەرنەهێنراوە:-

١. ناوچەی ئاوەکەڵە لە قەرەداغ/پارێزگای سلێمانی
٢. ناوچەی دێلێژەی قەرەداغ/پارێزگای سلێمانی
٣. ناوچەی شارەزوور/پارێزگای سلێمانی
٤. هاوینە هەواری صلاحەدین/پارێزگای هەولێر
٥. چیای ئاوەگرد لەنێوان کۆیە و شەقلأوە / پارێزگای هەولێر
٦. ناوچەی دوکان/پارێزگای سلێمانی
٧. ناوچەی ناحیەی مەیدان/ خانەقین
٨. ناوچەی ناحیەی قۆرەتوو/ خانەقین

٩. شاکەل لە کفری/ پارێزگای کەرکوک
١٠. سەروی شاری خانەقین
١١. ناوچەی ئاوەسپی
١٢. بێستانە( نێوان هەولێر-تەقتەق-پردێ)
١٣. بەحرانی( دەستە ڕاستی جادەی نێوان حەمدانیە-ئاکرێ)
١٤. ساسان لەسەروی شەنگار
١٥. خواروی تەلەعفەر
١٦. جەسان لەقەزای بەدرە

❖ نەوت یەکێکە لەوسامانە سروشتیانەی کە بایەخێکی ستراتیژی گرنگی هەیە لەژیانی گەلانی جیهاندا, نەوت لەخاکی هەر گەلێکدا یان هەر وولاتێکدا هەبێت چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ڕۆڵی گرنگ لەبەرەو پێشبردن و بەهێزکردنی ئەو وولاتەدا بەشێوەیەکی ئەوتۆ ببینێ کە دوژمنان و ناحەزان نەتوانن مەترسی لەسەر پەیدا بکەن.کەچی لەهەمان کاتیشدا نەوت یەکێکە لەو سامانە گرنگانەی کە دەبێتە جێی سەرنج و چاوتێبڕینی وولاتانی تر و گەلانی تر. هەمیشە هەوڵی لاوازکردن و پارچەپارچەکردنی ئەو نەتەوە یە دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی ئەو سامان و خێرو بێرە هەڵلوشن و بەتالآنی بەرن.

نەوت هۆیەکی کاریگەر بوە بۆ پارچەپارچەکردنی کوردوستان,بەریتانیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە





پترۆڵیەکانی خۆیدا,گەلی کوردوستان و نەتەوەی کوردیشی تووشی مەینەتی و چەرمەسەریەکی بێ ئەندازە کردووە کە تائێستاش لەژێر باریدا دەناڵێنێ.سەردەمی بەعس, نەوتیان کردۆتە هۆیەك بۆ دواخستنی وولات و داهاتەکەشیان بەکارهێناوە بۆ زەبرورزەنگ و سەقامگیرکردنی دەسەلآتی خۆیان.ئیحتیاتی نەوتی ئێستای عێراق دەگاتە ٦٤ ملیار تەن,بەم جۆرە عێراق دوای ڕوسیاو سعودیە دەبێتە سێیەمین دەوڵەت لە ڕووی ئیحتیاتی نەوتەوە .ڕێژەی ٦٤٪ی ئەو نەوتە لەکوردوستاندایە لەکاتێکدا ناوەڕاستی عێراق١٠٪و باشووری عێراق٢٦٪ی ئیحتیاتی نەوتی عێراق پێك دێنێت.بەلآم ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی کوردوستان ئێستا ١٠٠٪ە بەم جۆرە سیاسەتی عێراق ڕوو لەچۆڕبڕکردنی نەوتی کوردوستانە.

بەم شێوەیە نەوت ڕۆڵێکی خراپی بینیوە لەژیانی گەلی کوردوستاندا و بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنستی ڕژێمەوە بۆتە هۆی پاشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بەهۆی ڕاگوێزانی گوندەکان و بێبەشکردنی دانیشتوانەکەیان لەبەکارهێنانی و ڕەنێوهێنانی زەویەکانیان تا بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی.

جگە لەمە ئەو داهاتە زۆرەی نەوت بۆتە هۆی پێکەوەنانی هێزێکی سوپایی گەورە لەلایەن ڕژێمی بەغداوە, جگە لەدامەزراندنی دەیان دام ودەزگای جاسوسی و تۆقاندن بۆ

ئەوەی لەدژی خەڵکی کوردوستان بەکاریان بهێنێ و دواتریش ببێتە هۆی ئاشوب و سەرئێشە بۆ هەموو گەلانی عێراق.

بەم شێوەیە دەبینین کەنەوت لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی خۆشی و بەختەوەری بۆ گەلی کورد بۆتە هۆی ناخۆشی و گیروگرفتی جۆراوجۆر بۆ کوردوستان.بەلاّم ئاخۆ دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردوستان ڕووداوەکان بەچ ئاڕاستەیەك دەڕۆن؟

بێگومان نەوت دەتوانێ هەمان ڕۆڵ بگێڕێ کە لەڕابووردوودا گێڕاویەتی, بەلاّم ئەمجارەیان بەقازانجی گەلی کورد و کوردوستان و بەمەبەستی بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی,کە ڕەنگە لەچەند ساڵی ئایندەدا ئامانجەکانی ڕوونتر دیاربکەوێ .

سەرچاوە:-
=====

١. گۆڤاری سیاسەتی دەولی/چیا/ڕاگواستنی ناوچە نەوتیەکانی کوردوستان/ژمارە-١-ی ساڵی دووەم /نیسانی/١٩٩٣

٢. گۆڤاری بەیان/کەمال جەلال غەریب/ نەوت لە مێژوودا/ژمارە ٣٦ی ئایاری ١٩٧٦

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٣٤٣ لە ١٩٩٦/٧/١٤دا بلاّوکراوەتەوە و ئەمە یەکەم بابەتم بوو کە بلاّوکرایەوە و سەرەتای دەستکردنم بوو بەنوسین لەڕۆژنامەکاندا.





## سەرچاوەکانی وزە لەکوردوستان و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانیان*

❖ سیمایەکی جیاکەرەوەی سەدەی بیست لەسەدەکانی ڕابووردوو لەوەدایە کەلەسەدەی بیستدا گەورەترین و گرنگترین داهێنان و پێشکەوتن لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا هاتۆتە دی.هەموو ئەم داهێنان و گەشەکردنە ئابوری و پیشەسازی و تەکنەلۆژیایە پێویستیەکی زۆری بەوزە هەیە.کەواتە وزە ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە. وزە سەرچاوە و بزوێنەری هەموو ئامێر و ماکینە وداهێنانەکانی ترە.هەربۆیە ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن لەسەرچاوەی وزەدا بەهەمان ڕادەش پێشکەوتوون و ئاستی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاکانیان لەڕادەیەکی باشی پێشکەوتندایە.وزە گرنگیەکەی لەژیانی مرۆڤدا لەمێژە هەستی پێکراوە و یەکێك بوە لەو هۆکارانەی کە بەهۆیەوە نەزعەی داگیرکردن و چەوسانەوە وبەکۆیلەکردن و بەتالاّنبردنی سەروەت و سامان دەستی پێکردوە لەلایەن کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانەوە بۆ کۆمەڵگا هەژار و دواکەوتوەکان.لەڕابوردوو ئێستاشدا هۆکاری سەرەکی ململانێی سیاسی و ئابوریەکانی بووە , ئەم گرنگیەشی لەساڵی ١٩٧٣ەوە هەستی پێکرا کاتێك ووڵاتانی ئۆپیك نرخی نەوتیان بەرزکردەوەو وەك چەکێکی سیاسی و ئابوری لەو شەڕەدا بەکاریان هێنا و لەو ساڵەدا ( کێشەی وزە) بەگەورەیی دەستی پێکرد و لەوکاتەشەوە

تاکو ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی نەوت وەك جۆرێکی سەرەکی لەوزەلەبەرزبونەوەدایەوئەمەندەی تر ململانێ لەنێوان زلهێز و وولاّتانی پێشکەوتوودا لەسەری گەرمتر دەبێت.

❖ وزە بەچوار شێوە سوودی لێوەردەگیرێت لەوانە:-

١. بەشێوەی گەرمی: بۆ گەرمکردن و خواردن و پیشەسازی.

٢. بەشێوەی میکانیکی: بۆ بەگەڕخستنی ماکینە و ماتۆڕوتۆڕبینات.

٣. بەشێوەی کیمیاوی: لەپیشەسازی کیمیاویاتدا.

٤. بەشێوەی تیشك: وەك ڕووناکی و ئامێری سلکی و لاسلکی.

بەم شێوەیە وزە دەچێتە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوەو هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕۆژ بە ڕۆژ داواکاری لەسەر زیاد دەبێت لەلایەن کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان و کۆمەڵگا تازە گەشەکردوەکانیشەوەهەردوولاش بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی ئاستی ژیان و زیاتر گەشەکردنی کۆمەڵگاکانیان. وزە و جۆرەکانی بەشێوەیەکی وەها گرنگیان پەیداکردوە کە وزەو بەکارهێنانی بوونەتە پێوەرێك بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان.ئەو کۆمەڵگایەی کە وزە زۆر بەکار دەهێنێت ئەوا بەکۆمەڵگایەکی خاوەن پیشەسازی قورس و تەکنەلۆژیای سەردەم ناودەبرێت و بە پێچەوانەوە بەکۆمەڵگایەکی هەژارو دواکەوتوو ناوزەد دەکرێت. وزە گەلێك سەرچاوەی هەیە لەوانە:





❖ سەرچاوە سەرەکیەکانی وزە( نەوت و خەڵوز وگازی سروشتی و وزەی ئەتۆمی )

❖ هەندێ سەرچاوەی تری وزەش هەیە کە تا ئێستا تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو نییە کە بەشێوەیەکی بەر بلاّووئابوریانە بەکاربهێنرێت لەوانە( وزەی ڕۆژ و وزەی ئا و وزەی ژێرزەوی و وزەی شەپۆلی دەریاکان و وزەی با و وزەی پاشەڕۆی ئاژەڵی )

❖ لەگرنگترین و کاریگەرترین سەرچاوەکانی وزە لەئێستادا و بۆ چەندین ساڵی داهاتووش کە جێگەی ململانێ و بەکارهێنانی بەربلاّوبن تەنها نەوت و وزەی ئەتۆمیە.

### گرنگی و کاریگەری ئەم دوو سەرچاوەی وزە یە واتە نەوت و وزەی ئەتۆمی لەوەدایە کە:

١. نەوت : نەوت لە ئێستادا بەسەرچاوەی پلە یەك دادەنرێت بۆ وزە لە جیهاندا و لەسەر ئاستێکی بەربلاّو لەسەرجەم وولاّتانی پێشکەوتوو دواکەوتوو دابەکاردەهێنرێت. نەوت و موشتەقاتەکانی لە ئێستادا لەپیشەسازی زۆربەی کەل و پەل و ئامێر و پەینی کیمیاوی و پترۆکیمیاویات و تەنانەت پیشەسازی خۆراکیشدا بەکاردەهێنرێن. نەوت وەك سەرچاوەیەکی گرنگی وزە و بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەشی ١٠٠ ساڵی داهاتووی جیهان دەکات. ئەگەر لێرەو لەوێ بیرە نەوتێك وشك بکات ,ئەوا بەبەردەوامی لەجێگای تر نەوت دروست دەبێت.ئەم ڕاستیەش ئەم بیرو بۆچوونە ڕەشبینەی ڕەواندەوە

کە دەوترا وزەو سەرچاوەکانی بەتایبەت نەوت بەرەو نەمان دەچێت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمەترسیدایە.چونکە تا ئێستاش هەندێ جێگە ماون کە دەستی لێکۆڵینەوەو هەڵکەندن و گەڕان بەدوای نەوتیاندا نەگەیشتۆتێ یان لەهەندێ وڵاتدا کە دەوڵەمەندن بەنەوت تا ئێستا بەڕادەیەکی زۆر نەوتیان لێ بەرهەم نەهێنراوە وەك کوردوستان و...هتد.

٢. وزەی ئەتۆمی : ئەم وزەیە لە ئەنجامی تێکشکانی ناوکی ئەتۆم دروست دەبێت و لە ئەنجامدا وزەیەکی زۆری لێ بەرهەم دێت.بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٤٢دا بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە توانرا ئەم وزەیە بەرهەم بهێنرێت.کە دواتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ پێشخستنی بەکارهێنانی یۆرانیۆم.تائێستا مرۆڤ ئەم وزەیەی بەشێوەیەکی سەرەکی لەبواری جەنگیدا بەکارهێناوە ,بەڵام لەدوای ساڵەکانی هەشتاوە لەبواری ئاشتیدا بەکاری هێناوە وەك بواری پزیشکی و کارەباو...هتد. لێکۆڵینەوەکان وای بۆ دەچن کە لەداهاتوودا ئەم سەرچاوەی وزەیە بەشداری و بەکارهێنانێکی زیاتری دەبێت و فشار لەسەر نەوت کەم دەکاتەوە.

❖ لەکوردوستانی خۆشماندا هەموو سەرچاوە سەرەکیەکانی وزە بەڕێژەیەکی زۆر باش هەیە, کوردوستان ئەگەر بەفراوانی بگرین ئەوا بۆ خۆی وەکو دەریایەکی نەوتی وایە و تا ئێستا ڕێژەیەکی کەمی لێ بەرهەمهێنراوە و ئەوەی کەماوەتەوە و دەرنەهێنراوە زۆر زیاترە و بەشی سەدان ساڵی تر





دەکات.هەروەها کوردوستان سەرچاوەیەکی گەورەی خەڵوز و گازی سروشتیە و کەتائێستا سوودیان لێ وەرنەگیراوە.بۆ سەرچاوەی وزەی ئەتۆمیش کوردوستان لەگەلێك جێگادا خاوەنی بڕێکی زۆر مادەی یۆڕانیۆمە کە ئەم مادەیە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی.بەم شێوەیە کوردوستان وولاتێکە لەڕووی سەرچاوەکانی وزەوە گەلێك دەوڵەمەندە و ئەگەر داگیر و دابەشکراو نەبوایە ئەوا ئێستا لەڕیزی پێشەوەی وولاتە پێشکەوتوو پیشەسازیەکانەوە دەبوو.بۆیە دەکرێت کەلەم پارچەیەی کوردوستاندا و دوای دەرهێنان و پالاوتنی نەوت لەلایەن کورد خۆیەوە بۆ یەکەم جار هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ پێشکەوتن و پێشخستنی پیشەسازی نەوتی و دابینکردنی ئامێرو ماکینەو کادری شارەزای تر لە و بوارەدا.دەتوانرێت ئەم هەلە بقۆزرێتەوە و لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦دا داوای گەلێك ئامێر و کەل و پەل بکرێت کە بچێتە پیشەسازی نەوتەوە .چونکە ئەمەش پەیوەندی بە چاککردنی باری گوزەرانی خەڵکەوە هەیە.هەروەها کارێکی زۆر پێویست و گرنگیشە کە حکومەتی هەرێم هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕوکڕیاری نەوت بدات.بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و بەدەسهێنانی دراوی قورس و گەشەدان بەبازرگانی دەرەکی و هێنانە ناوەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی و لە ئەنجامیشدا بوژانەوەوگەشەکردنی ئابوری کوردوستان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کوردەواری

لێدەکەوێتەوە.دۆزینەوەی بازاڕ دەکرێت لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا بێت,یان هەوڵی جدی بدرێت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و لە ئەنجامیشدا سەرتاپای کوردوستان ببێتە بازاڕێکی ناوخۆو و سەرجەم کۆمەلآنی خەڵك لە زاخۆوە تا خانەقین سوود لەنەوتی خۆماڵی وەربگرن. لە ئێستادا نەوت تاکە سەرچاوەی وزەیە.بەلآم ئاسۆکانی دواڕۆژ زۆر گەش و ڕووناکە بۆ فراوانبوون و بەکاهێنانی سەرچاوەکانی تری وزە لەگازی سروشتی و ...هتد.بەلآم دیسان ئەمەش پەیوەندی بەیەکگرتوویی و ئاشتی و یەکڕیزی هەموانەوە هەیە.

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١٧٩ لە ٢٠٠٠/٦/٢٢دا بلآوکراوەتەوە.





## ڕۆڵ وکاریگەری نەوت
## لەپێشخستنی کۆمەڵگای کوردەواریدا *

☒ نەوت زۆر لەمێژە لەلایەن مرۆڤەوە ناسراوەو هەست بەگرنگییەکەی کراوە و بۆ زۆر مەبەست و پێداویستی کەڵکیان لێ وەرگرتووە . نەوت لەگەڵێك سەرچاوەی مێژووی و ئاینیدا لەکۆنەوە باسی لێوە کراوە , لەناوچەی ( باکۆ ) دا لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە مرۆڤ ناسیویەتی و لەسەدەی چواردەهەمدا بۆ ڕوناکی بەکاریان هێناوە و هندییە سورەکانیش لەئەمریکادا یەکەمین کەس بوون کە نەوتیان بەکارهێناوە .

☒ بەکارهێنانی نەوت بەشێوەیەکی کەم ولەبوارێکی تەسکدا مایەوە تاناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم , کاتێك لەساڵی ١٨٥٣ دا کۆلۆنێل ( ئیدوار دراك ) خەریکی بیر هەڵکەندن بوو لەشارۆچکەی ( تینسڤێڵ ) لەویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکادا بەمەبەستی خۆ گەرمکردنەوەوە دوای ئەوەی ئاوەکەی دەبووە هەڵم , ئالەوکاتانەدا ( شلەیەکی چەور ) دەتەقێت و بەهێزێکی گەورەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە , بەم شێوەیە یەکەم بیری نەوت لەمێژوودا و لەدونیادا دۆزرایەوە , ئیدی لەدوای ئەو مێژووەوە بەکارهێنانی نەوت پەرەی سەند و لەساڵی ١٨٥٩ دا لەشاری پەنسلڤانیادا بەکارهێنراوە بۆ ڕووناك کردنەوەی شار .

☒ وشەی نەوت لەوشەی ( نەفتا ) ی گریکیەوە هاتووە , هەروەها وشەی (پێترۆلیۆم ) واتا ( نەوتی سروشتی ئەویش وشەیەکی گریکیە و لە دوو بڕگە پێك هاتووە , یەکەمیان ( پیترۆ ) واتا ( بەرد) و دووەمیان (ئۆلیۆم ) واتا (ڕۆن ) هەردوو بڕگەکە بەیەکەوە واتای ( ڕۆنی بەرد ) دەگەیەنێت . چونکە نەوتی سروشتی لەبەردی تایبەتیدا هەیەو بەم شێوەیە وشەی ( پیترۆڵ یان پیترۆڵیۆم ) لەدونیادا ناسراو و بلاوبوۆوە و ئەم وشەیە گرنگی و مەغزای خۆی پەیدا کرد.

☒ لەسەدەی نۆزدەهەمەوە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەڵمانی و بەریتانی و ئەمریکی و فەرەنسی و هۆڵەندی و دانیمارکی , کەوتنە هەڵپەی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لەقەڵەم ڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا .

☒ ئەڵمانییەکان لە پێش هەمووانداو لەساڵی ١٨٧١ وە بۆی دەرکەوتبوو کەناوچەکانی ولایەتی موصڵ و بەغداد خاکێکی دەوڵەمەندی نەوتین , هەربۆیەش دوای هەوڵێکی زۆر توانی لەساڵی ١٩٠٤ دا لەڕێگەی کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆڵی عوسمانییەوە ئیمتیازی وەزارەتی موڵکی تایبەتی دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێت بۆ گەڕان و پشکنین بەدوای نەوتدا . بەریتانیاش لەساڵی ١٩٠٧ وە لەڕێگەی کۆمپانیای ( ڕۆڵ دەچ شل ) وە کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا ( ئەمریکا و فەرەنساو ڕووسیاش هەریەکە هەوڵی خۆی دەدا





کەپشکیان هەبێت لەدەسکەوت و دەستبەسەراگرتنی نەوتی ناوچەکە .

☒ کۆمپانیای نەوتی تورکی توانی بەڵێن لەدەوڵەتی عوسمانی وەربگرێت بۆ بەکارهێنانی نەوتی هەردوو ولایەتی موصڵ و بەغداد . دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقیش لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٢١ دا , هەمان کۆمپانیا داوایەکی پێشکەش بەحکومەتی عێراقی کرد بۆ ئەوەی ئیمتیازی نەوتی هەردوو ولایەتی موصڵ و بەغدادی بداتێ . ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لە ٥ ئازاری ساڵی ١٩٢٥ دا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر داواکاری کۆمپانیای نەوتی تورکی لەئەنجامی ناوبژیوانی نوێنەری سامی بەریتانی لەعێراقدا کە نوێنەری بەرژەوەندی بەریتانی بوو لەوکۆمپانیایەدا . لەبەرواری ١٤ ئازاری ١٩٢٥ دا ئیمزا لەسەر ئەو ئیمتیازە کرا بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ و عێراقیش ملکەچی ئەو ئیمتیازە تازەیە بوو , بێجگە لەناوچەی ( المحوله )و ولایەتی بەسرا .

☒ دوای ململانێکانی نێوان کۆمپانیای نەوتی تورکی و کۆمپانیای نەوتی بەریتانیدا , لەئەنجامدا کۆمپانیای نەوتیبەریتانیا توانی ئەو ڕێکەوتنامەیەی کەلەساڵی ١٩٢٥ دا لەنێوان حکومەتی عێراقی و کۆمپانیای نەوتی تورکیدا مۆرکرا بوو هەڵبوەشێنێتەوە ودوای گۆڕانکاری لەڕێکەوتننامەکەدا لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراقدا لەساڵی ١٩٣٢ دا ڕێکەوتنامەیەکی نوێ مۆربکات و ئیمتیازی نەوتی هەردوو

ولایەتی موصڵ و بەغداد بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ بۆ خۆی مسۆگەر بکات . لەساڵی ١٩٣٨ یشدا توانی ئیمتیازی نەوتی ولایەتی بەسراش بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ مسۆگەر بکات . یەکەم پاڵاوگەی نەوتی عێراق لەکوردستاندا دامەزرا لەخانەقین بەناوی پاڵاوگەی ئەڵوەند و دووەم پاڵاوگەش هەر لەکوردستاندا دامەزرا لەشاری کەرکوك بەناوی پاڵاوگەی کەرکوکەوە , کەهەردووکیان لەساڵی ١٩٢٧ دا کەوتنە کار .

⊠ بەم شێوەیە دۆزینەوە و پاڵاوتنی نەوتی عێراق لەکوردستاندا بوە و لەو ڕۆژەوە کوردستان گرنگییەکی گەورەی پەیدا کردوو بوە جێگەی چاوتێبڕینی داگیرکەرانی بەریتانی و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقی و هەمیشە لەهەوڵدا بوون کەزۆرترین نەوتی کوردستان بەسانا ترین شێوە بەتاڵان بەرن ......

## گرنگی نەوت لەکاتی شەڕو ئاشتیدا

⊠ نەوت لەو کاتەی دۆزراوەتەوە و بەکارهێنانی ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا , گرنگی و کاریگەریەکی ئێجگار گەورەی پەیدا کردووە لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو وولاتانی دونیا بەهەژارو دەوڵەمەندەکانیانەوە و بۆتە جەوهەرو خاڵی بنەڕەتی لە بەرژەوەندیەکانی وولاتاندا .





نەوت لەم ڕۆژگارەدا یەکەم ئامانجە کەهەموو وولاتێك هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان چونکە هیچ ئامێرو ئۆتۆمبێل و فڕۆکەو کەشتی و ڕۆکێت و ....هتد بەبێ نەوت ناتوانێت جووڵە بکات . جادەبێ بزانین پاشەڕۆژی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی وەك ئەمریکاو یابان و ئەوروپا و ڕووسیاو ... هتد چ دەبێ کە ئەگەر بێبەش بکرێن لەو بەرهەمە کاریگەرو زیندووە ؟

وەك ئاشکرایە نەوت گرنگی و کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەکاتی شەڕو ئاشتیدا , لەم بارەیەوە نائیبێکی فەڕەنسی بەناوی (سبیانس ) وە دەڵێت ( نەوت چۆن لەپێشدا کاریگەری هەبووە , لەئێستاو لەداهاتووشدا هەمان کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی گەلان لەکاتی شەڕدا بێت یان لەئاشتیدا ) .

هەر لەسەر گرنگی نەوت , وەزیری فەڕەنسی ( بیار فۆرجۆزاد) دەڵێت ( ئێمە بۆچی سوپا دروستبکەین و بەملیۆنەها پارەی تیادا خەرج بکەین ؟ هەروەها بۆچی چەندەها نەفەق لەژێر زەوی دا دروستبکەین بۆ پاراستنی سنووری باکورو ڕۆژهەڵاتمان ؟ هەروا بۆچی سیاسەتە ئیمپراتۆرییەتەکانمان لە ئەوروپاو دوای دەریاکان درێژە پێبدەین ئەگەر ئێمە نەوتمان نەبێت ).

بەهەمان شێوە سەرکردەی ئەڵمانی بەناوی ( ئەریخ لۆندۆرف ) وە لەبارەی گرنگی ڕۆڵی نەوت لەشەڕدا دەڵێت ( ئەگەر

دەوڵەتانی هاوپەیمان نەوتیان لەبەردەستدا نەبووایە هەرگیز بەسەرماندا سەرنەدەکەوتن ) .

بەم شێوەیە نەوت ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەکاتی شەڕو لەئێستاشدا زۆر بەئاشکرا تر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت لەململانێ و کێشە ناوچەیی و دونیاییەکان لەنێوان زلهێزەکاندا .

بەهەمان شێوە نەوت ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەگێڕێت لەکاتی ئاشتیدا , وەك ئاشکرایە دوای بەرپاکردنی شۆڕشی پیشەسازی نەوت ئەوەندەی تر گرنگی پەیداکرد , یاساکانی کاری گۆڕی , ژیانی کۆمەڵگاکانی سەرتاپا ئاوەژووکرد و دەوڵەتە زلهێزەکان و بەتایبەتیش داگیرکەرەکانی هاندا بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەسەرجەم بوارەکانی ئابوری و پاراستنی دەوڵەتان وپەل هاویشتن بۆ داگیر کردن و دەست بەسەراگرتنی دەریاکانیش .

لەئێستادا نەوت بەشادەماری وولاّتە پێشکەوتووەکان دەژمێردرێت , چونکە نەوت سەرچاوەی یەکەمی وزەیە و لەساڵی ١٩٧٠ دا ڕێژەی ٤٤,٥٪ دای لەبەکارهێنانی وزەی دونیادا داگیر کردووە . بەدڵنیایی لەئێستادا ئەو ڕێژەیە زۆر زیادی کردووە , هەروا نەوت لەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵ و کاریگەریەکی گەورەی هەیە . نەوت بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەو سەرەکی بۆ زۆربەی پیشەسازییەکان و بەتایبەتیش ( پەینەکان ) بەهەموو





جۆرەکانیەوە , نەوت بەخاوی و بەپێکهاتووەکانی و لق و جۆرەکانیەوە لەئێستادا دەچێتە دروستکردنی ٣٠٠ هەزار کەل و پەلەوە .

☒ بەم شێوەیە نەوت گرنگی و کاریگەری گەورەی هەیە لەکاتی شەڕو ئاشتیدا ودەتوانێت ببێتە مایەی بەئاشتی و بەئارامی ژیان لە دونیادا و دوور خستنەوەی شەڕو ئاشوب لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئەگەر بەشێوەیەکی ئاقلاّنە بەکارهێنراو کۆنترۆڵ کرا , بەپێچەوانەشەوە دەتوانێت ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی نوێی جیهانی و کاول و خاپورکردنی دونیاو لەناوبردن و قڕکردنی سەراپای شارستانێتی و کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی ئەگەر بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێنرا.....

## جوگرافیای نەوتی کوردستان

☒ نەوت لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیەو بەتایبەتیش لەکوردستانی باشوور بەڕێژەیەکی ئەوەند زۆر هەیە کە کوردستان وەك دەریاچەیەك نەوت وایە . کوردستانی باشوور یەکێکە لەوناوچە هەرە گرنگانەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست کە خاوەن نەوتێکی ئێجگار زۆرە , هەربۆیە لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە بووە جێگەی چاوتێبڕینی وولاّتە ئیمپریالیستەکان وبەتایبەتیش بەریتانیا .

ئیحتیاتی نەوتی عێراق دەگاتە ٦٤ ملیار تەن و بە سێیەمین وولاتی دونیا دادەنرێت لەدوای ڕووسیاو سعودیەوە لەڕووی ئیحتیاتی نەوتەوە . ڕێژەی لە ٦٤٪ ی ئەونەتە لە کوردستاندایە لەکاتێکدا ناوەڕاستی عێراق ١٠٪ و باشووری عێراقیش ٢٦٪ ی ئیحتیاتی نەوتی عێراق پێك دەهێنن , بەلاّم ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی کوردستان ١٠٠٪ ە ئەویش بەمەبەستی چۆڕبڕکردنی نەوتی کوردستانە .

## دەتوانین ئەوناوچانەی نەوتیان تێدایە بەم شێوەیە دابەشبکرێت :-

١. چاڵگەی کەرکوك :_ ئەم چاڵگەیە درێژترین و گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە , لەناوچەی جەبەل بۆرەوە تا ناوچەی دیبەگە درێژ دەبێتەوە , لەدوای نەوتی باکۆو تەکساس سێیەمین جۆری نەوتی جیهانە , ئەم چاڵگەیە لە ٢٢٢ بیرە نەوت پێك هاتووەو لەتوانایدایە ڕۆژانە ٢ ملیۆن و ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت , چاڵگەی نەوتی کەرکوك یەکێکە لەچاڵگە نەوتییە زۆر گەورەکان ( (العملاق )) کەبەو چاڵگانە دوترێت کەبڕی نەوتی ئیحتیاتی تیایدا دەگاتە ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت کەدەگاتە نزیکەی ١٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تەن . بەلاّم چاڵگەی نەوتی کەرکوك بڕی نەوتی ئیحتیاتی تیایدا لەهەندێ چینەکانیدا دەگاتە ١٥ هەزار ملیۆن بەرمیل نەوت , ئەم چاڵگەیە لەساڵی ١٩٢٧ وە بەبەردەوامی تاکو ئێستا





بەرهەمی هەیە بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی کەمبوونەوە یان لاوازبوونی توانای بەرهەمی دەرکەوتبێت .

☒ نەوتی کوردستان بەگشتی و نەوتی کەرکوك بەتایبەتی خۆبەخۆیی (ذاتی ) دێتە دەرەوە بەبێ ئامێری زیادکردنی بڕی پاڵەپەستۆ , ئەویش بەهۆی کەمی قوڵی و فراوانی چاڵگەکان و زۆری ئیحتیاتی نەوت و بەرزی فشاری غازەوەیە . نەوتی کوردستان بەباشترین جۆری نەوت دەژمێردرێت چونکە جۆرێکی زۆر باشەو پلەی چڕیەکەی بەرزەو ڕێژەی کبریتی کەمی تیادایە یان هەر تیایدا نیە , هەروەها نەوتی کوردستان چەند جۆرە چڕیەکی هەیە کەئەمەش سوود بەخشە و دەتوانرێت جۆری جیاواز لەنەوت تێکەڵ بکرێت و نەوتی زۆرباشی خاوەن چڕی بەرزی لێ بەئەنجام بگەیەنرێت ....

٢ . چاڵگەی زەمبور :_ ئەم چاڵگەیە لەگوندی بەعەرەبکراوی عەلی دەحامەوە تا بازگەی ئێستای کەرکوك _ بەغداد درێژ دەبێتەوە .

٣. چاڵگەی بای حەسەن : لەناوچەی سلێمان بەخشیانەوە تا گوندی بای حەسەن نزیك زێ ی بچوك درێژ دەبێتەوە .

٤. چاڵگەی نەفت خانە :_ چاڵگەیەکی کۆنە بەر لەجەنگی عێراق – ئێران بەرهەمی ڕۆژانەی ٧٠ هەزار بەرمیل بوو , چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگە ڵ چاڵگەی نەفت شای ئێران .

٥. چاڵگەی خۆبازە : لەناوچەی خۆبازەیە و بەویستگەکانی بای حەسەنەوە بەستراوە .

٦. چاڵگەی بەتمە : لەنزیك عەین زالەوەیە .

٧. چاڵگەی عەین زالە : ژمارەی چاڵەکانی ٢٢ چاڵە .

٨. چاڵگەی سەفییە : دەکەوێتە نزیك مەحمودیە لەنزیك سنووری سوریا و چاڵگەیەکی هاوبەشە لەگەڵ سوریاو ژمارەی چاڵەکانی ٢٤ چاڵەو لەڕێگەی عەین زالەوە بەهێڵی عێراقی _ تورکیەوە بەستراوەتەوە .

٩. چاڵگەی شیواشۆك : ئەم چاڵگەیەش لەناوچەی شیواشۆکی کۆیەیە کەلەئێستادا تەنها ٢ بیری لێ دۆزراوەتەوە و بەرهەمی هەیە و بیری سێیەمیش لەکارکردندان بۆ هەڵدانەوەو دەرهێنانی نەوت تیایدا , جێگەی باسکردنە کە ئەم بیرە نەوتانە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی گەلی کورددا لەلایەن ئەندازیاران و تەکنیکارانی کورد خۆیەوە نەوتی لێدەردەهێنرێت و نەوتەکەشی لەجۆری زۆر باشەو لەئێستادا گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ حکومەتی کوردستان .

دووەم / ئەو چاڵگانەی دۆزراونەتەوە بەڵام تاکو ئێستا نەوتیان لیّ دەرنەهێنراوە :-

١.چاڵگەی گوێر :_ لەناوچەی گوێر .

٢.چاڵگەی قەرەچووغ :_ لەشاخی قەرەچووغە , بەرهەمی ڕۆژانە ٧ هەزار بەرمیلە .





٣.چاڵگەی مەخمور :_ هەموو دەشتی مەخموور دەگرێتەوە کەبەرامبەر شاخی قەرە چووغە .

٤.چاڵگەی جدیدە :_ لەناوچەی گوند ی جدیدە لەباشوری داقوق .

٥.چاڵگەی ئینجانە :_ دەکەوێتە سەر شەقامی کەرکوك _ بەغداد .

٦.چاڵگەی گلاّبات _ لەناوچەی گلاّبات .

٧.چاڵگەی کۆڕو مور :_ لەناوچەی قادر کەرەم .

٨.چاڵگەی بەڵکانە :_ لەشاری کفری .

٩.چاڵگەی گومار :_ لەناحیەی کۆکز لەسەر چەمی سیروان .

١٠. چاڵگەی منصور الجبل :_ لەباکوری شارەبان .

١١. چاڵگەی ناودۆمان :_ لەناوچەی ناودۆمان لەخانەقین .

١٢. چاڵگەی تەل الغزال :_ لەخوار چاڵگەی ناودۆمانەوە.

١٣.چاڵگەی دارە خورما :_ لەناوچەی مەیدان .

١٤.چاڵگەی چەمچەماڵ :_ دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی چەمچەماڵەوە و لە جۆرێکی باشە .

١٥.چاڵگەی شەنگار :_ لەدەشتی شەنگارە .

١٦. چاڵگەی شاخی قەند :_ لەباشوری شاری ئەلکیش .

١٧. چاڵگەی حەمرین :_ لەزنجیرەی چیای حەمرین .

سێیەم / ئەوناوچانەی نەوتیان هەیە بەڵام تائێستا دەستی دۆزینەوەیان نەگەیشتوێتی :_

☒ ئـەم ناوچـانە دیـاریکراون , بـەڵام تـەنها شـوێنی چاڵگەكان ماوە دیاری بكرێن ....

١.ناوچەی ئاوەكەڵ لەقەرەداغ .

٢. ناوچەی دێلێژە لە قەرەداغ .

٣.ناوچەی شارەزوور .

٤.هاوینە هەواری صلاح الدین .

٥.چیای ئاوەگرد لەنێوان كۆیەو شەقڵاوە .

٦. ناوچەی دوكان .

٧.ناحیەی مەیدان .

٨.ناحیەی قۆرەتوو .

٩.ناوچەی ئاوەسپی .

١٠. ناوچەی شاكەل لەكفری .

١١.باكووری شاری خانەقین .

١٢. ناوچـەی بێستانە لـەنێوان ( هـەولێرو _ تەقتـەق _ پـردێ ) لەنزیك تیرەگێن و بەردەسپی .

١٣.ناوچەی بەحرانی لەنێوان حەمدانیەو ئاكرێ .

١٤.ناوچەی ساسان لەباكوری شەنگار .

١٥. لەباشوری تەلەعفەرەوە .

١٦.لەجەسان لە قەزای بەدرە .

لەسەر ئاستی كوردستانی گـەورەش نـەوت لەكوردسـتانی باكور لە ناوچەكانی سێرت و باتمان هەیە , لەكوردستانی خۆرهـەڵات لەكرماشان و كوردستانی بچوكیشدا لەقەرەچوك نەوت هەیە .





كوردسـتان بەگشتی و كوردسـتانی باشوور سـەرەڕای بـوونی نەوتێكی زۆر , چەندەها جۆر كانزای گران بەهاو نایابی تیادایە وەك :_ یۆرانیـۆم , ئاسـن , مەگنـەتایت , گـۆگرد , مـس , قوڕقوڕشـم , زیـو , سـۆدە , ئەلـەمنیۆم , مەنگەنیس , خـەڵوزی بەردین و ........هتد.

## ڕۆڵ و كاریگەری نەوت لە پێشخستنی كۆمەڵگەی كوردەواریدا

☒ نەوت یەكێكە لە هەرە گرنگترین ئەو سامانە سرشتیانە ی لەزەویـدا هـەن و یەكێكـە لەسەرچـاوە گرنگـەكانی وزە لـەدونیاداو سـووتەمەنیەكی سەرەكیشە , مـرۆڤ زۆر لەكۆنـەوە هەوڵی داوە دەستبگرێت بەسەر سەرچاوەكانیدا بۆ دابینكردنی پێداویـستیەكانی ژیـانی و بـەكارهێنانی وەك هۆكارێـك بـۆ گەشـەكردن و پێشخـستنی كۆمـەڵگا لەسـەرجەم بوارەكـانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ..... هتد

نـەوت لـەخاكی هەرنەتەوەیەكدا بێت چاوەڕێی پێشكەوتن و گەشەكردنی پیشەسازی و كشتوكاڵی و بوارەكانی كۆمەڵایـەتی و...هتـد لێدەكرێت و دەتوانرێت ژیـانێكی كامـەران و ئاستێكی بـەرزی گـوزەران بـۆ كۆمـەڵگا دابین بكرێت. چـونكە لەئێستادا نەوت و بەكارهێنانی پێكهاتەكانی دەچنە زۆربەی هەرە زۆری پێداویـستیەكانی ژیانـەوە , وەك سـووتەمەنی , بـۆ ڕوونكردنـەوە , پیـشەسازی پەینـە كیمیاویـەكان , تەنانـەت

**لەبواری دروستکردنی پرۆتین و خۆراکیشدا ڕۆڵێکی گەورە وازی دەکات .**

**بەهەمان شێوە نەوت ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەبواری سەربازی و تەکنەلۆجیاشدا و وولات دەکاتە خاوەن سووپایەکی بەهێزو ئامێری سەربازی وەها کەدوژمنان نەتوانن چاوی تێبڕن و داگیری بکەن .**

**نەوت کۆڵەکەی سەرەکی سەرجەم پێشکەوتنەکانی دونیا بووە بەتایبەتیش بۆ ئەو وولات و کۆمەڵگا پێشکەوتووانەی کەلەئێستادا زلهێزو خاوەن بەرژەوەندین لەجیهاندا . بەڵام نەوت بۆ کوردستان بۆ گەلی کورد بۆتە مایەی داگیرو دابەشکردن و چەوساندنەوە و قاتوقڕکردنی لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا.**

**کورد تاکو ئێستا ش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و هەمەلایەنە سوود لەو سامانە سروشتیە گرنگەی خۆی وەربگرێت و بیکاتە ئامڕازێك بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری , نەوت ئەگەر بۆ گەلانی تر بوبێتە مایەی خێرو بەرەکەت و هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا , ئەوا بۆ کورد بۆتە تەوقی لەعنەت و چۆتە گەردنی بۆتە مایەی داگیرو دابەشکردن و چەوساندنەوە ی و دواکەوتنی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا . هەر بەهۆی نەوتەوە بووە کە کوردستان لەنێوان داگیرکەرانی بەریتانی وفەرەنسی دا دابەشکراوەو لەدوایشدا ویلایەتی موصلْ هەر بەهۆی نەوتەوە**





**بووە کەلکێنراوە بەدەوڵەتی عێراقییەوە , سیاسەتی داگیر و دابەشکردنی کوردستان و بەتالاَن بردنی سەروەت و سامانی کوردستان لەزەمانی ئینگلیزەکانەوە پیادەکراوەو حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقیش بەردەوامیان پێداوەو لەسەری ڕۆیشتوون ........**

**نەوت لەڕوی سیاسییەوە ڕۆڵێکی خراپی بینیوە دژ بەگەلی کورد چونکە هەربەهۆی نەوتەوە بووە کەڕژێمی عێراقی بەئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵ کورددا کردووە و پیلانی لەناوبردنی کوردو کاولکردن و وێرانکردنی کوردستانی داڕشتووە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانکردن و جینۆ سایدی دژ بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامداوەو تاکو ئێستاش سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەبەعسی کردن و ڕاگواستن و پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژ بەناوچە کورد نشینەکانی ژێر دەسەلاَتی خۆی دەدات , هەموو ئەم کارانەش بۆ ئەوە بووە کەبتوانێت بەئاسانترین شێوە دەسبگرێت بەسەر سەروەت و سامانی کوردستاندا و لەم پێناوەشدا گەورەترین و بەهێزترین سوپای دژ بەگەلی کورد بەبەردەوامی لە جەنگدا بووە و باشترین و کوشندەترین و نوێترین چەك و تەقەمەنی بایۆلۆجی و کیمیایی سەردەم دژ بە کورد و کوردستان بەکارهێنراوە ....**

**☒ ئەگەر نەوت نەبوایە دەوڵەتی عێراقی نەیدەتوانی شەڕی درێژ خایەنی دژ بەکوردو دەوڵەتی ئێران بفرۆشێت و تیایدا بەملیۆن کەسی بیّ گوناە تیادا بچێت , هەروەها**

نەیدەتوانی چەندەها دام و دەزگای تۆقێنەر و داپڵۆسێنەر لەکوردستاندا دابمەزرێنێت بۆ گیانی ڕۆڵەکانی کورد , بەم شێوەیە نەوت خراپترین ڕۆڵی بینیوە لەڕوی سیاسیەوە دژ بەگەلی کورد ....

☒ هەروەها نەوت لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە ڕۆڵێکی زۆر خراپی گێڕاوە لەدواکەوتن و گەشەنەکردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا , کوردستان لەڕوی ئابورییەوە نەك هەر گەشەی نەکردووە بەڵکو زۆر دواشکەوتووە و بەتەواوەتی ژێرخانی ئابوری داڕوخاو و تەپیویشە • کوردستان لەئەنجامی سیاسەتی بەسوتماککردن و نەهێشتنی ڕەزو باخ و دارستان و لەوەرگا و ئاژەڵ و پەلەوەر و ڕووخاندن و کاولکردنی شارو شارۆچکەو گوندەکانەوە ببوە وولاتێکی خامۆش و بێ پیت و بەرەکەت , نەکردنەوەی کارگەی بەرهەم هێنی گەورەو پەیدانەکردنی فورسەتی کار بۆ هاوولاتیان ببوونە هۆی زیادبونی دیاردەی بێکاری لەکوردستاندا , ئاشکراشە لەهەر وولاتێکدا هێزی کاری بەتوانا لەکاردا نەبوو ئەوا دەبێتە مایەی گەشەنەکردن و دواکەوتنی ئابوری وولات و دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی •

☒ لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە نەوت بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی خراپی بینیوە لە بلاوکردنەوەی نەخوێندەواری و نزم بونەوەی باری تەندروستی بەهۆی تێکدانی خوێندگاکان و نەکردنەوەی نەخۆشخانەی پێویست و نوێ کەلەگەڵ





گەشەکردن و زیادکردنی ژمارەی هاوولاتیاندا بگونجێت , هەروەها بەهۆی کۆکردنەوەی دانیشتوانی گوند و شارۆچکە جیاوازەکان بەیەکەوە لەئۆردوگا زۆرە ملێکاندا کۆمەڵگەی کوردەوای دیاردەی ناشرین و تێکچوونی باری دەرونی تاکەکانی تیادا بلاو ببوە , بەم شێوەیە کۆمەڵگەی کوردەواری ببوە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارو نەخۆش .......

☒ بواری بازرگانی و کشتوکاڵیش بەدەرنەبوون لە دواکەوتن • بەکورتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا دەرگای ئومێدی لێداخرابوو و لەڕۆژگارێکی گەلێك سەختدا دەژیا ••••••

☒ هەموو ئو نەهامەتی و دەردەسەریانە ی کورد و کوردستان بەهۆی دەوڵەمەندی خاکی کوردستانەوە بوە و کورد هیچ خێرێکی لەنەوتی خۆی نەبینی , بەڵکو ناخۆشترین و ناسۆرترین کارەساتیان بەسەردا هات , تاڕاپەڕینی بەهاریساڵی ١٩٩١ ڕوویداو ئیدی کورد کەوتە ژیانێکی ئازادو دیموکراس و لەدوای هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردیەوە و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە توانی کەمێك ئاوڕ بداتەوە بەلای خاك و سامانە سروشتیەکانی و کەوتە هەوڵی بوژاندنەوەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری •••••••

## کورد و
## ئەزموونی دەرهێنان و پالاّوتنی نەوتی کوردی

☒ کورد وەك دەسەلاّت و کیانێکی سەربەخۆی کوردی , هیچ ئەزمونێکی نەبووە نەك لەبواری پیشەسازی و نەوت دەرهێنان و پالاّوتندا , بەلّکو ئەزمونێکی دورو درێژ و گەورەشی نەبووە تەنانەت لەحوکم و دەسەلاّت و ئیدارەشدا , هەربۆیە کارێکی گەورە و مێژوویيە کە کورد لەم بەشەی کوردستاندا توانی ئەزمونی دەسەلاّت و حوکمی کوردی دابمەزرێنێت و ئیدارات و یاسا بچەسپێنێت زەمینەی ژیانی دیموکراسی و ئازادی و فرەحیزبی خۆش بکات و بتوانێت ژێرخانی ئابوری و بازرگانی کوردستان ببوژێنێتەوە و کشتوکالّ و مەڕو مالاّت گەشە پێبکات و گەلێك داهێنانی مەزن لەبوارەکانی کارەباو ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزرای و خوێندن و تەندروستیدا دابهێنێت و لەلایەنی سەربازی و پێشمەرگایەتیشدا کەلّك و سوود ی گەورە وەربگرێت و بناغەی سوپایەکی مۆدێرن و بەهێزی کوردی دابمەزرێنێت , هەموو ئەم کارانەش لەسەر دەستی حکومەتێکی کوردی خۆمالّی تازە دروسبوودا بەئەنجام گەیەنراوە ,

حکومەتی هەرێم تاجی سەرکەوتنەکانی کردە سەر خۆی بەدەرهێنانی نەوتی کوردی و پالاّوتنی و بەکارهێنانی لەلایەن ڕۆلّەکانیەوە . ئەم داهێنان و کارە مەزن و ستراتیژییە





خەونێکی لەمێژینەی هەموو کوردێك بوو , کە لە ئێستاشدا لەسەر دەستی کۆمەلّێك ئەندازیارو تەکنیکاری کورد بەئەنجام گەیشتووە .

ئەونەوتەی کە چەندین سالّ بوو ببوە تەوقی لەعنەت و مایەی دواکەوتن و قات و قڕی کوردان , لەئێستادا بۆتە مایەی خۆشبەختی و ئاسوودەیی گەلی کورد , ئومێدیش دەکرێت کەلەداهاتوودا زیاتر گەشە بەبواری نەوت و پیشەسازی نەوتی بدرێت .

پڕۆژەی دەرهێنانی نەوتی کوردی دوای ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دەست بەکاربوون لەو پڕۆژە مەزنەدا , لەلایەن دوو لیژنەوە کەیەکێیان کاری تەقاندنەوەی بیرو دەرهێنانی نەوتی کەوتە ئەستۆ و ئەویتریشیان دروستکردنی پالاّوگەیەك و پالاّوتنی نەوتی کەوتە ئەستۆ , دوای کارکردن و ماندووبونێکی بێوێنە لەبەرواری ٢٧ /١٢/ ١٩٩٤ دا بۆ یەکەم جار لەمێژوی کورددا نەوتی بەدەستی کادرو پسپۆڕانی کورد خۆیەوە دەرهێنرا لەبیری ژمارە /٢ ی شیواشۆك , پاشانیش بیری ژمارە / ١ یش کەوتە بەرهەم و نەوتی ئەم بیرە لەجۆرە باشەکانی نەوتی دونیایە ........

☒ پالاّوگەی نەوتیش لەسلێمانی لەبەرواری ٣١ /٨ /١٩٩٦ دا تەواو بوو و بەلاّم بەهۆی ڕووداوەکانی ٣١ ی ئابی ئەوسالّەوە کارکردنیان تیایدا بۆ ماوەیەك وەستا , تاڕۆژی

٢٣ / ١٠ / ١٩٩٧ دا بۆ یەکەم جار بەرهەمی نەوتی خۆماڵی کەوتە بازاڕەوەو بەکارهێنرا .... بەم شێوەیە خەونی هەزاران ساڵەی کوردان لەسایەی ڕاپەڕین و حکومەت و دەسەڵاتی کوردیدا هاتە دی ..........

ئەم بیرە نەوتانە لەناوچەی شیواشۆکە کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری کۆیەوە بە (١٠کم ) و بەچاڵگەی نەوتی تەقتەق ناساراوەو لە ٣ بیر پێك دێت , کە لەئێستادا ٢ بیریان کەوتۆتە بەرهەم و کارکردن لەبیری سێهەمیشدا بەردەوامە , ئەم چاڵگەیە زۆر گەورەیە و درێژی چاڵگەکە ٢٠ کم و پانیەکەشی ٧ کم و نەوتەکەشی باشترین جۆری نەوتی دونیایە .

پاڵاوگەکەش هەر چەندە پاڵاوگەیەکی زۆر پێشکەوتوو نییە لەڕووی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە , بەڵام دەتوانێت لە ٢٤ کاتژمێردا بڕی ١٠٠٠٠ بەرمیل نەوت بپاڵێوێت و بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی و نەوتی ڕەش بەرهەم بهێنێت بەپێی مواصەفاتی زانستی و ڕۆژ بەڕۆژیش لەبەرەو پێشبردن و فراوانکردن و چاکسازی زیاتردایە , وەدەتوانێت لە ٢٠٪ ی پێداویستیەکانی ئەم ناوچانە دابین بکات , لەڕۆژگاری کەوتنە گەڕی و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی لەبازاڕدا کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر دابەزینی نرخی سووتەمەنی کەلە ئەنجامی گەمارۆی ئابوری سەپاوی عێراقەوە خرابووە سەر کوردستان نرخی سووتەمەنی زۆر بەرز ببووە وە ......





بەم شێوەیە کورد بۆیەکەم جار لە مێژوودا و دوای خەبات و شۆڕشێکی خوێناوی توانی توانا و داهێنانی خۆی لەبواری دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتیشدا دەربخات و وەك گەلێکی زیندوو و داهێنەر ئەو ڕاستیە دووپات بکاتەوە کە کوردیش ئەگەر بواری پێشکەوتن و داهێنان و ژیانێکی ئازادی و ئاشتی بۆ دابین بکرێت وەك گەلانی دونیا دەتوانێت بەشداری لەپێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بکات ....................

## پیەشەسازی نەوت و
## چونێتی پێشخستنی لەکوردستاندا

نەوت وەك سامانێکی سروشتی و کانزایەکی خاو ئەوەندە سوودی لێوەرناگیرێت , ئەگەر کۆمەڵێك کارلێك و گۆڕانکاری کیمیاوی و فیزیاوی بەسەردا نەهێنرێت , نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زۆر پیشەسازی هەر لەدورستکردنی پەینە کیمیاویەکان و پرۆتینەکان و مادە خۆراکییەکان و کەل و پەلە پلاستیکیەکان و ......هتد .

کەواتە دەتوانرێت لەڕێی پیشەسازی نەوتەوە نەوت و بەرهەمەکانی والێبکرێت کە کەڵك و بەکارهێنانەکانی ئەوەندەی تر زیاد بکرێت و ڕۆڵی گەورە تر ببینێت لەگەشەکردن و بوژاندنەوەی ئابوری کوردستان و پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ....

☒ پیشەسازی نەوت بە چوار قۆناغی گرنگ و سەرەکیدا تێپەڕدەبێت ئەوانیش :-

١.قۆناغی بەرهەم و دەرهێنانی نەوت .

٢. قۆناغی گواستنەوە ی نەوتی خاو و فرۆشتنی .

٣. قۆناغی پاڵاوتن

٤. قۆناغی پیشەسازی کیمیاوی نەوت .

هەریەکە لەم قۆناغانە گرنگی نەوت زیاد دەکەن و کاردەکەنە سەر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت .

☒ پێشخستن و گەشەپێدانی پیشەسازی نەوت گرنگییەکی گەورە دەداتە نەوت و ئەوەندەی تر سوودو کەڵك دەگەیەنێتە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی ئابوری کوردستان , هەربۆیە دەکرێت و کارێکی گرنگە کە حکومەتی هەرێم هەوڵی گەشەپێدانی ئەم بوارە بدات ئەگەریش سەرەتایی بێت ٠ لەو ڕێوشوێنانەش کەدەکرێت پەیڕەو بکرێت :-

١.کاربکرێت بۆ گەورەکردن و فراوانکردنی پاڵاوگەی نەوت لەڕووی جۆرو برەوەو بەکارهێنانی پاشەڕۆکانی پاڵاوتن .

٢. دەکرێت سووتانی غازی سروشتی کەمبکرێتەوە .

٣. کاربکرێت بۆ پێگەیاندن و پێشخستنی توانا و شارەزایی کادری پسپۆڕ لە بواری نەوت و پیشەسازی نەوتدا لەڕێگەی کردنەوەی پەیمانگاو کۆلێژی تایبەت و ناردنە دەرەوەی کادر بۆ دەرەوەی وولاّت .





٤. کارکردن بۆ دامەزراندنی پیشەسازی پیترۆ کیمیاویات .

٥. گرنگی بدرێت بە هۆکارەکانی گواستنەوەی نەوت و گەشە پێکردنی لەڕێگەی ڕاکێشانی بۆری نەوت و پەیداکردنی ئوتومبێلی بارهەڵگر ی تایبەت بەنەوتەوە و .....هتد .

☒ بەم شێوەیە دەتوانرێت پیشەسازی نەوت پێشبخرێت و گەشەی پێبدرێت و لەکۆتاییشدا ئابوری کوردستان بەهێز دەبێت و دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە داهاتی نەتەوەیی زیاد بکرێت و دراوی قورس بهێنرێتە وولاّتەوەو بازرگانی دەرەکی گەشە پێبدرێت و دەسمایەیەکی باش دابینبکرێت و میزانییەی حکومەتی پیّ بەهێز بکرێت و نەخشە و پلانی گەشە پێدانی وولاّتی پیّ جێبەجێبکرێت ..............

## دەرئەنجام

نەوت سامانێکی سروشتی و ستراتیژی و گرنگە و لەخاکی هەر گەل و وولاّتێکدا بێت هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی و بەهێز بوونی , نەوت سەرچاوەیەکی وزەیەو کۆڵەکەی سەرەکی ئابوری وولاّت پێك دەهێنێت ..

☒ نەوت بۆ کورد و کوردستان بۆ ماوەیەکی دورو درێژی مێژوویی ڕۆڵێکی خراپ و نێگەتیفانەی گێڕاوە لە پێشخستن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئابوری کوردستاندا و هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ دابەش و

داگیرکردنی کوردستان و قات و قڕکردن و جینۆ سایدی کورد و بەسوتماککردنی زەوی و زارو ڕەزو باخ و دارستان و لەوەرگا و وشك کردنی کانی و سەرچاوەی ئاو لەکوردستان و دواکەوتنی کشتوکاڵ و لەناوبردنی ئاژەڵ و پەلەوەرو بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و خراپ بونی باری تەندروستی و پێشکەوتنی ئەدەب و هونەرو وەرزش و .......هتد .

☒ نەوت بۆکورد لەجیاتی خێرو بێر ببوە بەڵاو نەهامەتی , بەڵام لەسایەی کۆڵنەدان و بەردەوام بونی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردەوە لەم بەشەی کوردستاندا , داگیرکەران نەیان توانی ئاسۆی ڕۆژێکی نوێ و ڕۆشن لەکورد دابخەن و ویست و مەرامەکانیان بهێننەدی • لەسایەی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەوتی کوردی دەرهێنراو پاڵێوراو لەلایەن کوردیشەوە بەکارهێنراو خەونی هەزاران ساڵەی کوردان هاتەدی . ئومێدی گەورەش هەیە بۆ زیاتر پێشخستن و گەشەپێدانی بواری نەوت و پیشەسازی نەوت لەکوردستاندا و ئیدی دەتوانرێت نەوت ئەوڕۆڵەی کەدژ بەگەلی کوردی گێڕاوە لەڕابردوودا بگۆڕێت بۆ ڕۆڵێکی پۆزە تیفانەو هێندەی جاران زیاتر ببێتە خێرو بەرەکەت بۆ کوردو کوردستان . بەدڵنیاییەوە کە ئەگەر ئەم دەسەڵات و حکومەتەی کورد بەردەوام بێت ئەوا لەداهاتوودا ئامانجەکان وخواست و ویستەکانی باشتر و ڕوناکتر دەردەکەون .......





سەرچاوەکان /


١. ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان : تەرحیل , تەعریب , تەبعیس / ئەمین قادر مینە / سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردوستان / سلێمانی / ١٩٩٩ / چاپی دووەم .

٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ .ژمارە ١٨٣٤ لەڕۆژی ٢١ / ٤ / ١٩٩٩ دا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی ئەندازیار ڕەشید خالد خۆشناو / سەرپەرشتیاری پرۆژەی نەوتی کوردوستان .

٣. الصناعات الكيمياويه ومستقبل النفط العربى / د . محمد ازهر سماك / دار الحرية للطباعة والنشر / بغداد / العراق / ١٩٧٧

٤. الصناعات النفطية فى العراق / د . محمد ازهر سماك / دار الحرية للطباعة والنشر / بغداد / ١٩٨٢ .

٥. النفط مسعبد الشعوب / يوسف ابراهيم يزيك / مطبعة الفن الحديث / بيروت / لبنان / ١٩٣٤


*بەشێکی ئەم بابەتەم لەڕۆژنامەی کوردوستانی‌نوێی ژمارە ٢١٣٥ لە ٢٠٠٠/٥/٢ دا بڵاوکراوەتەوە .

# پەراوێزێك بۆ كێشەی ئاو*

❖ كوردستان سەرچاوەی بەشێكی گەورەی ئاوی شیرینە لەناوچەكەدا وەك سەرچاوەی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات لەكوردستان و دەریاچەی ورمێ و سەرچاوەی زۆر لە ڕوبارەكانی زێی بچووك و سیروان و هتد... لەڕۆژ هەلاّت و هەموو ئەمانەش بەهەردوو كوردستانی خۆرئاواو باشورداتێپەر دەكەن .

بەم شێوەیە كوردستان بەهۆی جوگرافیاكەیەوەو دەوڵەمەندی لەبوونی نەوت و ئاوو كانزا بەنرخەكان تیایدا بەتایبەتیش لە ڕابووردودا بەهۆی نەوتەوە كەوتە بەرشالاّوی داگیركردن و دەست بەسەرداگرتنی خێرو بێرو قات و قڕكردنی دانیشتوانی و سوتاندنی لەوەرگاو دارستانی و وێران كردنی گوندو شارۆچكەكان , بۆیە ئەگەر كورد نەتوانێت سوود لەئاوەكەی وەربگرێت وەك نەیتوانی سوود لەنەوتەكەی وەربگرێت ئەوا ئاوەكەشی دەبێتە (تەوقی لەعنەتێكی ترو دەچێتە گەردنیەوە ) .

لەم ساڵەدا كەم ئاوییەكی بێ وێنە ڕووی كردۆتە كوردستان و ناوچەكەش , كە بۆ ساڵانێكی دوورو درێژە كەم ئاوی وا ڕووی نەداوە , كەئەمە زەنگی ئاگادار كردنەوەیە بۆئەوەی ئەوسامانە گران بەهایەمان بەفیڕۆ نەدەین و پارێزگاری بكەین و هەوڵی پەیدا كردنی سەرچاوەی تر بدەین و لەم وەرزە كەم ئاوییەدا ( درۆێنەی ئاو ) بەومانایەی بكەوینە كۆكردنەوە و دەست پێوەگرتن و





بەهەدەر نەدان و ڕێكخستنی چۆنێتی بەكارهێنان و بەباشترین شێوە سوود لێ وەرگرتنی ئەو ئاوەی كەهەمانە .

دەكرێت هەرلەئێستاوە بۆ هەموو وەرزێكی داهاتووی كەم ئاوی و وەرزەكانی تریش چەند ڕێو شوێنێك بگرینە بەر ,بەمەبەستی (دروێنە و دەست پێوەگرتنی ئاو ) لەكوردستاندا .لەو ڕێو شو ێنانەش :

١. هەڵمەتێكی چڕو بەردەوام لەگشت دەزگاكانی ڕاگەیاندندا دەست پێ بكرێت بەگرتنی كۆڕو سیمیناری خەڵكانی پسپۆڕو لەڕێگەی ئەنجومەنی گەڕەكەكانەوە بۆ جەماوەر ,بەمەبەستی هۆشیار كردنەوەو تێگەیاندنی جەماوەر لەمەترسی كەم ئاوی و هاندانیان بۆ دەست پێوەگرتن و بەفیڕۆنەدانی ئاو .

٢. پێك هێنانی لیژنەیەك بۆدەست گرتن بەئاوەوەو بەشێوەیەكی ڕێك وپێك و بەردەوام بگەڕێن و زیادەڕۆیی و سەرپێچی یەكان نەهێڵن .

٣. حكومەتی هەرێمیش لەڕیگەی كەناڵە جیاجیاكانەوە دەبێت بكەوێتە هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكە .

٤. لەچواچێوەی بریاری ٩٨٦ دا, هەوڵ بدرێت ژمارەیەكی زۆر لەموەلیداتی كارەبا بهێنرێت , بۆ بەرهەم هێنای كارەبا و ئیدی ئاو بەكارنەهێنرێت وەك سەرچاوەیەكی كارەبا .

٥. گرنگی دان و هاندانی جووتیاران وكارئاسان كردنیان لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵەوە بۆ ڕوواندنی ئەو دارانە كە

ئاویان کەم دەوێت وەك (دار بەڕوو ، چواله , گوێز, قەزووان ,هەرمێ , کیووڕەز ), وەبەکارهێنانی ڕێگەی ( تنقیط) لەئاودانی ڕەز و باخەکاندا , بەمەبەستی بەفیڕۆنەدانی ئاو .ئەم دارانە هەم بۆ بەرهەمەکانیان و گەڵاو هەمیشە بۆ پاراستنی ژینگەو سەوزو پاك ڕاگرتنی .ئەم ڕێو شوێنانە گەرچی قورسن و لێی ڕانەهاتووین , بەڵام لەپێناو کۆکردنەوەی ئاو بۆ ڕۆژانی داهاتوومان دەبێت (اقتصاد) بکەین لەبەکارهێنانی ئاودا .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی ژمارە ١٩١٥ لە ١ /١٩٩٩/٨ دا بڵاْکراوەتەوە.





# سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن ژیان و دوا ڕۆژی کۆمەڵی کوردەواری زامن و مسۆ گەر تر دەکات*

لەمێژووی خەبات و ژیانی گەلێك کۆمەڵگەو دەوڵەتدا کە بەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا تێپەڕیان کردووە , بەهەمان شێوەی کۆمەڵی کوردەواری , کێشەی پشتکردنەوە لە جێ بەجێکردنی ئەرکە نیشتمانی و شۆڕشگێڕیەکان و خوودانە مشەخۆری و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و دواتریش بەرەو گەندەڵی چوون ڕوویداوە . تەنها ڕێگەیەکیش بۆ بەربەرچدانەوەی ئەو دیاردە دزێوانە بریتییە لەسیاسەتی پشت بە خۆبەستن لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و فەرهەنگی و ..هتد .

کوردستان پشت ئەستوور بەدەوڵەمەندیی لەنەوت و کانزاو ئاوو لەوەرگاو دارستان و دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی بۆتە مەڵبەندێکی بازرگانی کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەدان و بووژانەوەی باری ئابووری کوردستان .

ئەم هەڵکەوتەیەی کوردستان وایکردووە کە بەئاسانی بتوانرێت ژیانێکی مسۆگەر بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت , بەمەرجێك بارودۆخی سیاسی ئارام بێت . هیچ گەل و شۆڕشێك سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە بگاتە ئامانجەکانی کاتێك

پشتی بە بێگانە و دەرودراوسێکانی بەستبێت . بە پێچەوانەشەوە هەمیشە سەرکەوتن بۆ ئەو گەل و شۆڕشە بووە کە توانیویەتی سوود لەتواناو وزەی نیشتمان و گەلەکەی خۆی وەربگرێت و بەدڵسۆزییەوە کار لەسەر خاکەکەی بکات .

سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسوود وەرگرتن لەئارامیی سیاسی و بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی و ئابووری کوردستان و چەسپاندنی دام و دەزگا ئیداری وپێشمەرگەیی و سەروەربوونی یاسا لە ژیانی ڕۆژانەدا , لەڕێگەی دەرکردنی چەند بڕیارێکی زۆر بوێرانەوە توانیویانە بەباشترین شێوە لە چوار چێوەی سیاسەتی تەرشیقی ئیداریدا .. داهات و خەرجی حکومەت ڕێکبخەن و داهات زیادبکەن و بتوانن مووچەی نزیکەی ٣٢ هەزار فەرمانبەر زیاد بکەن .

دەکرێت و دەتوانرێت لەچواچێوەی سیاسەتی (پشتبە خۆ بەستن ) لەداهاتووشدا بەمەبەستی زیادکرنی داهات و چەسپاندنی سیاسەتی خۆبژێویدا گرنگی زیاتر بدرێتە بوژاندنەوەو بەگەڕخستنەوەی کارگە بەرهەمهێنەرەکان و باشترکردنی بواری کشتوکاڵی و ئاودێری و ئاژەڵداری و بواری گەشت و گوزار .. هتد.

زۆر وڵات هەن لەدونیادا لەئەنجامی سیاسەتی پشتبەخۆ بەستندا توانیویانە ئاستی بژێوی خەڵکەکەی خۆیان باش بکەن و لەبازاڕەکانی جیهانیشدا بەرهەمییان هەبێت .





هەربۆیە پێویستە لەبارودۆخی ئێستای کوردستانیشدا سەرجەم دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکان هاودەنگ و هەماهەنگ و پشتیوان و تەواو کەری یەکتربن بۆ سەرخستنی سیاسەتی پشتبەخۆبەستن و ڕەتکردنەوەی جودایی و دووبەرەیی و ململانێی ناشەرعی و سیاسەتی زەرنەقوتەیی . بەڵکو هەریەکەیان پێشبڕکێ بکەن لەسەنگەری داهێنان و خزمەت پێش کەش کردن بەگەل و وڵاتی خۆیان .

لەزۆر بۆنەدا بەڕێز مام جەلال دوو پاتی دەکاتەوە کە تەنها بەپشت بەستن بەهێزی خوای خۆمان , خودی خۆمان , خەڵکی خۆمان , دەتوانین بەسەر سەر جەم پیلان و کۆسپەکاندا سەربکەوین و ژیان و داهاتوویەکی گەشتر و مسۆگەر تر بۆ کۆمەڵی کوردەواری بەدەستبهێنین .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٥٥٨) لە ٢٠٠١/٩/١٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## دیاردەی بێکاری و
## چۆنیەتی چارەسەر کردنی لە کوردستاندا*

❖ ڕۆژگارو سالآنێکی زۆر بەسەر ئەم دنیایەدا هاتووە , تاگەیشتۆتە ئەم بارو دۆخە ئابوریەی ئێستای , ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی نەوەستاوە , بەلآم جێگیرو ڕاوەستاو نەبووە بۆ ماوەیەکی درێژ , تاهەنگاوی تری ناوە , کەئەمەش سونەتی پێشکەوتن و گەشەکردنە .

ئەم سیستەمە ئابوریەی ئێستای دونیا تەنها لاپەڕەیەکە لەلاپەڕەکانی مێژووی گەشەکردنی ئابووری دونیاو گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە . ئەم گۆڕانکاریەش جۆرەها کێشەی ئابووری و کۆمەلآیەتی لەگەڵ خۆی دا هێناوە , کەترسناکیەکەی زیاتربووە بەزیادبوونی ئالۆزی ژیانی ئابوری . جۆرەها ڕێگەی بەرهەم هێنان هاتۆتە ئاراوەو قۆناغەکانی زیاتر لێك دوور کەوتوونەتەوە . لەوانەیە گرنگترین کێشە کە زۆر دەرکەوتبێت و کاریگەرێتی بۆ ڕۆژانێکی دوور بەجێبهێڵێت و لەهەمووشیان ترسناکتر بێت لەسەر ژیانی کۆمەلآیەتی و ئابووری و ڕامیاری و دونیاش کێشەی بیٚ کاری بێت .

### بێکاری چیە ؟

❖ بێکاری دیاردەیەکی کۆمەلآیەتیە کە هاوشانە لەگەڵ سیستەمی کۆمەلآیەتی چینایەتیدا کە لەزۆربەی ولآتانی دونیادا بەهەژارو دەوڵەمەندەکانیشەوە دەرکەوتووە , بەتایبەتیش لەو





ڕژێمانەدا کە لەسەر بنچینەی بیٚ سەرو بەرەیی لەبەرهەم هێنان و گوێنەدان بەهێزی کاری بەرهەم هێن دامەزراون , لەپێناو بەدەست خستنی قازانجی زیاتردا . بەم شێوەیە بێکاری دیاردەیەکە کەهێزی کار خۆی دەستی تیادا نیە لەدەرکەوتنی , بەڵکو بەپێچەوانەوە هێزی کار زەرەر مەند و بێکار دەبێت لەگەڵ ئەوەی کەتوانای کارکردنیشی هەیە . دیاردەی بێکاریش بەشێوەیەکی گشتی لەئەنجامی چەند فاکتەرێکەوە دێنە دەرکەوتن و بلآوبوونەوە لەناو هێزی کاردا ,گرنگترین فاکتەرەکانیش :-

١. گۆڕانکارییە وەرزیەکان :

یاخود بیٚ کاری وەرزی کە ئەم شێوە بیٚ کاری یە ناتوانرێت ڕێگەی لیٚ بگیرێت بەتایبەتیش لەکشتوکاڵ و پیشەسازی بینادا , کە ئەم ئیشانە وەرزین و بەبەردەوامی کاریان تیادا ناکرێت .

٢. سووڕی ئابووری :

ئاشکرایە ئابووری هەموو ولآتێك بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەکات ,وەك هەموو دیاردەیەکی سروشتی تر لەقۆناغی دروست بوونەوەو دواتر قۆناغی پیٚ گەیشتن و گەشەکردن و دواتریش چوونەوەیەك و شکست هێنان , بەم شێوەیە سووڕی ئابووری تەواو دەکات و بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە, بەلآم ماوەی قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە ,

سوڕی ئابووری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوون و دەرکەوتنی بێکاری .

ئەو قۆناغانەی سووڕی ئابووری پیادا تێپەڕدەبێت ئەمانەن :-

١. قۆناغی وەستان (رکود ) .
٢. قۆناغی بوژاندنەوە (انتعاش ) .
٣. قۆناغی دڵخۆشکەر (تفاؤل ) .
٤. قۆناغی گەشە (رخاء ) .
٥. قۆناغی دڵنیایی (مغالاة في الثقة ) .
٦. قۆناغی دڵەڕاوکێ (مضاربات ) .
٧. قۆناغی تەنگژە ( ازمە ) .
٨. قۆناغی چوونەوەیەك ( ضائیقة ) .

بەم شێوەیە دەبینین کەگەشەی ئابووری هەر ولاّتێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکانەوە , ترسناکترین قۆناغی سووڕی ئابووری بریتیە لە قۆناغی ( ضائیقة ) یان چوونەوە یەك ( انکماش ) کەلەم قۆناغەدا نرخی کەل و پەل دادەبەزێت و پاشەکەوت نامێنێت و بێ کاری بلاّو دەبێتەوە و ڕەشبینی دروست دەبێت و چوونەوەیەك ( انکماش ) ڕوودەدات لەداهاتی نەتەوەییدا و گەشەکردنی ئابووری دەوەستێت .

وەك پێشتر باسمان کرد کەسووڕی ئابووری کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گەشەکردنی ئابووری و دروست بوونی دیاردەی بێ کاری , چونکە هەرلەسوڕی ئابوریدا لەقۆناغە جیاوازەکانیدا پێشکەوتنی تەکنە لۆجیا , ڕوودەدات و جۆرەها





ئامێرو ماکینەو کەرەستەی پێشکەوتوودروست دەکرێت کە جێگەی ژمارەیەکی زۆر لەهێزی کاردەگرێتەوە , کە ئەمەش دەبێتە هۆی بلاّو بوونەوەی بێ کاریو دەستخستنی کاری نوێیان دوادەکەوێت . هەر لە قۆناغەجیاوازەکانی سووڕی ئابووری دا هەموو کەس بەبەردەوامی کاریان نابێت بەڵکو لەوانەیە مانگێك یان ساڵێك کاریان هەبێت , بەلاّم دواتر کاری نامێنێت و بەم شێوەیە هەرجارەی بەشێك لەهێزی کار بێ کاردەبێت .هەروەها هەندێ کەسی تر بەهۆی قورسی باری کارو خراپ مامەڵەکردنی خاوەن کارو هاوڕێ کانیەوە کارەکانیان بەجێ دەهێڵن و دەگەڕێن بەشوێن کاری نوێ دا ,لەئەنجامدا بێکاری یەکی کاتی دروست دەبێت .

## سووڕی ئابووریش

## چەند سیفەتێکی هەیە لەوانە :-

١.ڕوودانی تەنگژە ئابوورییەکان , کەلەم ڕۆژگارەدا سیفەتێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە , کاتێك کە ولاّتێك تووشی تەنگژە دەبێت بەدوایدا چەند ولاّتێکی تریش دەگرێتەوە , وەك ئەو تەنگژە داراییەی لەولاّتانی ئاسیادا ڕوویداوە .

٢. سووڕی ئابووری گشتی , لێرەدا سووڕە ئابوریەکە گشت جۆرەکانی پیشەسازی دەگرێتەوە لەیەك کات و بەیەك ئاراستە .

٣.هێزی سوڕی ئابوریەکە , لێرەدا جۆرە پیشەسازیەك زیاتر کاریگەر تر دەبێت لەجۆرێکی ترو زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی سووڕە ئابوریەکەوە .

سوڕی ئابوریش کە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دەرکەوتنی بێ کاریەکی کوشندەو کاریگەر لەکۆمەڵگادا دروست دەبێت لەئەنجامی لادانی خشتەی داواکاری هێزی کار لەئاراستەی گشتی داواکاریەکان ,بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەم لادانە ( انحراف ) ە ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی ڕوودانی سوڕی ئابوری و ئەویش دەبێتە هۆی بێ کاری , دەبێت تێبینی ئەم دوو خاڵە بکەین : –

١. زیادو کەمی لەتوانای بەرهەم هێنانی هێزی کاردا کەئەمەش وا لەپلان داڕێژەکان دەکات کەزیاد و کەمی بکەن لەداواکردنی هێزی کار .

٢. دابەزینی نرخی سوود ( فائده ) لەبازاڕدا , کەئەمەش وا لەپلان داڕێژەرەکان دەکات کەزیاتر داوای سەرمایە بکەن , کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر داواکردنی هێزی کار .

## بێ کاری لەکوردستاندا

ئاشکرایە کوردستان لێرەدا تەنیا مەبەستمان کوردستانی عێراقە (کوردستانی باشوور ) ە , لەدوای دابەش کردنی کوردستانی گەورە و لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بەوڵاتی عێراقی عەرەبیەوە , مامەڵەی وڵاتێکی ژێر دەستەو داگیر کراوی لەگەڵدا کراوەو هەمیشە سیاسەتی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی دەرهەق کراوە , لەشەستەکانی ئەم سەدەیەشەوە کە بەعس هاتۆتە سەر حوکم , زیاترو خوێناوی تر سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەب و بەبەعسی کردن و پاکتاو کردنی عرقی و





جینۆساید و ئەنفال و کیمیا باران کردنی دەرهەق بەگەلی کورد پەیڕەو کردوە لەڕوی سیاسیەوە , لەڕووی ئابوریشەوە ڕژێم کەوتۆتە خۆی بۆ چۆڕ بڕ کردنی نەوتی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی , لەماوەی جەنگی عێراق – ئێرانیدا ڕۆژانە ١٠٠٪ ی نەوتی کەرکوکی ناردۆتەوە دەرەوە ,لەڕووی کشتوکاڵیشەوە وێران کردنی گوندەکان و ڕەزو باخ و لەوەڕگاکانی کوردستانی گرتبووەبەر .

بەم شێوەیە بەعس کۆمەڵگای کوردەواری لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی یەوە کردە کۆمەڵگایەکی بێ کارو مشەخۆرو بێ بەرهەم و کوردستانیشی کردە زیندانێکی گەورەو هیچ کەس لەسەر و ماڵ و دواڕۆژیشی دڵنیانەبوو.

لەئەنجامدا بێ کاری لەکوردستاندا بڵاوبۆوەو شێوەیەکی کوشندەی گرتە خۆ , لەئەنجامی دەست بەسەراگرتنی سەرتاپای ژیانی وڵات لەڕووی ئابووریەوە لەلایەن ڕژێمەوە و دواکەوتوویی شێوەکانی بەرهەمیشەوە , ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کپکردنی ئازادیەکان و بێ بەش کردنی ڕێکخراوە کرێکاریو جەماوەری یەکان لەئازادی ئیش کردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان .

**بەکورتی بێ کاری لەکوردستان بەهۆی ئەم فاکتەرانەوە دروست بووە :–**

١. لەئەنجامی سیاسەتی ڕژێم بۆ ڕاگواستنی گوندەکان و وێران کردنیان ,کۆچ لەگوندەوە بۆ شار دەستی پێکرد چونکە هیچ هۆیەکی ژیانیان نەما لەزەوی و زارو مەڕو مالآت .

٢. لەشاریشدا لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتواندا گەشەی پیشەسازی و جێ بەجێ کردنی پرۆژە ستراتیجیە گەورەکان کە پێویستیان بەدەستی کاری زۆر هەیە لاواز بوون .

٣. هەرلەئەنجامی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەلآتی بەغداوە دژ بەگەلی کورد و بۆ بێ کاری کردنی هێزی کاری کورد , دەچوو ژمارەیەکی زۆر کرێکاری میسری و فەلەستین و هندی و ..هتد . دەهێنایە ناو ولآتەوە بەبیانووی ئەوەی هێزی کاری کورد پسپۆڕی و شارەزاییان نییە .

٤. نەناردنی هێزی کاری کورد بۆ دەرەوەی ولآت بەمەبەستی فێربوون و دروست کردنی کادری هونەری .لەئێستاشدا و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لەناوبردنی دەسەلآتی بەغدا لەکوردستاندا و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ ەوە . نەتوانرا وەکو پێویست بێکاری لەناوببرێت و هەوڵ بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە کوشندەیە بەهۆی :-

١. لەبەرئەوەی کوردستان کاول و وێران کراو بوو لەهەموو ڕووەکانەوە و ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی و عێراقیشی لەسەربوو, بۆیە نەتوانرا وەکو پێویست پرۆژە خزمەتگوزاری و





پیشەسازی و ستراتیجییەکان ببوژێنرێنەوە کە پێویستیان بە هێزی کاری زۆر هەیە .

٢. شەڕی ناوخۆش هۆکارێکی تربوو بۆ بەهەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان و دروست بوونی بێکاریەکی زیاتر .

## کاریگەرێتی بێ کاری
## لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری

❖ ئاشکرایە دیاردەی بێکاری لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت وەك نەخۆشیەکی کوشندە کاریگەرێتی خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی و تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی کاریگەرێتی یەکەشی زیاتر دەبێت چەند ماوەی بێکاریەکە زیاتر بێت , لەو کاریگەرە خراپانەش :-

١. بێکاری ئاسەوارێکی خراپ بەجێ دەهێڵێت لەسەرتواناو بەهرە و عەقڵی هونەرییەکان کەدەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو توانایانە بەهۆی دوورکەوتنەوە لەکار.

٢. زۆر جار ئەگەر ماوەی بێکاریەکە درێژە بکێشێت و ئەو کەسە کاری نوێی دەست نەکەوێت ,بەلآم بیمەیەکی بێکاری بدرێتێ , دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیدی پشتی لێبداتەوەو بڕوای بەتواناو کارکردن نەمێنێت , لەبەرئەوەی بیمەی بێکاریەکە جێگەی کارەکەی دەگرێتەوە .

٣. ئەگەر بێکاریەکە زیاتر درێژەی کێشاو لەگەل ئەوەشدا هیچ بیمەیەکی بێکاری پێ نەدرا , کە ئەم جۆرە بێکاریە زۆر

ترسناکە , چونکە کاتێ کرێکار نەیتوانی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات , کاردەکاتە سەردەروون و بیرکردنەوەی و تووشی ڕەشبینی دەکات .

٤. هەر لەئەنجامی بێکاریدا, تاوانی کوشتن و دزی و هەموو جۆرە تاوانەکانی تر زیاد دەکەن .

٥. بێکاری کاریگەرێتی دەکەوێتە سەر دام و دەزگا گشتی و تایبەتی و دەوڵەتیەکان , چونکە کۆمەك و بیمەی بێکاری دەبێت دابین بکەین بۆ بێکاران .

٦. لەئەنجامی بێکاریدا , بەهۆی کەمی بەرهەم هێنان و خراپی لەسەر باری ئابووری وڵات , دەبێتە هۆی کەمی لەداهاتی نەتەوەییدا .

٧. بەهۆی بێکاری لەوڵاتدا , بۆ ڕزگاربوون لەو بارو دۆخە , زۆربەی گەنج و لاوەکان خاوەن پسپۆڕی و هێزی کار , کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات , ئەمەش بە زەرەر دەشکێتەوە لەسەر دوا ڕۆژی وڵات .

٨. درێژ خایەنی بێکاری و بەردەام بوونی لەهەر وڵاتێکدا , دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕۆحیەتی ڕق و کینە لەلایەن چینە هەژارو کرێکارەکانەوە بەرامبەر چینە دەوڵەمەند و خۆش گوزەرانەوەکان .

٩. گەر چارەسەری بێکاری نەکرێت و هەوڵ نەدرێت بۆ باش کردنی ژیانی چینە هەژارو بێ کارەکان , ئەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی ناڕەزایی .





## چۆنێتی چارەسەرکردنی
## بێکاری لەکوردستاندا

❖ لەئێستادا دوای ئەوەی پرۆسەی جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن بەڕێوەیەو شەڕی ناوخۆش کپ بووە و , بڕیاری ٩٨٦ ( نەوت بەرامبەر خۆراك ) یش هەناسەیەکی داوە بە کۆمەڵانی خەڵك , دەکرێت چەند ڕێوشوێنێك بگیرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەکوردستاندا , لەهەر وڵاتێکدا چەندە دەوڵەمەندیش بێت ناتوانرێت دیاردەی بێکاری بنەبڕبکات , بەڵکو هەر دەتوانرێت ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە . لەو ڕێو شوێنانەش :-

١. لەچوار چێوەی بڕیاری ٩٨٦ دا دەتوانرێت داوا بکرێت لە UN و ڕێکخراوە مرۆییەکان , ئەو پرۆژانە ئەنجام بدەن کە بەرهەم هێن بن و پێویستیان بەهێزی کاری زۆر هەیە لەجێ بەجێ کردنی پرۆژە درێژ خایەنەکاندا .

٢. دەکرێت داوا لە UN بکرێت کەبەشی کوردستان لەداهاتی نەوتی فرۆشراو زیاد بکرێت , بۆ ئەوەی بتوانرێت چالاکترو باشتر بونیادی ژێر خانی ئابووری کوردستان ڕوولەگەشە کردن بکات هەروەها لەبوای کشتوکاڵی و پیشەسازیدا .

٣. لەئەنجامی جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و بەرقەرار بوونی ئاشتیدا , دەکرێت کۆنترۆڵی داهاتەکانی کوردستان بکرێت و بەشێوەیەکی گونجاو و عادیلانە بخرێتە

**خزمەت فەراهەم کردن و خۆش گوزەران کردنی هاوولاَتیان و جێ بەجێ کردنی پرۆژە ستراتیجیەکانەوە .**

**٤. هانی خاوەن سەرمایەو دەوڵەمەندەکان بدرێت بۆ کردنەوەی پرۆژەی بەرهەم هێن , لەڕێگەی کەم کردنەوەی نرخی سوود (فائیدە ) و زیادکردنی پارە لەبازاڕداو لێبووردنی پرۆژە بەرهەم هێنە گشتیەکان لەباج .**

**٥. وەرگرتنی باجی داهاتی بەرز (ضريبة دخل تصاعدية عالية ) لەدەوڵەمەندەکان لەسەر پرۆژەکانیان و دابەش کردنەوەی بەسەر هەژارو بێکاراندا لەشێوەی کۆمەك ( اعانات ) دا وەك بیمەیەکی بێکاری .**

**بەم شێوەیە دەکرێت لەکوردستاندا تاڕادەیەکی باش زاڵ ببین بەسەر دیاردەی بێکاریداو کوردستانێکی سەوزی پڕ خێرو بەرەکەت ئاوەدان بکەینەوە و هێزی کاری کوردستان لە پسپۆڕو شارەزاو خاوەن بەهرەکان هان بدەین بگەڕێنەوە کوردستان و ژیانێکی ئاسوودەو پڕ لەخۆشی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فەراهەم بێنین و قەرەبووی ئەو هەموو ئێش و ئازارانەیان بۆ بکەینەوە کەساڵانێکی دوورو درێژە دەیچێژن .**

**سەرچاوە :-**

*** البطالة والعمالة الكاملة / عبدالعزيز مهنا دار النيل للنشر / قاهرة / ١٩٥٠**

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٨١٢لە ١٩٩٩/٣/١ دا بڵاوکراوەتەوە.





## گرنگی هێزی کا رو چۆنێتی بەگەڕ خستنی لە کوردستاندا*

**❖ مرۆڤ لەسەرەتای دەستپێکی ژیان و دروست بوونی شارستانیەت لەسەر زەوی تاکو ئێستاش بەگەورەترین سەرمایە دەژمێردرێت , مرۆڤ توانیویەتی بەهێزی بیرو بازوویەوە لەگشت بوارەکانی ژیاندا سەرکەتن و پێشکەوتنی جۆراو جۆر بەدەست بهێنێت , بەم شێوەیە مرۆڤ بەهۆی توانا عەقڵی و بەدەنیەکانیەوە بۆتە سەرەکی ترین کەرەسەی خاو لەگشت پێشکەوتن و گەشەسەندن و بەگەڕخستنی بوارەکانی ژیاندا .**

**بۆنمونە لەبواری کشتوکاڵی و بەخێو کرنی مەڕو ماڵاتدا , کەئەمە یەکەم پیشەی مرۆڤ بووە , لەسەرەتای ژیانەوە لەسەر ڕووی زەوی , ئەم بوارە تادەستپێکی قۆناغێکی نوێی پێشکەوتن کەڕوودانی شۆڕشی پیشەسازی بوو لەئەوروپا , سەرەکی ترین و گرنگترین پیشەبووە کەمرۆڤ بژێوی خاوو خێزانی پێ فەراهەم کردووەو تائێستاش لەوڵاتە هەژارو دواکە وتووەکاندا بواری کشتوکاڵ گرنگیەکی گەورەی هەیە .**

**مرۆڤ بەدرێژایی چاخە کۆن و ناوەندەکان جۆرەها پێشکەوتن وداهێنانی لەم بوارەدا بەدەست هێناوە و لەئێستادا گەیشتۆتە ترۆپکی پێشکەوتنەکان , وەك چاندنی دانەوێڵەو چاککردنی جۆرەکانی و باشکردنی زەوی و زارو بەکارهێنانی ئامێرو**

تەکنەلۆژیای نوێ و ڕێکخستنی ئاودێری و بەخێوکردنی پەلەوەرو مەڕو ماڵات و ماسی و چاککردنی جۆرەکانیان .لەبواری پیشەسازیشدا مرۆڤ پێشکەوتن و داهێنانی سەرسوڕهێنەری وای داهێناوە کە مرۆڤی سەرەتایی بەهیچ شێوەیەك بەبیریدا نەهاتووە , گشت ئەم پێشکەوتنانە بەهێزی بیرو بازووی مرۆڤ هاتونەتەدی , وەك پیشەسازی سووك لەدروست کردنی کەل و پەل و , ئامێری کارەبایی و ڕستن و چنین و جگەرەو خواردەمەنی و داوو دەرمان و گەلێك بەرهەمی تر , مرۆڤ هەر بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو دەستی داوەتە پیشەسازییە قورسەکان وەك بەرهەم هێنانی چیمەنتۆو دروست کردنی ئۆتومبێل و فڕۆکەو شەمەندەفەرو کەشتی و تواندنەوەی ئاسن و پالأوتنی نەوت و پترۆکیمیاوی , و هەروەها پیشەسازی سەربازی کە چەکی قورس و تەقەمەنی دەگرێتەوە , لەم سەدەیەشدا دروست کردنی کۆمپیوتەر و دانانی پرۆگرامی ساڵانەی پێشکەوتوو ڕەمزی سەدەی بیستەمە . هەروەها مرۆڤ تەنیا بەداهێنان و پێشکەوتنەکانی سەرزەوی نەوەستاوە , بەڵکو پەلی بۆ بۆشایی ئاسمانیش کێشاوەو جۆرەها ڕۆکێت و مانگی دەستکردی ناردۆتە بۆشایی ئاسمان و هەنگاوی ناوەتە سەرمانگ و هەسارەکانی تر .

لەبواری ئاوەدانکرنەوەو گەشەپێدان و دروست کردنی شارستانیەت و شارو شارۆچکەو گونددا مرۆڤ بالأدەستیەکی بێ وێنەی تۆمار کردووە .





لەگشت بوارەکانی تری ژیاندا , لەبواری تەندروستی پەروەردەو فێرکردن و ئەدەب و هونەرو گشت جۆرە زانستەکانی تردا ,مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە تیایاندا .

بەم شێوەیە مرۆڤ پێشەنگ و خاوەنی ئەم شارستانیەتە پێشکەوتووەی ئێستامانە . ئەو ولأتانەی کەلەئێستادا بەزلهێزو پێشکەوتوو دادەنرێن وەك ئەمریکاو ئینگلتەراو فەرەنساو ڕوسیاو چین و ئەڵمانیاویابان و ..هتد , هەموویان لەئەنجامی کارو ڕەنج و ئارەق ڕشتن و ماندووبوونی هێزی کاری مرۆڤەوە هاتۆتەدی و قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵیان بڕیوە .

هیچ پرۆژە و نەخشەو پلانێك بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی هیچ بوارێك سەرکەوتوو نابێت ئەگەر گرنگی تەواو نەدرێت بە هێزی کارو ئامرازو هۆکانی ژیانیان بۆ دابین نەکرێت .

زۆر لەوولأتانەی کەگشت جۆرەکانی کەرەسەی خاوی سروشتیان هەیە , وەك نەوت و کانزاو دارستان و لەوەرگاو ئاوی سازگارو زەوی کشتوکاڵی کە کەرەسەی خاوی سەرەکین بۆ گەشەکردنی باری ئابووری و لەئەنجامیشدا پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەگشت بوارەکاندا , سەرکەوتوو نابن و ناتوانن ئەوکەرەسە خاوانە بەرهەم بێنن ئەگەر دەستی کارو هێزی کاریان نەبێت لەولأتەکانی خۆیاندا . بۆیە زۆر ولأت لەقۆناغی گەشەکردنی ئابووریدا پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی هێزی کار لەدەرەوەی ولأتەکانی خۆیان کەئەمەش زۆر دەکەوێت لەسەریان , وەك عێراق

کە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا بەهەزارەها کرێکاری میسری و فەلەستینی و یەمەنی و فلیپینی وهندی هێنایە ولأتەوە .

لەبەرئەوەی عێراق پلانی (٥) ساڵەیی دانابوو , پێویستی بەهێزی کار هەبوو , چونکە لەعێراقدا لەلایەکەوە ژمارەی دانیشتوان کەم بوو , لەلایەکی ترەوە تووشی شەڕی عێراق – ئێران هات , بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنای بردە بەرهێزی کاری دەرەکی .

بەم شێوەیە دەرکەوت کەهێزی کار کۆڵەکەی بنچینەیی و سەرەکی یە لەپێشکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی گشت پرۆژەو پلانێکدا .

## هێزی کار لەکوردستاندا

ئاشکرایە لەکوردستانی خۆشماندا گشت هۆکارەکانی گەشە سەندن و بووژانەوەی ئابووری تیادایە , هەر لەکەرەستە خاوەسروشتیەکانی وەك نەوت , کانزا , ئاوی سازگار , دارستان ولەوەرگا , زەوی کشتوکاڵی , تادەگاتە کەرەسەی خاوی سروشتی کەهێزی کارە .

کەئەم دووانە کۆڵەکەی سەرەکین بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی باری ئابووری هەموو کۆمەڵگایەك . کوردستان ئەگەر بارو دۆخی سیاسی جێگیر بێت و پلان و سیستەمێکی تۆکمە و پتەوی زانستی بۆ گەشەکرن و بنیاتنانەوەی ژێر خانی ئابووری هەبێت , دەتوانرێت لەماوەی چەند ساڵێکی کەم , گەشەیەکی ئابووری گەورە بکات و ئاستی ژیان و گوزەران بەرزبێتەوە .





ئێستا کەکوردستان لەژێر باری ئاسەواری شەڕی ناوخۆو گەمارۆی ئابووری نێوەدەوڵەتیدایە , ناتوانرێت نەخشەو پلانێکی جێگیر دابنرێت بۆ گەشەکردن و ژیانەوەی باری ئابووری , بەلأم لەسایەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦ ی نەتەوەیەکگرتووەکان کەتایبەتە بەفرۆشتنی نەوتی عێراق بەرامبەر بەخۆراك , دەکرێت هێزی کار لەکوردستاندا بخرێتە گەڕو سوودی لێ وەربگیرێت ,چونکە بڕێك پارەی باش تەرخان کراوە بۆ کوردستان بۆ بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردەو زانست و کارەباو .. هتد , بۆیە گرنگی دان بەهێزی کار وبەگەڕخستنیان ئەرکێکی هەنووکەیی حکومەتی هەرێمە ,چونکە بێ کاری و خراپی باری ژیانی هاولأتیان کارێکی خراپ دەکاتە سەر دەروون و بیرکردنەوەوکەسایەتی مرۆڤی کورد . بۆیە هەنگاوێك بەئاڕاستەی بەگەڕخستنی هێزی کار دەبێتە ڕێگرێك لەبەردەم کۆچ کردنی ئەو هێزە بیرو بازووەی وەك وزەیەکی خەزن کراو وایە کە هەرکاتێ بتەوێت دەتوانیت سوودی لێ وەربگیرێت و بیخەیتە گەڕ .

ئێستا لەحکومەتی هەرێمدا لەوەزارەتی پیشەسازی و وزە دا یەکەم هەنگاوێك بەئاڕاستەی سوود وەرگرتن و بەگەڕخستنی هێزی کار هەڵنراوە , بەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتیان بەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار ) دامەزراندووە و بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردن و سەرپەرشتی کردنی ژمارەیەکی زۆر لەو هێزی کارە زیادەی کە لەکارگەو فەرمانگەکانی

سەربەوەزارەتدا هەیە ،کەپسپۆری جیاوازو تواناو شارەزای هەمە جۆری تیادایە , لەڕێگەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە بەرنامەی چەند خولێك دانراوە بۆ ئامادە کردن و پێگەیاندنی کادر لەبوارەکانی کارگێڕی و ژمێریاری و هونەری و کۆمپیوتەردا بەمەبەستی بەگەڕخستنیان لەداهاتوودا و گرتنە دەستی کارێك لە کارگەو فەرمانگەو پرۆژەکاندا .

بە ڕێوەبەرایەتی هێزی کار گرنگی یەکی گەورەی هەیە لەهەموو دنیاداو بەتایبەتیش لەکوردستاندا , چونکە وەزارەتی پلان و نەخشەکێشان نیەو هەروەها فەرمانگەیەکی مەرکەزیش نیە کەهاولاتیان دابمەزرێنێت و دابەشیان بکات بەسەر وەزارەتەکاندا .

ئاشکرایە کارگە بەرهەم هێنەکان و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکانیش بەڕادەی جاران کارناکەن و لەلایەکی دیکەشەوە خانەنشین کردنی فەرمانبەران نیەو بەڵکو دەشگەڕێنەوە سەرکارەکانیان و دامەزراندنیش زۆرەو ساڵانەش ژمارەیەکی زۆر خوێندکاران خوێندن تەواو دەکەن و بەبێ بوونی ڕێگرێك لەبەردەمیاندا وەکو سەربازی کردنی جاران ڕاستەوخۆ دادەمەزرێن . بۆیە پارسەنگی لەنێوان دامەزراندن و خانەنشین کردندا تێك چووە و زیادەیەکی ئێجگار زۆر لەفەرمانبەراندا هەیە , لەگشت وەزارەتەکاندا .





کەواتە بوونی بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار لەئێستادا زۆر پێویستەو بەڵکو دەبێت گەشەشی پێ بدرێت و پێداویستیەکانیشی بۆ دابین بکرێت .

ساڵی ١٩٩٤ داواکاری ئەوە هەبوو کە یاسای ئەنجومەنی ڕاژە ( مجلس الخدمة) زیندوو بکرێتەوە بەمەبەستی نەهێشتنی پاشاگەردانی لەئیداراتی حکومەتدا . ئێستا دروست بوونی بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار لەوەزارەتی پیشەسازیو وزەدا یەکەم هەنگاوە بەو ئاراستەیەو گرنگی پێدانی ئەرکێکی پێویستە و سەرخستنی و گەشەپێ کردنی کارێکی مێژووییە .

### بەکورتی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار لەهەموودونیادا لەم خالأنەدا خۆی دەبینێتەوە :

١. کردنەوەی خول بۆپێگەیاندنی کادر بەشێوەیەکی زانستیانەو ڕێکخستنی سەفەرو ناردنی کادری شارەزا بۆ کۆڕو کۆنگرە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بەمەبەستی پێشخستنی تواناو شارەزاییان .

٢. پێگەیاندنی کادر لەگشت بوارەکانی کارگێڕی , ژمێریاری , هونەری , کۆمپیوتەر .

٣. سەر ژمێریاری ساڵانەی فەرمانبەرانی گشت وەزارەتەکان لەسەر بنچینەی بڕوانامەو پسپۆڕی بەمەبەستی پڕکردنەوەی میلاکات و دۆزینەوەی فەرسەتی ئیش کردن بۆ هاولاتیان و

ڕێکخستنی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەتەکان و فەرمانگەکاندا .

٤. ناردنی کادر بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی خوێندن لەبوارە جیاجیاکاندا .

٥ . دەرکرنی دەلیلی ساڵانە بۆ کردنەوەی خول و کۆڕو کۆبونەوەو کۆنگرەو سەفەرەکان , کەپەخش دەکرێت بەسەر گشت وەزارەتەکاندا , بەمەبەستی ناردنی نوێنەرو کادرەکانیان بۆ بەشداری کردن تیایدا .

**بۆئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بتوانێت بەئەرکەکانی خۆی هەستێت و بتوانێت سەرپەرشتی ئەو هێزی کارەی کەهەیە و لەداهاتوودا بیانخاتە گەڕ ,پێشنیاز دەکەین کە :**

١. یاسای مەجلیسی خزمەت کاری پێ بکرێت لەکوردستاندا .

٢. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکرێتە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کە پەیوەندی هەبێت بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وسەرپەرشتی هێز کاری زیادەی گشت وەزارەتەکان بکات .

٣. گرنگی تەواوی پێ بدرێت و گشت پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت لەکادری شارەزا وپسپۆڕی و پێداویستە مادییەکانی تر .





**بۆ بەگەڕ خستن و سوود وەرگرتن لەو تواناو هێزەی کارەی کە لەکوردستاندا هەیە , پێشنیاز دەکەین کە :**

١. لەسایەی بڕیاری ٩٨٦ ی نەتەوەیەکگرتووەکان و لەئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژە ئاوەدانکرنەوەو خزمەتگوزاریانەدا ,دەکرێت ژمارەیکی باش لەو کەسانە بخرێنە ئیشەوە .

٢. بەهاوکاری وەزارەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەربە UN و دەرەوەی UN , دەکرێت ژمارەیەکی باش لەو کەسانە بخرێنە کارەوە .

٣. ئەو ڕێکخڕاوە بیانیانە مووچەیەکی زۆر باش دەدەن بەو کەسانەی کەلەگەڵیاندا کاردەکەن . بەهاوکاریکردن لەگەڵیاندا دەکرێت ژمارەیەکی زیاتر بخەنە کارەوە و ئەو مووچە زیادەیە کەدەیدەن بەو گروپە کەمە . بیدەن بەژمارەیەکی زیاتر .

٤. زۆر لەو ڕێکخراوە بیانیانە کە هاتوونەتە کوردستانەوە دەوڵەمەندن و پارەیەکی باشیان هەیە , بەڵام پرۆژەکانیان بەرهەم دارنین , دەکرێت بەهاوکاریکردن لەگەڵیاندا هەندێ پرۆژەی وا دابمەزرێنن کەدەست و هێزی کاری زۆری دەوێت .

❖ لە کۆتایدا دەڵێین ڕادەی گەشەکردن و بوژانەوەی باری ئابووری و بەرزو نزمی ئاستی گوزەرانی هەر وڵات و کۆمەڵگایەك بەوە دەپێورێت کەتا چەند گرنگی دەدرێت بە

هێزی کارو هۆشیارکردنەوەیان و ئامادەو پێگەیاندنیان و فەراهەم کرنی ژیانێکی ئاسوودە بۆیان . چونکە هێزی کار گەورەترین سەرمایەو کۆڵەکەی سەرەکی گشت پێشکەوتنەکانە .

بۆیە گرنگی دان بەو هێزی کارە زۆر و زەوەندەی کوردستانیش ئەرکێکی هەنووکەیی و بەپەلەی حکومەتی هەرێمە بۆ بوژاندنەوەو بنیاتنانەوەی ژێرخانی داتەپیوی ئابووری کوردستان .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە١٧٢٢ لە ١٩ / ١٠ / ١٩٩٨ بلاْوکراوەتەوە.





# چۆنێتی پێشخستن و گەشەپێدانی بواری پیشەسازی*

ئاشکرایە چەندە ئابووری هەر دەوڵەتێك پتەو و بەهێزو ئازاد بێت ئەوەندەش ئەو دەوڵەتە لەڕووی سیاسی و بڕیاری خۆیەوە سەربەست و ئازاد دەبێت و هێندەی تریش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و زانست و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر و هتد , و دەتوانێت ئاشتی و ئارامی و ژیانێکی پڕ لەڕەفاهیەت بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دابین بکات .

ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێیش بڕوانینە مێژووی دەوڵەتانی ئیستعماری کۆن و نویٚ بۆمان دەردەکەوێت , کەهۆکاری سەرەکی لەپشت داگیرکردن و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەلانی هەژارو دواکەوتوو لەجیهاندا سەرجەمیان هۆکاری ئابووری بوونە لە پێناو بەدەست خستنی کەرەسەی خاوو سەرەتایی بۆ پیشەسازیەکان و دۆزینەوەی هەل بۆ بێکارانی کۆمەڵگاکانیان و دواتریش دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە پێناو باشتر بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هاوولاّتیان و کۆمەڵگاکانیان .

سەرەتای پێشکەوتن و گەشەسەندنی بواری پیشەسازی ئەو کۆمەڵگایانە لەپیشەسازی میللی و بچوك و کەمەوە دەستی

پێکردووەو لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگادا , ئەویش گەشەی ئاسایی خۆی کردووە , تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستای , کەداهێنان و پێشکەوتنی پیشەسازی گەیشتۆتە ڕادەی سەرسوڕمان .

کوردستانی خۆشمان وەك ناوچەیەکی گرنگ و هەستیار لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداو دەوڵەمەند بەسەرجەم هێزو توانا مرۆیی و کانزا و سامانی سروشتییەوە هەر لەنەوت و کانزاکان و لەوەڕگاو دارستان و ڕەزو باخ و ئاوی شیرین و دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی و هتد , کە هەموو ئەمانە بنەمای سەرەکین بۆ گەشەکردنی ئابوورییەکی بەهێزی کۆمەڵگای کوردەواری و ئایندەیەکی ڕۆشن .

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی دیفاکتۆ دەوڵەتانی دراوسێ و دونیاش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن دەتوانرێت ئەگەر دەسەلات و ئیدارەیەکی یەکگرتووی کوردی هەبێت هەموو ئەو مامەڵەو پەیوەندییانە بە قازانجی زیاتری گەشەکردن و بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان کەڵکی لێوەربگیرێت .

لەکوردستاندا بەگشتی ژمارەیەك کارگەی بەرهەمهێنی وەك چیمەنتۆ و گەچ و جگەرەو مافوورو جل و بەرگ و ڕستن و چنین و خواردەمەنی هەن , کە زۆربەیان لەلایەن دەوڵەتەوە ( حکومەتەوە ) بەڕێوەدەبرێن , کەهەندێکیان داهات و قازانجی ساڵانەیان کەمترە لەخەرجیان , کەئەوەش گەلێك هۆی هەیە





لەوانە نەبوونی بازاڕو پێشبڕکێکردنی کەل و پەلی دەرەکی و نەبوونی تەکنەلۆژیای سەردەم و لاوازی پلاندانان و ......هتد .

هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم کار ئاسانی بۆ پیشەسازکاران بکات , لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا کەبتوانن هەندێ کارگە یان کەلو پەلی یەدەگی کارگەکانی خۆیان بهێننە کوردستانەوە , ئەوا بواری پیشەسازی لەکوردستاندا ڕوو لەگەشەکردن دەکات , چونکە کادری پسپۆڕو شارەزا و هێزی کاری زۆرباشی تێدایە .

گرنگیدان بەبواری پیشەسازی لەئێستای کوردستاندا کارێکی گەلێك پێویستە , چونکە تاکو ئێستا کۆمەڵگاو حکومەتی کوردی لە (١٠٠٪ ) پشتی بەستووە بەهێنانە ناوەو بەکارهێنانی کەل و پەل و ئامێری دەرەکی و گرنگی نەداوە بەپشتبەستن بەخۆ (الاکتفاء الذاتی ) لەبواری پیشەسازیداو هەوڵی نەداوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان لەناوخۆدا ئەمە لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و ......هتد .

ولاتێکی گەورەی ٦٠ ملیۆن کەسی وەك ئێران دوای ٢١ ساڵ لەگەمارۆی ئابووری ئەمریکا و زۆرێك لەدەوڵەتان و شەڕی ٨ ساڵەی عێراق – ئێران توانیویەتی بواری پیشەسازی خۆی گەشەپێبدات و سەرجەم پێداویستیەکانی ناوخۆی دابین بکات بەڕادەیەك لەو ماوەیەدا پیشەسازی ئێران ئەوەندە پێشکەوت , توانی فڕۆکەو ماشێن و ژێر دەریایی و ڕۆکێتی جەنگی دروست بکات و لەبواری ئەتۆمیشدا گەشەی بەرچاو بەخۆوە ببینێت , بەتەنها لەکوردستانی ئێراندا ٤٤٠ کارگەی بەرهەمهێن هەیە ,

کەژمارەیەکی کەمی لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەچێت , ئەوی دیکەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت .

لەپێناو زیاتر گەشەکردن و گرنگیدان بەبواری پیشەسازی لەکوردستاندا پێشنیاز دەکەین کە :

١. گرنگی زیاتر بدرێت بەکەرتی پیشەسازی دەوڵەتی و کەرتی تایبەتەوە .

٢. ناردنی کادری پسپۆڕو شارەزاو هونەری بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بینین و زیاتر شارەزابوون لەبواری پیشەسازی و ڕاهێنانە نوێکانی دونیا بۆماوەی دیاریکراو .

٣. کار ئاسانی بۆ پیشەسازکارانی کوردستان , بۆ هێنانی کارگەی بەرهەمهێن و کەل و پەلی یەدەگی بۆ کارگەکانیان .

٤. کەمکردنەوەی باج و گومرگ لەسەر کەل و پەل و ئامێر بۆ پیشەسازکاران .

٥. بوژاندنەوەو زیندوو کردنەوەی بانکی پیشەسازی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی پیشەسازکاران .

٦. پیشەسازکاران ژوور ( غرفە ) ی تایبەتی خۆیان پێکبهێنین وەك ژووری بازرگانی , بەمەبەستی چڕکردنەوەی هێزو توانا مادی و مرۆییەکانیان لەو ژوورەدا بۆ داکۆکی کردنی زیاتری داواکاری و دابینکردنی پێداویستی و پاراستنی مافەکانیان .

بەم شێوەیە چەندە گرنگی بدرێتە بواری پیشەسازی لەکوردستاندا ئەوەندەش باری ئابووری کۆمەڵگەی





کوردەواری دەبوژێتەوەو دیاردەی بێکاری و ناڕەزایی کەم دەبێتەوەو هێزی کار لەکەسانی پسپۆڕو شارەزاو کرێکاران وڵات بەجێناهێڵن و زۆربەشیان دەگەڕێننەوە کوردستان و تواناکانی خۆیان دەخەنە گەڕو لەولاشەوە خاوەن سەرمایەو بازرگانان و پیشەسازکاران سەرمایەو تواناکانیان دەخەنەکارو هانی دەوڵەمەند و پیشەسازکارانی دەرودراوسێش دەدەن , کەڕووبکەنە کوردستان و پرۆژە و کارگەو سەرمایەکانیان بخەنە کار , هەموو ئەم کارانەش خزمەتی بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی باری ئابووری کوردستان دەدەن و بازاڕو مامەڵە بازرگانیەکان گەرم دەکەن و هێواش هێواش هەنگاو بەرەوپیشەسازی قورس و گەورە هەڵدەهێنن .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە( ٢٤٥٤)لە١٦/٥/ ٢٠٠١ دا بلاْوکراوەتەوە.

# گرنگی پیشەسازی خۆراك لەئێستاو داهاتووی کوردستاندا*

کوردستان لەبەرئەوەی زۆربەی ناوچەکانی سەخت و دوور لەئاوەدانی و شارەکان بوونەو لەوەرزی زستانیشدا ڕێگاو بانەکان بەبەفر دەگیران وهۆکانی هاتوو چۆش تەنها بە ولاخ بووە , بۆیە پێویستی بەردەوام بوونی ژیان وای لە کورد کردووە کە هەر لەکۆنەوە گرنگی گەورە بداتە پیشەسازی خۆراکی , وەك لە ( شیر ) گەلێك جۆر بەرهەمی دروست کردووە وەك ( ماست و کەرەو دۆو ژاژك و کەشك ) و گەلێکی تر .

هەروەها لەبواری هەڵگرتن و پاراستنی خۆراکدا ,شارەزاییەکی تەواویان هەبووە . وەك دروست کردنی ( قاورمە و هەڵگرتنی گۆشت و وشك کردنەوەی سەوزە و میوەی هاوینە بۆ وەرزی زستان ) .کورد بەهۆی داگیرو دابەش کردنی کوردستانەوە چۆن نەبۆتە خاوەنی نیشتمان ودەسەلأت و بەهۆشیەوە نەیتوانیوە داهێنان و پێشکەوتن وگەشەی ئابوری و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و زانستی بکات , هەربۆیەش نەیتوانیوە گەشەو پێشکەوتنیش لەبواری پیشەسازی خۆراکیدا بکات وئەم بوارەش هەر بەدواکەوتوویی ماوەتەوە .

بەلأم لەئێستادا و دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لەدوای ٧ ساڵی دەسەلأتی کوردیدا ,دەکرێت و پێویستیشە لەبواری بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ژێر خانی ئابووری





کوردستاندا نە خشەو پلان دابنرێت بۆ سەرجەم پێشکەوتن و بوژانەوەی گشت بوارەکان ,بەتا یبەتیش بواری پیشەسازی خۆراکی . چونکە کوردستان ولأتێکی دەوڵەمەندە لەڕووی مەڕو مالأت و پاوان و لەوەڕگاوە کە سەرچاوەی شیرو بەرهەمەکانێتی و لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەی گۆشت و خوریە و پێستەکانیشیان دەچێتە پیشەسازی جۆراوجۆردا ,کوردستان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ڕەزو باخ و بێستانە کە ئەمانەش سەرچاوەی هەموو جۆرە سەوزەو میوەکانن , کە بۆ دروست کردنی مرەباو شەربەت و هەڵگرتنیان بۆ وەرزی تر زۆر بەکەڵکن .

بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم بیر لەم بوارە بکاتەوە و پسپۆڕو شارەزاو تەکنیکیەکان کۆبکاتەوەو پلانی دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی خۆراکی بدات , لەئێستاداو لەداهاتووی کوردستاندا گەلێك سوود مەند دەبێت . لەوانەش :

١. زۆربەی پێداویستیەکانی هاولأتیان کەڕۆژانە داواکارییان لەسەرەو بەکاردێن ,دەستە بەر دەکرێت و پەنا نابرێتە بەر هێنانیان لە دەرەوەی وولأت .

٢. دەکرێت , کە ئەگەر گرنگی تەواو بدرێت بەم بوارە بەرهەمەکانی شیرو سەوزەو میوە بنێرێتە دەرەوەی کوردستانیش .

٣. بەم کارەش , دەبێتە هۆی بوژاندنەوە ی ئابووری کوردستان و جولأندنەوەی بازاڕو بازرگانیش .

٤. خستنە گەڕی ژمارەیەکی زۆری هێزی کاری کە لە ئێستادا هێزی کار بێ ئیش لە کوردستاندا زۆرە .

٥. جوتیارەکانیش زیاتر هاندەدرێن بۆ کشتوکاڵ کردن و مەڕو ماڵات بەخێوکردن وڕەنێو هێنانی ڕەزو باخەکانیان .

٦. بەهۆی هەڵگرتنی سەوزەو میوەکانیشەوە بۆ وەرزێکی تر دەتوانرێت ڕێگە لە دابەزینی نرخ بگیرێت .

ئاشکراشە سەرئەنجام دەسکەوت و داهاتی نەتەوەیمان زیاتر دەبێت و ئاستی ئابووری و ژیانی ولآت و هاولآتیانیش بەرز دەبێتەوە . لەئێستای کوردستاندا لەچوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ و بەهاوکاری ئەو ڕێکخراوانەی کە لە کوردستاندان و بەتایبەتیش ڕێکخراوی (FAO) کەلەبواری کشتوکاڵی و خۆراکیدا کار دەکات , دەکرێت بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری وپیشەسازی و وزەو سەرۆکایەتی زانکۆ ی سلێمانی یەوە , پلان بۆ دامەزراندی کارگەی خۆراکی و هێنانی ئامێرو ماکینەی پێویست بۆ ئەو کارگانە دابنرێن .دانان و دامەزراندنی هەر کارگەیەکی بەرهەم هێن هەروا ئاسان نیەو بەتایبەتیش کارگەی خۆراکی , بۆیە دەبێت لەزۆر لایەنەوە بیری لێ بکریتەوە , چونکە مەبەستی سەرەکی لەکارگەی بەرهەمهێن قازانج و دەسکەوتی نەتەوەییە , کە ئەگەر ڕەچاوی ئەم خاڵانە نەکرێت لەدانانی کارگەی خۆراکید ا بە دڵنیا ییەوە مایە پووچ و زەرەرمەند و لەکۆتایشدا داخستنی کارگەو گرفتەکانیان دەست دەکەوێت .





ئەو خاڵانەی کەپێویستە لەدانانی کارگەی خۆراکیدا ڕەچاوبکرێن و گرنگیان پێ بدرێت :

١. جۆری کارگە :

دەبێت کارگەی خۆراکی پسپۆڕی خۆی هەبێت , چونکە زۆر جۆر لەکارگەی خۆراکی هەیە , وەك (کارگەی بەرهەم هێنانی گۆشت , کارگەی پەنیرو کەرە و کرێم و کارگەی مرەباو شەربەتی میوە ) کەهەریەك لەم کارگانە ئامێرو ماکینەی تایبەتی خۆی هەیە .

٢. بازاڕ :

بازاڕبۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی کارگە زۆر پێویست و گرنگە و دەبێت کارگە لەبازاڕەوە نزیك بێت .چونکە مەبەستی بەرهەم هێنانی فرۆشتن و قازانجە کە ئەمەش لەبازاڕەوە دەست دەکەوێت .

٣. دەستمایە :

بوونی دەست مایە زۆر گرنگە , چونکە قازانجی پارەی پێویست بۆ دروست کردنی کارگە دیاری دەکات و بۆیە پێویستە حسابی تێچوون و دیاری کردنی سەرچاوەی سەرمایەو بڕی قازانج کەلەداهاتوودا دەکرێت و چەندە کاردەکاتە سەر نرخی بەرهەم بکرێت .

٤. جێگەی کارگە :

جێگەی کارگە دەبێت زۆر گرنگی پێ بدرێت لە هەڵبژارنیدا ,کە پێویستە لەسەرچاوەی کەرەسەی خاوو بازاڕەوە نزیك بێت , بەتایبەتیش لەشارە گەورەکانەوە .

٥. هێزی کار :

دەبێت کارگە لەجێگەیەك دابێت کە ژمارەی هێزی کاری پێویستی لێ بێت , بیر لەوە بکرێتەوە کەکارگە پەکی نەکەوێت لەسەر کرێکار .

٦. کەرەستەی خاو :

کەرەستە خاو دەبێت گرنگی پلەیەکی پێ بدرێت , چونکە نەبون و دەست نەکەوتنی کەرەسەی خاو مانای داخستن و پەك کەوتنی کارگەیە .

بۆ نموونە : ئەگەر کارگەیەکی ( ئەلبان ) لەجێگەیەکدا بکرێتەوە کەمەڕو ماڵاتی زۆری لێ نەبێت , ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەرەستەی خاوی لە شوێنی ترەوە بۆ بهێنرێت کە ئەمەش دەبێتە بەرز بوونەوەی نرخ و کەمی بازاڕو قازانجی بەرهەم .

٧. هۆکانی هاتوو چۆ و خزمەت گوزاری و کادری ئیداری :

کە پێویستە کارگە لە جێگەیەکدا بێت کە ڕێگای هاتوو چۆی بەسەرەوە بێت وبەئاسانی هۆکانی هاتوو چۆی بگاتێ و هەروەها لەسەرچاوەی ئاوو ووزەی کارەباشەوە نزیك بێت و لەهەمان کاتیشدا کادری ئیداری شارەزاو کارامە و جێگەی نیشتە جێ بوونیان بۆ بڕەخسێنێت , بەم شێوەیە ئەگەر ڕەچاوی ئەم خاڵانەو هەندێکی تریش بکرێنەوە کەلەکاتی دانان و دامەزراندنی کارگەدا دێتە پێشەوە , هەموو کارگەیەکی پیشەسازی بەرهەم



کوردایەتی لە نێوان ...

هێن سەرکەوتوو دەبێت و قازانجی لێ دەکرێت ,بەپێچەوانەشەوە زەرەر مەندو ئیفلاس دەکات .

بەمەبەستی زیاتر گرنگی دان بە پیشەسازی خۆراکی لەکوردستاندا بۆ ئێستاو داهاتووشمان , پێشنیاز دەکەین کە :

١. هەردوو وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و وزە و زانکۆی سلێمانی هەوڵ بدەن بۆ دانان و دامەزراندنی کارگەی خۆراکی لەچوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ دا هەوڵی ئامێرو ماکینە پەیداکردن بدەن . کە دەچنە پیشەسازی خۆراکییەوە .

٢. لەبەرئەوەی کادری پسپۆڕ لەبواری پیشەسازی خۆراکیدا و بوارەکانی تریشدا کەمن , بۆیە پێشنیاز دەکەین کە حکومەت ساڵانە ژمارەیەك خەڵکی ( پسپۆڕو شارەزاو لێهاتوو و گەنج ) بنێرێتە دەرەوەی کوردستان بۆ سەردانی زانستی , بەمەبەستی زیاتر شارەزابوونی هەریەکە لەبواری پسپۆڕی خۆی دا .

سەرچاوەکان :-

١. هندسة معامل الاغزية / د . عامر حميد سعيد / سليمانية / ١٩٨١ .

٢. تصنيع الفواكه والخضروات / احمد عطية غراب / قاهرة / ١٩٦٦ .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ١٩٤٦ لە ١٢ /٩ / ١٩٩٩ دا دا بڵاوکراوەتەوە.

# گرنگی کارگە بچووکە بەرهەم هێنەکان لەبوژاندنەوەی ئابووری کوردستاندا*

ئاشکرایە لەسەرەتای دروست بوونی ژیان و پێکەوەنانی خێزان و دروست بوونی کۆمەڵگای جیاواز لەڕووی ئینتمای نەتەوەو زمان و کلتورو مێژوو جوگرافیا وە, هەوڵدان و ململانێ لەنێوانیاندا دەستی پێکردووە , لەپێناو دابین کردنی ژیان و گوزەرانێکی باش لەڕووی سیاسی وئابووری و کۆمەلأیەتیەوە , بۆ هاووڵاتیانی سەربە کۆمەڵگاکانیان .

وەك ئاشکراو ڕوونە کێشەی سەرەکی و خاڵی دەستپێکردنی ململانێکان , چ لەڕووی سیاسیەوە بێت یان لەڕووی سەربازی و بەرپابوونی جەنگەوە بێت , کێشەی ئابووری کێشەیەکی سەرەکی و کارگەریەکی هەمیشەیی هەبووە .

لەدونیای کۆن و ئێستاشدا پاڵنەری سەرەکی بۆکۆمەڵگا یان وڵاتێك بۆ هێرش کردن و داگیرکردنی هەر وڵات و کۆمەڵگایەکی تر , کێشەی ئابووری و خراپی باری گوزەرانی هاوڵاتیان و کەم کردنەوەی ڕق و بێزاری هاووڵاتیان بووە , بەمەبەستی پەیداکردن و دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانێکی نوێی زۆرو زەوەند , بۆ پڕکردنەوەی کەم وکوڕی وڵات و کۆمەڵگا.

لەدێر زەمانیشەوە وتراوە ( بڕینی گەردن نەك بڕینی ڕۆزی ) ئەمەش گرنگی ئابووری و داهات و نان دەردەخات . لەزۆر وڵات و کۆمەڵگادا , ئەوەندەی کێشە ئابووریەکان و قورسی باری ژیان





و گوزەران و هەژاری بونەتە فاکتەری هەڵگیرساندنی ململانێ وشۆڕش و ڕاپەڕینەکان ئەوەندە فاکتەرە سیاسیەکان وەك نەبوونی دیموکراسی و زوڵم و زۆری قەدەغەکردنی ئازادیەکانی تاك و کۆمەڵ نەبوونەتە هۆی ململانێ و ڕووبەڕووبونەوە .

لێرەدا مەبەستمان بەکەم گرتنی فاکتەرە سیاسیەکان نیە , بەڵکو دەرخستنی گرنگی ئابووریە لەسەر سەرتاپای ژیانی هەموو کۆمەڵگایەك .

هەمیشە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە لە هەموو هەل و مەرجێکدا هەردوو فاکتەری سیاسی و ئابووری دوو جمکی لێك دانەبڕاون و دووجەمسەری سەرەکی سەرجەم ململانێکانن دەرئەنجامی ئەم ڕاستیەش دابەش بوونی دونیای سەردەمی جەنگی ساردبوو لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە بەسەر دوو بلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداریدا . لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا هەموو مرۆڤێك تەنانەت زۆربەی کۆمەڵکاکانیش تا نەبوونی هەژاری و برسێتی زۆری بۆ نەهێنابن دەستیان نەداوەتە ململانێ و ڕوو بەڕوو بونەوە و شۆڕش وڕاپەڕین کردن , چونکە مرۆڤ تا پێداویستیەکانی ژیانی لەڕووی ئابووری یەوە دەستەبەر نەکات بیر لەمافە سیاسی و ئازادی و دیموکرسیەکانی پێ ناکرێتەوە .لەسەردەمی جەنگ و ئاشتیشدا , تاپێداویستیە مادیەکان یان ڕاستر پێداویستیە ئابووری یەکان دابین نەکرێت وەك پۆشاك و خۆراك و ..هتد .

ناتوانرێت ململانێ و شۆڕش و داهێنان وپێشکەوتنەکان دەستەبەر بکرێن و سەرکەوتن بەدی بێت .

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە ئابووری بناغەو ژێر خانی گشت کۆمەڵگایەکە . دەبێت سەرجەم ئامانجی ڕاپەڕین و شۆڕش و هەوڵدان بۆ گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن هەر دەستەو گروپێکەوە بێت , سەرەتاو کۆتای مەبەستەکانیان خۆش گوزەران کردنی هاولاّتیانیانەو باش کردنی ئاستی گوزەرانیانەو لەکۆتایشدا دابین کردنی مافە سیاسی و کەلتوری و کۆمەلاّیەتیەکان و ..هتد . لەزەمەنی ئاشتیشدا , بنچینەی هەموو پێشکەوتن و داهێنانێکی نوێ ,ئابووریەکی تۆکمە وجێگیرو بەهێزە .نمونەش ولاّتانی ئەمریکاو زۆر لەولاّتانی ئەوروپاو دونیای پێشکەوتووە .

بەمێژووی کۆن و نوێدا بگەڕێن و وردبینەوە لەسەرکەوتن و پێشکەوتن و دروست کردنی شارستانیەتیەکانی ڕۆمان و هیندی و میسریەکان وفارسەکان و ئیسلام ,دەبینین کە گرنگی دانیان بە بوژاندنەوەی باری ئابووریان و دۆزینەوەی کەرەسەی خاو و پەیداکرنی بازاڕو دروست کردنی کارگەی بچوکی بەرهەم هێنەر بووە و بەم شێوەیە بناغەو بنچینەی ئابوورییەکی تۆکمەو بەهێزیان داڕشتووە ,کەبۆتە هۆی مانەوەو درێژەپێدانی تەمەنی دەسەلاّت وشارستانیەتەکانیان .





هەموو خاوەن شارستانیەتەکۆنەکان ,لەپیشەسازی بچووك و خۆماڵیەوە ,توانیویانە گەشە بکەن و کاروانی پێشکەوتنیان بەردەوامی پێ بدەن .

لەکۆمەڵگای کوردەواری خۆشماندا هاوشانی ئەم نەتەوەو کۆمەلگایانە لەکۆنەوە دەستیان داوەتە پیشەسازی خۆماڵی و توانیویانە ژیانی خۆیان فەراهەم بکەن .

زۆربەی ناوچە کانی کوردستان لەبەر سەختی و دووریان لەئاوەدانی و نەبوونی ڕێگای هاتوو چۆ , بەتایبەتیش لەزستاندا , وای لەدانیشتوانی ئەوناوچانە کردووەکەوەك ناوچەی هەورامان ( ئیعتیمادی ) تەواوی خۆیان بخەنە سەر ئەو کەرەسانەی کە خۆیان دروستیان دەکردو بازرگانیان پێوە دەکرد بۆ ناوچەکانی تر .

کاتێکیش شار و ئاوەدانی دروست کران وەك شارەکانی هەولێرو کەرکوك وسلێمانی و دامەزراندنی ئیماراتە کوردیەکان , دەسەلاّتداران هەر لەدەستپێکردنی بناغەی شارەوە,بیریان لەدامەزراندنی زۆر لەپیشەسازی و کارگەی بچوکی بەرهەم هێنی وەك (پێستە خۆش کردن ,ڕیخۆڵە چاکردن , ڕەنگ کردنی خوری , دروست کردنی سابوون , دروست کردنی ئامێری کشتوکاڵی و تەقەمەنی و جەنگ ودروست کردنی داوو دەرمان و گەلێکی تر .. کردۆتەوە .

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەباوو باپیرانمان ویستویانە و لەبیریاندا بووە کە لەدوا ڕۆژیشدا گەشە بەم جۆرە پیشەسازییە

بدەن , بەڵام کوردستان بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و جوگرافیایەوە نەهامەتی و جەنگ و داگیرکردنی زۆری بەسەردا هاتووە کەتاکو ئەمڕۆشمان هەر بەردەوامە . ولەئەنجامی نەبوونی دەسەڵات و کیانێکی سەربەخۆی کوردیدا نەتوانراوە گەشە بەم کارگە بچوکانە بدرێت و پێشبخرێت لەڕووی ئامێرو مەکینەو تەکنەلۆژیای سەردەمەوە .

بۆیە لەئێستادا و لەسەردەمی حکومەتی کوردیداو لەژێر سایەی دیموکراسی و ئازادی ئەم بەشەی کوردستاندا , سەرەڕای هەبوونی ئاستەنگ و بەربەستە سیاسی وئابوورییەکان . ئەرکێکی زەروری و هەنوکەیی حکومەتی هەرێمە کەهان و پشتگیری کەرتی گشتی و تایبەتیش بدات بۆ دروست کردن و دامەزراندنی کارگەی بچوکی بەرهەم هێن لەکوردستاندا و لەجێگەی جیاواز , کەکەرەسەی خاووی بەرهەم لە وجێگایانە دەست دەکەون .

چەند کارگەیەکی پچوك دروست کراون کە جێگەی دڵخۆشین و لەڕووی قازانج و داهاتیشەوە زۆر باشن , وەك کارگەی خوێ ی یۆدی بازیان وکارگەی ڕستن و چنین و شیکردنەوەی خوری لەتەق تەق و کفری و ئاوی تەماتەی کۆیە .

دەکرێت زۆر کارگەی پچوکی بەرهەم هێنی تریش دابمەزرێت وەك کارگەی دروست کردنی پەنیرو کارگەی لەقووتوونانی میوەو مرەبا دروست کردن و کارگەی سابوون و پاکژ کەرەوەکان و کارگەی دروست کردنی نایلۆن و بەرهەمەکانی و کارگەی





دروست کردنی کاغەز و مەرەکەب و بۆیاخ و گەلێکی تر , کە ئەم بەرهەمانە زۆربەیان کەرەسەی خاویان لە کوردستاندا دەست دەکەوێت ودەکرێت حکومەتیش هاندەرو پشتگیریان لێ بکات .

لەگەڵ ئەوەی کەهەندێ ئاستەنگ و ڕێگر هەن بەڵام کاتێ مەسەلە دێتە سەر پارەو داهات و بازرگان و بەرژەوەندی زۆر لەوڵاتەکانی ناوچەکەش هاوکاری دەکەن , نمونە ی بازرگانی مۆزو چاو جگەرەو خۆراك و بازرگانی نایلۆن و ئاسنەکۆن , کە چۆن دەبرایە دەرەوەی کوردستان و لەدەرەوەش زۆر جار کەل و پەلی یەدەگی کارگەو کەرەسەی خاویان بۆ دەناردین , ڕاستی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنن .

بۆیە دەکرێت ئەگەر حکومەتیش خۆی لەتوانایدا نی یە ئەم کارە بکات , کار ئاسانی بۆ دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکان بکات کە ئەو کارە بکەن ئەویش بە :

١. هاندانیان و پشتگیری کردنیان لەڕووی ئیداری و دابین کردنی پێداویستیەکانی زەوی و بیناو شتی ترەوە .

٢. وەرگرتنی بڕێکی کەم لەگومرگی هێنانی کەرەسەی خاوو ئامێرو مەکینە .

٣. وەرنەگرتنی باج تا ماوەیەکی دیاری کراو یان ئەگەر وەریش گیرا بڕێکی کەم باجیان لێوەربگیرێت .

٤. لەڕووی پێدانی سلفەی پارەوە هاوکاری و کارئاسانیان بۆ بکرێت لەڕێگەی بانکی پیشەسازی یەوە ( مصرف الصناعی ).

٥. لەڕووی پەیوەندی بەدەوڵەتانی دراوسێشەوە کار ئاسانی هێنان و پەیداکردنی کەرەسەی خاوو ئامێریان بۆ بکرێت و لەڕووی فرۆشتنی بەرهەمەکانیشەوە بازاڕیان بۆبدۆزرێتەوە .

٦. ئەگەر حکومەتیش خۆی ئەم کارە بکات دەتوانرێت لەئێستادا لەڕێگای قۆناغەکانی بڕیاری ٩٨٦ وە وەزارەتە پەیوەندی دارەکانەوە وەك وەزارەتی پیشەسازی و وزە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هانی ئەو ڕێکخراوانە بدرێت کەهەندێ کارگەی بچوکی بەرهەم هێن دابمەزرێنن .

بەم شێوەیەش دەکرێت گرنگی ئەم کارگە بچوکانە دەربخەین لە :-

١.ژمارەیەکی باش لەهاولاتیان لەبێکا ری ڕزگاردەکەین .
٢. فرسەتی کاری تازەش بۆ هاولاتیان دەدۆزینەوە .
٣. جولەیەکی باشیش لەبازاڕو بازرگانی ناو خۆدا دروست دەکەین .
٤.لەڕووی داهاتی نەتەوەیی و قازانجیشەوە بەسودن .

لەئەنجامیشدا کەمەبەستمانە ژێر خان و ئابووری کوردستان دەبوژێنینەوە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ( ١٨٥١ )لە٣ /٥/ ١٩٩٩دا بلاوکراوەتەوە.





## پلانی بەتایبەتکردنی کارگە و دامەزراوە حکومیەکان لەنێوان هەڵەی جێبەجێکردن و زەرورەتی قۆناغەکەدا*

❖ ئاشکرایە لە سایەی سیستەمی دیموکراسی و ئازادی و سەربەستیدا کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا تیایدا دەژی سەرجەم بوارەکانی ژیان لە سیاسەت و ئابوری و کۆمەلایەتی و ئەدەب و هونەر و...هتد.پێشدەکەون و گەشەی زیاتر و داهێنانی بەرچاویش بەخۆوە دەبینن نمونەش هەموو وولاتانی دنیای پێشکەوتووی ئەوروپاو ئەمریکاو یابان و ..هتدن و کۆمەڵگاکانیشیان لە ئاستێکی بەرزی ژیان و خۆشگوزەرانیدان. لەبەرامبەریشدا ئەو وولاتانەی سیستەمی دیکتاتۆری و تاك ڕەوی و شۆڤێنی پەیرەو دەکەن و ڕێگە بەهیچ تاك و گروپێك نادەن کە داهێنان و پێشکەوتن ئەنجام بدەن. سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکانیان بەدواکەوتویی و گەشەنەکردوی ماونەتەوە و گەلەکانیشیان هەژار و نەخوێندەوار و دواکەوتوون و ئاستێکی نزمی ژیان بەسەر دەبەن نمونەی ئەو وولاتانەش هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی عەرەبی و ئیسلامی و کۆنە بلۆکی سۆسیالیستی جارانن. عێراقیش وەك یەکێك لەو وولاتانەی بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی و بەتایبەتیش لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی سەدامیدا کە سیاسەتێکی ئابوری داخراو و

ئاڕاستەکراوی پەیڕەو دەکرد بەناوی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئیشتراکیەوە کە تەنها لە بەرژەوەندی ڕژێمەکەدا بوو نەك گەلانی عێراقدا. هەر بۆیە کۆمەڵگای عێراقی ببوە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و هەژار و نەخوێندەوار و بخۆر و بێ بەرهەم و بێ داهێنان و گەشەنەکردوو, هەرچەندەعێراق وولاتێکی دەوڵەمەندە لە ڕووی نەوت و کانزا و کشتوکاڵ و ئاودێری و ...هتدەوە.

کۆمەڵگەی کوردەواریش لەکوردوستاندا و لەسایەی ئەو ڕژێمەدا چەندین جار بەدواکەوتوویی و هەژاری و نەخوێندەواری مایەوەو هیچ پێشکەوتن و داهێنان و کرانەوەیەکی بەخۆیەوە نەبینی لەهیچ کام لەبوارەکانی ژیاندا. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ە ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و نەمانی ڕژێمی زوڵم و زۆر و کوشتن و بڕینی بەعس وئاوەدانکردنەوەی کوردوستان و بوونی ئازادی و دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئابوری کراوە و شەفاف لەلایەن حکومەتەوە بازاڕەکانی کوردوستان بەشێوەیەکی گەورەوفراوان کرایەوە لەبەردەم کاڵاو پۆشاك و ئامێر و ئۆتۆمبێل و ..هتدی دونیادا و ئایوری کوردوستان و بازاڕەکانی جوڵەیەکی بێوێنەیان بەخۆوە بینی و گەشەکردن و پێشکەوتنی بەرچاویان تیادا ڕوویداو لە ئێستادا هەموو جۆرە کاڵایەکی وولاتە پێشکەوتوەکانی دنیا لەکوردوستاندا بەسانایی و بەنرخێکی گونجاو دەسدەکەون و بەتایبەتیش دوای ئازاد کردنی عێراق و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەرانی هاوولاتیان. حکومەتی هەرێمیش بەفیعلی دەستی





کردووە بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتایبەتکردنی کارگە بەرهەمهێنەرەکان و دەزگا حکومیەکانی تر و ڕێگە خۆشکردن و کارئاسانی کردن بۆ کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکانی دونیاش بۆئەوەی کاری وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەکوردوستاندا بەئەنجام بگەیەنن و لەو ڕێگەیەشەوە ئابوری و بازاڕەکانی کوردوستان گەشە پێبدەن و زیندوو بکەنەوە.

پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتی کرانەوە و شەفافیەتی ئابوریە و بەتایبەتکردنی کەرتی گشتی و بازاڕی ئازادوکێبەرکێکردنی نرخ و بازاڕ سەد دەرسەد لەگەڵ گرنگی و زەرورەتی قۆناغەکەدا یەکدەگرێتەوە و دەگونجێت و پێویستیش دەکات کە حکومەت و وەزارەتەکانی کارئاسانی زیاتریش بکەن لەو بوارەدا.ئاشکراشە پرۆسەیەکی وا گەورەو گرنگ و تاڕادەیەکیش نامۆ و نوێ بەسەرکردایەتی سیاسی( کە بڕوای زۆریان هەبوو بەسیستەمی ئیشتراکی و زەمانێکی زۆریش دژایەتی سەرمایەداری و هەموو سیاسەت و بۆچوون و دیاردەیەکی سەرمایەداریشیان دەکرد)وڵاتەکەمان و حکومەتەکەشمان و جەماوەرەکەشی لەسەرەتاوە بە سانایی جێگەی قبوڵ و ڕەزامەندی نابێت لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژووی گەل و وڵاتەکەمان پەیڕەوی سیاسەتێکی ئابوری داخراو و ئاڕاستەکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کراوە جا گواستنەوە لەقۆناغێکی وا دواکەوتوو پڕ لە هەڵە و بەناو ئیشتراکیەوە بۆ قۆناغێکی زۆر گەورەو فراوان و نوێی سەردەم و کراوە و بێ سانسۆری دەوڵەت کارێکی هەروا سانا و

بێ گرفت نابێت.هەربۆیە پێویست دەکات کە سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتیش سوود لەتوانا زانستی و ئەکادیمی و پسپۆڕەکانی بواری ئابووری وەربگرن و کار بۆئەوە بکەن کە پلانێکی زانستی و وورد و گونجاو دابنێن و پەیڕەو بکەن و کادری شارەزاوپسپۆڕیش لەبوارەکانی ئابوری و یاسا نێودەوڵەتیەکان و گرێبەست و ڕێکخستنیاندا پێبگەیەنن و سوود لەتوانا مادی و مرۆییە نێودەوڵەتیەکانیش وەربگرن و میکانیزم و ئالیەتێکی ڕوون و گونجاویش هەڵببژێرن بۆ جێبەجێکردن و کارکردن لەسەری بۆئەوەی نەکەونە هەڵەی کوشندە و گەورەی واوە کە بەدەیان ساڵ سامان و سەروەت وگەلەکەمان باجەکەی بداتەوە.لەئێستادا وەزارەتی پیشەسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان چەند هەنگاوێکی سەرەتایی و گەورەی بە ئاڕاستەی بەتایبەتیکردنی کارگە و دامەزراوە حکومیەکانی گرتۆتە بەر کە مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشی لێکردنن هەرچەندە هەندێ هەڵە و کەموکوڕی یاسایی هەیە لەو گرێبەست وشەراکەتانەداکە ئەنجامی داون لەو کارگانەش کە شەراکەت و گرێبەستی لەگەڵدا کردوون لەو چوارچێوەی بەتایبەتیکردنانەدا وەك کارگەکانی چیمەنتۆ و جگەرەو جل و بەرگ و ئاوی کانزا و لەهەولێ نوێشدایە بۆ دامەزراندنی چەند کارگەیەکی نوێی تر بەشەراکەت و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکاندا وەك کارگەیکانی مەڕمەڕ و جیپسۆمبلۆك و بەتانی و...هتد.





هەموو ئەم کارنە سەرمەشقن بۆ تێکەڵاوبوون بە ئابووری و بازاڕەکانی دنیای پێشکەوتوو بۆیە لەگەڵ ئەو کەموکوڕیانەشدا مایەی دەستخۆشی لێکردنن.لەهەمان کاتیشدا پێویست دەکات کە لەداهاتوودا بەدیقەتتر و ووردتر ئەو گرێبەست و شەراکەتانە ئەنجام بدرێن بەپێی پلانێکی زانستی گونجاو و پێوانە جیهانیەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ گەورەیی و گرنگی قۆناغ و سەردەمەکەدا بگونجێت کە کۆمەڵگای کوردەواری پیایدا تێپەڕ دەبێت و لە قۆناغێکی دواکەوتوو داخراوی ئابوریەوە بەرەو قۆناغێکی نوێ و کراوە و ئازادی ئابوری هەنگاو دەنێت.

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٣٦٨٣ لە ٢٩/٥/٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## زیادکردنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو لەلایەن ئۆپیکەوە بەقازانجی کێ یە؟*

❖ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن نەوتێکی زۆرن و دەتوانن کاربکەنە سەر نرخ و ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لەدونیادا.لەنێوان خۆیاندا ڕێکخراوێکیان پێك هێناوە بەناوی ڕێکخراوی ( ئۆپیك ) کە لە ١١ ئەندام پێك هاتوە و زۆربەی ئەندامەکانی لەدەوڵەتە عەرەبیەکان پێکهاتووە. ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەر دەگێڕێت لەسەر ئابوری زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دونیا ,بەوەی هەر کاتێك بڕی بەرهەمهێنانی نەوتیان کەم بکەنەوە ئەوا نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە و کاردەکاتە سەر بودجەی دەوڵەتان و باری جێگیری ئابوریان تێك دەدات.هەربۆیە هەمیشە دەوڵەتە زلهێزەکان و خاوەن بەرژەوەندیەکان و لەپێش هەمووشیانەوە ئەمریکا بەبەردەوامی هەوڵ و فشاری خۆی بەکاردەهێنێت لەسەر ڕێکخراوی ئۆپیك بۆ ئەوەی بڕی بەرهەمهێنراوی نەوتیان بەرزبکەنەوە و بەو پێیەش نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا دادەبەزێت و بڕی پێویست لەنەوت عەمبار دەکەن.

لەڕۆژانی ٢٨ و٢٩/٣/٢٠٠٠ دا ڕێکخراوی ئۆپیك لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا کە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکەی تیادایە.کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.دوای دوو ڕۆژ لە





کۆبونەوە و مشتومڕێکی زۆر لەنێوان لایەنگرانی زیادکردنی بەرهەم کە زۆرینەن و لایەنگرانی ڕاگرتنی بەرهەم لەم ئاستەی ئێستایدا کەتەنها ( ئێران و عێراقن ), کۆبونەوەکە نەگەیشتنە ئەنجامێکی دیاریکراو چونکە بڕیاردان لەڕێکخراوی ئۆپیکدا بە ( گشتیە)نەك بەزۆرینە هەربۆیە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕێك نەکەوتن لەسەر یەك بڕیاری دیاریکراو کە سەرجەمیان پابەندبن بەجێبەجێکردنیەوە.بڕی بەرهەمهێنان بەڕێژەی ١ر٧ ملیۆن بەرمیل کە دەکاتە ٧٪بەرامبەر بڕی بەرهەمهێنانی ساڵی ڕابووردوو.کە ئەم بڕیارەش لە ١/٤/٢٠٠٠وە کاری پێدەکرێت.

وەزیری نەوتی ئێران هەر دوای بڕیارەکە هۆڵی کۆبونەوەکانی بەجێهێشت و بڵاوی کردەوە کە وڵاتەکەی پابەندی ئەم زیادکردنە نابێت, عێراقیش لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ئەم بڕیارە وەك پلانێك وایە دژ بە عێراق. بەڵام ئەمینداری گشتی ڕێکخراوەکە ڕایگەیاند کە ئەم بڕیارەیان لەبەرژەوەندی وولاتانی بەرهەمهێن و بەکارهێن داوە و ڕەچاوی بڕی بەرهەمهێنان و نرخی نەوتیان کردوە لەبازاڕەکانی نەوتدا و لەژێر کاریگەری هیچ فشارو چاوسوورکردنەوەیەکی هیچ دەوڵەتێکدا نەبووە.

بەڵام ئەم ڕێکنەکەوتنی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوە ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوەکە ئەندامانی ئۆپیك هەمیشەو تاسەر هاودەنگ و هەمئاهەنگ نین لە بڕیارەکانیانداو پێدەچێ بکەونە ژێر کاریگەری و فشاری زلهێزەکانەوە و هەریەکەیان ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆی دەکات و بڕیارەکانیان بڕیارێکی ئابووری

ڕووت نیە.وەزیری نەوتی جەزائیری بۆ خاوکردنەوەی مشتومڕەکان ڕوونیکردەوە کە ئەم بڕیارەیان بەزیادکردنی بڕە بەرهەمهێنانی نەوت تائەوکاتە کاری پێدەکەن کە نرخی ١ بەرمیل نەوت لە ٢٢دۆلار دانەبەزێت, ئەگەر لەو نرخە زیاتر دابەزی ئەوا ٥٠٠ هەزار بەرمیل کەم دەکەنەوە لەبڕی زیادکراو و وادەکەن کە نرخی ١ بەرمیل نەوت لەنێوان ٢٢-٢٨ دۆلار دا جێگیربێت.

ئەم ڕێکەوتنە نوێیە بەڕێکەوتنی ( ڤییەنا) . یان ڕێکەوتنی ( ٩) ئاماژە بەو نۆ ئەندامەی کە ڕازی بوون لەسەر زیادکردنەکە جگە لە ئێران و عێراق.ناودەبرێت, ڕێکەوتننامەکە جێگەی ڕەزامەندی ئەمریکاو ئەوروپا بوو, بیل کلنتۆن دەستخۆشی لە ئەندامانی ئۆپیك کرد.ڕێکخراوی ئۆپیك لە مانگی ئازاری ١٩٩٨ دابەهەموو ئەندامەکانیەوە ڕێککەوتبوون لەسەر کەم کردنەوەی بەرهەم هێنانی نەوت, بەم پێیەش لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا نرخی یەك بەرمیل نەوت لە ١١ دۆلارەوە گەیشتە ٣٢ دۆلار ئەم بەرزی نرخە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر بازاڕەکانی دنیا بەتایبەتیش ئەمریکا.هەربۆیە ئەمریکا لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا زۆر هەوڵیدا کە ڕادەی بەرهەمهێنان زیادبکەن بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو.تا ٢ هەفتە لەمەوپێش کە وەزیری وزەی ئەمریکی ( بیلٚ ڕیچارسۆن) سەردانی ناوچەی کەنداوی کردو تیایدا سەردانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و عوممان و کوێتی کرد.کە دەوڵەتانی سەرەکین لە ڕێکخراوەکەدا و دوای ئەم





سەردانە ئەم گۆڕانکاریانە ڕوویداوە بەم شێوەیە بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و ڕێك نەکەوتنی سەرجەم ئەندامانی ئۆپیك لەسەر یەك سەقفی دیاریکراو و یەکگرتوو بەتەنها لە قازانجی ئەمریکادایە بە پلەی یەکەم.چونکە ئەمریکا گەورەترین بەکارهێن و بازاڕی فرۆشتنی نەوتی هەیە.نەوت بۆ ئەمریکا پێداویستیەکی سەرەکی و گرنگە بەتایبەتیش لەساڵانی ساردو سەرماو زریانی وەك ئەمساڵدا کە زیاد لە ٣٠٠ملیۆن دۆلار لەسەروو بودجەی ساڵی ٢٠٠٠وە تەرخانکرا بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت و هەژار و ناوچە کارەسات بارەکان بە لافاو وزریان. بەم شێوەیە ڕێککەوتنانمەی(( ڤیەننا)) و ڕێکخراوی ئۆپیك بەقازانجی ئەمریکا شکایەوە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١١١ لە ٢٠٠٠/٤/٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەرزبونەوەی نرخی نەوت
# لە بازاڕەکانی جیهاندا لە بەرژەوەندی کێدایە؟*

❖ ئاشکرایە نەوت سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی وزەیە لەدونیادا کە بەمەزەندەی پسپۆڕانی بواری نەوت و وزە,گرنگی و ڕۆڵی نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزە بەدرێژایی سەدەی بیست و یەکەمیش بەردەوام دەبێت,گرنگی و بەهای خۆی هەر دەمێنێت و سەرجەم دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان پێویستی زۆریان پێی دەبێت.ئاشکراشە ڕۆژ بە ڕۆژ پێداویستی مرۆڤایەتی بۆ نەوت و پێکهاتەکانی ڕوو لە زیادبوونە,بەزیادبوونی داهێنانەکان,پرۆژە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی دابەشبوونی نەوت لەدونیادا بەشێوەیەکە کە ئەو وولاتانەی پێشکەوتوون و وولاتی پیشەسازین,نەوت تیایدا کەمە وبەشی پێداویستیەکانیان ناکات,یان هەر نیە,بەپێچەوانەشەوە ئەو وولاتانەی کە ناتوانن نەوت و پێك هاتەکەی بە خاوی و بەشێوەی پیشەسازی بەکار بهێنن.نەوت بەرێژەیەکی زۆر تیایاندایە. کە ئەم ناهاوسەنگی و جیاوازییە,لەدابەشبووندا لەلایەك بۆتە جێگەی چاو تێبڕین و دەستێوەردانی دەوڵەتانی گەورەی پیشەسازی و کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەکاروباری دەوڵەتانی خاوەن نەوت.بەمەبەستی سانا بەدەستهێنان و دەسکەوتنی نەوت بە نرخێکی هەرزان و گونجا و بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان. لەلایەکی تریشەوە





دەوڵەتانی خاوەن نەوت.هەرچەند لە ڕووی سیاسی و پیشەسازی و سەربازییەوە,لەدواوەی ئەو ولاَتانەوەن و بێهێزن و هەندێ جار خۆیان ڕادەپسکێنن ولە ڕووی بەرزکردنەوەی نرخی نەوتەوە ئاژاوە و پشێویەك دەنێنەوە,بەمەبەستی دەسکەوتنی بڕێك قازانج,بەم شێوەیە ئەم ململانێ و کێشمەکێشمە لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدایە. نەوت وەك چەکێکی کوشندە و کاریگەر لەزەمانی جەنگ و ئاشتیدا لە ململانێکان و ژیانی کۆمەڵگاکاندا بەکارهاتوە و کاریگەریشی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و سیاسەت و گۆڕانکارییەکاندا هەبووە. کێشەی وزە لە ساڵەکانی حەفتای سەدەی بیستدا,کێشەیەکی دیار و لەبیر نەکراوە لەمێژووی ململانێکاندا بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبیدا لەنێوان وولاتانی ڕۆژئاوا وڕۆژهەلاتدا و نرخی نەوت بەرێژەیەکی بەرچاو بەرز بۆوەکە بوە هۆی تەنگ پێهەڵچنین و تەنگەتاوکردنی وولاتانی پیشەسازی. لەئێستادا کە نرخی نەوت بۆ بەرمیلێك لە ٥٠ دۆلار نزیك بۆتەوە,کە ئەم نرخە بەڕادەیەك بەرز بۆوە بۆتە مایەی نیگەرانی سەرجەم دەوڵەتانی پیشەسازی و کۆمپانیا نەوتیە گەورەکان.بەرزبونەوەی ئەم نرخە لەمێژووی بواری نەوتدا بێهاوتایە,بەتایبەتیش لەوەرزی هاویندا کە بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی نەوت لەدونیادا کەمترە لەبەرامبەر وەرزی زستانی تەڕو تووشی و سەرمادا.

زۆربەی پسپۆڕان وای بۆ دەچن کە بەهۆی جەنگ و شەڕوشۆڕی ناو عێراقەوە و بەهۆی شکاندنی بۆرییە نەوتیەکان و وەستانی هەناردەی نەوتی عێراقەوە و کارە تێکدەرانەکانەوە ئەم بەرزبونەوەی نرخە ڕوویدابێت.بەڵام بەڕای ئێمە ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە.بۆ ئەو بەرزبونەوە کتوپڕو خێرایەی نرخی نەوت.لەبەرهۆیەکی زۆر ساکار کە ئەویش ئەوەیە عێراق لەماوەی سیانزە ساڵی گەمارۆی ئابوریدا کەبەشی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی پێشتری ٥ر٣ ملیۆن بەرمیل بووەکەلەلایەن ڕێکخراوی ( ئۆپیک)ەوە بۆی دیاریکرابوو و هیچ کات ئەو بەشەی خۆی بەرهەم نەهێناوە و لە ئێستاشدا ڕۆژانە نزیکەی ١-٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت بە شێوەیەکی پچڕپچڕ,لەگەڵ ئەمانەشدا نرخی نەوت لەماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا ئەوەندە بەرزنەبۆوە,ئەی کەواتە ئەم بەرزبونەوەیە لەکوێوە و بۆ بەرژەوەندی کێیە؟

ئاشکرایە کەلەکاتی جەنگ و پشێویەکاندا لەدونیادا و بەتایبەتیش لەناوچە نەوتیەکاندا تەنگژەو بەرزبونەوەی نرخ لە بازەڕەکانی نەوتدا ڕوودەدات.بەڵام ئەم حاڵەتەی ئێستا کە بەرزبونەوەیەکی بێ وێنەیە بارودۆخی عێراق ڕۆڵی سەرەکی تیادا نیە.چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو هەر لەسەرەتای ڕزگارکردنی عێراقەوە ئەم حاڵەتە ڕوویبدایە.چونکە کارە تێکدەر و تیرۆریستیەکان ئامانجیان هەرلەسەرەتاوە پڕۆژەخزمەتگوزاریەکان و بنەما ئابوریەکان و بواری نەوت بووە





لە عێراقدا. کەواتە خوڵقاندنی ئەم کێشەیە بەبەرنامە و پیلانی پێشوەختی داڕێژراوی دەوڵەتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت و لە ئەنجامیشدا هەر بە قازانجی خۆیان دەشکێتەوە.زیادبوونی نرخ, ڕاستەوخۆ مانای زیادبوونی بەرهەم و فرۆشتنی زیاترە لەلایەن وولاّتانی خاوەن نەوتەوە و کڕینی زیاتری نەوتیش لەلایەن وولاّتانی پیشەسازی و هەڵگرتنی بۆ وەرزی زستان و خەزنکردنی بڕێکی زیاتریش لەنەوت بۆ ئیحتیات.چونکە بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە و بەرزبونەوەی نرخی نەوت هیچ یەکێك لە دەوڵەتە پیشەسازیەکان هاواریان لێ بەرزنەبۆوە و کۆبونەوەی نائاسایی و هەشت قۆڵییان نەبەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.واتە ئەم بەرزبونەوەیە لە قازانجی ئەواندایە,نەوەك دەوڵەتانی بەرهەمهێن.

ئاشکرایە بواری نەوت فراوانە,و سەرمایە و دەستمایەی باشی دەوێت بۆ گەڕان و پشکنین بەدوای نەوتدا و دەرهێنان و گواستنەوە و ناردن و بارکردن و سازکاری تیایدا.کە هەموو ئەم کارانەش لەلایەن دەوڵەتانی پیشەسازی و کۆمپانیاکانی نەوتەوە ئەنجام دەدرێن,نەك دەوڵەتانی بەرهەمهێنەوە.دەکرێت ئەو پەندە کوردیەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت(( بەدەستی ڕاست دەیداتێ و بەدەستی چەپ لێی وەردەگرێتەوە)) بەم شێوەیە خوڵقاندن و درێژەپێدانی ئەم کێشەیە لەدەست و کاروکردارو بۆ قازانجی وولاّتانی پیشەسازی و کۆمپانیاکانی نەوتن,هێندە بۆ بەرژەوەندی زلهێزە داراییەکانە نیو هێندە بۆ قازانجی وولاّتانی

بەرهەمهێنی نەوت نییە. پێشبینیش دەکرێت ئەم کێشەیە بەردەوام بێت بەتایبەتیش کەبەرەو وەرزی زستان و ساردو سەرما دەڕۆین و پێدەچێت نرخەکان زیاتریش بەرزببنەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە ٩٧ لە ٤/٩/٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.





# بەشی سێیەم

# تەرشیقی ئیدارەو چەند پێشنیازێك*

❖ ئیدارە وەك عەقڵیەت و وەك دەزگایەكی بەڕێوەبردن ڕۆڵیكی مەزن و كارا دەگێڕێت لەزیاتر چەسپاندن و توندوتۆڵكردن و نەهێشتنی گەندەڵیی ئیداری و گەشەكردنی دام و دەزگاكاندا .

ئیدارە هونەرێكە لەهونەرە سەرەكییەكانی مرۆڤ كە نەوە دوای نەوە بۆی ماوەتەوە , ئیدارە هەموو ئەو كارانە دەگرێتەوە , كە سەرجەم ئامانجیان بەدیهێنان و جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی حكومەتە كە لەڕێگەی دامو دەزگا ئیدارییەكانەوە جێبەجێدەكرێن , ئەم دام و دەزگایانەش بریتین لەكۆمەڵە یاساو ڕێنمایی و پەیوەندی ئەو وڵات و كۆمەڵگایە لەسەردەمێكی دیاریكراودا , بۆ بەدیهێنان و جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی حكومەت .

دەكرێت بڵێین هونەری ئیدارە بریتیە لە ئاراستە كردنی توانای كۆمەڵە كەسانێك و گونجاندنیانە بەیەكەوە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاریكراودا . ئەم هونەری ئیدارەیەش لە حاڵەتێكی قەتیس و وەستاودا نییە , بەڵكو هەمیشە لە گۆڕان و بەرەو پێشەوە چووندایە , كەتیایدا هەموو توانا مرۆیی و سروشتی و داراییەكان دەخاتە گەڕ ,ئەم كارانەش بەكەسانێك دەكرێت , كەپێیان دەگوترێت (ئیداری) .





ئامانجی ئیداری باش و زانستی و سەركەوتوو ئەوەیە كە هۆكاری بەهەدەر چوون و ونبوون كەم بكرێتەوە , پاراستن و باشتر بەگەڕخستنی توانا مرۆیی و سروشتیەكانە , پاراستنی ژیانی فەرمانبەران و بەرزكردنەوەی ئاستی گوزەرانیانە , بەم شێوەیە ئامانجی ئیدارە بریتیە لە پاراستنی سیستەم و ئاسایش و دابینكردنی عەدالەت و بەرزكردنەوەی باری تەندروستی گشتی و پتەوكردنی بنەماكانی جێگیربوونی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و لەكۆتاییشدا فەراهەمكردنی ژیانێكی ئازادو خۆشگوزەرانییە بۆ هاوڵاتیان .

هەر دەسەڵاتێك بەبێ بوونی ئیدارەیەكی سەركەوتوو , كەخاوەن عەقڵیەتێكی كراوەو ڕۆشن بێت بەدەسەڵاتێكی ناجێگیر لەقەڵەم دەدرێت .هەوڵی ئێستای حكومەتی هەرێم بۆ (تەرشیقی ئیدارە ) هەنگاوێكی مەزنەو لەزەمان و زەمینەیەكی گونجاودایەو سەرەتای قۆناغێكی نوێ مژدە بەخشە .

**بەمەبەستی زیاتر سەركەوتن وبەئامانج گەیشتنی ئەم هەنگاوە (تەرشیقی ئیدارە) كە زیاتر لەبەرژەوەندی فەرمانبەرانی ئاستی خوارەوەدایە , پێشنیازدەكەین كە :-**

١. دەزگایەكی ناوەندی پلان و بەدوادا چوون پێكبهێنرێت , كەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێت .

٢.گرنگی تەواو بدرێت بەدەزگای ئامار لەکوردستاندا .

٣. دەرکرنی یاساو ڕێنمایی ئیداری و دارایی نویّ کە بگونجێت لەگەڵ ژیانی فەرمانبەران و بارودۆخی ئێستای کوردستاندا .

٤.گۆڕانکاری پێویست بکرێت لەیاسای ڕاژەی شارستانی فەرمانبەراندا بەتایبەت لەمووچەی ئیسمی و دەرماڵەکاندا بۆسەرجەم فەرمانبەران , چونکە ئەم یاسایەی کەئێستا کاری پێدەکرێت یاسایەکی کۆنی ساڵی ١٩٦٠ ەو لەگەڵ داواکاری ئاستی ژیان و پێداویستی ئەم سەردەمەدا یەك ناگرێتەوە .

٥. دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئیداری و دارایی بۆ گشت ئاست و دامو دەزگاکان , تابتوانن ئازادانە کارەکان ڕایی بکەن .

٦. نەهێشتنی دیاردەی بیرۆ کراسیی لە ئیدارەدا , کە دیاردەیەکی نیگەتیفانەو خەسڵەتی ئیدارەی خراپ و سەرنەکەوتووشە , چەندە ئیدارە دووربێت لەبیرۆکراسیی ئەوەندە بە ئیدارەیەکی باش و سەرکەوتوو دەژمێردرێت .

٧.دامەزراندنی بنکەی مەشق و ڕاهێنان بۆ پێگەیاندنی کادری ئیداری و ژمێریاری و هونەری و کۆمپیوتەرو..هتد , بۆ ئەوەی کادرێك پێشنیاز کرا بۆ پۆستێك هەر لەوەزیرو بریکارو بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان و پارێزگارو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش . پێش ئەوەی دەست بەکاربێت بەلانی کەمەوە مانگێك لەو بنکانەدا ڕابهێنرێت لەسەر شێوازو ڕێ و شوێنەکانی ئیداری .





٨. هەڵبژاردن و دیاریکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزاو کارامەو بەتوانا بۆ جێگەی شیاوی خۆیان لەچوارچێوەی دیسپلین و بڕیارو ڕێنماییەکاندا دوور لەمەحسوبیەت و حیزبایەتی .

٩. گرنگیدان و گۆڕانکاری لەسیستەمی ئیداری و داراییەکانداو ڕێکخستنەوەی شێوەی موراسەلات و ئەرشیف و سجلات و قەیدە داراییەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و گونجاو کە لەگەڵ ڕۆژگاری ئێستادا بگونجێت .

١٠. دانان و بەخشینی ئامێری کۆمپیوتەرو هاوبەشی تۆڕی ئینتەرنێت لەدام و دەزگاکاندا , واتە بە ( تەکنەلۆجیکردنی ئیدارە) بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئیدارە سەرکەوتووەکان لەدونیادا .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٤٥٢) لە ١٤/٥/٢٠٠١ دا بلاّوکراوەتەوە.

# سیستمی هاندان

## گرنگیپێدانی زیاتری حکومەت بەرەنجدەرانی بیروبازوو*

هەر لەسەرەتای دامەزراندن و دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمەوە ,ئامانجی سەرەکی و بنەرەتی بریتی بوو لەخزمەتکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان بە بێ جیاوازی بیرو ڕای سیاسی و ناوچەیی و.....هتد . لەماوەی نزیکەی ئەو ( ١٠ ) ساڵ تەمەنەی حکومەتی هەرێمدا لەسەردەمانی حکومەتی یەکگرتوودا و لەسەر دەمی ئێستاشدا .

حکومەتی هەرێم ویستویەتی و لەبەرنامەیدا هەبووە کەباشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بەگەلەکەمان بکات و هیوای خواستووە و هەوڵی جدیشی داوە کەبتوانێت قەرەبووی سەرجەم چین و توێژەکان بکاتەوەو ساڵانی داگیرکردن و داپڵۆسین و ترس و تۆقاندنیان لەبیر بەرێتەوەو بتوانێت لانی کەمی داخوازیەکانیان جێبەجێ بکات و گیانی شەهیدان ئاسودەبکات و ئەوەی داگیرکەران کاول و وێران و کیمیابارانیان کردووە حکومەتی هەرێم بتوانێت باشتر ئاوەدان و دروستی بکاتەوە .

هەربۆیەش لەو پێناوەدا هەوڵی لێبڕاوانەی داوەو خۆشبەختانە لەماوەیەکی کەمی ( ١٠) ساڵەیدا توانیویەتی بەشێکی زۆر لەئاسەوارەکانی (٧٠) ساڵەی داگیرکەران بسڕێتەوەو گەلێك





دەستکەوتی گرنگیش لەسەرجەم بوارەکانی ئاوەدان کردنەوەو گەشتوگوزارو کارەباو بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت و بوژاندنەوەی ئابووری و بازاڕی کوردستان و تەندروستیو پەروەردەو چەسپاندنی یاساو بەرقەرارکردنی ئازادی و دیموکراسی و هەنگاونان بەرەو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریمان هەڵبهێنێت و بەدەست بهێنێت .

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دەڤەرەداسەرەڕای باری ناهەمواریی ئابووری و کەمی داهات و پیلانی دوژمنانی ناوخۆو دەرەکی و بەلای شەڕی ناوخۆش توانیویەتی زۆر بەسەر کەوتوویی بەرنامەو ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت و ئیدارەیەکی تۆکمەو پتەو دابمەزرێنێت بەشێوەیەك دوور بێت لەبیرۆکراسی زیان بەخش و ئیدارەیەکی خاکی و خۆماڵی و دیموکراسی بێت و لەدیاردە زیانبەخشەکانی ڕۆتین و فەسادو کەم تەرخەمی تاڕادەیەکی بەرچاو خۆی ڕزگاربکات و بەشێوەیەکی زانستیانە داهات و خەرجییەکان ڕێك بخاتەوەو زیادەڕۆیی و زیادە مەسرەفی نەهێڵێت بەشێوەیەك کە لە ئێستادا بنچینەیەکی پتەوی بەدام و دەزگایی کردنی حکومەت چەسپیوەو کەوتۆتە سەر ئاڕاستەیەکی ڕاست و دروستی خۆی .

هەر لەسایەی ئەم حکومەت و ئیدارەیەدا هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران و ڕێژەیەك لەکەم داهاتەکان جێ بەجێ کراوە و توانراوە مووچەی زیاد لەنیوەی فەرمانبەران

زیادبکرێت و دەرماڵەی تایبەتی بۆ چین و توێژە جیاوازەکان بپڕێتەوەو زەوی وخانوی نیشتەجێبوون بەسەریاندا دابەش بکرێت . هەروەها توانراوە کەمووچەی شەهیدان و کەم ئەندامان و خانەنشینانیش بەرێك و پێكی بدرێت و مووچە بۆ کەسوکاری ئەنفال و کیمیابارانەکانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تر ببڕدرێتەوەو یاسای خانەنشینی پێشمەرگە دەربکریت و مووچەی هێزی پێشمەرگەش زیاد بکرێت .

هەروەها بەمەبەستی خزمەتکردن بەکاسب کاران و بازرگان و خاوەن سەرمایەکانیش حکومەتی هەرێم توانیویەتی لەرێگەی کەمکردنەوەی کاسبانەو باج و گومرگ و کار ئاسانی کردن بۆ بازرگانەکان باری ئابووری کوردستان و بازاڕەکان ببوژێنێتەوە .

لەئێستاشداو دوای دەرکردنی بڕیاری دانانی سیستەمی هاندان بۆ کارگە بەرهەمهێنەرەکان و دوای (٦) ڕۆژ لەجەژنی کرێکارانی جیهانی ئەم سیستەمە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا کە چەندین گرنگی و سوودی خۆی هەیە :

١. سەرەتا پەرۆشی و بەتەنگەوە هاتنی حکومەتی هەرێم دەردەخات بەرامبەر چینی کرێکارو توێژی مووچە خۆران و شایەدی سووربونیەتی لەبەدیهێنانی ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر بۆیان .





٢.ئەم سیستەمە وەك دیاریەکی حکومەتی هەرێم وابوو بۆ هەزاران کرێکارلەجەژنی کرێکاراندا وئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە :

کەهەردەم ( ی .ن .ك ) و حکومەتی هەرێم خۆیان بەئەمەکداری چینی شۆڕشگێڕی کرێکاران دەزانن و گرنگی و کاریگەرێتی و ڕەنجدەرانی بازوو لەبوارە جیاجیاکانی ژیان و خەباتدا هەست پێدەکەن .

٣. هەروەها ئەم سیستەمە وێڕای سوود مەند بوونی هەزاران کرێکارو فەرمانبەرو دڵخۆشکردنی خانەوادەکانیان بووە هۆی زیاتر متمانە دروستکردن و هاندانی هەزاران کرێکار , بۆ زیاتر داهێنان و دڵسۆزییان لەکارەکانیاندا چونکە هەست دەکەن کەحکومەتەکەیان و ڕەنج و ماندووبوونیان لەخۆیانەو بۆخۆشیانە .

٤.لەلایەکی دیشەوە ئەم سیستەمە ئەوڕاستیەی دووپات کردەوە کەحکومەتی هەرێم حکومەتی سەرجەم چین و توێژەکانەو لە پێناوی خۆشگوزەرانی و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و فەراهەمکردنی داهاتوویەکی بەختەوەر بۆ سەرجەم چین و توێژەکان لەکارو هەوڵی بەردەوامدایە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە(٢٧٦١)لە٢١ /٥ / ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

# کەم کردنەوەی ڕۆتین
# لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا
# هەنگاوێك بەئاڕاستەی ئیدارەیەکی هاوچەرخ*

ئیدارە زانستە و هونەرە , چونکە لەچوارچێوەی چەند یاساو ڕێسای بەڵگەنەویستی زانستیدا هاتۆتە ئاراوەو بەڵگەی هونەر بوونیشی هەموو ئەو ئیدارە تۆکمەو بەهێزانە ی سەردەمانی ڕابردووە ,کە لەئەنجامدا چەندین شاکاری مەزن و شارستانیەت و پاشماوەی گەورە هاتونەتەدی وەك دیواری گەورەی چین و ئەهرامەکانی میسرو هەموو ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنانەی کەهەبوون .

هونەری ئیدارە بریتیە لەئاڕاستەکردنی توانای کۆمەڵە کەسانێك و گونجاندنیانە بەیەکەوە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا .

ئاشکرایە دوو جۆری سەرەکی ئیدارە هەیە , ئیدارەیەکی باش و سەرکەوتوو , ئیدارەیەکی خراپ و سەرنەکەوتوو .

ئامانجی ئیدارەی باش و زانستی و سەرکەوتوو ئەوەیە کە هۆکاری بەهەدەرچوون و ونبوون کەمبکرێتەوە . هەروەها پاراستن و باشتر بەگەڕخستنی توانا مرۆیی و سروشتییەکانە ,بەهەمان شێوە پاراستنی ژیانی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیانە , بەم شێوەیە ئامانجی ئیدارەی سەرکەوتوو بریتیە لەپاراستنی سیستمی حوکم و





ئاسایش و دابینکردنی عەدالەت و بەرزکردنەوەی باری تەندروستی گشتی و پتەوکردنی بنەماکانی جێگیربوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەرانیە بۆ هاوڵاتیان .

ئاشکرایە هەموو ئیدارەیەك بەتایبەتی باش و سەرکەوتوو لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی داڕێژراوە بۆ ئەوەی ئیدارە بکرێتە ئامرازێکی کارا بۆ هێنانەدی ئامانجەکان لەو پرەنسیپانەش :

١. یەکێتی ئامانج : کەپێویستە هەموو تواناکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکاندابن .

٢. دابەشکردنی کارو پسپۆڕی .

٣. وەزیفە : پێویستە وەزیفە لەسەر بنچینەی کار دابمەزرێت نەك کەس , چونکە کەسەکان دەگۆڕێت و کارەکانیش نەگۆڕن .

٤. یەکسانی دەسەڵات و بەرپرسێتی : نەبوونی یەکسانی لەدەسەڵات و بەرپرسێتیدا دەبێتە دروست بوونی شوێنەواری خراپ .

٥. مەودای سەرپەرشتی : بەشێوەیەك کەبگونجێت لەگەڵ سروشتی کارو توانای کەسەکان و کات و شوێنی جوگرافی .

٦. دەسەڵات پێسپاردن : پێویستە لەئاستەکانی سەرەوە بەشێك لەدەسەڵاتەکان بسپێردرێتە ئاستەکانی خوارەوە . لەلایەك بەمەبەستی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و دروستبوونی

کادری قیادی لەئیدارەدا لەلایەکی تریشەوە بۆ قەتیسنەکردنی دەسەلأتەکان لەیەك کەسداو ڕوودانی کێشەو گرفت و ڕۆتینی زیاتر و دروستبوونی ئیدارەیەکی بیرۆکراسی زیان بەخش .

٧. کورتی هێڵی دەسەلأت : بەشێوەیەك بەخێراترین شێوە کارەکان جێبەجێ بکرێت و پەیوەندی لەنێوان ئاستەکاندا بەئاسانی ببەسترێت .

٨. نەرم و نیانی ( المرونة ) ئیدارەی سەرکەوتوو خاوەن نەرم و نیانیە کەبتوانرێت گۆڕانکاری تیادا بکرێت . بەمەرجێك کارنەکاتە سەر کرۆکی ئیدارە و ئامانجەکانیان .

٩. لێوەشاوەیی و توانایی ( الکفاءة ) : ئیدارەی سەرکەوتوو بەکەسانی بەتواناو خاوەن وزەو لێوەشاوەیی ئەوەندەی تر پتەوو تۆکمە دەبێت .

١٠ . لایەنی مرۆیی : لەئیدارەی سەرکەوتوودا گرنگی تەواو دەدرێتە مرۆۋ و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەیەکسانی مامەڵەکردنیان و هەوڵ دەدات بۆ گەشەپێکردن و پەرەپێدانیان , دروستکردنی گیانی تەبایی و هاوکاریی لەنێوانیاندا و هەوڵدەدا بەشداریان بکات لەسازدانی بڕیارو دارشتنی سیاسەتی کارو دانانی نەخشەو پلان .

لەئێستداو لەئەنجامی ١٠ ساڵ لەحوکمی خۆماڵی و پێکەوەنانی دامودەزگاکانی خۆ بەڕێوەبردن و هەستکردن بەبوونی کەمو کوڕی و جێبەجێنەکردنی ئیشوکاری هاولأتیان لەکاتی خۆیدا لەهەندێ لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا و





هەستکردن بەبوونی ڕۆتینێکی زۆر ناپێویست و زیانبەخش کەدەبێتە هۆی دواکەوتنی مامەڵەی ڕۆژانە و مامەڵە بازرگانیەکان و ئاوەدانکردنەوەو پلانی حکومەت بۆ هاندانی خاوەن سەرمایە خۆماڵی و بیانییەکان کەبێنە کوردستان و ئەنجامدانی پرۆژە هەمەجۆرەکان و بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان .

دیارە ئەم خواست و ویست و پلانانەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بوونی ئیدارەیەکی بیرۆکراتی و ڕۆتینی زۆرو زیانبەخشدا یەك ناگرنەوە . بۆیە پێویست دەکات کەئیدارەی حکومەت لەو کۆت و بەندو دواکەوتویە ئیدارییە ڕزگار بکرێت وهەنگاو بەرەو بەهاوچەرخکردنی ئیدارە بدەین لەسەر بنەما زانستییەکان .

هەنگاوی یەکەم بۆ بەزانستی کردن و دیموکراسیکردن و باشکردنی ئیدارەی حکومەتەکەمان دەبێت بەگژ دیاردەی ڕۆتیندا بچینەوەو هەوڵی کەمکردنەوەی بدەین , لێرەدا دەپرسین ڕۆتین چییە ؟ ئایا ڕۆتین هەمووی خراپە یان بەشێکی ؟ ئایا ڕۆتین هەرنەمێنێت یان کەمبکرێتەوە ؟ ئەو ڕێگایانە چین کە بەهۆیەوە لەدیاردەی ڕۆتینی زیانبەخش ڕزگارمان دەکات ؟

بۆ وەلأمی ئەم پرسیارانە دەڵێین :_

ڕۆتین :_ بریتیە لەچەند بەرنامەو ڕێوشوێنێك کەپێشوەخت دادەنرێت بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی کارو چالاکیەکان . یان

بریتیە لەو هەنگاوو قۆناغانەی کەدیاریکراوە بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی کارێك هەر لەسەرتاوە تاکۆتایی لەڕێگەی زنجیرەیەك کاری نووسین کەژمارەیەك کارمەند تیایدا بەشدارن بۆ دڵنیابوون لەیەك شێوازی جێبەجێکردنی کارە دووبارە کراوەکان و دەستەبەرکردنی یەکسانی و بابەتمەند ی لە جێبەجێکردنی کارەکاندا .

بەم شێوە دەبێت لەهەموو ئیدارەیەکدا ڕۆتین هەبێت . بەڵام نابێت هەنگاوەکان درێژو ئاڵۆزبن و بەشێوەیەکی وەها خۆمان ببەستینەوە بەڕۆتینەوە کەدوورمان بخاتەوە لە ئامانجەکانمان .

کەواتە هەموو ڕۆتینێك خراپ نیە بۆیە پێویستە ڕۆتین بمێنێت , بەڵام کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن دیاردەی زیانبەخشی ڕۆتین لەئیدارەی حکومەتی هەرێمدا کەمبکەینەوە , پێویستە ئەم هەنگاوانە هەڵبنێین :

١. دوورخستنەوەی ئیدارەکەمان لەئیدارەیەکی بیرۆکراسییەوە بەرەو ئیدارەیەکی دیموکراسی و دەستە جەمعی کەکۆمەڵە کەسانێکی پسپۆڕو شارەزاو بەتوانا بەشداربن لەسازدانی بڕیارو دانانی نەخشەو پلانەکاندا , چونکە ئیدارەی بیرۆکراسی شێوازێکی نەگونجاو وخەسڵەتی ئیدارەی خراپ و سەرنەکەوتووشە , چونکە لەم جۆرە ئیدارەیەدا ئامرازو هۆکارەکان کەبریتین لەیاساو ڕێساکان دەبنە ئامانج و ئامانجەکانیش کەخزمەتکردنی سیستمی حوکم و هاووڵاتیانە





بیردەچنەوە . هەروەها لەئیدارەی بیرۆکراسیدا دیاردەی ڕۆتینی زیانبەخش و ناپێویست زیاد دەکات و ئەوەندەی گرنگی دەدرێتە دیکۆرو کورسی و زۆری تەلەفۆن و ئۆتۆمبیل و سکرتێر ئەوەندە گرنگی بەڕایکردنی مامەڵەو ئیشوکاری هاووڵاتیان نادرێت . هەروا لەئیدارەی بیرۆکراسیدا کەسانی لێپرسراو خاوەن ئیمتیازی زۆرو زەوەندن و بەرهەڵستی هەموو گۆڕانکاریەك دەکەن کەببێتە هۆی کەمبوونەوە یان نەمانی ئەو ئیمتیازاتەیان و هەربۆیەش زۆر بەتوندی وابەستەی ڕۆتین و زیادەڕۆیی دەکەن لەجێبەجێکردنی بیرۆکراسیەتدا , ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەلە ئیدارەی بیرۆکراسیەتدا گرنگی نادرێتە تاکەکەس و وەك ئامێرێك سەیردەکرێت و بەشداری پێناکرێت لەسازدانی بڕیارو داڕشتنی سیاسەت و دانانی نەخشەو پلاندا .

٢. حکومەت هەوڵ بدات چەند یاساو ڕێنمایی ئیداری و دارایی نوێ دەربکات کەبگونجێت لەگەڵ ژیانی فەرمانبەران و بارودۆخی ئێستای کوردستاندا .

٣. پێویستە دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکان بۆ گشت ئاست و دامو دەزگاکان دیاری بکرێت تابتوانن ئازادانە کارەکان ڕایکەن .

٤. هەوڵ بدرێت کەسانی شیاوو گونجاوو خاوەن توانا و لێوەشاوەیی و شارەزایی و پسپۆڕی و خاوەن بڕوانامە لەپۆستە ئیداریەکاندا دابنرێن , دوور لەمەحسوبیەت و

حزبایەتی و .. هتد . بەشێوەیەك کەببێتە هۆی کارئاسانکردنی نەك لەنەزانین و نەشارەزایی و تێنەگەیشتنەوە ببێتەهۆی زیادکردنی ڕۆتین و کۆسپ لەئیدارەدا .

٥ . هەوڵبدرێت کە گۆڕانکاری لەسیستمی ئیداری و داراییەکانداو ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی شێوەی موراسەلات و ئەرشیف و سجلات و قەیدە داراییەکان لەسەر بنەمای زانستی و گونجاو لەگەڵ ڕۆژگاری ئێستاو خواست و ویست و پلانەکانی حکومەتدا بگونجێت .

٦. هەولی بە( تەکنەلۆژی کردنی ) دامودەزگاکانی ئیدارە بدرێت بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەشێوازە سەرکەوتووەکانی ئیدارە لەدونیاداو خێراتر ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکان .

٧ . کردنەوەو سازدانی خولی ڕاهێنان و فێرکردنی بەردەوام بۆ هەموو ئاستەکان , بەمەبەستی شارەزابوون و پێگەیاندنی کادری ئیداری سەرکەوتوو .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٦٨٩)لە٢٠/ ٢/ ٢٠٠٢ دا بڵاوکراوەتەوە.





# لەپێناوی خزمەتێکی چاکتر هەنگاو بەرەو ئیدارەیەکی هاوچەرخ*

❖ ئیدارە ( Administrion) هونەرێکە لەهونەرە سەرەکیەکان کە مرۆڤ نەوە دوای نەوە بۆی ماوەتەوە وەك دروستکردنی ئەهرامەکان لەمیسر یان هەموو ئەوشارستانیەتانەی کە لەڕابردوودا دروست کراون و ماونەتەوە , ئەگەر ئاماژە بۆشتێك بکەن ئەوا ئاماژە بۆتوانایەکی گەورەو سەرکەوتووی ئیدارەیەك دەکەن . لەهەمان کاتیشدا وەك توحفەیەکی زۆر جوان و گران بەها خۆیان دەنوێنن .یان فەرمان ڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان لەناوچەیەکی زۆر فروان و لەسەردەمێکدا کەوەکو ئێستا هۆکارەکانی گواستنەوەو پەیوەندی کردن نەبووە , ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئیدارەیەکی تۆکمەو سەرکەوتوو بەڕێوەی بردووە .

دەتوانین بڵێین کە ئیدارە بەهەموو ئەوکارانەکەسەرجەم ئامانجیان بەدیهێنان وجێ بەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتە .کە لەڕێگەی دامو دەزگا ئیدارییەکانەوە جێ بەجێ دەکرێن , کەئەم دام و دەزگایەش بریتین لەکۆمەڵە یاساو ڕێنمایی و پەیوەندی وعورف و عاداتی ئەو وڵاتە لەسەردەمێکی دیاری کراودا ,بۆ بەدیهێنانی و جێ بەجێ کردنی سیاسەتی دەوڵەت .

دەکرێت بڵێین هونەری ئیدارە بریتی یە لەئاڕاستە کردنی توانای کۆمەڵە کەسانێك و گونجاندنیانە بەیەکەوە و کۆنتڕۆڵ کردنیانە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاری کراودا , ئەم هونەری ئیدارەیەش لە حاڵەتێکی قەتیس و وەستاودا نی یە بەڵکو هەمیشە لەگۆڕان و بەرەو پێشەوە چووندایە کە تیایدا هەموو توانا بەشەری و سروشتی و دارییەکان دەخاتە گەڕ . ئەم کارانەش بەکەسێك دەکرێت کەپێی دەوترێت (ئیداری ) . ئامانجی ئیدارەی باش و سەرکەوتوو زانستی ئەوەیە کە هۆکاری بەهەدەر چوون و ونبوون کەم بکرێتەوە , پاراستن وباشتر بەگەڕ خستنی توانا مرۆیی و سروشتی یەکانە , پاراستنی ژیانی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیانە , بەم شێوەیە ئامانجی ئیدارە بریتی یە لە ئامانجی دەوڵەت . کەئەویش پاراستنی سیستەم و ئاسایش و دابین کردنی عەدالەت و بەرزکردنەوەی باری تەندروستی گشتی و پتەوکردنی بنەماکانی جێگیربوونی باری ئابووری و کۆمەلایەتی و لەکۆتایشدا فەراهەم کردنی ژیانێکی پڕ لە خۆشیە بۆ هاولاتیان .

❖ کامە سیمای ئیدارەیەکی سەرنەکەوتوە و دیاردەو کەم و کوڕییەکانی ئیدارەی سەرنەکەوتوو چین ؟

هەرئیدارەیەك بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی کەم کردنەوەی فەسادو بەرتیل خۆری و بەهەدەر چوونی نەداو نەیتوانی کەڵك وسود لەتوانا مرۆیی وسروشتیەکان و وەربگرێت و بیانخاتە گەڕ , هەوڵی باش کردنی ژیانی فەرمانبەرانی نەداو لەپێناو





فەراهەم کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاوولاتیان تێنەکۆشا , بەئیدارەیەکی سەرنەکەوتوو خراپ لەقەڵەم دەدرێت .

دیاردەی بیرۆکراتیەت لەئیدارەدا خاڵی لاوازی ئیدارەی خراپەو نیشانەکانی بیرۆ کراتیەت ئەمانەن :

١. فەرمانبەرە گەورەکان هەندێ لەدەسەلاتیان نادەنە خوار خۆیان , بۆ ئەوەی لە هەیبەت و دەسەلاتیان کەم نەبێتەوە . ئەمەش لەوەوە هاتووە کەمتمانەیان بەخەڵکی تر نی یە , یان لەخۆپەرستی و خۆبەزل زانینەوە دێت . نەمانی ئەم دیاردەیەش بەبەرزکرنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی فەرمانبەران دەبێت , نەك لەڕێگەی یاساو فەرمانەوە .

٢. جێ بەجێ کردنی یاساکان بەشێوەیەکی زۆر وردو حەرفی کە گەلێك جار , دەبێتە ئاڵۆزکردن و جێ بەجێ کردنی ئیش و کار .بەو مانایە نا کە یاسا جێ بەجێ نەکرێت , بەڵکو مەبەست لەتێگەیشتنی مانا فراوانەکەی یاسایەو بەهۆی لەیەك نەچوونی کێشەکانیشەوە .

٣. زۆربەی فەرمانبەران فەرمانەکان ( حرفیا ) جێ بە جێ دەکەن کەئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە :

* فەرمانبەران خۆیان لە لێپرسراوێتی دوور دەخەنەوە .
* کەسایەتی بەهێزیان نی یە .

٤. ئەو یاسایانەی بۆ ڕێکخستنی ئیش و کاری دەوڵەت دانراون , بەو ئاڕاستەیەن کەمتمانە لای فەرمانبەر دروست

ناکەن وای لێ دەکەن لەژێر ترساندن و سزاداندا کاربکەن ,
نەك بەهۆی هاندانی مادی و مەعنەوی یەوە .

٥. بەهۆی سەردانی کردنی میوانی زۆر بۆ لای فەرمانبەران لەکاتی دەوام کردندا , یان بەهۆی کۆبوونەوەی زۆرەوە ئیش و کارەکان بەباشی ولەکاتی خۆیدا جێ بەجێ نابێت .

## خاڵە لاوازەکانی ئیدارە لەکوردستاندا

لاوازی هەرئیدارەیەك دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە :

❖ جۆری سیستەمە سیاسیەکە و زۆری یاسا و ڕێنما ییەکان و لاوازی کادری ئیداری . لەکوردستانیشدا لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا ئەم سێ هۆکارە بەئاشکرا کاریگەری خۆیان هەیە , کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئیداراتی حکومەت وەکو پێویست و لەئاستی ویست و گۆڕان و پێداویستیەکانی ژیانی کوردەواری سەردەمدا نەگونجێت و بەشێوەیەکی لاواز دەربکەوێت . لەسەربوونی ئەم سیفاتانە , پێویستە کادری شارەزا بخرێنە ئیداراتەوە :

١. ئەو کەسە دەبێت توانای پەیوەندی کردنی زۆر بێت و خاوەن هەڵوێست و بڕیاردان بێت و خاوەن عەقڵیەتێکی فراوان و دووربین بێت .

٢. بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت و پێش گشت بەرژەوەندییەکانی خزمایەتی و خۆیی بخات .





٣. بتوانێت بەرهەم زیاد بکات و ئیش و کارئاسان ڕاپەڕێنێت و لەناو فەرمانگەو فەرمانبەرانی خۆی دا گیانی برایەتی و هاوکاری بڵاوبکاتەوە .

٤ . کەسی پسپۆرو شارەزاو لێهاتوو بێت .

**دەتوانین بەکورتی دەست نیشانی ئەوخاڵانە بکەین کەبونەتە هۆی لاوازی ئیدارە لەکوردستاندا :**

١ .دیاری نەکردنی دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکان لەزۆربەی وەزارەتەکانداو چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لایفەرمانبەرە ئاستە بەرزەکان و نەدانیان بە خوار خۆیان.

٢ . کارکردن بەیاساکانی حکومەتی عێرا قی و نەگۆڕینیان بۆ بەرژەوەندی فەرمانبەران .

٣ .زۆری یاساو ڕێنماییەکان و لەیەك نەچوونیان .

٤ . نەبوونی دەزگای پلان و بەدوادا چوون و نەبوونی مەڵبەندی مەشق و ڕاهێنان بۆ دروست کردنی کادری پسپۆر لەبوارە جیاجیاکاندا هەروەها نەبوونی دەزگای ئامار .

٥ . بوونی هەندێ وەزارەت و دەزگا کەئیشەکانیان لەیەك دەچن و کەدەبێتە هۆی بەهەدەر دانی توانا مرۆیی و سروشتی و داراییەکان .وەك هەردوو وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدان کردنەوە .

٦. نەبوونی میلاکات و دابەش کردنی هێزی کار بەشێوەیەکی خراپ و دوور لەپلان .

٧. رێک نەخستنی نوسراوو دۆکیۆمێنت و ئەرشیف بەشێوەیەکی زانستیانەی نویٚ .

٨. نەبوونی میزانییەی ( تخطیطي ) و کارپێنەکردنی .

٩. دابین نەکردنی پێداویستیەکانی ئیش کردن لەبیناو کەل و پەل و ..هتد .

١٠. نەبوونی کادری پسپۆڕو شارەزا لەهەندیٚ بواردا و نەگونجاندنی زۆر لەفەرمانبەران لەڕووی تواناو لێهاتوویی و پسپۆڕییانەوە لەگەڵ کارەکانیاندا .

١١. نەبوونی مەرج و دیسپلین بۆ پێدانی پۆستێك یان ناونیشانێك بەکەسانی شیاو , دوور لەخزمایەتی وپەیوەندی تایبەتی و کوڕی چاکی و مەحسوبیەت .

## ئەی چی بکەین ؟

لەپێناوهەنگاونان بەرەو دروست کردن و ڕێکخستنەوەی ئیداراتی حکومی لەکوردستانداو تۆکمەکردنی دام و دەزگاکان (المؤسسات ) و دەسەلاٚت بوونی یاساو ڕێنماییەکان , ئەم پێشنیازانە ی خوارەوە دەخەینە ڕوو , بەهیوای هەوڵ دان بۆ جیٚ بەجیٚ کردنیان و لابردنی ئەرک وفەرمانە مێژووییەکان لەسەرئەستۆی بەرپرسان و دەرخستنی ڕووی گەشی کۆمەڵی کوردەواریمان و تواناو لێهاتووی کورد لەبواری ئیدارەشدا .





## پێشنیازەکان :

١ . پێك هێنانی مەجلیسی خزمەت .

٢. پێك هێنانی دەزگایەکی ناوەندی پلان و بەدواچوون کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٣. گرنگی تەواو بدرێت بەدەزگای ئاما ر .

٤ .دەرکردنی یاساو ڕێنمایی ئیداری و دارایی نویٚ کە بگونجێت لەگەڵ ژیانی فەرمانبەران و بارودۆخی ئێستای کوردستان .

٥. گۆڕانکاری بکرێت لەیاساکانی خزمەتی مەدەنیدا بەتا یبەت لەمووچەی اسمی و دەرماڵەدا و وەك یەك بێت لەگشت وەزارەتەکان .

٦. دیاری کردنی دەسەلاٚتەکان ( الصلاحیات ) ی ئیداری و دارایی و بۆ گشت ئاست و دام و دەزگاکان .

٧. دامەزراندنی بنکەی مەشق و ڕاهێنان بۆ پێگەیاندنی کادری ئیداری و دارایی و هونەری و کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی هەر کادرێك پێشنیاز دەکرێت بۆ پۆستێك لەئاستی وەزیرو وەکیل و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری کارگەو فەرمانگەکان و پارێزگارو قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە .پێش ئەوەی دەست بەکاربێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی مانگێك خولێکی فێرکردن ببینێت .

٨. نەهێشتنی دیاردەی بیرۆکراتیەت لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا .

٩. هەڵبژاردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو کارامەو بەتوانا بۆ جێگەی شیاوی خۆیان .

١٠. دانانی مەرج و دیسپلین بۆ بەرزکردنەوەی یان پێدانی ناونیشانی ( خەبیرو ڕاوێژکار ) , وەك ئەوەی دەبێت ئەوکەسەی کە ئەو جۆرە ناونیشانەیان دەدرێتێ دەبێت پلەی ڕێکخراوی پیشەییەکەیان لەڕاوێژکار کەمتر نەبێت و خاوەنی دانانی کتێب و نامیلکەو بڵاوکراوە بێت .

لەبواری پسپۆڕی خۆیدا . و بەشداری کۆڕو کۆنگرە زانستیەکان بێت و خاوەنی داهێنانی نوێ بێت , نەك وەك ئێستا ناونیشانی ( خەبیرو ڕاوێژکار ) ئەوەندە زۆر بووە کەزۆر کەس شیاوی ئەو ناونیشانانە نین .

١١ .گرنگی دان بەسیستەمی ئیداری و دارایی و ڕێکخستنەوە ی شێوەی مراسەلات و ئەرشیف و سجلات و قەیدە داراییەکان , لەسەر بنەمایەکی زانستی و گونجاو لەگەڵ ڕۆژگاری تازەی ئێستای کوردستاندا .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٨٢٧لە ٢٤ / ٣ / ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.





# کەسی شیاو
## بۆ جێگەی شیاو لەئیدارەی کوردیدا*

ئیدارە وەك زانست و هونەرێك لەهەموو کۆمەڵگەو دەوڵەت و ڕێکخراوو تەنانەت خێزانیشدا گرنگیەکی گەورەو ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت ,هەربۆیەش چەندە ئیدارە سەرکەوتوو بێت , ئەوەندەش کۆمەڵگاو دەوڵەت بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دەوڵەتی یاساو دام و دەزگایی ناو دەبرێت .

هەموو ئیدارەیەکی سەرکەوتووش دوو دینگەی سەرەکی ڕایگرتووە , یەکەمیان کادری شارەزاو پسپۆڕو خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی زانستی و تواناو لێهاتوویی و داهێنەرو عەقڵی کراوە دووەمیشیان بریتیە لە ئابووریەکی پتەوو پلان و بەرنامەی تۆکمەو چاك داڕێژراوی زانستی و واقیعبینی .

هەر بۆیە چەندە هەوڵ بدرێت ئەو کەسانە لەشوێنی شیاوو گونجاودا لەگەڵ تواناو پسپۆڕیەکەیدا کاری پێ بسپێردرێت ئەوەندە ئیدارە سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانرێت ئیش و کارەکان زۆر بەڕێك و پێکی ڕاپەڕێنێت دوور لە دیاردەی ڕۆتین و فەساد و زیادەڕۆیی کردن لە خەرجی نا پێویستدا .

ئیدارەی سەرکەوتوو بریتیە لە ئیدارەیەك کە بتوانێت توانا مادی و مرۆییەکان کۆنتڕۆڵ و سەرپەرشتی بکات بەشێوەیەك

کەبڕی داهات و بەرهەم زیاد بکات و بڕی بەهەدەر چوونی توانا مادی و مرۆییەکانیش کەم بکاتەوە .

هەرئیدارەیەك لەسەر ئەم بنچینەیە کاری کرد ئەوا بەئیدارەیەکی سەرکەوتوو باش دەناسرێت و ئەگەریش بەپێچەوانەوە دیاردەی ڕۆتین و خزمایەتی و حیزبایەتی و مەحسوبیەت و گەندەڵی لەهەر ئیدارەیەکدا بڵاو بۆوە ، ئەوا بەئیدارەیەکی خراپ و سەرنەکەوتوو ناوزەد دەکرێت .

ئیدارەی کوردیش لەچوار چێوەی ئەم یاساو ڕێسایانە دەرناچێت و پێویست دەکات کەوەك ئیدارەیەکی تازەی خۆماڵی کوردی هەر لەسەرەتاوە توند دەست بگرێتە ئەڵقەی جێبە جێکردنی یاساو ڕێنماییەکان لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا ،چونکە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە لەسەر بناغەیەکی تۆکمەو پتەوی یاسایی ئیدارەکەمان بنیاد بنێین ئەوا دەتوانرێت تەلاری چەندین نهۆمی لەسەر بینابکرێت و ئیدارەیەکی هاو چەرخ و پێشکەوتن خوازی لێ دروست بکەین ، بەلأم بەپێچەوانەشەوە ئەوا ئیدارەیەکی گەندەڵ و فشەڵ و لەرزۆك بینا دەکەین و لەماوەیەکی کەمدا بەدەست ئاسەوارە خراپەکانیەوە دەناڵێنین .

لە پێناو زیاتر چەسپاندنی یاساو بەدام و دەزگایی کردنی ئیدارەدا کە هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی ( تەرشیقی ئیدارییەوە ) و لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوەدا لەلایەك و لەولاشەوە بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی لە پێدان و





بەخشین و پێ سپاردنی پۆستە ئیدارییەکان بەکەسانی نەشیاوو نەگونجاو لەگەڵ پۆستەکانیاندا وتەنیا بەمەبەستی سەرکەوتن و دەرخستنی ڕووی گەشی ئیدارەی کوردیدا لەبەردەم و چاوی دونیاو دوژمنانماندا کە هەمیشە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ( کورد ناتوانێت ئیدارەو حوکمی خۆی بکات ) .

هەر بۆیە دەکرێت دوای ٩ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی ئیدارەی کوردیدا کە قۆناغی ساوایی و ئەزموونی بڕیوەو لەئێستادا لە قۆناغی چەسپاندن و گەشە کردندایە بپرسین ، ئایا ( کەسی شیاو لەجێگەی شیاودا ) پەیڕەو کراوە یان پێشێل و پشتگوێ خراوە ؟

ئایا کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو خاوەن بڕوانامەو تواناو لێهاتوو لە پۆستەکاندا دانراون یان کەسانی بێ تواناو بێ بڕوانامەو نەشیاو دانراون ؟ ئایا بنچینەی هەڵسەنگاندن بۆ پالأوتنی کەسێك بۆ پڕکردنەوەی پۆستێك بریتیە لە پسپۆڕی و شارەزایی و خاوەن بڕوانامە ،یان نا ؟

لەسەرەتای دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمەوە لە ١٩٩٢/٧/٤ ەوە تاکو ئێستاش بەهۆی بارودۆخی نالەباری کوردستانەوە هەندێ لەو پۆستانە بەکەسانی نەشیاوو نەگونجاو لەڕووی بڕوانامە و کەفائەت و پسپۆڕی و شارەزاییەوە پڕ کراونەتەوە .

هەربۆیەش ئیدارەی حکومەتی هەرێم تاکو ئێستاش لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە چی بکەین بۆ ئەوەی دیاردە نادروستەکانی ناو جومگەکانی ئیدارەکەمان بنبڕ بکەین ؟

وەلاّمیش بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە ئیدارەی کوردی سەرەڕای سەرجەم ئاستەنگ و بارودۆخە سیاسی و ئابورییە ناهەموارو جێنەگیرە کە توانیویەتی بەردەوامی بەئیدارەکە بدات , بەلاّم لەسلبیات و کەم وکوڕیش بێ بەری نەبووە . لەبەر ئەمە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کەئیدارەی حکومەت پێویستی بەبەرەو پێشچوون و تەرشیق هەیە .

لەبەر ئەوە لەدوای کۆنگرەی دووەمی ( ی .ن .ك ) وەبڕیاری ( تەرشیقی ئیداری ) دراو ١٤ بڕیاری گرنگ لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچوو , بەو مەبەستەی کە لەمەودوا دەبێت پێدانی پۆستە ئیدارییەکان لەسەر بنچینە زانستیە ئیدارییەکان و لەچوارچێوەی دیسپلینەکاندا بێت , نەك لەسەر بنچینەی خزمایەتی و حزبایەتی .

بەلای ئێمەوە تەنها بەجێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکان و دانان و دەرکردنی یاساو ڕێنمایی نوێ دەبێت کەبگونجێت لەگەڵ سەردەمی ئێستادا کەلەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕو یاسایی و دوای پرس و ڕای پێویست لەگەڵ کەسان و لایەنی پەیوەندیدارەوە . ئەو یاسایانە دەربکرێت , کەهەم





بەرژەوەندی حکومەت و هەمیش بەرژەوەندی هاولاّتیانی تیا پارێزراو بێت .

بەم شێوەیە دەتوانرێت ئیدارەیەکی تۆکمەو پتەوو چەسپاوو یاسایی دابمەزرێت و ئیدارەیەکی کوردی خۆماڵی سەرکەوتووش بهێنرێتە دی کەتیایدا ( کەسانی شیاو لە جێگەی شیاو ی) خۆیاندا ڕۆڵی کاراو مەزنی تیادا بگێڕن .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٥١٥ لە ٢٦/ ٧/ ٢٠٠١ دا بلاّوکراوەتەوە.

**لەپێناو چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا و( موئەسەسات) لەکوردوستاندا..**

# گرنگی دان و بەگەڕخستنی توانای خاوەن بڕوانامە و تەکنیککاران

# کارێکی هەنوکەییە..*

❖ **وەك ئاشكرایە لەهەموو دونیادا و بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە و مێژووی مرۆڤایەتی و بزوتنەوە ئازادیخواز و نیشتیمان پەروەرەکان,هەمیشە دوا ئامانج و دروشم لە پێناو چەسپاندنی یاساو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و هونەر و کلتور و...هتد.بووە بەمەبەستی خۆشگوزەرانکردنی تاکەکانی کۆمەڵ و هەنگاوەکان ڕووە و پێشکەوتن و داهێنان و گەشەکردنی زیاتر.دیارە هەموو ئەم کارانەش لەسایەی کەش و هەوایەکی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی تاك و کۆمەڵ لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بوونی دام و دەزگایەکی توندو تۆڵ و چەسپاوی ئیداری وا کە بتوانێت سەرجەم توانا مرۆیی و مادییەکان بەئاڕاستەی گەشەکردن و بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی زیاتر بەرین دێتە ئەنجام.**

**مەرجی سەرکەوتنی هەموو ئیدارەیەکیش لەدونیادا بوونی کەسانی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی و خاوەن توانا و لێهاتوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بوونی پلان و نەخشەی ڕێك و**





**پێك و گونجاو بۆ هەنگاونان بەرەو باشتر بوون و داهێنانی زیاتر و گەشەکردنی گەورەتر,بەمەرجێك کەرەسەی خاوو سەرەتایی مرۆڤ و مادە لەبەردەستدا بێت. نموونەی ئەم ڕاستیەش هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەوروپاو ڕۆژئاوایەکە لە ئێستادا بوونەتە نموونە و پێشەنگ لەدونیای پێشکەوتن و داهێنان و سیستەمی سیاسی و ئیداری و داراییەکانیشیان بونەتە نمونەی سیستەمی بێ وێنە و سەرکەوتوو کە زۆربەی گەلانی دونیای سێیەم هەوڵ دەدەن ئەزموونی ڕۆژئاواییەکان لە وولاتەکانیاندا پەیڕەو بکەن.**

**ئاشکرایە نهێنی سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنانەکانی ڕۆژئاواییەکان بەپلەی یەکەم لەوەوە هاتوە کە ئەوان بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەبێت دوورن لە شەڕی ناوخۆو نێودەوڵەتیەکان و لەسایەی ئاشتی و ئارامیدا دەژین لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەوان لەسایەی سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیدا ژیان بەسەر دەبەن و تاکەکانی کۆمەڵ سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابینکراوە و ئازادی تاکەکەس ئەوەندە بەرقەرارە کە خەڵکی دڵنیا بووە لەمافە کەسی و یاسایی و گشتیەکانی هەربۆیە ڕوویان کردۆتە داهێنان و پێشکەوتن لەگشت بوارەکانی ژیاندا.**

**بەم شێوەیە لەهەر وولات و کۆمەڵگەیەکدا چەندە ئاشتی و دیموکراسی بەرقەرار بێت ئەوەندەش پێشکەوتن و داهێنان و**

چەسپاندنی بنەماکانی دەوڵەتی یاساو دام و دەزگاکان بەرقەرار دەبن.

❖ لەکوردوستانی خۆشماندا لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لەساڵی ١٩٩٢دا, کوردیش یەکەم هەنگاوی خۆی نا بەرەو دامەزراندنی کیانی پتەو و حوکمی موئەسەساتی و بناغەی دوا ڕۆژێکی گەشی بۆ نەوەکانی داهاتووی دارشت.بەڵام مەخابن هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی ناوخۆ لەساڵی ١٩٩٤داو دەستتێوەردانی وولاّتانی ناوچەکە و دوژمنان,کاری سلبی کردە سەر ئەو پرۆسەیە و نەیهێشت وەك پێویست گەشە بکات.

❖ لەئێستادا و لەدوای جێگیر بوونی بارودۆخی سیاسی و وەستانی شەڕی ناوخۆو و کەشێکی تارادەیەك ئارام لەکوردوستاندا و بەرقەرار بوونی دیموکراسی و بوونی ئازادیەکان لەم بەشەی ژێر دەسەلاّتی حکومەتی شەرعی هەرێمدا بۆ گشت لایەن و دەزگاو تاکەکانی کۆمەڵ. سەرکردایەتی ی.ن.ك و حکومەتی هەرێم سەرقاڵی دامەزراندنی دام و دەزگا یاسایی و بە ( موئەسەسە) کردنی ئیداراتی حکومەتی هەرێمن.ئاشکرایە ئەم هەنگاوانە لە سەرەتادان,بەڵام کاریگەری گەورەو گرنگیان دەبێت لەسەر داهاتووی وولاّت و کۆمەڵگەی کوردەواری.بەمەبەستی سەرکەوتن و زیاتر پیرۆزکردنی ئەم هەنگاوە گرنگ و مێژووییانەی کە حکومەتی هەرێم دەینێت,پێشنیاز دەکەین کە:-





١. لەهەموو هەنگاوێکدا کە دەنرێت بە ئاڕاستەی چەسپاندنی بنەماکانی دەوڵەتی یاساو مۆئەسەسات. دووخاڵی گرنگ هەیە کە پێویست دەکات لەبەرچاو بگیرێن:-

❖ گۆڕانکاری و هەنگاوەکان لەخراپ بۆ باش و لەباش بۆ باشتر بێت.

❖ دانانی کەسانی شیاوو سەرکەوتوو لێهاتوو خاوەن بەهرەو پسپۆڕی لەجێگەو پۆستی شیاو و گونجاو لەگەڵ توانا و کارامەیی کەسەکاندا بێت.

٢. لەزۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوودا,تەنانەت لەدەوڵەتانی ناوچەکەو جیهانی سێشدا, زۆربەی پۆستە سەرەکی و گرنگەکانی ئیدارە سپێردراوە بەکەسانی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان لە دکتۆراو ماجستێر و بەکالۆریۆس.

هەربۆیە پێشنیاز دەکەین کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەحکومەتدا دەکرێن بەشێوەیەك بن کە خاوەن بڕوانامە و تەکنیکیەکان پلەو پۆستی سەرەکیان پێبسپێرێت بۆ ئەوەی حکومەتەکەمان کەسانی( تەکنۆقرات) بیبەن بەڕێوە.لێرەشدا تەنها مەبەستمان زیاتر بەمەدەنیکردن و سەرکەوتنی حکومەتەکەمانە, تاقیکردنەوەی ڕۆژگار دەریخستوە کە هەمیشە ئەو حکومەتانەی لەلایەن کەسانی تەکنۆقراتەوە بەڕێوەدەبرێن سەرکەوتوترن, هەربۆیە زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو تەنانەت دەوڵەتانی نیمچە پێشکەوتووش هەوڵ دەدەن بۆ چەسپاندنی ئەم پڕەنسیپە.

یەك نمونەی دەوڵەتانی ناوچەکە دەهێنینەوە کە ئەویش ( میسرە) ئاشکرایە میسر ووڵاتێکی جیهانی سێیە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەسە و خاوەنی ئابوریەکی بەهێزیش نیە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەك توانیویەتی هاوسەنگی سیاسی و ئابوری خۆی ڕابگرێت.ئەویش بەوەی کە کابینەی حکومەتی لە سەرۆك وەزیرو زۆربەی وەزیرەکانی کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی دکتۆران،ئەمە جگە لەپلەی وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکان کە پێویستە کەسانی تەکنیکی بن.چونکە کەسانی تەکنۆکرات سەرکەوتووترن لە ئیدارەو چارەسەرکردنی گرفتە ئابوریەکان.

٣. پێشنیاز دەکەین هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەسان و پێدانی پلەو پۆستی وەزیر و وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری کارگە و فەرمانگەکان و ڕاوێژکاران و پلەی شارەزا(خەبیر) لەسەر بنچینەی بڕوانامەو پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتووی و بەتوانایی و ڕابووردوو پاکی بێت, نەك لەسەر بنچینەی نازانستی و دواکەوتوەکان چونکە ئەگەر لەلایەکەوە سوود مەند بێت, ئەوا لەسەر حسابی چەسپاندنی دام و دەزگاکان دەبێت. چەندە لەو دیاردە دزێوە دوور بکەوینەوە ئەوەندە زووتر بناغەی دەوڵەتی یاساو موئەسەسات دادەڕێژین و لەئامانج نزیك دەبینەوە.

٤. لەزۆربەی ووڵاتانی پێشکەوتوو دواکەوتووشدا کە خاوەن کیان و دەسەڵات و ئیدارەی خۆیانن, بچوك بن یا گەورە, هەوڵ دەدەن





لەناو پارتە سیاسیەکانیاندا کەسانی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕو شارەزا بکەنە سەرکردەو پێشەواو بڕیار بەدەست.بەمەبەستی ئەوەی هەر کاتێك دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەو کەسانە بخەنە پۆستە حکومیەکان و ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بگرنە دەست و بەرنامە سیاسیەکانیان بەباشترین شێوە جێبەجێبکەن و جەماوەری زیاتر بۆ خۆیان ڕابکێشن.جارێکی تریش نموونەی ووڵاتی میسر دەهێنمەوە, لەسەرەتای مانگی ٢/٢٠٠٠دا, سەرۆکی میسر بەو سیفەتەی سەرۆکی حیزبی دەسەڵاتداریشە, چەند بڕیارێکی دەرکرد بەدەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەمانەتی گشتی حیزب و ئەمانەتی لقەکان و نوێنەری حیزب لە هەر ٢٦ پارێزگاکەی میسردا.ئەوەی جێگەی مەبەستمە ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامان بڕوانامەی دکتۆرایان هەبوو کە سەرەك وەزیرو زۆربەی وەزیرەکانی تیادا بوون,کە هەم سەرکردایەتی حیزب دەکەن و هەم لەحکومەتیشدا پۆستەگرنگەکانیان بەدەستەوەیە, بەمەبەستی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی بەرنامە سیاسیەکەی حیزبەکەیان.

ڕاستە پلەی وەزیر پلەیەکی سیاسیە بەڵام ئەگەر لەناو سەرکردایەتیشدا کەسانی( تەکنۆکرات) هەبن ئەوا دەکرێت ئەو کەسانە بخرێنە ئەو پۆستانەوە.بەمەش هەم حیزبێکی سیاسی و تەکنیکی, هەمیش حکومەتێکی تەکنیکی و سەرکەوتوو دادەمەزرێن.کە جێگەی ڕەزامەندی زۆرترین جەماوەردەبێت.

٥. ئاشکراشە هەموو ئەم هەنگاوانە بەدڵنیایەوە سەرکەوتوو دەبن.ئەگەر دەسەڵاتی حیزب و حکومەت لەیەك جیابن و

تێکەڵاوی لەدەسەڵات و ئیشوکاردا ڕوونەدات.ئەمە یەکێکە لە نهێنی سەرکەوتنی هەموو دەوڵەتێکی خاوەن دام و دەزگایەکی ئیداری چەسپاو و پتەو .

بەم شێوەیە چەندە ئیدارەکەمان تۆکمەو وپتەو بێت ئەوەندەش حکومەتەکەمان و ئەزمونەکەمان چەسپاو و خۆڕاگر دەبێت,بەمەش ی.ن.ك و سەرکردایەتیەکەی دەبنە جێگەی فەخر و شانازی نەوەکانی داهاتوو وە لەمێژووی میلەتەکەماندا دەبنە بنیاتنەر و دامەزرێنەری بناغەی دەوڵەتی یاساو ( موئەسەسات) لەکوردوستاندا و ناویان بەنەمری دەمێنێتەوە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٠٨٢لە ٢٠٠٠/٢/٢٤ و ٢٠٨٣ لە٢٠٠٠/٢/٢٦دا بەدوو بەش بڵاوکراوەتەوە .



کوردایەتی لە نێوان ...

# حکومەتی هەرێمی کوردستان گوڵێکی گەشاوەیە لەگوڵدانی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕیندا*

وەك ئاشکرایە لەسایەی ڕاپەڕیندا کۆمەڵێك دەستکەوت و داهێنان و ئامانجی گەورە هاتوونەتەدی بەڵام لەهەموویان گرنگتر و گەورەتر و کاریگەرتر هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون . چونکە ئەم دوو دامەزراوە بنەما و دینگەی سەرەکین بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی ژیانی یاسایی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری گەورەیان دەبێت بۆ سەر داهاتوو و پاشەڕۆژی مەسەلەی کورد . هەربۆیەش چەندە بتوانین ئەو دوو دامەزراوە گەشە پێبدەین و فراوانتر و کاریگەر تریان بکەین لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکەماندا ئەوەندە دەبینە جێگەی هاوکاری و پشتگیریکردنی دۆستەکانمان .

پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دوو دەسەڵاتە سەرەکییەکەی وڵات پێکدەهێنن و دەتوانرێت لەسایەی ئەمانیشدا دەسەڵاتی سێیەم کە دەسەڵاتی یاساو دادوەرییە گەشە پێبدرێت و بچەسپێت و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتوو پێکبهێنرێت , کەتیایداو لەچوارچێوەی یاسادا سەرجەم ئازادییەکان و سەربەستی و مافەکانی مرۆڤ بپارێزرێت و دابین بکرێن .

بەدیهێنان و فەراهەمکردنی ژیانێکی ئاسوودەو هێمن و پڕ لەئاسایش و هەموو ئەو مافانە ئەرکی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و خاوەن دەسەڵات و بڕیاردەر و دامودەزگایەکی پتەو و داهاتێکی باشە , کە بتوانێت وەك دەسەڵاتێکی جێبە جێکردن ڕۆڵی خۆی وازی بکات لەسەرتاسەری وڵاتدا بێ جیاوازی لەنێوان ناوچەکان و هاووڵاتیان و ڕەگەزو مەزهەبەکاندا .

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرواری (١٩٩٢/٧/٤) دا بڕیارێکی گەلێك گرنگ و مێژوویی بوو لەکاروانی خەباتی کوردایەتیدا , چونکە یەکەمین حکومەتی کوردییە کە لەلایەن پەرلەیمانێکی هەڵبژێراوو شەرعی کوردییەوە بڕیاری لێبدرێت و دەستکەوت و خزمەتگوزاری گەلێك گەورە پێشکەش بەهاوڵاتیان بکات .

مەخابن ئەگەر پیلانی دوژمنان لێ گەڕایەو شەڕی ناوخۆ هەڵنەگیرسایەو حکومەتی هەرێم بەیەککگرتووی بمایەتەوە مەسەلەی کوردیش گەرم و گووڕ تر لەسەر ئاستیی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا , بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەشداولەگەڵ کەمی داهات و ئابلۆقەکان و..هتد . حکومەتی شەرعی هەرێمی کوردستان توانیویەتی درێژە بەکارو خزمەتگوزارییەکانی بدات و داهێنان و گەشەکردنی دام و دەزگاکانی بەردەوامی پێبدات و پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی وەك هێڵی کارەبای دوکان و دەربەندیخان و دەرهێنان و پاڵاوتنی



کوردایەتی لە نێوان ...

نەوت بە ئەنجام بگەیەنێت کەتەنیا لەتوانای دەوڵەتێکی پێشکەوتوو خاوەن داهات و ئیمکانیاتی زۆر دایە .

هەروەها بەسوود وەرگرتن لەبڕیاری ٩٨٦ توانیویەتی هەڵمەتی بەشێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەئەنجام بگەیەنێت و سەرجەم کارە خزمەتگوزارییەکان لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و خوێندنی باڵا و پەروەردەو تەندروستی و شارەوانی و ئاسایشی ناوخۆداپێشکەش بکات و تاڕادەیەکی باش داهاتی حکومەت کۆبکاتەوەو جمو جۆڵی بازرگانی بخاتە وە کوردستان و سوود لە هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە بەدەرەوەی وڵاتەوە وەربگرێت .

بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم لەماوەی ٩ ساڵی تەمەنیدا گەلێك دەستکەوت و خزمەت گوزاری گەورەی بەئەنجام گەیاندووە و توانیویەتی قۆناغەکانی ئەزموونی و ساوایی ببڕێت و بچێتە قۆناغی حوکمی دام و دەزگایەوەو توانیویەتی بنەماو بنچینەیەکی زانستی وپتەوی ڕاست و دروستیش بۆ گەشەکردن وتەرشیقی ئیدارە لەکوردستاندا بگرێتە بەر , بۆ ئەوەی دەسەڵات و دامو دەزگاکان زیاتر بچەسپێن و لەچواچێوەی یاسادا هەڵسوکەوت بکەن و دیاردە دزێوەکانی ڕۆتین و فەساد و مەحسوبیەت کەم بکرێتەوە .

حکومەتی هەرێم لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی بۆ دراوەو بەحکومەتی گەل ناسراوە , هەر بۆیەش پێویست دەکات کە حکومەتیش زیاتر و چاکتر خۆی لە جەماوەر نزیک بکاتەوەو

زیاتر وچاکتر گوێ لەداواکاریی و ڕەخنە و گلەییەکانیان بگرێت و خزمەتگوزاریی زیاتریان پێشکەش بکات . بەو کارەش زیاتر خۆشەویست و دەچێتە دڵ و دەروونی جەماوەری گەلەکەمان .

ویستی خەڵکی کوردستان لەساڵیادی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەلاًت وحکومەتی دووکەرتبووی کوردستانە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەیەك و یەکگرتووی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بەگەلەکەمان بکرێت و داهات و خێرو بێری کوردستان بۆ خزمەتی هاولاًتیان خەرج بکرێت , کوردستان زیاترو زیاتر ئاوەدانی و گەشە پێدان بە خۆوە ببینێت و ئەوەی کەنەتوانراوە لەماوەی ئەم نۆ ساڵەدا جێبەجێبکرێت هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی بدات .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٢٤٩٦)لە ٢٠٠١/٧/٤ دا بلاًوککراوەتوە.





# بەشی چوارەم

# چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاوی پیسی ئاوەڕۆکان *

➢ لەشاری بابلی کۆندا چارەسەری ئاوی پیس کراوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی لەناو چەند جۆگەیەك و دواتر ڕژێنراوەتە ناو ڕووبارەکانەوە, میسریە کۆنەکانیش چارەسەرێکی هاوشێوەی بابلیەکانیان پەیڕەو دەکرد و تەنانەت زۆر شاری تریش و تائێستاش هەر بەم شێوەیە چارەسەری ئاوی پیس دەکەن.لەڕێگەی جۆگەی گەورەی سەر دانەپۆشراوەوە ئاوی پیس کۆدەکرێتەوە و دواتر فڕێ دەدرێتە ناو ڕووبارەکانەوە. فڕێدانی ئاوی پیس بۆ ناو ڕوبارەکان یەکێك بوە لە هۆکاری بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتاکان. دوای دۆزینەوەی میکرۆب لەلایەن زانای فەرەنسیەوە لویس پاستۆر(١٨٨٢-١٨٩٥) و زانینی هۆکاری بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکان،دەستکرابەگرتنەبەری چەند هەنگاویکی لەسەرخۆ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بۆ خۆڕزگارکردن نەك هەر لەئاوی پیس بەڵکو سوود وەرگرتن لەهەندێ پاشماوەکانی تیایدا بۆ ئەوەی پرۆسەکە پرۆسەیەکی ئابوری بێت.

### ➢ سروشتی کیمیاوی ئاوی پیس Chemical Nature Of Sewage

ئاوی پیس بریتیە لەگیراوەیەکی سووك لە پێك هاتە ئەندامیە خۆهەڵواسێنەرەکان وەك پێك هاتە خۆراکیەکان و





نایترۆجینیەکان و چەوریەکان و صابون و کاربۆهایدراتیەکان و پاکەرەوەکان و ڕیشاڵە سلیلۆزیەکان و فۆسفات و جۆری جیاواز لە کبریتاتەکان و ئاو کەڕێژەی ٩ر٩٩٪ لەئاوی پیس پێك دێنێت.

بەشێوەیەکی ئاسایی ئاوەڕۆکانی شارەکان ئاوی پیس و پاشەڕۆکان لە نەخۆشخانەکان و خوێندنگاکان و گەراجەکان و تاقیگەکان و هەندێ لەکارگەکانەوە کۆدەکەنەوە و ئەو ئاوانەش مادەی ڕەقی زۆری تیادایە وەك قوڕ و لم و کاغەز و پارچەی کانزایی و مەوادی تر ....

لەو تاقیکردنەوانەی کە دەکرێت بۆ ئاوی پیس پێش ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بریتیە لە :-

١. کۆی مەوادە ڕەقەکان Total Solids

بریتیە لەمەوادی ڕەقی تەواوە و خۆهەڵواسێنەر بەئاوی پیسەوە، بەڕێژەی بەشێك لە ملیۆن یان ملیگرام / لیتر پێوانە دەکرێت ، لەتاقیگەکانیشدا بەهۆی بونە هەڵمی قەبارەیەکی دیاریکراو لەئاوی پیس لەپلەی ١٠٥ س پێوانە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی کێشی مەوادی ڕەقەماوەکان.

٢. مەوادی ڕەقی نیشتوو Settleable Solids

دیاریکردنی مەوادی ڕەقی نیشتوو یارمەتی زانینی بڕی ئەو مەوادە ڕەقانە دەکات کە کۆدەبێتەوە لە حەوزی نیشتنی سەرەتاییدا. بەم شێوەیەش بەرچاو ڕوونی دەدات دەربارەی هێزی ئاوی پیسەکەو توانای یەکە نیشێنەرەکان,کە پێوانە

دەکرێت بەدانانی ١ لیتر لە ئاوی پیس لەپلەی ٢٠س و بۆ ماوەی ١ کاتژمێر لە دەفرێکی لولەکیدا کە لێژیەکەی ١٥ پلە و درێژیەکەی ١ر٣٠ سم بێت کە پێوانەکراوە بە ملیلیترات کە بڕی مادە نیشتوەکان بە ملیلیتر بۆ هەر لیترێك دەپێورێت.

٣. مەوادی ڕەقی هەڵواسراو Suspended Solids

ئەم مەوادانە کە لەئاوی پیسدا هەن پێوانە دەکرێن بە پالأوتنی قەبارەیەکی دیاریکراوی بەهۆی بۆتەقەیەکی پاکژ و گەرمکراوەوە کە کێشێکی نەگۆڕی هەبێت لە جۆری کوج ( Goodch Crucible)کە ئەنجامەکەیبە ملیگرام لە لیترێکدا یان بەشێك لەملیۆن دەزانرێت. دەتوانرێت کەبڕی مەوادی ڕەقی هەڵچوو (Volatile Solids) دوای سوتاندنی بۆتەقەکە لە پلەی ٦٠٠ س دا بزانرێت و جیاوازی کێشەکان دیاریبکرێت. هەروەها دەتوانرێت ڕێژەی مەوادی ڕەقی هەڵچووبدۆزرێتەوە بە زانینی کۆی مەوادە ڕەقەکان, هەروەها دوای سوتاندنی مەوادە ڕەقە ماوەکان دوای بە هەڵمبوونی بڕێکی دیاریکراو لە ئاوی پیس.

پێك هاتەی ئاوی پیس دەگۆڕێت لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر, هەروەها لەهەمان شاریشدا دەگۆڕێت لە کاتژمێرێکەوە بۆ کاتژمێرێکی تر ، تۆڕی ئاوەڕۆکان بە ئاسایی وا دیزاین دەکرێت کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ٤٥٠-٩٠٠ لیتر لە ئاوی پیس بکات بۆ هەر یەك کەس لە ڕۆژێکدا بەپێی سروشت و چۆنێتی ژیانی کەسەکان و ئاستی گوزەرانیان لەو شارانەدا. تێکڕای مەوادی ڕەقی هەڵواسراو بریتیە لە ٩٠ گم بۆ ١ کەس لە ڕۆژێکدا.





٤. ئۆکسجینی تواوە Dissolved Oxygen

چڕی ئۆکسجینی تواوە تازەیی ئاوی پیس دیاری دەکات و دیاریشی دەکات کە پێویستە کلۆر بەکاربهێنرێت بۆ ڕێگەگرتن لە دروست بوونی بۆن لە ئەنجامی بۆگەنکردنی ئاوی پیس لە قۆناغەکانی سەرەتادا و بۆ چارەسەرکردنی. زانینی ئۆکسجینی تواوە گرنگە بۆ زانینی ئۆکسجینی پێویست بۆ پرۆسە بایۆلۆجیەکان BOD (Biological Oxygen Demand) ئۆکسجینی هەوا لە ئاودا دەتوێتەوە و ئەم کارەش پەیوەستە بە پلەی گەرمی و فشار و ئەو مەوادانەی لە ئاوەکەدا هەن ، بۆ نموونە ئۆکسجین بەپلەیەکی زیاتر لە ئاوی پاکژدا دەتوێتەوە بەبەراورد لەگەڵ ئاوی دەریاکاندا.ئۆکسجینی تواوە بریتیە لە ١٤ر٥ ملغم / لیتر لە ئاویپاك لە پلەی سفری سەدیدا و ٧ر١٢ ملغم / لیتر لە پلەی ٤ ی سەدیدا و ٨ر٨ ملغم/ لیتر لە پلەی ٢٠ ی سەدیدا لەژێر ١ پاڵەپەستۆی هەوادا.

- دەتوانرێت بڕی ئۆکسجینی تواوە بزانرێت بەڕێگەی کیمیاوی بەوەی کە بزانرێت ڕێژەی بەئۆکسیدبوونی ئایۆنی مەنگەنیز یان بە ئۆکسیدبوونی هایدرۆکسیدی مەنگەنیزی نیشتوو بۆ دووەم ئۆکسیدی مەنگەنیزی ئاوی بەدەوروبەرە تفتەکەوە. لەدوای کرداری بە ئۆکسیدەبونەکە ترشی کبریتیك و ئایۆدیدیپۆتاسیۆم زیاد دەکرێت بۆ ئازادکردنی یۆدەکە. بڕی یۆدی ئازادکراو هاوشانە بەبڕی ئۆکسجینی تواوە, و یۆدەکە

ڕاست دەکرێتەوە لەگەڵ گیراوەیەکی پێوانەییدا لە پایۆکبریتاتی صۆدیۆم و نەشا بەکاردێت وەك دۆزەرەوەیەك لەم کارەدا.

## ➢ ئۆکسجینی داواکراو بۆ پرۆسە بایۆلۆجیەکان (BOD(Biological Oxygen D EMAND

بریتیە لەبڕی ئۆکسجینی بەکارهاتوو لەلایەن هۆکارە بایۆلۆجیەکانەوە بۆ ئەکسەدەبون و جێگیرکردنی مەوادە ئەندامیەکان لەنمونەیەکی دیاریکراو لە ئاوکاتێ لە پلەی ٢٠س دەپارێزرێت بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ.

نموونە :-

٣٠ ملیلیتر لەئاوی ئاوەڕۆکان ڕوونکرایەوە بۆ ٣٠٠ ملیلیتر ، کاتێ چڕی سەرەتایی ئۆکسجینی تواوە ٨ر٨ ملغم/ لیتر و چڕی کۆتایی دوای ٥ ڕۆژ ٦ملغم/لیتر بوو.

ئەوا

٢ر٨
بی ئۆدی = ---- *٣٠٠ = ٢٨٠ ملغم/لیتر
٣

پلەکانی BOD پشت دەبەستێتە سەرسیفاتی خۆماڵی کە دەکرێت لاواز و مام ناوەند و بەهێز, بۆ نموونە :-
BOD کەمتر لە ٢١٠ لاوازە و ٣٥٠ مام ناوەندە و ٦٠٠ لیتریش دادەنرێت بە بەهێز.





نرخی BOD هەستیارە بۆ پلەی گەرمی هەروەها بەڕێژەی بوونی ئەو مەوادانەی کە کاریگەرن لەسەر چالاکی بەکتریاکان وەك ئەو ژەهرانەی کە لە پاشەڕۆی هەندێ لەکارگەکاندا هەن.

کاتێ کۆنترۆڵی تەواوی سەرچاوەی ئاوی پیس بکرێت دەتوانرێت ڕێژەی BOD بپارێزرێت لە سنوری ٥٪دا.بۆ حساب کردنی ئەم نرخە پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئاوی پیسدا بکرێت بەشێوەیەکی تەواو نەك تەنها لەسەر بوونی مەوادە ڕەقەکان تیایدا, چونکە BOD خێراییـو پلەی بەئۆکسیدبونی مەوادە ئەندامیەکان پیشان دەدات لەئاوی ئاوەڕۆکاندا بەهۆی هۆکارە بایۆلۆژیەکانەوە.

## ➢ ئۆکسجینی داواکراو بۆ پرۆسە کیمیاویەکان COD (Chemical Oxygen Demand)

بۆ زانینی کۆی ئەو مەوادانەی کە دەتوانرێت کرداری بەئۆکسیدەبوون تیایاندا ڕوبدات لە ئاوی ئاوەڕۆکاندا بە شێوەیەکی خێرا دەکرێت هۆکاری بەئۆکسیدەبوونی کیمیاوی بەکاربهێنرێت. بەشێوەیەکی ئاسایی نرخی CODلە BOD گەورەترە. لەبەرئەوەی ئەو مەوادە کیمیاویانەی بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی COD مەوادە سلیلۆزی و ....هتد بە ئۆکسید دەکات کە بۆگەن ناکەن بەخێرایی بەکاری بەکتریاکان.

دەتوانرێت CODو BOD پەیوەندیان هەبێت لەگەڵ یەکتردا لەکاتی جێگیر بوونی پێك هاتەی ئاوی پیسدا.

### ➢ چەوریەکان

چەوریەکانی ئاوی پیس پێك دێن لە پیو و چەوری ئاژەڵی و ڕوەکی و مادە مۆمیەکان و ڕۆنە کانزاییەکان و ترشە چەوریەکانی بەرهەمی صابون.

بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە چەوریەکان لەئاوی پیسدا کاردەکاتە سەر فرۆشتنی وەك پەین, بۆیە پێویست دەکات کە چارەسەری چەوریەکان بکرێت.

### ➢ ژمارەی هایدرۆجینی و ترشی و تفتی ئاوی ئاوەڕۆکان (PH, Total Acidity or Alkalinity)

پێوانەی ژمارەی هایدرۆجینیڕادەی ترشێتی و تفتێتی ئاوی ئاوەڕۆکان دەردەخات. ژمارەی هایدرۆجینی ئاوی ئاوەڕۆی ماڵان بریتیە لە ٢ر٧-٤ر٧ ئەم ژمارەیەش کاریگەری دەبێت لەسەر کرداری چالاکی ئەنزیمەکان لەکاتی چارەسەرکردنی ئاوی پیسدا.

### ➢ کلۆری پێویست

توانەوەی ئۆکسجین کەم دەبێتەوە لەئاوی ئاوەڕۆکاندا کاتێ هەوا گەرم بێت یان ڕۆیشتنی ئەو ئاوانە هێواش بێت ئەوا لەوکاتەدا پاشەڕۆکان بۆگەن دەکەن و بۆنێکی تیژیان دەبێت کە پێویست





دەکات مامەڵەی ئەو ئاوانە بکرێت بە کلۆر. بونی کلۆر دەبێتە هۆی بەئۆکسیدبوونی کبریتیدی هایدرۆجین و بۆنەکانی تر و لایان دەبات, هەروەها دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەکتریاکان بەڕادەیەکی زۆر.

### ➢ خۆڕزگارکردن لە ئاوی پیس بەفڕێدانی ڕاستەوخۆ ( Direct Disposal)

خۆڕزگارکردن لەپاشەڕۆکانی ئاوی ئاوەڕۆکان بەفڕێدانی ڕاستەوخۆیان بۆ ناو ڕووباروجۆگەلەودەریاچەکان لەزۆر ناوچەی دونیادا. بریتیە لەهەرزانترین ڕێگە بەڵام دەبێت هۆی پیس بوونی ئەو ئاوەسروشتیانەوهەندێ جاریش دەبێتە هۆی کۆبونەوەی هەندێ مەوادی ژەهراوی لەو جێگەیانەی کەئەو ئاوانەی تیایدایە و ناتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەکارهێنانەکانی مرۆڤ.

پاکژبوون و تەندروست بوونی ئاوی سروشتی دەوەستێتە سەر خێرایی نوێبونەوەی ئۆکسجینی تەواوە و شەلالەکان و شەپۆلەکان وتەوژمە خێراکان. و بونی ڕوەك لەناو ئاودا یارمەتی پارێزگاری هاوسەنگی ئۆکسجین دەدات. دەکرێت کە بۆ خۆڕزگارکردن لەئاوی پیسی ئاوەڕۆکان بکرێتە سەر زەویە لماویەکان چونکە گەردە لمیەکان داپۆشراون بە چینێکی جەلاتینی کە بەکتریایان تیدایە وهەڵدەستن بە لێك هەڵوەشاندنی مەوادە ئەندامیەکان بەبونی هەوا. هەروەها بەهەمان ڕێگە دەتوانرێت خۆڕزگاربکرێت لە شلە پالأوتەکان کە پاشەڕۆی کارگەی بەقوتوکردن وئەلبانەکانی تیادایە, بەڵام ئەم ڕێگە چارانە

لە فرێدانی پاشەڕۆ بۆ ناو ئاوە سروشتیەکان و زەویەکان بەیاسای وولاتان و نێودەوڵتیەوە پابەندەودەبێت جێبەجێبکرێت.

## ➢ مامەڵەی ئاوی ئاوەڕۆکان (Sewage Treatment)

م ڕێگایە پشت دەبەستێتە سەر بڕو جۆر و سروشتی پێك هاتووەکانی و جێگەی سەرچاوەکەی وئاستی تەکنیکی پێویست بەپێی یاسا و ڕێنماییە ناوخۆییەکان ، هەروەها تێچووی ئەم کارەش ڕۆڵی گەورە دەبینێت بۆ دیاریکردنی جۆری ئامێرە پێویستەکان.

ڕێگەیەکی دیاریکراو نیە، بەڵام دەتوانرێت هەموویان یەکێك لەم ڕێگایانەی لای خوارەوە پەیرەو بکرێت :-

١. زیادکردنی کلۆر Prechlorination

٢. جیاکردنەوەی مەوادە ڕەقەکان بەبێژنگ Screening

لێرەدا ئەو مەوادە ڕەقانە جیادەکرێتەوە کە قەبارەیان گەورەیە و کاردەکەنە سەر پرۆسەی ئیش کردنی یەکەی چارەسەریەکان و چەند جۆرێك لەبێژن بەکاردێت بۆ کرداری جیاکردنەوە.

٣. شکاندنی مەوادە ڕەقە وەلانراوەکان Disintigration Of Screening

٤. جیاکردنەوەی مەوادە ڕەقە نیشتووەکان Removal Of Grit





لێرەدا ئەو بەرد و لمە جیادەکرێتەوە کە لەئەنجامی تێکەڵ بوونی ئاوی ئاوەڕۆکان و باراناوە وە دروست دەبێت.

٥. جیاکردنەوەی چەورییەکان Grease Removal ئەو چەوریانە کە چڕیەکەیان لە چڕی ئاو کەمترە ڕۆنێك دروست دەکەن لەسەر ڕووی ئاوی ئاوەڕۆکان لە خەزانی چارەسەری سەرەتاییدا و بۆ کۆکردنەوەی لە جێگەیەکی تردا و دواتر جیاکردنەوەی.

٦. کۆکردنەوەی ووردەی نیشتووەکان Flocculation

ڕاوەشاندنی ئاوی ئاوەڕۆکان دەبێتە هۆی پێکەوە لکانی گەردیلە وردەکان بەیەکەوە و دروست بوونی گەردی گەورەتر کە بەئاسان تر دەنیشێت لە حەوزەکاندا.

٧. نیشتنی سەرەتایی Primary Sedimentation

دوای پرۆسەی بێژانەوە, ئاوی ئاوەڕۆکان دەکرێتە حەوزی نیشتنی سەرەتاییەوە و ناجوڵێت بۆ ماوەی ٢-٣ کاتژمێر کە ٤٠٪ ی مەوادە ڕەقەکان و BOD ی جیادەکرێتەوە. کە ئەم بڕەش دەوەستێتە سەر ئاست و جۆری مەوادی پاشەڕۆکان.

پاشەڕۆ نیشتوەکان پاڵ پێوەدەنرێت بۆ ئالیاتی هەزمکردن کەبێ بوونی هەوا کاردەکەن بەهۆی ماتۆڕی تایبەتەوە.

٨. نیشتنی کیمیاوی Chemical Precipitation

ئاوی پیس و خوێکانی ئاسن و ....هتد دەنیشێنرێت چونکە ئایۆناتی موجەبیان هەیە و غەرەویەکانیش ئایۆنی سالبیان هەیە.

ئاوی جیری ژمارەی هایدرۆجینی تێکەڵەکە زیاد دەکات و هایدرۆکسیداتی جەلاتینی دروست دەکات کە بارگەی موجەب هەڵدەگرێت کە مەوادە ئەندامیەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەنیشێنێت یان بەهۆکاری میکانیکیەوە یان لەڕێگای هەڵمژینەوە. ئەم ڕێگەیە برێکی زیاتر دەنیشێنێت بەبەراورد بەڕێگاکانی تر و دەبێت ڕەچاوی نرخی ئەو مەوادانە بکرێت کە بەکاردەهێنرێت لە پرۆسەی نیشتندا.

٩. پاڵاوتن Filtration

کاتێ کە ئاوی ئاوەڕۆکان لەسەر چینێك خەڵوز و بەردی شکا و و چەو بڵاودەکرێتەوە ڕووی سەرەوەی ئەم مەوادانە بە دیوارێکی جەلاتینی تەنك لە بەکتریا دادەپۆشرێت و لەگەڵ بوونی هەوادا کاردەکات وەك قوڕە چالاکەکان کە پێی دەوترێت (Zooglea) کە ئەم زیندەوەرانەش لەسەر ئاوی پیس دەژین. ئەم یەکەی چارەسەرکردنانەش توانایان لە قوڕە چالاکەکان کەمترە، بەڵام دەتوانێت ٧٧-٨٦ ٪ لاببات لە BOD.

١٠. ڕێگەی قوڕە چالاکەکان Activated Sluduge Process

ئەم قوڕەچالاکانە پێك دێت لە بەکتریاو هەندێ مەوادی ئەندامی ناهەرس کراوکە بەکاردەهێنرێت بۆ نیشتنی بەرد و لم و مەوادە ڕەقەکان.

١١. نیشتنی دووەمی Secondary Sedimentation

١٢. هەزمکردنی قوڕو نیشتووەکان Sludge Digestion





قوڕو پیسی بریتین لەهەموو ئەو مەوادە نیشتوانەی کە جیاکراونەتەوە لە ئاوی پیس و پێك دێن لە هەموو مەوادە نیشتوەکانی ئاوی پیس و بۆنێکی ناخۆش و تیژیان هەیە کە ئاسان نیە وشك بکرێتەوە.

ئەو قوڕانەی بەڕێگەی کیمیاوی دەنیشێت قەبارەیان گەورەترە و بۆنیان کەمترە.بەڵام قوڕە چالاکەکان کاتێ بۆنیان هەیە کە تازە نیشتبن و برێکی زۆر لە نایترۆجین و فۆسفۆریان تیادایە بەبەراورد لەگەڵ قوڕەسەرەتاییەکاندا. دەتوانرێت هەرسی ئەم مەوادە ڕەقانە بکرێت بەهۆی بەکتریاوە کە بەبێ بوونی هەوا ئیشی خۆیان دەکەن و لەئەنجامدا گازەکانی میپان و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەرهەم دێن.

ئەو گازەی بەرهەم دێت بەکاردەهێنرێت وەك سوتێنەرێك بۆ کارپێکردنی ئامێرە گازیەکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ئیشوکاری جیاواز لەکارگەدا و گازە بەرهەمهاتوەکانیش لەو ئامێرانەوە بۆ گەرمکردنی یەکەی هەرسکردنەکان بەکاردێن و گەرمیە بەرهەم هاتوەکانیش کەلەئەنجامی ساردکردنەوەی ئامێرەکانەوە دێتە دی بۆ گەرمکردنی بیناکان بەکاردێت.

١٣. زیادکردنی کلۆر بۆ شلە بەرهەمهاتووەکان Chlorination Of Final Effluents

١٤. ڕزگاربوون لە پیسی و نیشتووەکان Residual S ludge Disposal

**➢ دەتوانرێت ئەو کارگانەی کە چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان دەکەن پۆلێن بکرێن بۆ :-**

١. چارەسەری ئاوی پیس بەشێوەیەکی سەرەتایی و بەشی کە ٣٥٪ BOD و ٦٠٪ ئەو مەوادە ڕەقانە لادەبات کە توانای نیشتنیان هەیە بەهۆی کردارەکانی نیشتن و پالاوتنی سەرەتاییەوە.

٢. چارەسەرە دووەمیەکان کە کردارە بایۆلۆژیەکان دەگرێتەوە وەك مامەڵەی قوڕە چالاکەکان

(Activated Sludge) لەگەڵ کردارەکانی جیاکردنەوە و نیشتن و پالاوتنی دووەمی.

٣. چارەسەری تەواو کە چارەسەری سەرەتایی و دووەمیش دەگرێتەوە و ڕێژەی ٩٠٪ ی مەوادە ڕەقە هەڵواسراوەکان لادەبات و ڕێژەی ٩٠-٩٥ ٪ BOD و ٩٥٪ بەکتریاکانیش لادەبات, هەروەها دەشتوانرێت کە خۆڕزگاربکرێت لە ٩٨-٩٩٪ بەزیادکردنی کلۆر بۆ شلەیەکی پاکژ. (وەك لەوێنەکانی ژمارە ١ و٢ دا پیشان دراوە)..

**➢ خۆڕزگارکردن لە قوڕو پیسیەکانی تر (Disposal Of Residual Sludge)**

سەرەڕای کرداری هەرسکردنی مادە ڕەقەکانی ناو ئاوی ئاوەڕۆکان بەبەردەوامی, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی زۆرو گەورە لەو مەوادانە هەر دروست دەبن. لەپرۆژە گەورەکاندا ڕێگەی



کوردایەتی لە نێوان ...

پالاوتن و نیشتن بەکاردەهێنن و ئەو قوڕانە یان دەسوتێنرێت یان سوودیان لێوەردەگیرێت وەك پەین ئەگەر پیس نەبوبن بە پاشەڕۆ پیشەسازیەکان.

**➢ دەریاچە وگۆمی بەئەکسدەبوون (Lagoons & Oxidation Ponds)**

کۆکردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان لە گۆم و دەریاچەی بچوکدا هانی گەشەکردنی ڕووەك دەدات کە ئۆکسجین دەداتەوە و ئەمەش وادەکات کە کەشێکی گونجاو برەخسێنێت بۆ گەشەکردنی بەکتریا. کە مەوادە ئەندامیەکان هەڵدەوەشێنێت لە یەکتری. بەم ڕێگەیەش دەتوانرێت لەبڕێکی زۆری BODڕزگارمان ببێت. ئەم ڕێگەیە لەگوند و شارە بچوکەکاندا بەکاردێت و دەبێت ئەم دەریاچە و گۆمانە لەدووری جێگەی نیشتەجێبوون بێت. بنی ئەم گۆمانە بە قوڕ یان پلاستیکی تەنك یان بەگیراوەی سلکاتی صۆدیۆم و دواتر بەگیراوەی کلۆریدی کالیسیۆم دادەپۆشرێت و تێچوونی کەمە و دیزاینی تایبەتی بۆ دەکرێت.

کرداری هەرسکردنی مەوادە ئەندامیەکان لە ١٢٠-٢٠٠ ڕۆژ دەخایەنێت بەگوێرەی جۆری ئاوە پیسەکەوپلەی گەرمی.

**➢ پاشەڕۆ پیشەسازیەکان (Industrial Waste)**

پاشەڕۆ پیشەسازیەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکیەکانی پیس بوونی ئاوی سروشتی مامەڵە و چارەسەرکردنی ئەو پاشەڕۆیانەی کە لەکارگەیەکی شەکر یان کاغەزەوە دەردەچن

پێویستیان بەو برە BOD هەیە کە بۆ شارێکی ٢٠٠٠٠٠ کەسی پێویست دەبێت, لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنانە نوێیانەش کە بەدەست هاتوون لەبواری چارەسەرکردنی پاشەڕۆ پیشەسازیەکاندا بەڵام بەهۆی دامەزراندنی کارگەی زۆرتر کێشەکەی هێندەی تر گەورەتر کردووە. دەکرێت پاشەڕۆ پیشەسازیەکان بەشێوەیەکی گشتی بکرێنە چوار پۆلەوە :-

١. مەوادی ئەندامی کە BODیان بەرزە کە دەکرێت بە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان چارەسەر بکرێت. ئەم پاشەڕۆیانەش وەك پاشەڕۆی کارگەکانی بەرهەمە خواردنیەکان.
٢. ئەو پاشەڕۆیانەی کە مەوادی ئەندامیان تیادایە کە ناتوانرێت بەڕێگەی ئاسایی خۆیان لێ ڕزگار بکرێت. وەك پاشەڕۆی پالاوگە نەوتیەکان و کارگە کیمیاوی و پترۆکیمیاویەکان.
٣. پاشەڕۆ ژەهراویەکان وەك سیانید و هەندێ کانزا :- خۆڕزگارکردن لەم مەوادانە مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت, ئایۆناتی زیوو مس و کرۆم ژەهراوین بۆ ماسی و هەرکاتێ چڕی ئایۆنی مس بریتی بوو لە ٠٣ر٠ بەش لە ملیۆن بەسە بۆ لەناوبردنی هەندێ جۆر لە ماسی و هەروەها کۆبونەوەی ئەم ئایۆنانەش لە قوڕەکاندا دەبێتە هۆی ژەهراوی بونی بەکتریاکان و نەهێشتنی وزەی کارکردنیان. ڕێگەی نیشتن بەکاردەهێنرێت بۆ خۆڕزگارکردن لە ئایۆناتی کانزا ژەهراویەکان.





٤. پاشەڕۆ ترش و تفت و سوێرەکان :- ئەو پاشەڕۆیانەی دەردەچن لە کارگەی ڕستنەکانەوە ژمارەی هایدرۆجینی PH ی بەرزیان هەیە. و ئەو پاشەڕۆیانەی لەکانی خەڵوز و کبریتیدەکانەوە دەردەچن ترشن و ئەو پاشەڕۆیانەشی لە ئەنجامی پاکردنەوەی کانزاکانەوە دەردەچن بریتین لە ئایۆناتی کانزاکان لەگەڵ ئەوەشی کە پێك هاتەکانیان ترشن. و هەریەکەیان بەڕێگەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و چارەسەردەکرێت.

➢ لەئێستادا و لەسەردەمی پێشکەوتن وداهێنانە گەورەکاندا لەهەموو بوارەکانی زانستدا هەوڵی جدیتر و گەورەتر دەنرێت بۆ چارەسەرکردن و بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان و پاشەڕۆکان بۆ خواردنەوە وبەکارهێنانەوەیان جارێکی تر ، بەتایبەتیش لەو شارو وڵاتانەی کە سەرچاوەی ئاوی سروشتی و سازگاریان نیە ، و ساڵانە بە ملیار پارە خەرج دەکەن بۆ ئەو مەبەستە هەر لە پاکژکردنەوەی ئاو و چارەسەرکردن و دامەزراندنی یەکە و کارگەی پالاوتنی ئاو ..........هتد. چونکە ئەم کێشەیە کێشەیەکی گەورەیە و چەندین کۆنگرە و کۆڕو کۆبونەوەی نێودەوڵەتی و زانستی بۆ سازدراوە و چەندەها لێکۆڵینەوەی دەربارە پێشکەش کراوە بەتایبەتیش لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکاندا. کە پاشەڕۆی پیشەسازیان زۆرە و ئەو پاشەڕۆیانەش کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر پیسبوونی

ئاوی سروشتی و ژینگەش.و ئەو کارگە گەورانەش هەوڵ دەدەن کە ئاوە پیسەکانیان بەکاربهێننەوە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە :-

١. سوود وەرگرتن لەهەندێ پاشەڕۆی ناویان
٢. کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمەکانیان

بۆیە بۆ داهاتووی کوردوستان و بەتایبەتیش بۆ شارە گەورەکان ئەم کێشەیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و پێویست دەکات هەر لەئێستاوە بیری لێ بکەینەوە و بەرنامە و پلان و ڕێ و شوێنی گونجاوی بۆ بگرینە بەر.

سەرچاوە :-
➢ ١. الكيمياءفى الهندسة / لويد لوموند/ برنتس هول-نيوجرسي/ ١٩٦٥
➢ ٢. العمليات الصناعية الكيمياوية/ نورس شريف / ماكرهول / ١٩٦٧
➢ ٣. الكيمياء الهندسية / د.محمودعمر و سهام حسن فهمى و د. قاسم جبار سليمان و د. عبدالله عبد عباس / بغداد / عراق/ ١٩٨٣.

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ١٠ لە پایزی ٢٠٠٤دا لە دا بڵاوکراوەتەوە .





# پیشەسازی

## بۆیە و واڕنیش*

ئەم مەوادانە لەسەر شێوەی چینێکی تەنکی شلن لەسەر ڕووەکان و ڕوویەکی ڕەقی پێوە نوساو دروست دەکەن و ڕووی دەرەوە و دیواری بیناکان بەم مەوادانە دادەپۆشرێن لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :-

١-بۆ پارێزگاری کردنی مەوادی بیناکان لە کاریگەری هۆکارەکانی کەش و هەوا.
٢-بۆ پاراستن دژی هەڵم و گازە زیان بەخشەکان.
٣-بۆ پاراستن دژی بۆگەن کردن.
٤-بۆ پێدانی شێوە و سیمایەکی جوان.
٥-بۆ پاراستنی مەواد بەتایبەتی تەختە لە سووتاندن.
٦-بۆ مەبەستی تەندروستی و بەتایبەتی لە نەخۆشخانەو خوێندنگاکاندا.

کەرەسەی خاوی بۆیە و واڕنیشات و ئەلۆمینات بریتیە لە مەوادی ڕەنگاوڕەنگ و مەوادی پێکەوە لکێنەر و توێنەرەوە و بۆیاتی ڕۆنی و ڕەنگی ئاوی جیری و ڕەنگی ترو مەوادی بریسکەدار.

### بۆیەکان Paints

بۆیە زەیتیەکان :- بریتیە لەمەوادی ڕەنگاوڕەنگی هەڵواسراولە زەیتێکدا کەتوانای وشکبونەوەی هەیە بەزیادکردنی

مەوادی وسککەرەوە و تەنەر یان مەوادی توێنەرەوە کەمادەی یەکەمیان یارمەتی زوو دروست بوونی توێژاڵ و ڕەقبوون دەدات و دووەمیان دەبێتە هۆی ئەوەی کەبۆیەکە وەك یەك و ئاسان بێت لەکاتی بەکارهێنانی فڵچەدا.

وەکاری مەوادە ڕەنگا و ڕەنگەکان بریتیە لە پێدانی ڕەنگی داواکراو و تاڕادەیەکیش دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەبەردەم شی بوونەوەی ئەو توێژاڵەی کەدروست دەبێت بەهۆی تیشکی سەروو بنەوشەییەوە و چینێکی بێبۆشایی دەدات.

**زەیت مادەیەکی پێکەوە لکێنەرە لەبۆیە زەیتیەکاندا. و دەکرێت بە دوو جۆرەوە :-**

یان لەسەر شێوەی هەویریە کە پێویستی بەمادەیەکی ڕوونکەرەوە هەیە. یان لەسەر شێوەی بۆیەیەکی ئامادەوایە کە پێویستی بەڕوونکەرەوە نیە، بۆیە زەیتیەکان بەکاردەهێنرێت لەسەر هەموو جۆرە کانزا و تەختە و گەچ و سپیکاریەك.

**گرنگترین پێکهاتەکانی بۆیەی زەیتی بریتین لە :-**

١.زەیت کەتوانای ووشك بونەوەی هەیە.
٢.مەوادی ڕوونکەرەوە(توێنەرەوە یان تەنەر).
٣.مەوادی ووشککەرەوە.
٤.مەوادی پڕکەرەوە.
٥.مەوادی ڕەنگاوڕەنگ (صناعی و سروشتی).





١.ئەو زەیتانەی کە توانای ووشك بونەوەیان هەیە جگە لە زەیتی پترۆڵ کەبریتیە لە تێکەڵەیەك لە هایدرۆکاربۆنات و هەندێ مەوادی تر کەپێیان دەوترێت ((زەیتەکان)) و بریتین لە ئەستەر بۆ چەوریەترشەکان کەکێشی گەردیان گەورەیە لەگەڵ کحولات وەك گلیسرین واتە گلیسرینە ناتێرەکانی تێدایە کە تێر دەبێت بەیەکگرتنی لەگەڵ ئۆکسجینی ناو هەوادا کە چینێکی ڕەق دروست دەبێت واتە کردارێکی ئەکسەدە بونە.

ئەم زەیتانە دەتوانرێت دابەشبکرێت بۆ :-

١.زەیتێك کە وشك نابێتەوە
٢.زەیتە نیوە وشکەکان
٣.زەیتێك کە توانای وشك بونەوەی هەیەوەدەتوانرێت ئەم سێ جۆرە لە چەوریەکان لەیەکتر جیابکرێتەوە بەسیفاتی چینە دروست بوەکە ، کاتێ کە چینێکی تەنك لەم زەیتانە بڵاودەکرێتەوە لەسەر ڕوویەکی بریسکەدار و دەخرێتە بەر هەواو ڕوناکی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، ئەوا ئەو زەیتانەی کە توانای وشك بوونەوەیان هەیە چینێکی ڕەق دروست دەکەن لەسەر ڕووەکە و زۆر بەباشی پێوەی دەنوسێت و ئیدی نانوسێت بەدەستەوە.

بەڵام زەیتە نیوە وشکەکان کەمتر پێکەوە دەنوسن لەگەڵ ڕوەکەدا. بەڵام ئەو زەیتانەی کە وشك نابنەوە ئەوا لەگەڵ ڕوەکەدا پێکەوە نانوسن و هەر بەزەیتی دەمێنێتەوە.

## گرنگترین جۆری زەیتەکان ئەوانەن کە توانای وشک بونەوەیان هەیە و دەتوانرێت بکرێتە :-

زەیتی سروشتی و نیوە دروستکراو و زەیتی دروستکراو (صناعی).

زەیتە سروشتیەکان کە وشک نابنەوە بەرهەم دێت لەگەرمکردنی زیوتی ڕوەکی بۆ نموونە :- زەیتی ناوکی کەتان کاتێ گەرم دەکرێت بۆ ٢٠٠ پلەی سەدی لەگەڵ زیادکردنی مەوادی وشککەرەوە لەکاتی کرداری گەرمکردندابۆ ئەوەی کردارەکە خێراتر بکات.

زەیتی ناوکی کەتان :- بەکاردەهێنرێت لە بۆیەکاندا و وەردەگیرێت لەناوکی کەتانەوە بەهۆی لێچۆڕاندن و پەستانەوە.دەتوانرێت ووشکبونەوەی زەیتی ناوکی کەتان خێراتر بکرێتبەگەرمکردنی زەیتەکە بۆ ١٥٠ س لەگەڵ زیادکردنی مەوادی وشککەرەوە، لەکاتی کرداری گەرمکردنەکەدا مەوادە وشککەرەوەکە دەتوێتەوە و پەڵمەرەی زەیتەکە دروست دەکات.

مەوادە وشککەرەوەکان بریتین لە ڕیشالەکان و بۆرات ولبتلاتی ڕەصاص و مەنگەنیز بەشێوەیەك کەڕێژەی ٥ر٠٪ بدات لەکانزای ڕەصاص ، ٢ر٠٪ لە مەنگەنیز. زەیتی خاویش لەماوەی نێوان ٣-٤ ڕۆژدا وشك دەبێتەوە کاتێ کە چینێکی تەنکی دەدرێتە بەرهەوا.بەڵام زەیتی کوڵاو وشك دەبێتەوە و دەگۆڕێت بۆ چینێکی ڕەق لەکەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا و هەندێ جار لەکەمتر لە ٨ کاتژمێردا و زەیتی کوڵاو ڕەنگەکەی سورێکی تۆخە ، و زەیتەکە





ڕەنگەکەی تۆختر دەبێت هەرکاتێ ڕێژەی مەوادی وشککەرەوەی تیادا زیادبکرێت و پلەی گەرمیش زیادبکرێت و ماوەی گەرمکردنەکەش زیاتر بکرێت.

ڕەنگی زەیتی ناوکی کەتان ویستراونیە بەهۆی بونی خەوش تیایدا و بەتایبەتیش لەکاتی بەکارهێناندا لە بۆیەسپیەکان و واڕنیشە ڕەنگ کراوەکاندا.

٢ .مەوادە توێنەرەوەکان یان وشککەرەوەکان بەکاردەهێنرێت لەواڕنیشات و بۆیەکاندا ، مەوادە توێنەرەوەکان دەبنە هەڵم لەواڕنیش و بۆیەدا لەکاتی کرداری وشك بونەوەدا و کارلێکی کیمیاوی ناکەن لەگەڵ واڕنیش و بۆیەکاندا یان لەگەڵ ڕووەکاندا و گرنگترینیان بریتین لە :-

❖ ترینتین کە بەرهەمی دڵۆپاندنی تەختە وریشاڵی چینی هەندێ داروتەختە کەلەسەرشێوەی شلەیە و ڕەنگی نیە و ڕوونە و بۆنێکی تیژی جیاکەرەوەی هەیە.

❖ کحولی مەپیلی و ئەپیلی کەبەکاردێت لەبۆیە زەیتیەکان و واڕنیشەکاندا.

❖ نەفپاکەبریتیە لەدڵۆپەی پێکهاتە نەوتیەکان.

❖ بەنزین و تۆڵەوین.

❖ تەنەر.

٣.وشککەرەوەکان:

یارمەتی کرداری وشکبونەوە دەدەن و بریتین لە توخمی ڕەصاص و مەنگەنیز و کۆبەڵت کە یارمەتی هەڵمژینی

ئۆکسجین دەدات و دروست بوونی پەڵمەرەی زەیتەکانیش دەدات ، ئۆکسیدی ڕەصاصی زەرد و ئۆکسیدی مەنگەنیز و کۆبەڵت وەك وشککەرەوە بەکاردەهێنرێت و هەندێ جاریش ڕیشاڵ و بۆراتی ئەم کانزایانەش وزەك وشککەرەوە بەکاردێت.

٤.مەوادی پڕکەرەوە:

بریتین لە مەوادی ڕەقی زۆر ورد هەندێ جار سوودی بۆ ڕەنگکردن هەیە و سوودەکەشی بریتیە لە دواخستنی نیشتنی مەوادی ڕەنگا و ڕەنگ کە کبریتاتی باریۆمی سروشتی و صناعی و کاربۆناتی کالیسیۆم و باریۆم و کاولین دەگرێتەوە بەکاردێت بەڕێژەی ١٠ –٢٠ ٪.

٥.مەوادی ڕەنگا و ڕەنگ Pigments:

مەوادی ڕەنگا و ڕەنگ بریتین لە پاودەری ڕەنگ و ڕەنگی زۆر وورد کە لە ئاوو توێنەرەوە ئەندامیەکاندا ناتوێتەوە(کحولات ، ترینتین ، زیوت) بەڵام توانای تێکەڵ بوونی هەیە لەگەڵ توێنەرەوەکاندا. مەوادە ڕەنگاو ڕەنگەکان ڕەنگێکی دیاریکراو دەدەنە پێکهاتەی بۆیەکان و سوودی بەکارهێنانی ئەم مەوادانە ئەوەیە کە بۆیە و ئەلۆميناتەکان ڕەنگ وەردەگرن و ڕووەکەش بەباشی دادەپۆشن.





❖ مەوادی ڕەنگاو ڕەنگی کانزایی (نائەندامی) و ئەندامی هەن. بۆ بۆیاخکردنی بیناکان مەوادی ڕەنگا و ڕەنگی کانزایی بەزۆری بەکاردێت.لەبەر بەرگری کردنی بۆ هۆکارەکانی کەش و هەوا کەدەبنە هۆی ڕووتاندنەوە و داخوران و جێگیری کیمیاویان لەگەڵ جێگیریان بەرامبەر بە تیشك و ڕووناکی. کەئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ڕووە دەرەکیەکان و مەوادە ڕەنگاویە ئەندامیە جێگیرەکان بۆ ڕووناکی. هەروەها هەندێ بەکارهێنانی تریشی هەیە لەبینادا وەك Lithol red.

❖ مەوادە ڕەنگاویە ئەندامیەکان دابەش دەکرێت بەگوێرەی بنچینەیان بۆ سروشتی وە ك ئۆکسیدی ئاسنی سروشتی ، صناعیەکانیش وەك ڕەصاصی سپی و کرۆمی سەوزو بروسی شین ، کەهەمویان بەکرداری صناعی کیمیاوی دروست دەکرێت.

مەوادە ڕەنگاویەکان بەم سیفاتە بنچینەییانە جیادەکرێنەوە :–

١.بەهێزی ڕەنگ
٢.بەهێزی داپۆشین
٣.هاڕینی وورد
٤.جێگیر بوونیان لەبەر تیشکدا
٥.جێگیربونیان لەڕووی کیمیاویەوە
٦.بەرگریان بۆ هۆکاری داماڵین و ڕوتاندنەوە
٧.بەرگریان دژی ئاگر
٨.هەڵمژینی زیوت
٩.بەرگریان دژی داخوران

دەکرێت لەکوردوستانی ئاوەدان و ئارامی ئێستاماندا و لەداهاتووشدا ئەم پیشەسازیە گرنگی پێبدرێت و پێداویستیەکانی ناوخۆی لێ دابینبکرێت و هەوڵی دامەزراندنی کارگەو دامەزراوەی تایبەت بەم پیشەسازیە بدرێت لەپێناو زیاتر ئاوەدانکردنەوە و بیناکردنەوەی نوێی ژێرخانی ئابوری کوردوستاندا کە ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی وەزارەتی پیشەوسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە ٠٠٠

*سەرچاوە :*

١.المدخل فی علم الکیمیاء للمهندسین/ د.محمد یوسف محمد و د. محمد حسین عبدالمجید/ دار المعارف/ مصر / قاهرة / ١٩٧٧

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٩ لە هاوینی /٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.





## داخورانی
## کانزاکان

### ❖ پێشەکی

داخوران بەشێوەیەکی گشتی بەوە دەناسرێت کە بریتیە لە تەلەف بوون و تێکشکاندنی کانزا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ لە ئەنجامی کارلێکی کیمیاوی دا ، ئەم زاراوەیە تەلەف بوونی مادە ناکانزاییەکان ناگرێتەوە کە بەهۆی هەواوە یان هۆکاری ترەوە تووشی زەرەروزیان دەبن کەپێی دەوترێت Errosion کەئەم جۆرە لە داخوران بەهۆی هۆکاری میکانیکیەوە ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەوەی کە دیاردەی داخوران لەمێژە ناسراوە ، بەڵام هۆکارەکانی نادیار بوە بەڵام لەم دواییانەدا ناوەندە زانستیەکان گرنگیان بەلێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە داو وای لێهات کە زانیارییەکی زۆر دەربارەی هۆکارەکانی و ڕێگاکانی داخوران دیاری کراو تەنانەت لەئێستادا بەشێکی تایبەت بە ئەندازەی داخوران لەزانکۆکاندا کراوەتەوە.

لەوانەیە داخوران ڕووبدات بەهۆی کارلێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان کانزا و مادەیەکی کیمیاویدا. بۆ نموونە کارلێکی گازی کلۆر لەگەڵ قەصدیرو مەگنیسیۆم. هەروەها بە ئۆکسیدبوونی خێرای کانزای کالیسیۆم و مەگنیسیۆم بەهۆی گازی ئۆکسجینەوە لەپلەی گەرمی ئاساییدا و کانزاکانی تر لە پلە گەرمیە بەرزەکاندا کە ئەم جۆرە داخورانەش پێی دەوترێت

(داخورانی ووشك).

وەزۆربەی داخورانەکان بەهۆی کارلێکە کارۆکیمیاویەکانەوە ڕوودەدەن وەك ئەو کارلێکەی لەخانەی کارەباییدا(پاتری) ڕوودەدات کەئەم جۆرە داخورانەش پێی دەوترێت (داخورانی تەڕ).

❖ **بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی دیاردەی داخوران گەلێك بیردۆزی جیاواز دانراوە دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:-**

١. یەکێك لەبیردۆزەکان دەڵێت:- ((داخورانی کانزاکان بریتیە لە یەکگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆکسجیندا کەئەمە ڕاستەو لەهەندێ کاتدا ڕوودەدات بەتایبەتیش لەکاتی گەرمکردنی کانزاکاندا. بەڵام ئەم بیردۆزەیە ئەو ڕۆڵە لەبەرچاو ناگرێت کە ئاو و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەندێ هۆکاری تر دەیگێڕن لەداخورانی کانزاکاندا)).

٢. ڕووپۆشە بیردۆز Theory Film:- ئەم بیردۆزە دەڵێت ((توانای کانزاکان بۆ داخوران دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ڕووپۆشەی لە ئۆکسید یان ئەو پێکهاتانەی تر کە لە سەر رووی کانزاکان دروست دەبێت, ئەگەر ڕووپۆشێکی پارێزەرو یەکگرتوو دروست بوو ئەوا کانزاکان توشی داخوران نابێت.

بۆ نمونە ئەلەمنیۆمو کرۆمیۆم پارێزگاری لە بریسکەداریان دەکەن لە هەوادا بە هۆی دروست بوونی ئۆکسیدێکی نەبینراوەوە کە ڕێگرە لەبەردەم کارلێکی زیاتردا. ئەم بیردۆزەیەش یارمەتی





ڕاڤەکردنی جیاوازی لە توانای داخوراندا دەدات بەڵام ئەو ڕێگایانە دیاری ناکات کە پێی ئەنجام دەدرێت.

٣. ترشە بیردۆز Acid Theory:- ئەم بیردۆزەیەش دەوەستێتە سەر سێ هۆکار, هۆکارەکانی پێویست بە ڕوودانی داخوران باس دەکات: ئەو سێ هۆکارەش بریتین لە:-

١- ئاو ٢-ئۆکسجین ٣-ترشی

کە ڕوودانی داخوران دەداتە پاڵ توانەوەی کانزاکان لە ترشدا کە بریتییە لە ترشی کاربۆنیك کە پێك دێت لە توانەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی ناو هەوا لە ئاودا, وە گۆڕانکاری تر ڕوودەدات وەك کرداری بە ئەکسەدە بوون لە خوێدا کە بەم شێوەیە دروست دەبێت, کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهاتوە نیشتوەکان هەروەها ئۆکسجین یارمەتیدەرە لە کرداری بە ئۆکسید بوونی هایدرۆجین کە دێتە بەرهەم لە ترشەوە بۆ ئاو.

بۆ نمونە:- داخوران ڕوودەدات لە هەوای شێداردا بەبێ هەوای وشك یان بەبێ بوونی ئۆکسجین, کاتێك کانزایەك دەدرێتە بەر هەوا توشی کارلێکی ترشێکی لاواز دەبێت کە پێك دێت لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنو شێو لە ئەنجامدا گازی هایدرۆجین دەردەچێت, وەك لەم هاوکێشانەوە دەردەکەوێت.

کاتێك داخوران ڕوودەدات بەبی بوونی ترشەکان, ئەوا ئەم بیردۆزەیە پوچەڵ دەکاتەوە, کەواتە ترشەکان بنچینە نین بەڵام کرداری داخورانەکە خێراتر دەکەن, هەندێ جار کرداری داخوران لە ناوەندێکی تفتی تەواودا ڕوودەدات.

٤ . بیردۆزەی کارۆکیمیاوی Electro Chemical Theory

ئەم بیردۆزەیە زۆر گونجاوە کە دەڵێت:((داخوران هۆکارەکەی بونی ئایۆنی هایدرۆجینە لە ڕێژەیەکی ناوەندا))

ئەو کارلێکەی کە ڕوودەدات لە بنچینەدا وەك توانەوەی خارصینە لە ترشێکدا.

ئەگەر پارچەیەك خارصینی بێخەوشت خستە ناو ترشێکەوە ئەوا ناتوێتەوە بەڵام ئەگەر لەگەڵ پارچەیەك پلاتینندا یان هەر کانزایەکی تردا داتنا ئەوا خارصینەکە دەتوێتەوە, چونکە کانزاکەی تر لەگەڵ خارصینەکەدا و ترشەکەدا پاتریەکی کارەبایی پێك دەهێنن.

**ئەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆی داخوران**

ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە خارصین و ئاسن بەڕێژەیەکی گەورە تووشی داخوران دەبن بەبەراورد لەگەڵ مس دا. هەروەك داخورانی پۆڵاو پارچەی کرۆم بەهۆی خوێ و خەوشەوە دیاردەیەکی ناسراوە لەلایەن خاوەن ئۆتۆمبێلەکانەوە. جا بۆ چارەسەرکردنی داخوران و هەوڵدان بۆ





ڕوونەدانی دەبێت زانیاری تەواومان هەبێت دەربارەی پرەنسیپە بنچینەییەکانی سروشتی داخوران و میکانیزمی کارلێکەکانی.

داخوران لەماوەی ڕوودانیدا دەوەستێتە سەر:-

سیفاتی کانزاکە:-لەو هۆکارە گرنگانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر داخوران و پەیوەندیان هەیە بە کانزاکەوە بریتین لە:-

١. جوهەدی کارۆکیمیاویبۆ ئەکسەدەکردنی کانزاکان Potential chemical Electro:

٢. بونی کانزاکە یان مادەیەکی تر کە وەك جەمسەری سالب کاربکات :

ئەم دووهۆکارە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ڕوودانی داخورانی کانزاکان وەك لە (پاتری) ئۆتۆمبێلدا ڕوودەدات، جەمسەری موجەب دەتوێتەوە لەسەر شێوەی ئایۆنات بەو شێوەیە نرخی جوهەدی یەکسان بوون Equilibrium Potentialدادەنرێت بەپێوەرێك بۆ چالاکی جەمسەری موجەب.

بەشێوەیەکی گشتی خێرایی دەرەجەی داخوران دەوەستێتە سەر جیاوازی جوهد لە نێوان کانزاکە کە کاتێ وەك جەمسەری موجەب یان سالب کاربکات.

٣. زۆری جوهدی کارۆکیمیاویکانزاکە Overpotential:

کەمکردنی زۆری جوهەدی کارۆکیمیاوی دەبێتە هۆی خێراترکردنی کرداری داخوران.

٤. خاوێنی کانزاکە:

چەندە کانزاکە خاوێن بێت و خەوش و کانزای تری تێکەڵ نەبێت ئەوەندە کەمتر تووشی داخوران دەبێت.

٥. دۆخی فیزیاوی کانزاکە:

دۆخی فیزیاوی کانزاکەش کاریگەری دەبێت لەسەر خێراترکردنی داخوران چونکە توانای گەردیلە بچووکەکان بۆ توانەوە زیاترە لە گەردیلە گەورەکان.

٦. ڕووبەری ڕێژەیی بۆ ڕووی کانزاکە کە وەك جەمسەرێکی موجەب و جەمسەرێکی سالب کاردەکات:

کاریگەری ڕووبەری ڕێژەیی بۆ هەریەکە لەجەمسەری موجەب و سالب بەشێوەیەکە کە داخورانی جەمسەری موجەب ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ ڕووی جەمسەری سالب.

٧. قەبارەی ڕێژەیی بۆ گەردیلەی کانزاکە و ئۆکسیدەکەی یان بەرهەمێکی تر بۆ کارلێکی داخوران:

کاتێك بەر هەوا دەکەون ئەوا توێژاڵێك لە ئۆکسیدەکانیان دروست دەبێت کە ئەستووریەکەی لەچەند یەکەیەکی ئەنگستڕۆم تێپەڕناکات و ئەستووریەکەشی دەوەستێتە سەر سروشتی کانزاکەو پلەی گەرما. ئەگەر بۆشایی نێوان گەردیلەی ئۆکسیدەکە لە بۆشایی نێوان گەردیلەی کانزاکە زیاتر بوو ئەوا ئەو بۆشاییانەی ئۆکسیدەکە ڕێگەدەدەن بەئۆکسجین کە تێپەڕبێت و نەتوانێت پارێزگاری لەکانزاکە بکات لەداخوران.





٨. توانای توانەوەی مەوادی بەرهەمهاتوو لە کارلێکەکانی داخورانەوە

توانای توانەوەی بەرهەمی داخوران Product Corrosion

ئەگەر بەرهەمی داخوران توانای توانەوەی هەبوو ئەوا داخورانەکە بەردەوام دەبێت بەڵام ئەگەر توانای توانەوەی نەبوو ، ئەوا کانزاکە لەداخوران دەپارێزرێت.

**سروشتی ئەو دەوروبەرەی کەدەبێتە هۆی داخوران:- بریتین لە**

١. بونی شێ: شێ لەهەر جێگەیەکدا هەبێت دەبێتە هۆی داخوران.

٢. ژمارەی هایدرۆجینی ژینگە و چڕی ئۆکسجین: چەندە چڕی ئۆکسجین و ژمارەی هایدرۆجینی گەورەتربێت ئەوەندەش کرداری داخوران زیاتر دەبێت.

٣. توانای گەیاندنی ژینگە بۆ کارەبا: چەندە ژینگەکە توانای گەیاندنی کارەبای هەبێت ئەوەندەش کرداری داخوران تیایدا ڕوودەدات.

٤. سروشتی ئایۆنە موجەب و سالبەکان لەناوەندی داخورانەکەدا: هەریەکە لە ئایۆناتی موجەب و سالب کاریگەریان هەیە لەسەر ڕوودانی داخوران.

٥. پلەی گەرمای ناوەندی داخوران: چەندە پلەی گەرمای ناوەندەکە بەرزبێتەوە ئەوەندەش کرداری داخوران زیاتر دەبێت.

٦. ڕێگرەکانی داخوران: بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێگرانە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی کرداری داخوران.

٧. خەستی ئایۆناتی کانزاکە.

## کۆنترۆڵ کردن(ڕێگرتن)لە داخوران

دەتوانرێت کۆنترۆڵی دیاردەی داخورانی کانزاکان بکرێت بەم ڕێگایانەی لای خوارەوە:-

١. ڕێگەی سروشتی:- کانزاکانی ئەلەمنیۆم و خارصین بەرگرییەکی گەورەیان هەیە بۆ داخوران. چونکە دروست بوونی ڕووپۆشێکی ئۆکسیدی نەبینراوی یەکگرتوو لەسەر ڕووەکانیان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم داخورانیاندا. بەڵام ئەو ڕووپۆشەی لەسەر ئاسن دروست دەبێت ڕووپۆشێکی کوندارە توانای پارێزگاری کردنی ئاسنەکەی نیەو تووشی داخوران دەبێت.

٢. ڕێگرتن لە داخوران بەشێوەیەکی صناعی بەهۆی:-

ڕووپۆشکردن بە کانزاکان کەهەندێ هۆکارەکانی بریتیە لە:-

❖ نیشتن بەکارەبا (ڕووپۆش کردن بەکارەبا) Electro deposisions

نمونەیی ترین ڕووپۆشکردن ئەوەیە کە ساف و وەکیەك و قایم و یەکگرتوو بێت. گرنگە ئەو کانزایەی کە ڕووپۆشی دەکەیت خاوێن و بریقەداربێت بۆ ئەوەی ڕووپۆشکردنەکە نەرم و یەکگرتووبێت. ئەو کانزایانەشی کە بەکاردێن بۆ ڕووپۆشکردن





بە کارەبا بریتین لە (نیکڵ و مس و کرۆم) کرداری ڕووپۆشکردنیش بەچەند ڕێگەیەك دەکرێت لەوانە:-

١. ڕێگەی تێهەڵکێشانی گەرم Hot dip process

٢. ڕێگەی پرژاندن Spraying

٣. ڕێگەی تر وەك

❖ ڕێگەی شیردار Sherardizing

❖ ڕێگەی Colourizing

❖ ڕێگەی ڕووپۆشکردن بە کرۆم Chromising

❖ ڕووپۆشکردن بەبێ کانزا metallic Non

## بەکورتی دەتوانرێت ڕێگە لەداخوران بگیرێت بەهۆی

١. سیفاتی کیمیاوی و ژینگەیی کانزاکە دەبێت بەشێوەیەك بێت کە ڕێگربێت لەداخوران, ئەوەش بەکەمکردنەوەی جهودی میکانیکی کانزاکە و دووربێت لەکانزایەك کە سروشتی سالبی هەبێت و هەروەها بەڕووپۆشێك داپۆشرێت کە ڕێگر بێت لەبەردەم داخوراندا.

٢. کانزاکە دووربێت لە شێ.

٣. پێویستە کۆنترۆڵی ترشی‌وتفتی ژینگەی کانزاکە بکرێت.چونکە هەموو کانزایەك لە ژمارەیەکی هایدرۆجینی Phدیاریکراودا تووشی کەمترین داخوران دەبێت.

٤. لەکاتی دیزاینی ئامێرە کانزاییەکاندا دەبێت بەشێوەیەك بن کە زۆر چەماندنەوە و جۆین و ....هتد تیادا نەبێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دروست بوونی ناوچەی سست کە مادەی تیادا بنیشێت Sediment و ببێتە هۆی داخوران.

**داڕشتە کانزاییەکان کە تووشی داخوران نابن**

١. داڕشتە دەوڵەمەندەکان بە مس rich alloys Copper
٢. داڕشتە دەوڵەمەندەکان بە ئاسن alloys rich Iron
٣. داڕشتە دەوڵمەندەکان بە نیکلْ alloys rich Niekle

**سەرچاوەکان:-**


١. المدخل فی علم الکیمیاء للمهندسین/ د.محمد یوسف و د.محمد حسین / دار المعارف / قاهرة / مصر / ١٩٧٧

٢. الکیمیاء الهندسیة / د.محمود عمر و سهام حسین و د.قاسم جبار و د. عبدالله عبد عباس / بغداد / عراق/ ١٩٨٣.


---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٦ لە پایزی /٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە.





# سووتەمەنی و جۆرەکانی *

➢ **پێشەکی**

سووتەمەنی بریتیە لەهەر مادەیەك کە گەرمی بدات لەئەنجامی سووتاندنیدا. ئەم وزە گەرمیەش لەلایەن ئامێرە هەڵمیەکانەوە دەبێت. بەسووتاندنی مەوادی سووتەمەنی ڕەق و شل و گازی و دەیگۆڕێت بۆ وەزیەکی میکانیکی.

هەموو ئامێرو مەکینەکان یان سووتەمەنی شل یان گازی بەکاردەهێنن ، بەڵام سووتەمەنی ڕەق بەشێوەیەکی بازرگانی بەکارناهێنرێت لەبەر ئەم هۆیانە:-

١. بەکارهێنانی سووتەمەنی ڕەق ناتوانرێت پلەی گەرمی نەگۆڕ بدات.
٢. پێویستیت بەهەوایەکی زۆر دەبێت تاسووتانێکی تەواوت دەست دەکەوێت.
٣. هەندێ جۆری خەڵوز لەکاتی سووتاندا بڕێکی زۆر لەگازو بەرهەمی قەترانی دەدەن کەدەبێتە هۆی ئەوەی سووتانەکە تەواو نەبێت.
٤. دوکەڵێکی زۆر دروست دەبێت لەگەڵ هەر وەجبەیەکی نوێ لە سووتەمەنی ڕەق.

٥. پێویستە خەڵوز لە جۆرێکی زۆر باش و وورد بەکاربهێنرێت بۆ قەبارەیەکی دیاریکراو.

➢ سووتەمەنی شل لە خەزاندا هەڵدەگیرێت. و هەڵگرتنی سووتەمەنی گازی نرخی گرانە لەبەر گەورەیی قەبارەکەی.

➢ دەتوانرێت سووتەمەنی بکرێتە دوو جۆری سەرەکیەوە لەوانە:-

١. سووتەمەنی سروشتی
٢. سووتەمەنی دروستکراو (صناعی)

هەریەکە لەم دوو جۆرەش سووتەمەنی ڕەق و شل و گازی دەگرێتە خۆی. سووتەمەنی سروشتی بریتیە لەو سووتەمەنیەی بەشێوەی خام یان بەئامادەکردنێکی سانا دەست دەکەوێت, بەڵام سووتەمەنی صناعی لە سووتەمەنی سروشتیەوە دەست دەکەوێت بەهۆی کرداری دروستکردنەوە.

## سووتەمەنی ڕەق Fuels Solid

گرنگترین جۆرەکانی:-

➢ یەکەم / سووتەمەنی ڕەقی سروشتی سەرەکی Natural Fuels Primary or

١. لقی درەختی پەموو Tree Cotton The of Stalks
٢. توێکڵی ناوکی پەموو Meal or Scepcake Cotton





٣. خەڵوز کە لەبنچینەی ڕووەکی بێت Coal

ئەم خەڵوزەش دروست دەبێت بەشی بونەوەیەکی هێواشی ڕووەك لەژێر فشارێکدا بەبێ هەوا. ئەم شی بونەوەیەش بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت کە جۆری جیاواز لە خەڵوز دەدات, وەلەو گۆڕانە یەك لەدوایەکانەشدا ئایدرۆجین و ئۆکسجین دەردەچن و بەرهەمەکە بڕێکی زۆر کاربۆنی تیادا دەبێت.ئەم گۆڕانە یەك لەدوایەکانەش ئەم بەرهەمانەی لێ دێتە دی:-

١. بەقم Peat

یەکەم قۆناغی بون بە خەڵوزە کەبڕێکی زۆری شێ تیادایە و ڕێژەی خۆڵەمێشی کەمە و لەم قۆناغەدا خەڵوزی تەواو نیە.

٢. خەڵوزی بونی Coal Brown

دووەم قۆناغەو ڕێژەیەکی بەرزی شێ تیادایە بەڵام بەکەمی دەسووتێت و گەرمیەکی زۆر نادات و کبریتیشی تیادایە.

٣. خەڵوزی بەردی Bituminons

ڕەنگەکەی ڕەشەو زۆر فشەڵە و بەڕەنگێکی زەرد دەسوتێت و بڕی گەرمیەکەی لەخەڵوزی بونی بەرزترە.

٤. الانثراسیت Anthracite

ڕەشێکی بریقەدارەو زۆر ڕەقە و دەسوتێت بەبێ دوکەڵ و بەئاگرێکی سوور و گەرمیەکی بەرز دەدات. کەئەم سیفەتانەش وای لێدەکات کەبەزۆری بەکار بهێنرێت, هەروەها بەزۆریش

بەکاردەهێنرێت وەك سەرچاوەیەکی گەرمی بۆ تواندنەوەی ئاسن و.....هتد.

## پێکهاتەی خەڵوز

خەڵوز لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێك دێت:-

**یەکەم / مەوادێ کە توانای سووتاندنی هەیە** Matter Combutsible

١. مەوادی هەڵچوو

٢. مەوادی ئایدرۆکاربۆنی و مەوادی گازی کەلەسووتاندنی کاربۆنەوە دروست دەبێت

٣. کاربۆنی بەجێماو

**دووەم / مەوادێ کە توانای سووتاندنی نیە**

**Non-Matter Combustible**

١. شێ کە خەڵوز هەڵیدەگرێت

٢. خۆڵەمێش / کە سلیکاتی ئەلەمنیۆم و ئۆکسیدەکانی ئاسن و کالیسیۆم و مەگنیسیۆمی تیادایە

## ئەو سووتەمەنیانەی کە لە خەڵوزەوە دەست دەکەوێت:

١. خەڵوزی کوك Coke

٢. گازی خەڵوز Gas Coal

٣. گازی دروست بوو Producer Gas

٤. گازی ئاو Water Gas



کوردایەتی لە نێوان ...

٥. گازی فرنەکان کەلەئەنجامی دڵۆپاندنی قەترانەوە دروست دەبێت.

## دووەم / سووتەمەنی ڕەقی دروستکراوی ناسەرەکی (صناعی) :Fuel Secondary Propared of

جۆرەکانی ئەم سووتەمەنیەش وەك:-

١. خەڵوزی تەختە Coal Char Wood

گرنگی نیە وەك سووتەمەنیەکی بازرگانی.

٢. سووتەمەنی پەستێنراو Fuel Pressed or Briquctte

٣. خەڵوزی کوك Coke

## سووتەمەنی شل Fuel Liquid

## یەکەم / نەوتی خاو :Petroleum Crude

نەوتی خاو لە قولایی زەویدا هەیە و پێی دەوترێت ((ڕۆنی بەرد)) یان ((ڕۆنی خاو)) و بەشێوەیەکی ئاسایی لەدۆخێکی شلی چڕدایە کە ڕەنگێکی ڕەشی هەیە و لەڕێگەی هەڵکەندنی بیرەوە دەردەهێنرێت.

نەوتی خاو بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیە باوەڕ پێکراوەکان لەئەنجامی کۆبونەوەی پاشماوەی ئاژەڵی (ئەندامی) لەژێر زەویدا دروست بووە بەتێپەڕبونی ملیۆنان ساڵ لە ئەنجامی

پلەی گەرمی و فشاری بەرزی ناو زەوی و مەوادی تیشکدەرەوە.

نەوتی خاو ڕەنگەکەی لە نێوان زەردێکی کاڵەوە بۆ ڕەنگێکی ڕەشی تۆخی لینج دەگۆڕێت و لە بنچینەدا پێك هاتووە لە تێکەڵەیەك لە ئایدرۆکاربۆنات کەبریتیە لە ئایدرۆجین و کاربۆن. نەوتی خاو بڕێکی کەم کبریت و نایترۆجین و ئۆکسجین و هەندێ پێکهاتەی کانزایی وەك نیکڵ و ڤاندیۆم و ئاسن و مس کەلە شێوەی خوێی سروشتیدایە تیایە, هەروەها ئاو لەشێوەی گیراوەیەکی تێر لە خوێکانی کلۆریدی صۆدیۆم و مەگنیسیۆم و کبریتاتی کالیسیۆمدان .

## هەندێ سیفاتی سروشتی نەوتی خاو:

١. کێشی جۆری:- چەندە نەوتی خاو سوك بێت ئەوەندە پێکهاتە گرانبەهاکانی تیادایە وەك بەنزین و گاز٠

٢. کبریت:- چەندە بڕەکەی کەم بێت ئەوەندە جۆری نەوتەکە باشە٠

٣. نایترۆجین:- بونی دەبێتە هۆی دروست بونی کەتیرە و کاردەکاتە سەر هۆکاری یاریدەدەر لە کرداری تێکشکاندندا ٠

٤. کاربۆن:- چەندە بڕەکەی کەم بێت ئەوەندە جۆری نەوتەکە باشە ٠



کوردایەتی لە نێوان ...

٥. خوێکان:- دەبێتە هۆی داخوران و نیشتنی لەناو فڕنەکاندا و لەتوانایان کەم دەکاتەوە ٠

➢ نەوتی خاویش لەسەر بنچینەی پێکهاتەکانی (ئایدرۆکاربۆناتەکانی) دەگۆڕێت:-

ئەگەر نەوتەکە زیاتر لە ٥٪ لەمیۆی پارافینی تیادابوو پێی دەوترێت نەوتی پارافینی

ئەگەریش نەوتەکە کەمتر لە ٢٪ لەمیۆی پارافینی تیادابوو پێی دەوترێت نەوتی ئەسفەڵتی

وەئەگەر نەوتەکە ڕێژەی ٢-٥٪ لەمیۆی پارافینی تیادا بوو پێی دەوترێت نەوتی تێکەڵ

➢ ئایدرۆکاربۆنەکانیش دابەش دەکرێنە سەر:-

١. ڕۆنیەکان Aliphatic پارافینات + ئۆلیفینات

٢. بۆندارەکان Aromatic

٣. نە فپینیە کان Naphthene

## بەرهەمەکانی نەوتی خاو:

دەتوانرێت بەرهەمەکانی نەوتی خاو بەپێی بەکارهێنانیان دابەش بکرێتە:-

١. بەرهەمەکان وەك سووتەمەنی (گازەکان و بەنزین و نەوتی سپی و سۆلار و مازۆت)

٢. بەرهەمەکان وەك توێنەرەوە (ایـیری نەوتی خاو و توێنەرەوەی بۆیەکان)
٣. بەرهەمەکان بۆ ڕووناکی (مێوی پارافینی)
٤. بەرهەمە قورسەکان (ئەسفڵت)
٥. بەرهەمەکان بۆ چەورکردن (ڕۆنی چەورکردن)
٦. بەرهەمی تر

**ئەو بەرهەمانەی لەئەنجامی پاڵاوتنی نەوتی خاوەوە بەدەست دەکەون:-**

پاڵاوتنی نەوتی خاو لە بورجێکی دڵۆپاندندا ڕوو دەدات لە پلەیەکی گەرمی نزمەوە تا دەگاتە ٣٠٠ پلەی سەدی ، لەو نێوانەدا هەرچی مەوادی گازیەکان هەیە لە پلەی گەرمی نزمدا دەردەچن و دواتر بەنزین و گاز و لەپلەیەکی گەرمی بەرزتردا نەوتی سپی و تازیاتر پلەی گەرمی بەرز بێتەوە پێك هاتەکانی وەك ڕۆنی چەورکردن و ڕۆنی سووتاندن و لەدوا قۆناغیشدا مۆمی پارافینی و ئەسفەڵت بەجێ دەمێنێت ٠

**جۆرەکانی سووتەمەنی شل:**

١. بەنزین
٢. گاز
٣. نەوتی سپی

➢ ئەو گازانەی لە نەوتی خاو دەردەچن

١. گازی سروشتی
٢. گازی پاڵاوتە





## بەنزین $C_6H_6$

بریتییە لەجۆرێکی سەرەکی لەسووتەمەنی شل. کەسەرچاوەکەی نەوتی خاوە و لەئەنجامی دڵۆپاندنی نەوتی خاوەوە دەست دەکەوێت لەپلەیەکی گەرمی نزمدا کەلەنێوان (٧٠-٩٠ پلەی سەدیدایە) و کێشی جۆریەکەی بریتیە لە (٧ر٠), باش و خراپی جۆری بەنزین بەپێوەرێك دەپێورێت کەپێی دەوترێت ژمارە ی ئۆکتان Octane Rating کەلەساڵی ١٩٢٨ وە کاری پێدەکرێت کەباشترین جۆری سووتەمەنی بۆ مەکینەیەکی پێوانەیی بریتیە لە ئایزۆئۆکتان Pentane 2,2,4-Trimethyl و لەبەرامبەریشدا سووتەمەنیەکی تری زۆر خراپ هەیە لەلایەن جۆرییەوە کەبریتیە لە هێپتانی ئاسایی Heptane Normal. پێوەری ژمارەی ئۆکتان لە پلەی سفرەوە دەست پێدەکات بۆ هێپتانی ئاسایی و تا پلەی ١٠٠ بۆ ئایزۆئۆکتان, وەتێکەڵەیەك لەم دوو پێکهاتەیە بەڕێژەی جیاواز سووتەمەنی جیاوازمان دەداتێ لەڕووی ژمارەی ئۆکتانەوە. وەهەر پێکهاتەیەکی هایدرۆکاربۆنی تا ژمارەی ئۆکتانەکەی بەرزبێت و نزیك بێتەوە لە پلەی ١٠٠ ئەوا بەباشترین جۆری سووتەمەنی دادەنرێت و بەپێچەوانەشەوە تاژمارە ئۆکتانەکەی نزم بێت ئەوا بەخراپترین جۆری سووتەمەنی دادەنرێت.زۆر جار دوو پێکهاتە هەمان ژمارەی ئۆکتانیان هەیە, بەڵام باشترینیان بۆ

ئۆتۆمۆبێل ئەوەیانە کە بڕی وزەی زیاتر دەدات لەکاتی سووتانیدا.

### چۆنێتی باشتر کردنی جۆری بەنزین:

بەمەبەستی باشتر کردنی جۆری بەنزین لەئاساییەوە بۆ جۆری باشتر و نایاب ، مـــــادەی چوارەم اپیلی ڕەصاص $Pb(C_2H_2)_4$ کە بە باشترین مادە دادەنرێت بۆ چاکترکردنی جۆری بەنزین کە لەلایەن ئەندازیارێکی میکانیکی ((تۆماس مجلس)) وە دۆزرایەوە. کەمادەی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی چوارەم اپیلی ڕەصاص بریتیە لەبارستاییەك لە ڕەصاصی خاو و کانزای صۆدیۆم و اپیلین و کلۆریدی هایدرۆجین کەبەم شێوەیە کارلێکەکە ڕوودەدات:-

### پیشەسازی (بەرهەمهێنانی) بەنزینی نوێ:-

پیشەسازی نەوت زۆر پێشکەوتووە لەبەرامبەر ساڵەکانی بیستەکانی سەدەی بیستدا کاتێ بەنزینی کۆن بەکاردەهات کەسەرچاوەی سەرەکی بریتی بوو لەنەوتی خاو. بەڵام لەئێستادا و بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاو لێکۆڵینەوە زانستیەکانەوە دەتوانرێت جۆرێك لەبەنزینی نوێ بەرهەم بهێنرێت کەلەزۆر جۆری نەوتی خاودا بەوجۆرو بڕە زۆرە نیە.





لەوکرداره گرنگانەی کەبەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنان و باشترکردنی جۆری بەنزین لەئێستادا بریتین لە:-

١. لابردنی بیوتان De butanization

٢. لابردنی گازی تواوەی زوو هەڵچوو Stabilization

٣. ئەلکەنەکردن Alkylation بریتیە لەگۆڕینی هایدرۆجین بەلایەکی ئەلیفاتی هایدرۆکاربۆنی

٤. پەڵمەرەکردن Polymerization

٥. کرداری هاوشێوەکردن Isomerization کە بریتیە لەڕێکخستنەوەی گەردیلەکان لە گەردێکدا کەدەبێتە هۆی دروست بونی پێك هاتەیەکی نوێ بەبێ وونبوونی هیچ گەردیلەیەك.

بۆ نموونە:-

پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیە ڕاستەکان دەگۆڕێت بە لقدارەکان کەدەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ژمارە ی ئۆکتان و باشتر کردنی جۆری بەنزینەکە.

٦. چارەسەری کیمیاوی و گەرمی Treating

وەهەندێ ڕێگەو کرداری تر لەوانە:-

Power, Catforming, Houdriforing, Platforming
,FORMING Ultra,forming
Re forming

### بەرهەمهێنانی بەنزین لەسەرچاوەی ترەوە بێجگە لە نەوتی خاو:

لەئەڵمانیا و زۆر وولاّتی تردا, ئەوەندە کێڵگەی نەوتی فراوانیان نیە کە بەنزینی پێویستی لێوە بەدەست بێت, لەبەرئەوە ڕوویان کردۆتە سەرچاوەی تر جگە لەنەوتی خاو, وەك Oil shales و جۆرەکانی خەڵوزی قار Bituminous و خەڵوزی بوننی تۆخ Lignite.بەهۆی ئەو کردارانەوە کەلەم پیشەسازیەدا بەکاردەهێنرێت تێچووی ئەم جۆرە بەنزینە بەجۆرێك کەم بۆتەوە کە نزیکە لە تێچووی بەرهەمهێنانی بەنزین لەنەوتی خاو.

دەتوانرێت بەنزین بەرهەمبهێنرێت لە خەڵوزی بەردی و ڕووەکی بە دوو ڕێگەی:-

١. هەدرەجەکردن

٢. کرداری فیشەر /ترویش Fischer –Tropsch

هەروەها دەشتوانرێت بەنزین بەرهەم بهێنرێت لەگازی سروشتیەوە,بەلاّم لەهەموو کاتێکدا نەوتی خاو باشترین و ئابوری ترین سەرچاوەیە بۆ بەرهەم هێنانی بەنزین.

### گازۆیل

گازۆیلیش جۆرێکی تری سووتەمەنیە کەلەنەوتی خاوەوە دەست دەکەوێت لەپلەیەکی گەرمی بەرزتردا لەبەنزین و لینجیەکەشی لەنێوان کیرۆسین و ڕۆنە چەورییەکاندایە.





گاز بەزۆری لەو مەکینانەدا بەکاردەهێنرێت کە گەورەن و بارهەڵگرن و خێراییان کەمترە لەو مەکینانەی کە بەنزین بەکاردەهێنرێن, ئەو مەکینانەی کە گازیان بۆ بەکاردەهێنرێت لە ڕووی خێراییانەوە دەکرێنە ٣ بەشەوە:-

١. هێواش:- خێراییەکەی لە نێوان ١٠٠-٥٠٠ خول / خولەك کەلەو مەکینانەدا کە چەسپاون و لەیەکە دەریاییەکاندا کاردەکەن بەکاردێت.

٢.مام ناوەند:- خێراییەکانیان لەنێوان ٥٠٠- ١٥٠٠ خول / خولەك کەلە موەلیدە کارەباییەکاندا و ترومپاو تراکتۆر و ...هتد بەکاردێت.

٣. خێرا:- کەخێراییەکانیان لەنێوان ١٥٠٠- ٢٠٠٠ خول / خولەك یان زیاترن کە لە مەکینە گەورەکان و فڕۆکەدا بەکاردێت.

➢ باش و خراپی جۆری سووتەمەنی گازۆیل بەپێوەری ((ژمارەی سیتانی)) دیاری دەکرێت وەکو ئەوەی لە بەنزیندا بەکاردێت پێوەری ((ژمارەی ئۆکتان)) باشترین جۆری سووتەمەنی کە ژمارەی سیتانیەکەی بەرزە بریتیە لە سیتانی قیاسی Cetane Normal $C_{16}H_{34}$ کە ژمارە ١٠٠ ی پلەی سیتانی دراوەتیٚ و لەبەرامبەریشدا پێکهاتەی ئەلفا-مثیل نفثالین

α-naphthalene Methyl کە ژمارە سفری دراوە تێ و بەخراپترین جۆری سووتەمەنی دادەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو پێك هاتە زنجیرە ئەلیکانەڕاستەکان بەباشترین جۆری سووتەمەنی گاز دادەنرێن و بەپێچەوانەشەوە هەموو پێك هاتە ئەڵقەییەکان و لەناو ئەوانیشدا پێك هاتە بۆندارەکان بەخراپترین جۆری سووتەمەنی (گازۆیل) دادەنرێت.

- ➢ باشی جۆری گازۆیل بەپێی هاوکێشەیەك دیاری دەکرێت کە پێی دەڵێن ((دەلیلی گازۆیل)) کە بەزانینی یەکێك لەسیفاتەفیزیاویەکانی سووتەمەنیەکە کە (چڕییە) و ئەوی تر کیمیاویە کەپێی دەوترێت ژمارەی ئەنیلینی **number Aniline and gravity API** چڕی سووتەمەنی بەپێوەری APIدەپێورێت کە لەلایەن پەیمانگای نەوتی ئەمریکیەوە بەکار دەهێنرێت .INSTITUTE American Petroleum

خاڵی ئەنیلین * چڕی API
دەلیلی دیزڵ = ------------------
١٠٠

هەروەها هەریەکە لەخاڵەکانی:-

١. خاڵی گڕگرتن Point Fire

٢. خاڵی بزیسکە Point Flash

٣. خاڵی سووتان Temperature Ignition





٤. خاڵی دوکەڵ Point Smoke

بەکاردێن بۆ دیاریکردنی باشی جۆری سووتەمەنی (گازۆیل).

- ➢ دەتوانرێت جۆری سووتەمەنی گازۆیل باشتر بکرێت بە زیادکردنی هەندێ پێك هاتەی کیمیاوی تایبەت وەك نتراتی اثیل Nitrate Ethyl نتریتی اثیل Ethyl- Nitrite و نتراتی ئامۆنیۆم و..... هتد, کەدەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ژمارەی سیتانی. چونکە تاژمارەی سیتانی بەرزبێت سووتەمەنیەکە باشترە و بەپێچەوانەشەوە تاژمارەی سیتانی نزم بێت جۆری سووتەمەنیەکە خراپە.

## نەوتی سپی Kerosene

زارەوەی نەوتی سپی یان ڕۆنی خەڵوز بەو بەرهەمی دلۆپاندنەی نەوتی خاو دەوترێت کەلەنێوان ١٧٥-٢٠٠ پلەی سەدیدا و چڕیەکەی لەنێوان ٤٣-٤٥ پلەیسەر پێوەری API دیاریکراوە دێتە بەرهەم. پێویستە نەوتی سپی هیچ پێکهاتەیەکی عەتری و هایدرۆکاربۆنی ناتێری (غير المشبعه) و کبریتی تیادا نەبێت. چونکە بونی ئەم پێکهاتانە لەنەوتی سپیدا دەبێتە هۆی زیادبونی دووکەڵ.

گەڵێك کارلێکی کیمیاوی بەسەر نەوتی سپیدا دەکرێت پیش ئەوەی بۆ بەکارهێنان ئامادە بێت, لەپێشدا ترشی کبریتیکی خەست بەکاردەهێنرا بۆ لابردنی پێکهاتە عەتری و

هایدرۆکاربۆنیە ناتێرەکان. بەڵام ئەم کارلێکە لەڕووی ئابورییەوە زۆری تێدەچوو لەبەرئەوە لەئێستادا ئەم ڕێگەیە گۆڕدرا بەڕێگەیەکی تر کەپێی دەوترێت ڕێگەی لدیلینۆ Process Eldeleneau کەلەم ڕێگەیەدا نەوتی سپی مامەڵەی پێدەکرێت لەگەڵ دووەم ئۆکسیدی کبریتی شل Liquid $So_2$ لەپلەی گەرمی نزمدا لەنێوان ١٠-١٢ پلەی سەدیدا و لەژێر پلەیەکی بەرزی فشاردا بۆ ئەوەی دووەم ئۆکسیدی کبریتەکە نەبێتە هەڵم, لەکاتی کرداری تێکەڵکردنەکەدا پێك هاتەی عەتری و ئەو پێکهاتانەی کە کبریتیان تیادایە لە شلەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەکەدا دەتوێنەوە و دواتر لە ڕێگەی دڵۆپاندنەوە لەتوێنەرەوەکە جیا دەکرێتەوە. پیش خستنە بازاڕیشەوە نەوتی سپی لەگەڵ هایدرۆکسیدی صۆدیۆمدا کارلێکی پێدەکرێت.

وەتازەترین ڕێگەش بۆ پاکردنەوەی نەوتی سپی بریتیە لە (هەدرەجەکردن) واتە مامەڵە کردنی نەوتی سپی بە غازی هایدرۆجین لەژێر هۆکاری یارمەتیدەردا وەك کۆباڵت و مۆلیبدینۆم و بارودۆخی گونجاو لەفشارو پلەی گەرمیدا..

- پێشتر نەوتی سپی بەکارهێنانی کەم بوو تەنها بۆ گەرمکردنەوە بەکاردەهات بەڵام دوای دۆزینەوەی فرۆکە بەکارهێنانی نەوت زیادی کرد, دوای ئەنجامدانی هەندێ کارلێکی کیمیاوی و فیزیاوی بەسەریدا. سووتەمەنی فرۆکە پێی دەوترێت Kerosene Turbine Aircraft و دەبێت





زۆر پاك و بێ خەوش بێت چونکە پلەی بەستنی لە ٥٠ پلە زیاتر نیە بۆ ئەوەی بلوراتی ڕەق دروست نەبێت و بۆری سووتەمەنیەکە بگرێت, لەسیفاتە گرنگەکانی سووتەمەنی فرۆکە ATKبریتیە لە ئاستی لینجی و پلەی بەستن و توانای بون بەهەڵم بوون.

## سووتەمەنی ڕۆکێت Fuels Rocket

سووتەمەنی ڕۆکێت بریتیە لە گازۆلین و کیرۆسین, ناوەندی سووتاندنی سووتەمەنی لە ڕۆکێتدا زۆر بەرزە لەچاو سووتاندنی سووتەمەنی فرۆکەو ترومپاگازیەکاندا و پلەیەکی گەرمی بەرزیان هەیە. بۆ نموونە:- پلەی گەرمی لە مۆتۆڕی ڕۆکێتدا Motor Rocket لەنێوان ٢٧٦٠-٣٣١٠ پلەی سەدیدایە. لەکاتێکدا پلەی گەرمی لەمەکینەی فرۆکەدا بریتیە لە ٩٧٥ پلەی سەدی. ئەم ناوەندە بەرزەی سووتاندن لەئەنجامی بەکارهینانی ئۆکسجینی شل یان هەندێ مەوادی ئۆکسێنراوی بەهێزەوە دەبێت وەك ٩٥-١٠٠ ٪بیرۆکسیدی هایدرۆجین و ترشی نەتریکی دوکەڵاوی Nitric Fuming Acid, هەروەها ئۆزۆن و فلۆر و کلۆرترایفلۆراید وەك مەوادی ئۆکسێنراوی بەهێزیش تاقی کراونەتەوە.

بۆ نموونە:- ڕۆکێتی ئەڵمانی V-2 Missle کەبەکارهێنرا لەشەڕی دووەمی جیهانیدا سووتەمەنیەکەی بریتی بوو لە ٣ تەن و چارەکێك لە کحول و ٦ تەن و سێ چارەك لەئۆکسجینی

شل. کەئەمەش ناوەندێکی سووتان دروست دەکات کەدەتوانێت ڕۆکێتێك بەرزبکاتەوە کە ١٤ مەتر درێژبێت بۆ بەرزی ١٩٥ مەتر.

## پۆلێنکردنی سووتەمەنی ڕۆکێت

سووتەمەنی ڕۆکێت پۆلێن دەکرێت لەسەر بنچینەی ((پاڵنانی جۆری)) کەئەمەش بە بڕی پاڵپێوەنان بە پاوەند بۆ هەر پاوەندێك لە سووتەمەنی / لە خولەکێکدا دەپێورێت, سووتەمەنی باشی ڕۆکێت دەبێت هێزی پاڵپێوەنانی یەکسان بێت بە ٢٥٠ پاوەن/ خولەك.

## سووتەمەنی ڕەقی ڕۆکێت

هەندێ سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنرێت لە هەندێ جۆری ڕۆکێتدا وەك فیشەکە شێتەو ڕۆکێتی فڕۆکەی جۆری سام /٧ کەسووتەمەنیەکانیان بریتیە لە نایترۆگلیسرین و نایترۆسلیلۆز, هەروەها تاقیکردنەوەکان ڕوونیان کردۆتەوە کەدەتوانرێت پایکول Thiokle و هیدرازین Hydrazine و بورایدی دیاریکراو Borides Certain و جۆرەها پۆلیمەرات Polymers بەکاربهێنرێت وەك سووتەمەنی ڕەق دوای هەڵبژاردنی هۆکاری ئۆکسێنەری گونجاو.

## سووتەمەنی شلی ڕۆکێت

باشترین جۆری سووتەمەنی شل بۆ ڕۆکێتەکان بریتیە لە گازیهایدرۆجین لە ڕووی دەرکردنی بڕی گەرمی بۆ هەر پاوەندێك, بەڵام ئەم کارەش فشارێکی بەرزی دەوێت بۆ





گۆڕینی هایدرۆجینەکە لەدۆخی گازیەوە بۆ دۆخی شلی کەئەمەش پێویستی بەخەزانێکی زۆر بەهێز هەیە کە بەرگەی ئەو فشارە گەورەیە بگرێت.

## سووتەمەنی گازی Fuel Gaseous

- یەکەم / گازی سروشتی Gas Natural

گازی سروشتی لەناخی زەویدا هەیە و لەژێر فشاری زۆر بەرزدا ڕێگەی خۆی دەکاتەوە و دێتە دەرەوە بەشێوەی کتوپڕ یان هەڵکەندنەوە. گازی سروشتی زۆر جار لەتەنیشت کێڵگە نەوتیەکانەوە هەیە, گازی سروشتی کاتێك دەگاتە دەست هاووڵاتی بڕی ٥٠-٩٠ ٪ گازی میپانی تیادایە و بڕی ٣٠٪ گازی ئیپان و ناترۆجینی تیادایە و پلەیەکی گەرمی و نرخێکی گەرمی گەورەی هەیە کە لەهەموو سووتەمەنیەگازیەکان بەرزترە.

- دووەم / گازی خەڵوز

زۆربەی گازەکان لەخەڵوزەوە بەرهەم دێن هەربۆیە نرخەکانیان بەرزە. پێك هاتەکانی گازی خەڵوز بریتین لە:-

- ئایدرۆجین بەڕێژەی ٥٠٪
- میثان بەڕێژەی ٣٥٪
- یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن بەڕێژەی ٤٪ و بڕی ماوەشی بریتیە لە نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسجین و ئایدرۆکاربۆناتی ناتێر وەك اثیلین.

وەکاتێـک کـرداری دڵۆپانـدنی خـەڵوز ئـەنجام دەدرێـت بـەبێ بوونی هەوا ئەم بەرهەمانەی لێ دەردەچێت:−

١. گازی خەڵوز
٢. نۆشادری شل
٣. قەتران کەبریتیـە لـە پێکهاتـە ئەندامیـەکان وەك (بـەنزین و نافثالین و فینۆڵ و انتراسین)
٤. بەرهەمێکی ڕەق کەپێی دەڵێن خەڵوزی کوك

- ➢ سێیەم / گازی فڕنەکان
- ➢ چوارەم / گازی بەرهەم
- ➢ پێنجەم / گازی ئاو

**سەرچاوەکان:−**


- ➢ الکیمیـاء الهندسـیة/ د. محمـود عمـر / سـهام حـسن / د. قاسم جبار / د. عبداللة عبدعباس/ قسم الهندسة الکیمیاویة / جامعة بغداد / بغداد/ العراق / ١٩٨٣
- ➢ المدخل فی علم الکیمیاء للمهندسین / د. محمد یوسف / د. محمد حسین / دار المعارف الاسکندریة / القاهرة / مصر / ١٩٧٧


* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٥ لە هاوینی ٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە.





# گرنگی پیشەسازی بۆرد و بلۆکی گەچ لەکوردوستاندا*

➢ پێشەکی

ئـەم جـۆرە پیـشەسازیە نوێیـە لـەوڵاتی ئێمـەدا , بـەڵام سـەردەمانێکە لـە ئـەوروپاو ئـەمریکاو گـەلێك وڵاتـی تـردا بـەکاردەهێنرێت ٠٠٠گـەلێك جـۆر و ڕەنگـی جیـاوازی هەیـە کـە هەریەکەیان بۆ بەکارهێنان و جێگەی تایبەت بەکاردەهێنرێت وەك (( دیوی دەرەوەی بینا , دیوی ناوەوە ، سەقفی سانەوی ، قاگعی ناوەنـدەکان ، هەیـە سیفاتی مقاومـە دژی ئاگر ، دژی ڕتوبـەت و شیّ )) و هەریەکەشیان مواصفاتی تایبەتی هەیە وەك ( کێش و ئەستوری و درێژی و پانی و ....هتد ) و لە پێك هاتەشیاندا جیاوازن ٠٠بەڵام هەموویان کەرەسەی سەرەکیان بریتیـە لـە گەچ و هەندێ مادەی لاوەکی تر...

مرۆڤ هەمیشە لـە هـەوڵی دۆزینـەوەو داهێنانی نوێ و باشتردا بووە و ئەندێشەو بیری بۆ هەموو لایەکی ژیان چووە ٠ کاتێك کە ماڵەکەی پێویستی بە دەستکاری و نویێ کاری هەبووە بیری لـەوە کردۆتەوە کە مادەیـەکی تونـد و لـوس و پێکـەوە لکاو بدۆزێتـەوە تاوەکو ڕووی دیوارەکانی پـێ جوان بکات ٠ بۆ ئەم مەبەستەش هەسـتاوە لـەو جێگایانـەی کـە کبریتـاتی کالیـسیۆمی تیادایـە هەندێ گژوگیاو پاشەڕۆی ئاژەڵی کۆکردۆتـەوە و سـووتاندویێتی ، لەدوایـدا ئـەو جێگەیـەی هەڵکەنـدووە بـە قـووڵایی چـەند

سـانتیمەترێك و ئـەو مادەیـەی لێدەسـكەوتووە كـەپێی دەڵـێن ( گـەچ ) ۰۰۰ دواتر ئەم كردارە پەرەی ساندووە و بڵاوبۆتـەوە و لەشێوەی كـورەدا كـە بەنـەوتی ڕەش سـووتاوە بـەردی گەچیان كۆكردۆتـەوە و سـووتاندوەو دواتـر بـە ئاش هاڕیویانـەو گەچیان بەرهەم هێناوە.

بەم شێوەیە دۆزینـەوە و بەكارهێنانی گـەچ مێژوویـەكی كۆنی هەیـەو یەكـەم كەسێك كە دەربارەی گـەچ نووسیویەتی لە ساڵی ١٧٦٥ی میلادی بووە لە لایەن زانا لاڤۆسیێر Lavosiarوە كە دەربارەی سروشتی گـەچ كە مادەیـەكی پێكـەوە لكاوە ،سیفەتی ڕەقبوونی و هـەروەها دەربـارەی بلـوراتی بـەكڵس بـوو كەلەسـەر شێوەی كبریتاتی كالیسیۆمە نووسیویەتی.

گەچ بریتیە لە چینێك بەردی گرنگ كەلەسەر شێوەی بەردی گـەچ لـە زەویـدا لـە هەنـدێ شـوێندا هەیـە ، دادەنرێـت بـە سەرچاوەیەكی گرنگی پیشەسازی ترشی كبریتیك (H2SO4) كـە ئـەم ترشـەش بنـچینەی پیـشەسازی كیمیاویـە و ڕادەی بـەكارهێنانی ئـەم ترشـە وەك پێوانەیـەك وایـە بـۆ بـەرزی و پێشكەوتنی پیشەسازی هەر وڵاتێك.

وشـەی ( گـەچ ) یـان ( الجـص ) لـە وشـەی ( جیپسۆس ) ی یۆنانییـەوە هـاتووە و بـە كبریتـاتی كالیـسیۆمی دوو ئـاوی دەوترێت CaSo4. 2H2o كە بەڕێژەی ٢٠-٢١٪ ئاوی تیادایە.





لـەباری ئاسـایدا بـەردی گـەچ لـە ڕووی كیمیاویـەوە بریتیـە لـە CaSo4.2H2O بـەڵام بەگـەرمكردن لـە ١١٠-٢٠٠ پلـەی سـەدیدا ئـەوا ¾ ئاوەكـەی ونـدەكات و دەبێـت بـە CaSo4.1/2H2o كـەپێی دەوترێـت ( Hemihydrat ) وەكاتێك زیاتر گەرم دەكرێت لە سەروو ٢٠٠ پلەی سەدیەوە ئەوا هـەموو ئاوەكـەی وون دەكـات و دەبێت بـە CaSo4 كـە پێـی دەوترێـت ( Anhydrite ) كـە ئـەویش سـێ دۆخـی هەیـە و لەدۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تـر دەگۆڕێت و دۆخی سێیەمی لەپلـەی گەرمی ١١٨٠ پلەی سەدیەوە دەستمان دەكەوێت.

كێشی جۆری CaSo4.2H2o بریتیە لە ٢ر٢٣-٢ر٣ گم/ سم٣ بەڵام كێشی جۆری CaSo4.1/2H2o بریتیە لە ٢ر٥ گم/سم٣ و هی CaSo4یش بریتیە لە ٢ر٩٢-٢ر٩٧ گم/ سم٣.

ئەم بۆرد و بلۆكی گەچە ڕوویەكی سافیان هەیە و دەتوانرێت بەهـــەردوو ڕوودا بـــەكاربهێنرێت و دەتوانرێـــت نـــەخش و زەخرەفەشـی تیـادا دروسـت بكرێـت و بـە پێوانـەی جیـاوازیش دروست بكرێت.

**جۆرەكانی جیپسۆم بۆرد**

١. Flex Plaster board ( FX )
٢. Fire Resistant Plaster board ( FR )
٣. Water Risistant Plaster board ( WR )
٤. Water + Fire Risistant Plaster board ( WR + FR )

❖ هەموو ئەم جۆرانەش مواصافاتی تایبەتی خۆیان هەیە و بەگشتی بەم شێوەیەیە:-

١. ئەستوری لەنێوان ٦- ١٨ ملم دایە
٢. کێش ( قورسایی ) لەنێوان ٧٠ر٢ - ١٨ کغم / مدایە
٣. پانی ١٢٠٠ ملم
٤. درێژی لەنێوان ٢٠٠٠ ملم - ٣٠٠٠ ملم دایە

➢ مواصافاتی بلۆکی گەچیش دەتوانرێت بە پێی داواکاری و پێوانەی جیاواز دروست بکرێت بۆ نمونە بلۆکی گەچ پێوانەکانی بەم شێوەیە دەبێت(درێژی ٦٦سم و بەرزی ٥٠سم و ئەستوری ١٠ سم و کێشی یەك بلۆکیش ٢٥ کغم دەبێت).

**گرنگی ئەم بەرهەمە لە چیدایە ؟ و چ گۆڕانکاریەك دەکات لە بواری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی کوردوستاندا ؟**

وەك باسمان کرد ئەم بەرهەمە لە کوردوستان و عێراقیشدا نوێیە و بەکارهێنانی زۆر بڵاو نیە و لەبواری بیناسازیدا تائێستا سوودی لێوەرنەگیراوە بەڕادەیەکی بەرچاوو بڵاو , چونکە لەکوردوستاندا هەر بە شێوە کلاسیکی و باوەکەی سەردەمی حەفتاکان و پێشتریش خانوو و باڵەخانە و ....هتد دروست دەکرێت و تائێستاش بیر لە گەشەسەندن و فراوان بوونی شارەکان تەنها بەئاڕاستەی ئاسۆیی کراوەتەوە نەك بە ئاڕاستەی شاقوڵی لەسەر شێوەی ( باڵەخانەی بەرزی ٢٠ نهۆمی و زیاتر )





کە لە ئێستادا لەهەموو دونیادا باوە ، تەنانەت لە ولاّتانی دەورو پشتیشماندا وەك ( ئێران و تورکیا و ولاّتانی کەنداوی عەرەبی ) لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە ئەم بەرهەمە گرنگیەکی گەورەی دەبێت و گۆڕانکاریەکی گەورەش دروست دەکات لە بواری بیناسازیدا چونکە ئەم بەرهەمە بەکارهێنانی ئاسانە و لەکێشدا سووکە و دەستی کاری هەرزان( کرێکار ) کەمی پێویستە و لەماوەیەکی کەمیشدا دەتوانرێت بینایەکی ١٠ نهۆمی یان زیاتر تەواو بکرێت بەبەراورد لەگەڵ ڕێگە باوە کۆنەکەی ( وەستا و کرێکار و گەچ گرتنەوە وماڵ پیس بوون و ....هتد ) .

وەك ئاشکرایە کە ئێستا و بەتایبەتیش بۆ باڵەخانە بەرزەکان لەدونیادا کەرەسەی سەرەکی بیناسازی بریتیە لە ( قاڵبی جاهیزی کۆنکرێتی و خشت یان بلۆکی پرمستۆن و ئەم بۆردو بلۆکی گەچی جاهیزە ) چونکە هەرسێ کەرەسەکە بەئاسانی بەکاردێن و دەتوانرێت لەماوەیەکی کەمیشدا کارەکە تەواو بکرێت و سووکن لە کێشدا و ژمارەیەکی کەمی کرێکاریشیان پێویستە. لەبەرئەوەی کەرەسەی سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەم جیپسۆم بۆرد و بلۆکی گەچە بریتیە لە گەچ کە لەکوردستاندا زۆرە و کارگەی گەچی بازیانیش هەیە بۆ دروستکردنی گەچی هونەری کە مەرجە گەچەکە هونەری بێت لەبەرئەوەی زوو ڕەق دەبێت . لەبەرئەوەی لەم کارگەیەشدا هەموو پێداویستیەکان لە ( زەوی و ئاوو کارەبا و ئەندازیارو تەکنیکی و کرێکار و کەرەسەی سەرەکی و گەنجینە وڕێگاوبان ...هتد ) هەیە بۆیە دەکرێت کە سوود لەم کارگەیە

ببینرێت ئەو هێڵی بەرهەم هێنانی جیپسۆم بۆرد و بلۆکی گەچە لەم کارگەیەدا دابنرێت و دەشتوانرێت کە بەهۆی ئەم بەرهەمەوە گەچی ئەم کارگەیەش باشتر بفرۆشرێت و داهات و قازانجی کارگەکە زیاد بکات کە لەئێستادا بەرهەمی ئەم کارگەیە لەلایەن زۆرێك لەوەستاکانەوە بەکار ناهێنرێت لەبەر ئەوەی زوو ڕەق دەبێت....

➢ بۆئەو مەبەستەش پێویست دەکات کە لەلایەن حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش وەزارەتی پیشەسازی ووزەوە بانگهێشتی کۆمپانیای کناوفی ئەڵمانی بکات کە (( خۆی دامەزرێنەری کارگەی گەچی بازیانە و شارەزاییەکی باشیان هەیە لەو بوارەدا )) یان هەر کۆمپانیایەکی تر و داوابکرێت کە سەردانی کوردوستان و کارگەی گەچی بازیان بکەن و پڕۆپۆزەڵ و نەخشەیەکی ووردو متکاملی ئەو هێڵی بەرهەمە پێشکەش بکەن و دیراسەیەکی جەدوای ئیقتیصادیش بکەن . تابزانرێت چەندی زەوی و کارمەند و کەرەسەی سەرەکی پێویستە و توانای بەرهەم چەندەبێت و چ جۆرێك لەو جۆرانەی جیپسۆم بۆرد و بلۆکی گەچ لەگەڵ ژینگە و کەش و هەوای کوردوستان و عێراقدا دەگونجێت و تاچەند زەمانەتی سەرکەوتن و دابینکردنی کەرەسەی یەدەگی دەکەن و خولی ڕاهێنان و فێرکردن بۆ کارمەندانی کارگەی گەچی بازیان دەکەنەوە ...





لەکۆتایدا دەڵێین کە خۆش بەختانە و لەبەر پێویستی زۆری هاوڵاتیان و گەشەکردنی زۆرو بەرچاوی بواری بیناسازی و تەلار سازی لەکوردوستاندا و گەشە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان, وەزارەتی شارەوانی و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تریش لەهەوڵی ئەنجامدانی گۆڕانکاری گەورەدان لە پلان و پرۆسەی بیناسازیدا و هەوڵی گۆڕینی نەخشە و شێوازی ئەندازەیی و فراوانبوونی ئاسۆیی دەدەن بۆ ئاڕاستەی شاقوڵی لە بیناسازیدا کە ئەم گۆڕانکاریانەش پێویستی بەوە دەبێت کە گۆڕانکاریش لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی بیناسازیشدا بکرێت و بگۆڕدرێت بۆ کەرەسەی سووك و بەقەبارە گەورە و ئاسان بەکارهێنان و کەم تێچوون . کە لەکاتی ئێستاشدا و بۆ بیناکردنی باڵەخانە بەرزەکان کە لەکوردوستاندا سەرەتاکانی دەستی پێکردوە پێویستی بەکارهێنانی ( جیپسۆم بۆرد و بلۆکی گەچ و قاڵبی کۆنکرێتی جاهیز ) بونەتە کارێکی زۆر پێویست.. ئەگەر حکومەتی هەرێمیش بە پلان و ئاڕاستەی زانستی و نوێی ئەم سەردەمە کارنەکەن و بیرنەکەنەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ ئەو کرانەوە گەورەیەی کە ئێستا بەسەر عێراق و کوردوستاندا ڕوویداوە لەلایەن هەموو جیهان و کۆمپانیا گەورەکانەوە ناتوانرێت پێشبکەوین و وڵاتمان گەشەی زیاتر و ئاوەدانی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت, بۆیە پێویستە کە عەقڵ و کارەکانمان فراوانتر و دوورتر و ستراتیژیتر بخەینە کار و بتوانین سوود لە هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنانە وەربگرین کە لەدونیادا ڕوویانداوە ئەویش

بە پەیوەندی کردن لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیاکان و هاندانیان بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەکوردوستاندا و هێنانەناوەوەی ئەو پیشەسازی و و داهێنانە نوێیانە بۆ کوردوستان بەمەرجێك ئاگامان لە چۆنایەتیش بێت و نەك لەسەر حسابی چۆنایەتی تەنها چەندایەتیەکی زۆرو بێکەڵك زیادبکەین و لەداهاتودا بە زەرەروزیان بگەڕێتەوە بۆ سەر وولاَتمان..

**تێبینی:**

ئەم پیشەسازی و بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازییە زۆر نوێیەو لە ئێستادا لە عێراق و کوردستانیشدا نیە, بەڵام وەزارەتی پیشەسازی و وزە بە نیازە و پلانی بۆ دامەزراندنی ئەوکارگەیە هەیە لە کارگەی گەچی هونەری بازیاندا,

بۆیە دەکرێت کە کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزمون بە شداری بکەن بە نوسین و پێشنیازەکانیان بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتە بە پێدانی زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە.

* * *

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ١١ لە زستانی/٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.





## چیمەنتۆ کەرەسەیەکی گرنگی بینا سازی و ڕۆڵـــــی گەورەی لە گەشەسەندنی ئابووری دا*

پیشەسازی چیمەنتۆ بەیەکێك لە کۆڵەکە بنچینە ییەکانی گەشەپێدانی ئابووری ئەژمار دەکرێت ,چیمەنتۆ یەکێکە لە گرنگترین کەرەسەی بەکارهاتوو لەپیشەسازی بیناو ئیش و کاری دامەزراندا وەك بەنداو گونج و.......هتد.هەروەها چیمەنتۆ بەکاردەهێنرێت لە گەلێك پیشەسازی گرنگدا وەك پیشەسازی کۆڵـــەکەو پـــایەو دیرەکـــی چـــیمەنتۆیی و بلـــۆکی چیمەنتۆدا ,پیشەسازی چیمەنتۆ پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هەیە لەگەڵ جوڵەی ئاوەدان کردنەوەو بیناسازیدا هەرکاتێك پرۆژە ئاوەدانیەکان زیادبوو ئەوەندەش پیشەسازی چیمەنتۆ زیاددەکات و ئەمە جگە لەوەی کە زۆر پێویستە لەئیش و کاری قایم کردن و بەرگریدا , چیمەنتۆ کەرەسەیەکی دامەزرێنەرە کە هێزێکی میکانیکی بەرزو هێزیکی بەرگە گرتنی گەورەی هەیە هەروەها سیفەتیگرنگی تریشی هەیە وەك هێزی یەکگرتن و ڕەق بوون وە یەکێکە لەو کەرەسەگرنگانەی کە بەباشترین کەرەسە دەناسرێت کەبەبوونی ئاو یەکدەگرێت و ڕەق دەبێت و کەرەسەڕەقەکانی وەك بەردو بلۆکیش پێکەوە دەلکێنێت ..

## چیمەنتۆی پۆر تلاند ( Portland Gement )

جۆرێکە لەچیمەنتۆ کە بەبوونی ئاو ڕەق دەبێت ،بریتیە لەبەرهەمی وورد کردنی کلینکەر (چیمەنتۆی سەرەتایی) کەپێکدێت لەئەنجامی سوتاندنی تێکەڵەیەك لەمەوادی جیری و قوڕیی بەڕێژەیەك و پلەیەکی گەرمی دیاری کراو لەگەڵ تێکەڵەیەك لەگەچ .

## ڕێگەی بەرهەم هێنان

دوو ڕێگە هەیە بۆ بەرهەم هێنانی چیمەنتۆ , ئەم دوو ڕێگەیەش لەڕێژەی ئاوبەرامبەر بەکەرەسەکانی تر لەیەکتری جیاوازن ئەو دووڕێگەیەش ڕێگەی ووشك و ڕێگەی تەڕە . ئەم دووڕێگەیە بەکاردەهێنرێت بەپێ ی جۆرو خاوێنی کەرەسە سەرەتا ییەکانی بەردەست هەروەها بەپێ ی ئەو سوتەمەنیەی کە بەکاردەهێنرێت و بەپێ ی بوونی هەڵمی ئەو گازانەی کەبەرهەم دێن .

### ١- ڕێگەی وشك

لەم ڕێگەیەدا کاتێك کەرەسە سەرەتایەکان دەگەنە کارگە بە ( کەسارە ) دەشکێنرێت و دوای وشك دەکرێتەوە لەبەر هەوا , بەڵام لەوەرزی زستاندا بەڕێگەی پیشەسازی وشك دەکرێتەوە , دوای کەرەسەکان دەشکێنرێت ولە ئاشدا ورد دەکرێت و دواتر ڕەوانەی فڕنەکان دەکرێن بۆ سوتاندن و بەرهەمەکە لەگەڵ تێکەڵەیەکی گەچدا وورد دەکرێن لە ئاشداو دواتر دەکرێنە کیسەوە بۆ فرۆشتن . سوودی ئەم ڕێگەیە لەوەدایە کە بەئاسانی





کەرەسەکان ورد دەکرێن و کاریگەری خراپیشی نیە لەسەرئاشەکان .لە سلبیاتەکانیئەم ڕێگەیەش گرانی هەڵگرتنی و لەگەڵ پێویستی بە ڕووبەرێکی فراوان .

### ٢ - ڕێگەی تەڕ

لەم ڕێگەیەشدا هەرکەرەسەیەکی سەرەتایی بەجیا لە ( کەسارە ) دا دەهاڕدرێت و دوایی لەئاشدا لەگەڵ ئاودا دادەنرێت و لە تێکەڵ کەرێکدا (خلاط ) بەڕێژەی ویستراو تێکەڵ دەکرێن و دواتر دەگوازرێنەوە بۆ فڕنەکان و بەرهەمەکە لەئاشدا ورد دەکرێت لەگەڵ تیکەڵەیەك لەگەچدا دواتر دەکرێتە کیسەوە و ئامادەدەکرێت بۆ فرۆشتن سودی ئەم ڕێگەیەش ئەوەیە کەتێچووی و شك کردنەوەی نیە و هیچ تۆزو خۆڵیکیش لەم ڕێگەیەدا نیە , هەروەها دەتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر لەڕێگەی وشك تێبینی پێکهاتەی کیمیا یی بکەیت و لەم ڕێگەیەدا چیمەنتۆ یەکی وەك یەکمان دەست دەکەوێت , بەتایبەتیش کە کەرەسە سەرەتاییەکان زۆر جیاواز بن لەیەکتری لە پیکهاتەکانیاندا . لەئاکارە خراپەکانیشی

بریتیە لە بەکارهێنانی بریکی زۆر تر لە سووتەمەنی و بڕێکی کەمی تریش بەرهەممان دەست دەکەوێت .

## کەرەسە سەرەتاییەکانی کە بەکاردەهێنرێن لە پیشەسازی چیمەنتۆدا

١ ـ کەرەسە جیریەکان : وەك کاربۆناتی کالیسیۆم لە شێوەی تەباشیر یان بەردی جیریدا کە ئۆکسیدی کالیسیۆممان دەداتیٚ , لە بەردی جیریدا .

٢ ـ کەرەسە مشەخۆرەکان یان قوڕەکان : ئەمانە ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم و سلیکۆنمان دەداتیٚ, ئەم کەرەسانە لەبنچینەدا پێکهاتون لە سلیکاتی ئەلەمنیۆمی ئاوی و دەبێت ڕێژەی ئۆکسیدی سلیکۆن تیایدا (٥٠٪) کەمتر نەبێت .

٣ ـ گەچ : بریتیە لە کبریتاتی کالیسیۆم .

.٤ ـ لم : هەندێك جاریش بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی سلیکا بگەیەنێتە لە( ٢٢٪ ) لە چیمەنتۆکەدا .

٥ ـ ئاسن : هەندێك سەرچاوەی ئاسنی تیٚ دەکرێت بۆ دەست کە وتنی ئۆکسیدی ئاسن وەك بێرێتی ئاسن .

٦ ـ هەندێك سەرچاوەی ئۆکسیدی ئەلەمنیوم وەك بۆ کسا یت .

## پرۆسەی بەرهەم هێنان

بەشێوەیەکی گشتی هەنگاوە تەکنەلۆژیا بە کارهاتووەکان لەپیشەسازی چیمە نتۆدا ئەمانەن :.

١ ـ ئامادەکردنی کەرەسە سەرەتاییەکان و تێکەڵەکان .

٢ ـ سوتاندنی تێکەڵەکەو دروست بوونی کلینکەر .

٣ ـ وردکردنی کلینکەر لەگەڵ زیادکردنەکان .





❖ کاتێك تێکەڵەکە دەسوتێنرێت , بەڕێژەی ویستراو لە کاربۆناتی کالیسیۆم و قوڕەکان لە فڕنە لولەکیە خولاوەکاندا کە دەخولێتەوە بەدەوری تەوەرەیەکی لاردا کە (١/ ٢ تا ٢ خولەك ) لە خولەکێکدا دە خولێتەوە لەپلەی گەرمی (١٤٠٠س).ئەمە ئەگەر کەرەسە سەرەتاییەکان خاوێن نەبن واتا مەوادە تفتەکان و ئۆکسیدی ئاسنیان تێدابێت . بەلاٚم ئەگەر کەرەسە بەکار هاتووەکان خاوێن بن کارلێکەکە لە پلەیگەرمی (١٥٠٠س) ڕوودەدات .

بەکارلێکی ئۆکسیدی کالیسیۆم بەرهەم هاتوو لە سوتاندنی بەردی جیری لە گەڵ ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم و ئۆ کسیدی سلیکۆنی بەرهەم هاتوو لەقوڕەکان کە پێکهاتەیەکی نویٚ بەرهەم دێنن کەئەمەش بە پێدانی تێکەلەکە لەسەرەوەی فڕنە لولەکیە خولاوە لارەکەدا کەدریژیەکەی دەگاتە (٥٠ ـــ ١٠٠ ) مەتر و پانیەکەشی دەگاتە (٢ ـــ ٥ ) مەتر ,وەلە ئەنجامدا و لەلای خوارەوەی فڕنەکەدا بەرهەمەکە دێتە دەرەوە کە بریتیە لە کلینکەر (Clnker).

## دەتوانرێت ناوچەکانی فڕنی چیمەنتۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکرێت :.

١ ـ ناوچەی وشك کردنەوە (١٦٠ ـــ ٢٠٠ س ) Dring Zon

٢ ـ ناوچەی ترشاندن ( ٨٠٠ ـــ ٩٠٠ س ) Calicination Zon

٣ ـ ناوچەی دروست بوونی کلینکەر ( ١٤٠٠ س ) Clinkering Zon

٤ ـ ناوچەی ساردکردنەوە (٨٠٠ س )Colingzon

جێگەی باسە فڕنەکان بەخشتی گەرمی کەسیفاتی تایبەتیان هەیە ناوپۆش کراون .

- لە فڕنەکاندا ئاو و دوەم ئۆکسیدی کاربۆن دەبنە هەڵم و تێکەڵەکە خل دەبێتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوەی فڕنەکان بەشێوەیەکی لول پێچی هێواش کەماوەی (٢ـ٣) کاتژمێر دەخایەنێت لەکاتی چوونە ناوەوەی کەرەسەسەرەتاییەکان تاکاتی دەرچوونیان, کە لەم ماوەیەدا کاری سوتاندن تەواو دەبێت و کلینکەری سوتاو یان چیمەنتۆی سەرەتایی دەردەچێت کە بریتی یەلە تۆ پی خڕی بچوکی ڕەق کە قەبارەیان لە (٨/١ تا ٤/٣) ئینج دەبێت و ڕەنگەکەشی سەوزێکی ڕەش باو یان بونیەکی تۆخە . کە زوو سارد دەبێتەوە و دواتر تێکەڵ دەکرێن بەڕێژەی (٣٪ ) ی گەچ ( کبریتاتی کالیسیۆم ) بۆ کۆ نتڕۆڵ کردنی کرداری بەستن و ڕەق بوون . دوای ئەم تێکەڵەیە بەوردیەکی نەرم دەهاڕدرێت , جۆری چیمەنتۆکە دەوەستێتە سەر ڕیژەی وردیەکەی چونکە چالاکی کیمیاوی چیمەنتۆ ئە گونجێت بە شێوەیەکی ڕاستەوانە لەگەڵ ڕووبەریی بەراورد لەگەڵ یەکە ی کێشدا.

بەتێکەڵ کردنی چیمەنتۆ لە گەڵ ئاو بەتەنیا یا لە گەڵ لم وبەردا بۆ دروست کردنی گیراوەیەکی کۆ نکرێتی لە ماوەی چەند





کاتژمێرێکی کەم دا یە کدەگرێت و دەبێتە بارستایەکی ڕەق کە ڕەقیەکەی زیاتر دەبێت بە تێپەڕبوونی کات .

ڕێژەی تێکەڵکردنی گەچ کاریگەری گەورەی دەبێت بەجۆرێك کە ئە گەر لە (٣٪ ) کەمترنەبێت ئەوا چیمەنتۆکە زۆر بەزووی ڕەق دەبێت لەماوەی چەند خولەکێکدا و ئەگەر لە (٣٪ ) ش زیاتر بێت ئەوا دەبێتە هۆی بێهێزی چیمەنتۆکە . هەروەها

ڕیێژەی ئۆکسیدیئاسنیش یارمەتی کرداری سوتاندن دەدات بەلآم ئەگەر ڕێژەکەی زیاتر بوو لەپێویست یەکدەگرێت لەگەڵ کالیسیۆم کە پێکهاتەیەکی تازە پێك دەهێنن کەسیفەتی ڕەق بوونیان نیە . بەهەمان شێوە ئە گەر ڕێژەی جیڕ زیادبوو لەپێویست ئەوا چیمەنتۆکە بیێ کەلك دەبێت و لەکاتی وشك بونەوەیدا درز دەبات ئەگەر ڕیێژەی جیڕەکانیش کەمتر بوو لە پێویست ئەوا چیمەنتۆکە بێهێز دەبێت . هەروەها ئەگەر ڕێژەی ئۆکسیدی ئە لەمنیۆمیش زیادبوو ئەوا سوتاندنی چیمەنتۆکە پێویستی بە پلەیەکی گەرمی بەرز دەبێت و زوو ڕەق دەبێت , ئەگەر کەمتریش بوو ئەوا زۆر بەهێواشی یەکدەگرێت . هەروەها زیادوکەمی ڕێژەی تفتەکانیش ( ئۆکسیدی کالیسیۆم و پۆ تاسیۆم ) سلیکاش کاریگەری خراپیان لەسەر چیمەنتۆ دەبێت .

❖ کلنکەر لە بنچینەدا لەم توخمانە پێك دێت :

١. سیێ یەم سلیکاتی کالیسیۆم 3Cao.SIO2 بەڕێژەی ٢٥ ـ ٥٠٪

٢. دووەم سلیکاتی کالیسیۆم $2\ Cao.SIO_2$ بەڕێژەی ٢١ ـــ ٤٥٪

٣. سێ یەم ئەلۆميناتی کالیسیۆم $3Cao.Ai_2o_3$ بەڕێژەی ٥ ـــ١١٪

٤. فێرێت و چوارەم ئەلۆميناتی کالیسیۆم $4Cao.Ai_2o_3Fe_2o_3$ بەڕیژەی ٩ ـــ ١١٪

٥. ئۆکسیدی کالیسیۆمی یەکنەگرتوو

٦. ئۆکسیدی مەگنیسیۆمی یەکنەگرتوو

## سیفاتەکانی چیمەنتۆ

١. بەتەڕی ڕەق دەبێت .

٢. پێویستی بە دوەم ئۆکسیدی کاربۆن نی یە لە کاتی یەکگرتندا.

٣. لە ئاودا ناتوێتەوە .

## مواصفاتی چیمەنتۆ

ئەوەی کەسیفاتی چیمەنتۆ دیاری دەکات بریتی یە لە سوتەمەنی بەکار هێنراو و پلەی وردی کەرەسە سەرەتاییەکان و پلەی گەرمی سوتاندن و ماوەی سوەتاندن و هاڕینی کلینکەری بەرهەم. چیمەنتۆ مواصفاتی سروشتی و میکانیکی هەیە وەك کێشی جۆری و وردی ماوە و هێزی یەکگرتن .

## پێکهاتەی کیمیاوی چیمەنتۆ

| | |
|---|---|
| Cao | ٦٠ ـ ٦٥٪ |
| Sio2 | ٢٠ ـ ٢٤٪ |





| | |
|---|---|
| Ai2o3 | ٤ ـ ١٠ ٪ |
| Fe2o3 | ٢ ـ ٤ ٪ |
| Mgo | ١ ـ٣٪ |
| So3 | ١ ـ ٢٪ |
| تفتەکان | ٥ و٠ ـ ١ ٪ |

ڕیژەی مەوادی نەتواوە لە ٥و١ زیاتر نی یە .

پێوانەی ئاوی چیمەنتۆ Hidraulic Modulus =

$$\frac{CaO}{Ai_2o_3 + Fe_2o_3 + SIO_2}$$ = ٨و١ – ٢و٢

ئەگەر ئەو ڕێژەیە زیاتر بوو لە ٨و١ – ٢و٢ ئەوا ئۆکسیدی کالیسیۆمەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و دەگۆڕدرێت بۆ جیرێکی کوژاوەو دەکشێت و گەرمی بەرهەم دێنێت کە ئەمەش چیمەنتۆکە بێهێز دەکات , ئەگەر ڕێژەکەشی لەوەکەمتر بوو سێ یەم ئەلۆميناتی کالیسیۆم و سێ یەم سلیکاتی کالیسیۆم دروست نابێت و لە جیاتی ئەوان دووەم ئەلۆ میناتی کالیسیۆم دروست دەبێت .

پێوانەی سلیکا Silica Modulus =

$$\frac{SiO_2}{Ai_2o + Fe_2o_3}$$ = ٢ – ٥و٢

پێویستە ڕێژەی $Fe_2o_3$ (٤٪) زیاتر نەبێت ئەگەر زیاتر بوو ئەوا ئاسن لەگەڵ کالیسیۆم یەك دەگرن و Ferrite Caliciom دروست دەبێت کەڕەق نابێت .

پێوانەی ئەلۆمینا = $\frac{Ai_2o_3}{Fe_2o_3}$ = ١ – ٥

## جۆرەکانی چیمەنتۆ

ژمارەیەکی زۆر لەجۆری چیمەنتۆ هەن کە جیاوازن لەڕووی پێکهاتەوە لە چیمەنتۆی پۆرتلاند ,بەڵام هەموویان وەك یەکن لە سیفەتی ڕەق بووندا کەتەنها چیمەنتۆی تایبەتمەندە پێ ی , بەبێ بەکارهێنانی گەرمی و هەموویان بۆمەبەست و لەبواری جیاوازدا بەکاردەهێنرێن بەتا یبەتیش : .

١. چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسایی : کە جۆرێکی بەربڵاوە و بەکارهێنانی زۆرە لە دامەزراوە کۆنکرێتیەکاندا وەك پایەو زەوی سەربان وڕیگە و فرۆکەخانەو بلۆك و .....هتد .

٢.چیمەنتۆی پۆرتلاندی کەزوو ڕەق دەبێت و پێ ی دەڵێن سوپەر کریت , لەو جێگایا نەدا بە کاردەهێنرێت کە پێویست زوو ڕەق ببێت و هێزیشی زۆر دەبێت کە ڕێژەی سێ یەم سلیکاتی کالیسیۆمی بەرزە .

٣.چیمەنتۆی کەڕێژەی ئۆکسیدی ئە لەمنیۆمی بەرزە ( Higen Alumina Cement) ئەم جۆرە بەکاردەهێنرێت لە ناو پۆش





کردنی فڕنی تۆێنەرەوەدا و گومەزو و زەوی فڕنەکان و کۆنکرێتە دژە گەرمیەکان و لەناوپۆشکردنی جێگەی کارلێکە کیمیاویەکان و دوکەڵ کێشەکاندا .

٤.چیمەنتۆی پۆرتلاندی سپی : بەکاردەهێنرێت لەدروست کردنی دیوان و سپی کاری و ڕوخساری ماڵانو مۆزایك و کاشیدا .

٥.چیمەنتۆی پۆرتلاندی ئاسنی ( Blast Furnaee Glag Cement ) ئەم جۆرە لەچیمەنتۆ بەکادەهێنرێت لەو جێگایانەدا کەلەژێر ئاوی دەریاوەن چونکە بەرگریەکی گەورەی هەیە بۆ ئاوی دەریا .

٦.چیمەنتۆی پۆرتلاندی بەرگریکار بۆ ئاوی دەریا ( Sea Water Cement ) پیشی دەڵێن سیواترا یابەرگریکار بۆ کبریتات (سوێری ) بەکاردێت بۆ ئەو شوێنە کۆنکرێتانەی کە ئاوی دەریا لێیان دەدات وەك ڕەسیفی بەندەرەکان و ڕێگرەکانی شەپۆلەکان و ....هتد .

٧.چیمەنتۆی پۆرتلاندی بۆ خەزانەکان : پیشی دەڵێن (لۆهیت – Loheat Portland Cement ) لەدروست کردنی بەنداو و بارستاییە گەورە کۆنکرێتیەکاندا بەکاردەهێنرێت و گەرمی ناداتەوە و ڕێژەیەکی کەمی سێ یەم ئەلۆمیناتی کالیسیۆم و سێ یەم سلیکاتی کالیسیۆمی تێدایە .

٨.چیمەنتۆی پۆرتلاندی تێکەڵی کرنك :( Krank Cement ) : لەمیسردا زۆر بەکاردەهێنرێت لەبەر هەرزانی تێچوونی لەڕووی ئابوریەوە .

٩.چیمەنتۆی پۆزۆلانە (Puzzolako ) لەو جێگایانەدا بەکاردەهێنرێت کەزۆر نزیکن لە ئاوەوە وەك بەنداوەکان , بە درێژایی کاتیش زیاتر ڕەق دەبێت و بریتیە لە پاش ماوەی بورکانی کەلەئیتاڵیادا زۆرە .

١٠.چیمەنتۆی سروشتی ( Natural Cement ) لەلایەن ڕۆمانیەکانەوە بەکارهێنراوە و بەکەڵکی ئەو جێگایانەدێت کە لە ژێر ئاوەوەن و دەبێت زوو ڕەق بێت .

١١.جۆری تایبەتی لەچیمەنتۆ کە هەموویان سیفات و پێکهاتەو بەکارهێنانی تایبەتیان هەیە وەك چیمەنتۆی سۆرێل وکین و فۆسفات و سلیکات و چیمەنتۆی بەرگریکار لە داخوران و شەق بردن .

❖ لەکۆ تایدا لەکوردستاندا سیٚ کارگەی گەورە ی چیمەنتۆ هەیە لە لەیلان و تاسلۆجە و سەرچنار کە چیمەنتۆ بە هەردوو ڕێگەی وشك و تەڕ بەرهەم دێنن و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان بینی وە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دا دوای ڕاپەڕین بەتایبەتیش هەردوو کارگەکانی تاسلۆجە و سەرچنار کەدوو سەرچاوەی گرنگی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون وبەشداریەکی گەورەیان هەبووە لەبەئەنجام گەیاندنی پرۆژە ئاوەدانیەکانی ئەم چەند ساڵەی کوردستاندا . بۆیە دەکرێت بۆلەمەودواش گرنگی زیاتریان پیٚ بدرێت و کەم و کوڕیەکانیان نە هێڵرێت و هەوڵی بەگەرخستنەوەی هێڵی دووەمی کارگەی تاسڵۆجە بدرێت





بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمی و دابینکردنی پێداویسیەکانی بازاڕو هاولاَتیان لەم قۆناغە نوێیەی ئێستادا کە کوردستان لەبەردەم پرۆسەیەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەدایە , بۆیە پێویست دەکات حکومەتی هەرێم و بەتایبەتیش وەزارەتی پیشەسازی هەوڵی جدی بدات بەهاوکاری خاوەن سەرمایەو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆی زیاتر لەکوردستاندا ..

**سەرچاوەکان:**

١. المدخل فی علم الکیمیاء للمهندسین / د . محمد یوسف و د. محمد حسین عبدالمجید / ١٩٩٧ دار المعارف کۆرنیش النیل / قاهرة /مصر

*ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٤ لە بەهاری ٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# پیشەسازی شووشە و ئاسۆی دواڕۆژی لەکوردوستاندا*

شووشە کۆمەڵگەلێك خەسڵەتی زۆری تیادایە کە ناتوانرێت لە هیچ مادەیەکی تردا هەبێت وەك (بەرگری داخوران و مەوادی کیمیاوی و هۆکاری لێبونەوەوە) ئاشکرایە کە دەبینین شووشەی پەنجەرە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە باران و هەورە بروسکە و تۆز و خۆڵ و شیٚ ی لێدەدات و بەرگەی پلەی گەرمی بەرزیش تاڕادەیەك دەگرێت.

توانای شووشە بۆ تێپەڕبوون و هەڵمژین و شکاندنەوەی ڕووناکی وای لێکردووە کە سوودی هەبێت بۆ دروستکردنی شووشەی چاویلکەو مایکرۆسۆب و تەلەسکۆب و کامێراو ئەلئەسیکترۆمەتر و گەلێك ئامێری زانستی نویٚ.

شووشە گرنگیەکی گەورەی هەیە لەبەشی ئەندازەی کارەبادا چونکە بەبیٚ بوونی شووشە نەئەتوانرا کە سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و گڵۆپی کارەبا بونیان هەبێت.لەبەرئەوەی کە شووشە سیفەتی شەفافیەتی (ڕوونی) هەیە کەئەمەش بۆتە هۆیبەکارهێنانی بەشێوەیەکی فراوان لە پەنجەرەی ماڵاٚندا. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندیٚ مادەی تر سیفەتی شەفافیەتیشیان هەیە بەلاٚم وەکو شووشە بەکار نایەن چونکە یان تەمەنیان درێژ نابێت وەیان بەرگەناگرن و زۆرجاریش نرخیان بەرزە و بەئاسانی دروست ناکرێن.





شووشە مادەیەکە کە زوو دەشکێت لەکاتێکدا کە کانزاکان دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بەلاٚم شووشە بەهۆی زوو شکاندنیەوە ناتوانرێت وەك کەرەسەیەکی بینا زۆر بەکاربهێنرێت, لەگەڵ ئەوەشدا هەندیٚ جۆرۆی شووشە هەن کەنەك وەکو پەنجەرە بەڵکو وەك کەرەسەیەکی بینا یان وەك بەشێك لەبیناکە بەکار دەهێنرێت وەك خشت یان بلۆکی شووشە بەلاٚم قورساییان لەسەر نابێت بەڵکو قورسایی سەرەکی بیناکە لەسەر مادە ڕەقەکانی تر دەبێت.پێشبینی دەکرێت کە شووشە ببێتە کەرەسەیەکی سەرەکی لەپێکهاتەی بینادا, چونکە هەرسیٚ سیفاتی (ڕەقی و شەفافیەت و بەرگری مادە کیمیاویەکان) وای لێدەکەن کە ئەو ڕۆڵە ببینێت. وەلەبەر ئەوەی کە کەکەرەسە سەرەکیەکانی شووشە زۆر هەرزانن وایکردووە بەئاسانی بەکارهێنانی شووشە بلاٚوببێتەوە و زۆر جۆری لیٚ بەرهەم بهێنرێت هەر لە شووشەی ئاساییەوە تادەگاتە ئەو جۆرەی شووشە کەلە وزەی ئەتۆمیدا بەکار دەهێنرێت.

## کەرەسە خاوەکانی کە بەکار دەهێنرێن لە پیشەسازی شووشەدا

١. لم :- دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن $SiO2$ کەباشترین جۆریان لمی سپیە لەبەرئەوەی جۆرەکانی تری (زەرد و سوور) تێکەڵن بەهەندیٚ خەوش وەك ئۆکسیدی ئاسن کە ڕەنگێکی تر دەدەن بە شووشەکە. پێویستە قەبارەی گەردیلەکانی لمەکە وەك یەك بێت و ووردبن بۆ ئەوەی کرداری تواندنەوە ئاسان بێت. هەندیٚ جار

پێویست دەکات کە لمەکە هەڵببژێردرێت ئەویش بەشۆردنەوەی بەئاو یان بەڕێگەی کیمیاوی بۆ لابردنی قوڕو خەوشەکان.

هەندێ جار پارچەی شکاوی شووشەش بەکاردەهێنرێت بە ڕێژەی جیاواز کە سوودی ئەوەی هەیە یارمەتی تواندنەوەی تێکەڵەی شووشەکە ئەدات و یارمەتی ئەوە دەدات کە شووشە تواوەکە وەك یەك بێت و ئاشکرایە کە پارچەی شووشەکان پێکهاتەکەی وەك پێکهاتەی ئەو شووشەیە دەبێت کەدەویسترێت دروست بکرێت.

١. کاربۆناتی صۆدیۆم :- کەسەرچاوەی سەرەکیە بۆ ئۆکسیدی صۆدیۆم و سەرچاوەی دووەمیش بۆ ئۆکسیدی صۆدیۆم بریتیە لە کبریتاتی صۆدیۆم. جیاوازی لەنێوان کاربۆناتی صۆدیۆم و کبریتاتی صۆدیۆم ئەوەیە کە یەکەمیان بەخێرایی شی دەبێتەوە لە فڕندا بەلاّم دووەمیان پێویستی بە کاربۆنە بۆ دامالینی کبریتات بۆ کبریتیتی صۆدیۆمیێش وەرگرتنی بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو :- کبریتاتی صۆدیۆم زیاتر بەکار دەهێنرێت لە کاربۆناتی صۆدیۆم. چونکە یەکەم ٤٣٪ دووەم ئۆکسیدی صۆدیۆمان دەداتێ و دووەمیان ٥٨٪ دووەم ئۆکسیدی صۆدیۆمان دەداتێ. لەکاتی بەکارهێنانی کبریتاتی صۆدیۆمدا پلەی گەرمی فڕنەکان بەرزترن بۆ ئەوەی کبریتاتی صۆدیۆمەکە شی ببێتەوە لەبەرئەوە سووتەمەنیەکی زیاتر بەکار دەهێنین.

ئەمەش تێکەڵەیەکە لە شووشەی پەنجەرە:-





لمی خاوێن ٥ر٥٩٪

بەردی جیری ٢٢٪

کاربۆناتی صۆدیۆم ١٥٪

کبریتاتی صۆدیۆم ٥ر٣٪

وەدەتوانرێت کاربۆناتی پۆتاسیۆمیش و کاربۆناتی صۆدیۆم بەکار بهێنرێت بۆ دروستکردنی شووشەی ئاسایی بەلاّم کاربۆناتی پۆتاسیۆم بەکار دەهێنرێت لە پیشەسازی عەدەسات و ئامێری بینین.

٢. کاربۆناتی کالیسیۆم :- یان (بەردی جیری) کە سەرچاوەی ئۆکسیدی کالیسیۆمە، لەهەندێ جاردا (دۆڵەمەیت) کە تێکەڵەیەکە لە کاربۆناتی کالیسیۆم و مەگنیسیۆم بەکار دەهێنرێت و بەردی جیری لە دروستکردنی شووشەی ئاسایدا بەکار دەهێنرێت، بەلاّم (دۆڵەمەیت) بەکاردەهێنرێت لەبەرهەم هێنانی شووشەی ڕووی دەرەوە چونکە مەگنیسیۆمی ناو دۆڵەمەیتەکە ئەو خەسڵەتە دەدات بە شووشەکە ڕەق بێت و بەرگری گەرما بگرێت و سوودی بەردی جیری یان دۆڵەمەیت بریتیە لە ڕێگەگرتن لە کارتێکردنی ئاو بۆ شووشەکە.

٣. کەرەسەی تر بۆئەوەی شووشەکە هەندێ سیفاتی دیاریکراو وەربگرێت هەندێ کەرەسەی تری تێدەکرێت وەك (ئەلۆمینا و فلسبار) بۆ کەمکردنەوەی درزبردن لە شووشەدا و بەبلوربونی دوای هاتنە دەرەوەی لەفڕنە توێنەرەوەکاندا و

کاتی لە قاڵبکردنی. بۆراکسیشی تێدەکرێت $Na_2B_4O_7.10H_2O$ بۆ کەمکردنەوەی هۆکاری کشانی گەرمی لە شووشەدا. بەهەمان شێوە ڕەصاصیشی تێدەکرێت کە هەندێ سیفات دەدات بە شووشەکە وەك (زیادبونی هۆکاری شکاندنەوەی ڕوناکی)، هەروەها کبریتاتی صۆدیۆمیشی تێدەکرێت لەبەرئەوەی یارمەتی بەئاسان دروستکردنی شووشەکە دەدات و بلقەهەواکانی ناو شووشەکە لادەبات بەتایبەتی لەکاتی کرداری دروستکردن بە فووتێکدن.

➢ کەرەسەی ڕەنگ بۆئەوەی ڕەنگی جیاواز بدەینە شووشە پێویستمان بە هەندێ مەوادی کیمیاوی دەبێت وەك (ئۆکسیدەکانی کرۆم ومس و ئاسن) بۆ وەرگرتنی ڕەنگی سەوز، ئۆکسیدی کۆباڵت بۆ ڕەنگی شین، دووەم ئۆکسیدی مەنگەنیز بۆ ڕەنگی وەنەوشەیی، سیلینیۆم و ئاڵتون بۆ ڕەنگی سوور، ئۆکسیدی زینك و فۆسفاتی کالیسیۆم و فلۆریدی کالیسیۆم و ئۆکسیدی تەنەکە بۆ ڕەنگی سپی،

ڕەنگەکان کاریان تێدەکرێت بەهۆی حاڵەتی سووتاندن و سروشتی پێکهاتەی بڕی تێکەڵەی شووشەکە.بۆ نموونە ئۆکسیدی ئاسن لەحاڵەتی سێەمیدا ڕەنگێکی زەرد یان سوور دەدات لەکەشێکی ئۆکسیجیناویدا، لەکاتێکدا ئاسن لەحاڵەتی دووەمیدا ڕەنگێکی سەوز دەدات لە کەشێکی دوور لە ئۆکسجیندا.





➢ کەرەسەی کیمیاوی یارمەتیدەر :- وەك نتراتی صۆدیۆم و پۆتاسیۆم وەك هۆکاری یارمەتیدەر، فلۆسبار و کلۆریدی کالیسیۆم وەك هۆکاری توێنەرەوە، ئۆکسیدی زەرنیخ و ئەلەنتیمۆن بۆ لابردنی بلقی هەوا، ئەمە جگە لەو کەرەسانەی پێویستن بۆ کردارەکانی هەڵکەندن و وێنەکێشان و کەرەسەی لولکردن و بەستن.

### هەنگاوەکانی بەرهەم هێنان لە پیشەسازی شووشەدا

١. هاڕینی هەندێ کەرەسەی سەرەتایی وەك بەردی جیری ، لەکاتی پشتبەستن بەکەرەسە خاوەکان.

٢. شۆردنەوە و بێژانەوەی هەندێ کەرەسەی خاو وەك لم لەکاتی پشت بەستن بەکەرەسە خاوەکان.

٣. تێکەڵکردنی کەرەسە سەرەتاییەکان بەڕێژەی دیاریکراو.

٤. تواندنەوەی کەرەسە سەرەتاییەکان لە فڕندا لە پلەی گەرمی نزیکەی ١٤٠٠ پلەی سەدی.

٥. ئیشکردن کەبەچەند ڕێگەیەك دەبێت لەوانە :-

أ- بەهۆی پەستانەوە بەوەی کە هەویرەکە لە پەستێنەرەکەدا یان لە قاڵبەکاندا دادەنرێت.

ب- بەهۆی فووتێکردنەوە ئەمەش لەڕێگەی فووتێکردنی هەویرەتواوەکە.

ج- بەهۆی فووتێکردن و پەستانەوە.

د- دروســـتکردنی تەبـــەقی شووشـــە بـــەهۆی (درافیلـــەوە) دەتوانرێت ئەستوری تەبەقەکان دیاری بکرێت.

هـ- چنین.

ز- کرداری داڕشتن.

٦. کرداری ساردکردنەوەیەکی هێلش لە فڕنی تایبەتیدا کە پلەی گەرمی هێواش هێواش نزم دەبێتەوە.

٧. ئامادەکردنی کۆتایی.

## فڕنەکانی تواندنەوەی شووشە

دوو جۆر فڕن هەیە :-

١. فڕنی بۆتەقە :- ئەم جۆرە لەجۆری بەردەوام نیە و بریتیە لە ٤-١٨ ژمارە کەلەسەر بنکەیەکە کەلەبلۆك و خشتی گەرمی دانراوە، کەئەم جۆرە فڕنە بریتیە لە مەنجەڵێکی گەورەی بەتاڵکراو کە دروستکراوە لە مادەیەکی گەرمی قەبارە ٢ تەن و چارەکێك بەکاردەهێنرێت لە بەرهەم هێنانی کەمدا بۆ شووشەی تایبەت وەك شووشەی بینین. پێویستە بۆتەقەکە گەرمبکرێت بەبەتاڵی پێشتێکردنی تێکەڵەکە، بۆ پلەی گەرمی ئیشپێکردن. دوای تێکردنی تێکەڵەکەش گەرم دەکرێتەوە. بۆتەقەکە دووجۆرە سەربەتاڵ و داخراو.

٢. فڕنی حەوزی :- جۆری بەردەوامە کەنزیکەی ٩٠ تەن ڕۆژانەیە و بریتیە لە حەوزێکی درێژ کە ئەرزیەکەی دروستکراوە لە بلۆك و خشتی حەراری و لەسەرەوەش بریتیە لەسەربانێکی دروستکراو لەخشتی سلیکا.





هەریەکە لەم فڕنانە سوود و زیانیان هەیە لەڕووی ئابوری و تێچوونەوە و هەریەکەیان بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەت لەشووشە بەکاردەهێنرێن. و ناتوانرێت دەست لەهیچ کام لەو دوو جۆرەی فڕن هەڵبگیرێت.

- شووشە بەوە ناسراوە کەگەیەنەرێکی خراپە بۆ گەرمی، ئەگەر شووشە بەخێرایی ساردبکرێتەوە ئەوا زوو دەشکێت ودرز دەبات. بەڵام ئەگەر بەهێواشی ساردبکرێتەوە ئەوا هیچ درز و شکاندنێك ڕوونادات. شووشە بریتیە لەبەرهەمی تواندنەوەی (دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن) و کاربۆناتی صۆدیۆم و بەردی جیری (کاربۆناتی کالیسیۆم) لە فڕنی تایبەتی و پلەی گەرمی بەرزی ١٤٠٠ پلەدا. دواتر دروست دەکرێت یان بە فووتێکردن لە پیشەسازی فەخفوری و قاپ و قاچاخدا، یان بەڕاکێشان لەپیشەسازی شووشەی ساف و ڕێکدا و دواتر بەجێدەهێڵرێت تابەهێواشی ساردببێتەوە.
- پێکهاتەی شووشە بریتیە لە سلیکاتی صۆدیۆم و کالیسیۆم ($Na_2O.3CaO.6SiO_2$) لەکاتی تواندنەوەی دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن $SiO_2$ لەگەڵ کاربۆناتی صۆدیۆم بارستاییەك شووشە دروست دەبێت لە سلیکاتی صۆدیۆم $Na_2SiO_2$ لەکاتی ساردکردنەوەیدا ، بەڵام ئەم بارستایە توانای تواندنەوەی هەیە لە ئاودا.

هەروەها دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن یەکدەگرێت لەگەڵ کاربۆناتی

کالیسیۆم و سلیکاتی کالیسیۆم پێك دەهێنێت.

سلیکاتی کالیسیۆمی دروست بوو لەگەڵ ئەوەی کە شووشەییە بەلاّم لەئاودا ناتوێتەوە بەڵکو لە ترشەکاندا دەتوێتەوە.

بەلاّم ئەو شووشەیەی کە دروست دەبێت لەئەنجامی توانەوەی دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن (بەتاڵ لە ئاسن) و کاربۆناتی کالیسیۆم و کاربۆناتی صۆدیۆم بەیەکەوە کە شەفافە و ناتوێتەوە نە لە ئاو و نە لە ترشەکاندا کە بریتیە لە تێکەڵەیەك لە سلیکاتی جۆرلو جۆر لەگەڵ هەندێ زیادەی دووەم ئۆکسیدی سایکۆندا.

## سیفاتەکانی شووشە

وشەی (شووشە) بەکار دەهێنرێت بەشێوەیەکی گشتی بۆ مادەیەکی ڕەقی لووس کە پێك هاتەیەکی کیمیاوی نیە و شەفافە بەلاّم دەتوانرێتیش تاریك بکرێت.

شووشەی ڕاستەقینە دەتوانرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە تواوەیەکی تێکەڵە لە سلیکاتی تفتەکان وەك صۆدیۆم لەگەڵ توخمێکی دووانی هاوبارگە وەك کالیسیۆم لەگەڵ زیادکردنی دووەم ئۆکسیدی سلیکۆن.

سیفەتێکی تری شووشە ڕقی و نەرمیەتی ، شووشە پلەیەکی توانەوەی دیاریکراوی نیە ، لەکاتێکدا گەرم دەکرێت نەرم دەبێتەوە هەتا دەبێتە شلە ، هەروەها شووشە دەیبەستێت



کوردایەتی لە نێوان ...

بەهێواشی بەبێ ئەوەی بلوری بێت ، لینجیی شووشە زیاد ناکات لەکاتی ساردکردنەوەدا بەشێوەیەکی کوتوپڕی. دواتر بەقۆناغی لدونەییدا تێپەڕدەبێت کە دەتوانرێت لەم کاتەدا دابڕێژرێت بەڕێگەی پەستان یان فووتێکردنەوە یان ڕێگەی تر.

بەهەمان شێوە شووشە خەسڵەتی میکانیکی و گەرمی و کارەبایی و بینینی تایبەتی هەیە.

شووشە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆر :-

١. شووشەیەك کە جیری تیابێت.
٢. شووشەیەك کە ڕەصاصی تیابێت.

هەروەها دەکرێت شووشە بەپێی جۆری تفتەکان دابەشبکرێت بۆ -:

١. شووشەی صۆداو جیر (پەنجەرەو ئاوێنە)
٢. شووشەی پۆتاس و جیر (شووشەی بەهەیمی)
٣. شووشەی پۆتاس و ڕەصاص (کریستاڵ)

➢ هەروەها شووشە بەپێی ڕێگەی پێشەسازی دەکرێتە سێ ڕێگەوە وەك ڕێگەکانی پەستان و داڕشتن و فووتێکردن.

➢ شووشەش دوای دروستکردنی بەپێی بەکارهێنانی دەکرێتە :-

١.شووشەی بینین
٢.شووشەی ئامێری کیمیاوی.
٣.شووشەی ئامێرە پزیشکی و زانستیەکان.

٤.شووشەی بەکارهێنراو لە بینادا وەك شووشەی تەخت و هەڵکوڵراو.

٥.شووشه بۆ بەکارهێنانی ناو ماڵ

٦.شووشه بۆ ڕوناك کردنەوە

٧.شووشه بۆ بەکارهێنانی بۆ شله مەنیەکان

➢ لەکۆتاییدا دەڵێن پێویسته پیشەسازی شووشە لەکوردوستاندا لەئێستا و داهاتوودا گرنگی پێبدرێت و پلانیش دابنرێت بۆ دامەزراندنی کارگەو کارخانەی گەورەو پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی شووشەی هەمە ڕەنگ. چونکه کەرەسە سەرەتاییەکانی لەکوردوستان و عێراقدا بەشێوەیەکی بەرفراوان و هەرزان دەستدەکەون ، واپێشبینیش دەکرێت لەدونیادا و لە چەند ساڵی داهاتوودا شووشه وەك کەرەسەیکی بینا بەکاربهێنرێت چونکه سیفاتی زۆر باشی تێدایەو جوانیش دەدات بە ڕوخسارو سیمای بیناکان لەناوە وە و دەرەوەشدا و لەبوارە جیاوازەکانی زانستیشدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت ....

**سەرچاوە :-**


- المدخل فی علم الکیمیا ' للمهندسین/ د.محمد یوسف محمد و د. محمد حسین عبدالمجید / دار المعارف / قاهرة / مصر / ١٩٧٧.


---

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٧ لەزستانی ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.





## پیس بوونی ژینگەو مەترسیەکانی بۆ سەر داهاتووی مرۆڤایەتی*

مرۆڤ سەرەتای پەیوەندییەکانی بە ژینگەوە هەر لەسەرەتای دروست بوونی ژیانەوە بەستراوەتەوە بەئیش و کارەکانیەوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی .

مرۆڤی سەرەتایی لە ململانێیەکی بەردەوام دا بووە لەگەڵ سروشتەکەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی چونکه کۆسپ و ڕێگری زۆری دەهاتەڕێ , بەم شێوەیە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەم ململانێیەدا بیری لەداهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری کردۆتەوە , بەدرێژایی مێژوو لەقۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگادا شتە نادیارەکانی ناسیوەو ئیدی کەوتۆتە خوێندن و بەدوادا چوونی شتە نهێنی و شاراوەو ئاشکراکانی ژینگەکەی و توانیویەتی بەو زانیاری یە کەمەی ئامانج و خواستەکانی بهێنێتەدی . بەڵام لەئێستادا مرۆڤ ململانێکەی لەگەڵ سروشت و ژینگەکەیدا گەلێك گرانترو ئاڵۆزتر بووە . نەك بۆ ئەوەی باشترین خۆش گوزەرانی دابین بکات , بەڵکو لەبەر ئەوەی وەك مرۆڤێکی پێشکەوتوو لەهەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆسپانەی کە بەهۆی داهێنان و دۆزینەوەکانیەوە هاتۆتە کایەوەو کەوتۆتە خۆی بۆ ڕزگارکردنی ژینگەکەی لەپیس بوون و فەنابوون کە بەدەستی خۆی دروستیکردووە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەی کەلەبواری

پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا وەدی هێناوە .ئاشکرایە ژینگە بریتیە لەکۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و داهێنراو کە مرۆڤ لەچوار چێوەیدا دەژی و کاردەکەنە سەر تەندروستی و ژیان و بەرهەمی . جا چەندە ژینگەی مرۆڤ پاك و خاوێن بێت و دووربێت لەپیس بوون و پارێزگاری لیّ بکرێت , ئەوەندەش مرۆڤەکان تەندروستیان باش دەبێت و بیرکردنەوەیان فراوانتر دەبێت و داهێنان و بەرهەمیان زیاد دەکات و لە ئەنجامدا ژیانێکی باش و کامەران دە گوزەرێنێت .

پیس بوونی ژینگە بەیەکێك لەمەترسیدارترین هۆکار و دیاردە دادەنرێت بۆ سەر ئێستاو داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی , هەربۆیە پاراستنی ژینگە لەهەموو جیهاندا ئەرکی حکومات و دەزگاو ڕێکخراوو خێزان و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵە بەشێوەیەکی بەردەوام و بەئەرکێکی هەنوکەیی دادەنرێت .

**ئەوهۆکارانەی دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە :-**

پیس بوونی ژینگە بەهۆی کۆمەڵ گەلێك هۆکارەوە دێتە ئەنجام لەوانە :

١. سووتان و ئاگر تێبەربوونی دارستانەکان , هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پیس بوونی ژینگە , کە بەهۆیەوە لەلایەك جوانی سروشت و سەرمایەیەکی گەورە لەدەست دەچێت و لەلایەکی تریشەوە ڕێژەی گازی $CO_2$ ( دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ) لەهەوادا زیاد دەکات و ئەویش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر چینی ئۆزۆنی چواردەوری گۆی زەوی . زانیارییە ئامارییەکان





ڕادەگەیەنن کە ١ هێکتار دارستان لە ساڵێکدا ٥,٢ ملیۆن تەن گازی $CO_2$ وەردەگرێت و نزیکەی ٧ ر٦ـ ١٥ ملیۆن تەن $O_2$ ( ئۆکسجین ) دەداتەوە , ئەمەگرنگی دارستانەکانمان بۆ دەردەخات بۆ ژیانی مرۆڤایەتی . بەلاّم لەلایەکی ترەوە هەمان زانیاریە ئامارییەکان دەڵێن لەهەر خولەکێکدا نزیکەی ٥٠- ٧٠ هێکتار لە دارستانی خولگەکان لەناو دەچن لەسەر جەم ڕووبەری دارستانەکان کە ٢ ر٨ ملیۆن کم٢ . کە ئەمەش مەترسی پیس بوون زیاد دەکات .

٢. پاشەڕۆ ژەهراوییەکان کەلەئەنجامی کارلێکە کیمیاوی و فیزیاوییەکانەوە دێتە بەرهەم لەبواری تەکنەلۆژیادا . ئەم پاشەڕۆیانە لەو کارگانەوە دەردەچن کەمامەڵە لەگەڵ تەنە کیمیاویەکاندا دەکەن , وولاّتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان ساڵانە بڕی ٣٠٠ ملیۆن تەن پاشەڕۆیان دەبێت بەهۆی کۆبونەوەی ئەم بڕە زۆرە لە پاشەڕۆ , سەرە نوێلێکی زەبەلاح دروست دەکەن کە لەتواناادا نیە بە ئاسانی خۆیانی لیّ ڕزگار بکرێت وە دەبنە هۆی پیس بونی ژینگە . بۆ ڕزگار بوون لەو پاشەڕۆیانە , وولاّتە پیشەسازیەکان هەڵدەستن بە :-

١. سووتانی بەشێك لەو پاشەڕۆیانە .

٢. فڕێدانە ناو ئاوی دەریاو ئۆقیانوسەکان .

٣. گواستنەوەی بۆ وولاّتانی دواکەوتوو لە جیهاندا .

٣. زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان , لەسەر گۆی زەوی هۆکارێکی تری مەترسیدارە بۆ پیس بوونی ژینگە , چونکە

چەندە ژمارەی دانیشتوان زۆر تربێت ئەوەندەش پاشەڕۆ زۆرتر دەبێت , بۆ نموونەی لەسەرەتای سەدەی بیست دا هەر مرۆڤێکی ئەوروپی ڕۆژانە تێکڕای بڕی ٢٠٠ گم پاشەڕۆی هەبوە , بەلاّم لەهەزارەی سێدا ئەو ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ ١کگم .

بەم شێوەیە دەبینین لەئەمریکادا هەتا ئەم دواییەش ٢١٥١٢ ئەمباری پاشەڕۆ هەبوو , هەمووشیان لەوانە بوون کەژینگە پیس بکەن لەو ژمارەیە ١٧٥٠ ئەمباریان بەتەواوەتی پڕبوون کە پێویستیان بەپاك کردنەوە هەبووە .

لەفەرەنسا ٢٥٠٠٠ ئەمباری کۆکردنەوەی پاشەڕۆ هەیە , بۆ نموونە لەدووری ٧٠کم لەشاری مەرسیلیاوە زەبەلاح ترین گۆڕی پاشەڕۆ هەیە کە سەرەکەی دانەپۆشراوە ڕۆژانە بەهۆی شەمەندەفەرێکی سەد فارگۆنیەوە بە هەزاران تەن پاشەڕۆی تێدەکەن کەبەرزیەکەی زیاتر لە ٨م و ڕووبەرێکی بەرینی داگیر کردووە و بۆتە سەرچاوەی مێش و مەگەزو بەکتریا کەمەترسیدارە بۆ سەر پیس بوونی ژینگەو تەندروستی مرۆڤ .

لەئێستادا ئەو وولاّتانە لەهەوڵدان بۆ بەکارهێنانەوەی ئەو پاشەڕۆیانە بۆ جارێکی تر لەپیشەسازی داو لەساڵی ١٩٨٢ دا بەشێکی باشیان لێ بەکارهێنا , بەمەبەستی خۆ ڕزگار کردن لەو پاشەڕۆ زۆرە .

٤.پیس بوونی ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان : وەك باسکرا ساڵانە وولاّتە پیشەسازیەکان زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن تەن پاشەڕۆی ژەهراویان دەبێت , وە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەبەشێکی ئەم





پاشەڕۆیانەوە . هەڵدەستن بە گواستنەوەی بەشێکی بۆ ناو ئاوی دەریاو ئۆقیانوسەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی پیس بونی ئەو ئاوانەو مەترسیش دروست دەکەن بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك و لەئەنجامیشدا پیس بونی ژینگە.

بۆ نموونە , دەریای باکور ( بحر الشمال ) یەکێکە لەهەرە مەترسیدارترین جێگە لە ڕووی بایۆلۆژیەوە بەمردوو دادەنرێت .

ناوچەی بەڵتیقیش بەپێ ی ئامار لەنێوان ٣٠ – ٥٠٪ ی ماسی ئەو ناوچانە مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێت و بەکەڵکی خواردن نایەن . هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان پێش ٢٥ ساڵ نەخشەی بۆ پارێزگاری کردنی دەریای ناوەڕاست داڕشت بەلاّم ئەویش سەری نەگرت . لەکۆتایی هەشتاکاندا یەکێتی سۆڤێتی جاران ڕایگەیاند کە ٩٠ ٪ ی دەریای ڕەش پیس بووە , چونکە لە قولاّیی ٨٠ م بەولاوە هیچ زیندەوەرێکی تیا ناژی .

٥. نەوت : هۆکارێکی تر بۆ پیس بونی ژینگە , کاتێك دەڕژێتە ناو ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان و سەرزەویش . نەوت هەرچەندە سەرچاوەیەکی گرنگی وزەیەو یەکێکە لەپایە گرنگەکانی ئابوری هەر ولاّتێك و مایەی خێرو بەرەکەتە بۆ خۆش گوزەرانی و پێشکەوتنی هەندێ کۆمەڵگا , بەلاّم لەولاشەوە مایەی پیس بوونی ژینگەیەو هۆکارێکی مەترسیدارە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی . بۆ نموونە لە م ساڵانەدا لەڕۆخی ڕۆژهەلاّتی ئەمریکا ٦ ملیۆن لیتر نەوت لەسێ ڕووداوی جیاجیادا بلاّو بۆوە . ئەوەبوو لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا لەنزیك دورگەی (ڕۆژ )

بڵاوبوەوەو بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ( هایدرۆکاربۆنات ) کەکاردەکەتە سەر زاووزێ ی ماسیەکان و بەرگریان ناهێڵێت و پەلەوەری تریش دەکوژێت .

٦. لەناوچوونی چینی ئۆزۆن : هۆکارێکی تری پیس بوونی ژینگەیە , کە چوار دەوری گۆی زەوی داوەو وەك قەڵغانێك وایە کە سەرجەم زیندەوەران دەپارێزێت لەزۆر نەخۆشی مەترسیدار , وەك شێر پەنجەی پێست کە پێستەکە ڕەش دەبێتەوە و چاونوسان و چاو ئێشەو باری بینین دەشێوێت و بەرهەڵستی سروشتی کەم دەبێتەوە .

لەناوچوونی چینی ئۆزۆنیش بەهۆی زیادبونی ڕێژەی گازەکانی کاربۆن و فلۆر و کلۆرو $CO2$ نیترات لە هەوادایە کە ئەم گازانەش لەکارگەکانەوە دەردەچن لەئەنجامی کارلێکە کیمیاویەکانەوە . بەمەبەستی دەست بەسەراگرتن و کەم کردنەوەی ڕێژەی ئەو گازانە لەساڵی ١٩٨٧ دا ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی بەناوی ڕێکەوتنی مۆنتریاڵەوە ئیمزاکرا . کەبەباشترین ڕێکەوتن ناو دەبرێت بۆ پاراستنی ژینگە .

### هەندێ هۆکاری تری لاوەکی هەن کەکاردەکەنە سەر پیس بونی ژینگە وەك :

أ- دروست بونی بیابان .
ب- درووست بونی زەوی شۆرەکات .
ت- داخورانی زەوی .





زۆر لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی پیس بونی ژینگە مرۆڤ خۆی دەستی تیادا نیە , بەڵام دەتوانێت بەهۆی خۆ ئامادەکردنی پێش وەختە وە کاریگەریان کەم بکاتەوە , وەك وشکە ساڵی و بێ بارانی و گەردەلوول و تیشك دانەوەی ڕووبەرە فراوانەکان و جاری واش هەیە باو بۆران و زریان و لافاو تەرزەو هەرەسی بەفر لە هەر شوێنێکدا هەبن دەبنە هۆی تێکدان و پیس بوونی ژینگە .

### مرۆڤ خۆشی دەستی هەیە لە پیس کردنی ژینگەکەیدا بەهۆی :

١. نەبونی نەخشەو پلانێکی ڕێك و پێك بۆ ئاوەدانکردنەوەو پاك ڕاگرتنی کۆڵان و شەقام و ئاوو ئاوەڕۆکانەوە .

٢. بەردەوامی دوکەڵی دوکەڵ کێشی ئۆتۆمبیلەکان و کارگەکان و ویستگەکانی وزەی کارەباو هەموو دام و دەزگاکانی بەرهەم هێنان و پیشەسازی نەوت و ئاسن و پیشەسازی کیمیاوی و خۆراك دروست کردن .

### هەندێك ڕووداو ئاماژە پێدەدەین کە مەترسی داربوون بۆ سەرژیانی مرۆڤ و بوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە :

١. ڕووداوی شاری DORONA لەویلایەتی پەنسلڤانیا لە ئەمریکاو پیس بوونی هەوای شارەکە لە ئەنجامی دووکەڵی کارگەکانداو بەتایبەتی کارگەی دروست کردنی شیش .

٢. ڕووداوی شاری هێرۆشیماو ناگازاکی لە یابان لەساڵی ١٩٤٥ کەبوە هۆی لەدەست دانی گیانی هەزارەها مرۆڤ .

٣. ڕووداوی شاری لەندەن لەساڵی ١٩٥٢ دا بەهۆی گازی گۆگردیدی هایدرۆجینەوە و گازی سیانیدەوە . کە نزیکەی ٤ هەزار کەس گیانیان لەدەستدا .

٤. هەر بەهۆی هەمان گازەوە لەشاری نیویۆرك نزیکەی ٤٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا لەساڵی ١٩٦٣ دا .

٥. لەساڵی ١٩٥٦ دا لەسانفراسیسکۆ بەهۆی مادە ژەهراویەکانەوە بڕی ١ملیۆن دۆلار زەرەرو زیان لەکشتوکاڵ و سەوزەوات کەوت . هەروەها لە کالیفۆرنیا بایی ١ر٦ ملیۆن دۆلار زەرەرو زیان کەوت لەئەنجامی پیس بونی سەوزەواتەوە بەهۆی گازە ژەهراویەکانەوە .

٦. بەهۆی بەکارهێنانی تەنە کیمیاوییەکانەوە لەشەڕەکاندا کەزۆر ترسناکن , مرۆڤ و ژینگە زەرو زیانێکی زۆر دەکەن . بۆ نموونە : (Dioxin ) دایۆکسین تەنێکی کیمیاوی ژەهراویە دەبێتە هۆی شێواندنی جینەکان و زاوزێ کردن و کاری خراپی لێ دەوەشێتەوە بۆ مرۆڤ و سەرجەم زیندەوەران کاتێك کەتێکەڵ بەهەوا دەبێت و بڵاودەبێتەوە . ئەم تەنە ژەهراویە ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنامدا بەکاری هێنا و خراپترین جۆری دایۆکسینەکان بریتین لە (پارادایۆکسین ) کە دەبێتە هۆی پەڵە پەڵەبونی لەشی مرۆڤ و پێ ی دەوترێت پەڵەی کلۆری و توشی دەمارگیری دەکات و کاری جگەر تێك دەدات و ئەگەر بڕەکەشی زیاتر بێت



کوردایەتی لە نێوان ...

کاردەکاتە سەر بۆماوەو جینەکان و منداڵ بەناتەوای لەدایك دەبێت و دواتریش مردن .

٧. ڕووداوی کورەی ئەتۆمی چێرنۆبێل لە یەکێتی سۆڤێتی جاران کە بووە هۆی نەمانی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ و ڕوەك و ئاژەڵ و چۆڵ کردنی ژمارەیەك گوندو شار .

٨. ڕووداوی کارەساتی هەڵەبجە لەکوردستانی خۆمان بەهۆی کیمیاوی باران کردنی ڕژێمی عێراقەوە بوە هۆی گیان لەدەستدانی (٥) پێنج هەزار کەس و زیاد لە ( ١٠) هەزاری تریش بریندارو تائێستاش کارە خراپەکانی بەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکی ناوچەکەوە ماوەتەوە.

بەم شێوەیە ژینگەی گۆی زەوی لەبەردەم پیس بوون و بەفەنا چوونێکی حەتمیدایە . ئەگەر هەوڵێکی جدی نەدرێت بۆ کەم کردنەوە یان نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی پیس بونی ژینگە .

دەکرێت و لەتوانادایە کە حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان و خێزان و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە پێناو پاراستن و پاك ڕاگرتنی ژینگەوە و دابین کردنی ژینگەیەکی پاك و خاوێن و ژیانێکی خۆش گوزەران بۆ نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی و هەریەکەیان هەستن بەئەنجامدانی ئەم کارانەی خوارەوە :

١. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی , مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەك بۆ پاراستنی ژینگەو پیس نەکردنی و سزادانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەبنە هۆی پیس بوونی ژینگەی گۆی زەوی .

٢. هـــــەروەها دەوڵەتـــــە پیـــــشەسازیەکان هەســـــتن بەبەکارهێنانـەوەی ئـەو پاشـەڕۆیانە لـەبواری پیـشەسازی دا بـۆ جارێکی تر , یان سووتاندنیان .

٣. لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جەماوەری و ژینگە پارێزەکان هەسـتن بـە پاراسـتنی دارسـتانەکان لـەبڕین و سـووتاندن و پاراسـتنی ئـاوی دەریـاو زەریاکـان و ڕێگـرتن لەکارگـە پیشەسازیەکان لە فڕێ دانی پاشەڕۆکانیان بۆ ناو ژینگە .

٤. لەسەر ئاستی خێزان و تاکەکانیش , هەستن بە ڕواندنی دارستان و باخ و پاراستنیان و وشیار کردنەوەی جەماوەرو بۆ گرنگی پاراستنی ژینگە لە پیس بوون .

٥.

سـەرچاوەکـان :

١. گۆڤاری زانستی سەردەم / ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٠ ( کێ دەتوانێت لەئاستی پیس بوونی ژینگەدا بێ دەنگ بێت ؟) . ئا : کاوەی حاجی عزیز..

٢. تلوث البيئة وتخطيط العدن / د . حيدر عبدالرزاق حمونة / دار الجاحظ للنشر م بغداد – عراق / ١٩٨١ .

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری مرۆڤایەتی ژمارە ١١ لە مانگی تەموزی ٢٠٠١ دا بڵاوکراوەتەوە.





## ئاسۆی دواڕۆژی پیشەسازی پەینی کیمیاوی لەکوردستاندا*

پـەین یـان (کـۆد ) :–بریتیـە لەمادەیـەك کـەتوخم و پێـك هاتـەی جیـــاوازی تیادایـــە کەپێویـــستن بـــۆ خـــۆراکی ڕووەك و گەشـەکردنی . ئـەم مەوادانـە تێکـەڵی خاك دەکرێت بەشێوەیەك کەبەسـانایی لـەناو ئـاودا بتوێتـەوەو ڕووەك سـوودیان لـێ وەربگرن .

ڕووەك پێویـستی بـەم توخمـە سـەرەکیانە هەیـە لـەخاك دا : (نایترۆجین , فۆسفۆڕ , پۆتاسیۆم, مەگنیسیۆم , کبریت , ئاسن , مەنگەنیز , , مس )

ئەمـەو لەگـەڵ پێکهاتـەی ڕووەکـە کـە خـۆی کـەبریتین لـە هایـدرۆجین و کـاربۆن و ئۆکـسجین و ئـاو . گـرنگترین ئـەم توخمانەش بریتیە لە نایترۆجین و فۆسفۆڕو پۆتاسیۆم .

نـایترۆجین یەکێکـە لەپێکهاتـە سـەرەکیەکانی پرۆتینـات لەڕووەکدا لەبەرئەوە نایترۆجین بە گرنگترین توخم دادەنرێت بۆ گەشەکردنی ڕووەك .

فۆسـفۆریش کاریگـەری هەیـە لەسـەر گەشـەکردنی ڕەگ و دابەشـبونی خانـەکان . بـەڵام پۆتاسـیۆم ڕۆڵـی گـەورەی هەیـە لـەکرداره جیاوازەکـانی نـاو ڕووەك لەدروستبوونی پرۆتینات و شەکر و نەشا .

دەتوانرێت پەینەكان دابەشبكرێن لەسەر بنچینەی توخمە كیمیاویەكان یان لەسەر بنچینەی سیفاتە سروشتیەكانی یان لەسەر بنچینەی خێرایی بڵاوبونەوەی .

دابەشبوونی یەكەم ئەم پەینانە دەگرێتەوە :–

(( نایترۆجینیـــەكان و فۆســـفاتیەكان و پۆتاسیۆمیەكان )) .

دابەشبوونی دووەم ئەم پەینانە دەگرێتەوە :–

(( ئەو پەینانەی توانای توانەوەیان هەیە و خاكەكە یەكگرتوو دەكەن و هەندێ جۆری پەین خاكەكە دەكەنەوە )) .

❖ دابەشبوونی سێیەم ئەو پەینانە دەگرێتەوە :–

(( كەتوانای توانەوەیان هەیە لەئاودا یان ترشە لاوازەكانی ناوخاك و ئەو جۆرە پەینانەش كەدەبنە هۆی چالاكتر كردنی خاك و پەینە جێگیرەكان )).

لەم باسەماندا تەنها باسی ئەو جۆرە پەینانە دەكەین كەدابەشبوونی یەكەم دەیانگرێتەوە :–

## پەینە نایترجینیەكان

پیشەسازی نوێی‌پەینە نایترۆجینیەكان پشت دەبەستێت بەئامادەكردنی گازی نوشادر ( $2NH_3$ ) كە بەمادەیەكی ناوەندی و سەرەكی دادەنرێت لەپیشەسازی نوێی پەینە نایترۆجینەكاندا و هەنگاوەكانی ئامادەكردنی نۆشادر بریتین لە :–





١. ئامادەكردنی گازی نایترۆجین لەهەواوە بەتواندنەوەو دڵۆپاندنی بەش بەش بوون .

٢. ئامادەكردنی گازی هایدرۆجین یان لە گازی سروشتیەوە یان لەپێك هاتە نەوتیە سوكەكانەوە یان بەشیكردنەوەی كارەبایی بۆ ئاو .

٣. پاڵاوتنی هەردوو گازی نایترۆجین و هایدرۆجین .

٤. تێكەڵكردنی گازەكان بەرێژەی ١ نایترۆجین : ٣ هایدرۆجین (قەبارە ) .

٥. ئامادەكرنی گازەكان بۆ دۆخی گونجاو بۆ كارلێككردن لەرووی پلەی گەرمیەوە.

٦. كارلێككردنی گازەكان لەسەر روویەكی هۆكاری یاریدەدەر بەپێی كارلێكی پێچەوانەیی جیاكردنەوەی نۆشادری دروست بوو لەتێكەڵەی گازەكان لەبەرهەمی كورە ( مفاعل ) و گەڕانەوەی ئەوگازانەی كە كارلێكیان نەكردووە بۆ كورەكە جارێكی تر .

تێبینی دەكەین كەكارلێك لەنێوان نایترۆجین و هایدرۆجین ڕوودەدات لەدۆخی گازیدا و هەروەها نۆشادری بەرهەم هاتووش هەر لەدۆخی گازیدایە . كە پێویست دەكات شارەزایی سیفاتی گازەكان و ئەو یاسایانە بین كەكۆنترۆڵی گازەكانی پێدەكرێت كەبریتین لە :–

یاسای بۆیلٚ کە دەڵێت:- (( لەکاتی جێگیر بونی پلەی گەرمیدا قەبارەی بڕێکی دیاریکراو لەگاز پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ پاڵە پەستۆدا ))

$$k \backslash v\,p$$

P = پاڵەپەستۆ    v = قەبارە    k = بڕێکی نەگۆڕ .

٢. یاسای شارل یان جای لۆساك کەدەڵێت :-

( لەکاتی جێگیر بوونی پاڵەپەستۆدا ئەوا قەبارەی بڕێکی دیاریکراو لەگاز زیاد دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوانە لەگەڵ زیادبوونی پلەی گەرمی ))

VO = قەبارەی گاز لەپلەی سفری سەدیدا

V = قەبارەی گاز لەپلەیەکی گەرمی دیاریکراودا

پەینەنایترۆجینەکان یەکێکن لەجۆرە سەرەکیەکانی پەین کەزەویە کشتوکاڵیەکان پێویستی زۆریان پێیەتی و چەند جۆرێکی هەیە وەك پەینی نتراتی کالیسیۆم و نتراتی نۆشادری جیری و کبریتاتی نۆشادر و لەئێستادا بەئاڕاستەی بەرهەمهێنانی ( یۆریا ) کاردەکرێت کە جۆرێکە لەپەینی نایترۆجینی کەچڕییەکی زۆری هەیە لەڕووی بونی نایترۆجین تیایدا , پیشەسازی پەینە نایترۆجینەکان لەبنچینەدا پشت دەبەستێت بەئامادەکردنی گازی نۆشادر .





بەرهەمهێنانی پەینە نایترۆجینەکان

١. نتراتی نۆشادر $NH_4NO_3$ نتراتی نۆشادر دروست دەکرێت بەهاوسەنگ کردنی گازی نۆشادر ترشی نتریك .

نتراتی نۆشادری خاوێن ڕێژەی ٣٥٪ ی نایترۆجینی تیادایە.

❖ نتراتی کالیسیۆم $Ca(No_3)_2$

ئامادەکرێت لەکارلێکی بەردی جیری لەگەڵ ترشی نتریك.

نتراتی کالیسیۆم ڕێژەی ٥ ر ١٥ ٪ نایترۆجینی تیادایە کەبریتیە لە پەینێکی لینج کەپێك دێت لەنتراتی کالیسیۆم و ئاو وکەمێك لەنۆشادر کە زیاد دەکرێت بۆ پەینەکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی نایترۆجین تیایدا و ئاسانکردنی کرداری بەبلورەبوون .

❖ کبریتاتی نۆشادر $(NH_4)_2SO_4$

ئامادەدەکرێت بەهاوسەنگ کردنی گیراوەی نۆشادر لەگەڵ ترشی کبریتیك .

ڕێژەی ٢١٪ نایترۆجینی تیادایە و کاریگەری ترشێکی گەورەی هەیە لەسەر خاك .

❖ یۆریا $CO(NH_2)_2$.

یۆریا دادەنرێت لەو پەینە نایترۆجینیانەی کە چڕییەکی بەرزی هەیە کەڕێژەی ٤٦ ٪ نایترۆجینی تیایدا . کەئامادەدەکرێت لەکارلێکی نێوان گازی نوشادر و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەژێر دۆخێکی گونجاو لە پاڵەپەستۆ پلەی گەرمادا .

بۆ دروست بوونی کاربۆناتی نۆشادر کەشیی دەبێتەوە بەگەرمی بۆ یۆریا و هەڵمی ئاو .

## پەینە فۆسفاتیەکان

بەردی فۆسفاتی ( خامی فۆسفات ) بریتییە لەکەرەسەی سەرەکی لەپیشەسازی پەینە فۆسفاتیەکاندا و پێك دێت لە فۆسفاتی کالیسیۆمی خەوشەدار $Ca(Po_4)_2$ کە ناتوێتەوە لە ئاودا , هەروەها پیشەسازی پەینە فۆسفاتیەکان پشت دەبەستێتە سەر گۆڕینی فۆسفاتی ٣ کالیسیۆمی بۆ شێوەیەك کەبتوێتەوە لە ئاودا و هەڵمژینی لەلایەن ڕوەکەوە .

## پەینە فۆسفاتیەکان لەسەر چەند بنچینەیەك دابەش دەکرێن وەك :-

هەندێ جۆریان یەك توخمیان تیادایە لەنایترۆجین یان فۆسفۆڕ یان پۆتاسیۆم , وەهەندێ جۆری تریان ٢ توخم یان ٣ توخمیان تێدایە . هەروەها هەندێ جۆریان بەپێی توانای توانەوەیان لە ئاو یان لەستراتدا دابەشدەکرێت .

❖ پیشەسازی پەینە فۆسفاتیەکان

پەینە فۆسفاتیەکان لەڕێگەی ئەم جۆرە پەینانەوە بەرهەم دێت وەك :-

١. سوپەر فۆسفاتی ئاسایی

کەڕێژەیەکی نزمی پێنجەم ئۆکسیدی فۆسفۆری $P_2O_5$ ی تیادایە کەبریتیە لە١٦ – ٢٢ ٪ .





٢.سێیەم سوپەر فۆسفات

کەڕێژەی ٤٦ ٪ ی لەپێنجەم ئۆکسیدی فۆسفۆڕی تیادایە .

٣ . سوپەر فۆسفاتی چڕ

کەڕێژەی ٢٢– ٤٦ ٪ لەپێنجەم ئۆکسیدی فۆسفۆڕی تیادایە .

٤. فۆسفاتی ئەمۆنێۆم .

باشترین جۆریان بریتییە لە پەینی فۆسفاتی یەك ئەمۆنێۆمی و دوو ئەمۆنێۆمی .

٥.ترشی فۆسفۆریك

ترشی فۆسفۆریك دادەنرێت بەکۆڵەکەی پیشەسازی نوێی پەینە فۆسفاتیەکان کە ئامادە دەکرێت لەبەردە فۆسفۆڕیەکانەوە بەدوو ڕێگە :-

١. ڕێگەی تەڕ ( چارەسەر کردن بەترشەکان ) .

٢. ڕێگەی ووشك ( گەرمی ) .

## ڕێگەی تەڕ

دەتوانرێت ترشی فۆسفۆریك ئامادەبکرێت لەبەردە فۆسفۆرییەکانەوە بەچارەسەر کردنی بەهەریەکێك لەم ترشانە ( کبریتیك یان هایدرۆلیك یان نیتریك ) .

ئەم ڕێگەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە تێچوونی بەرهەم کەمە بەلام ئاستی خاوێنی نزمە لەبەرئەوەی لەبنچینەدا هەندێ خەوشی تیادایە وەك ( خوێکاری ئاسن و ئەلەمنیۆم و کبریتاتی کالیسیۆم ) .

## ڕێگەی ووشك

ترشیفۆسفۆڕیك کەبەم ڕێگەیە بەرهەم دێت ئاستێکی بەرزی خاوێنی و چڕی هەیە بەڵام تێچوونی بەرهەم زۆربەرزە .

٦ . پەینە فۆسفاتی تۆماس

## پەینە پۆتاسیۆمیەکان

گرنگترین جۆری پەینە پۆتاسیۆمەکان بریتین لە ( خوێی کلۆریدی پۆتاسیۆم کە لەسروشتدا هەیە لەسەر شێوەی خوێیە جووتەکان بۆ پۆتاسیۆم و مەگنیسۆم و کبریتاتی پۆتاسیۆم ونتراتی پۆتاسیۆم ) .

## پەینە ئەندامیەکان

پێك دێت لەمەوادی ئەندامی کەلە پەینی کیمیاویدا نیە , وەك پەینی خۆماڵی کەبریتیە لەپاشەڕۆی ئاژەڵ کە ڕێژەیەکی بەرزی نایترۆجینی تیادایە , هەروەها پاشەڕۆی ئاوەڕۆی شارەکانیش سەرچاوەیەکی تری پەینە ئەندامیەکانە .

لەکۆتاییدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کوردستان وولاتێکی کشتوکاڵییەو خاکێکی زۆر و بەرفراوانی کشتوکاڵی هەیە , بۆیە پێویست دەکات کە پیشەسازی پەینی کیمیاوی لەکوردستاندا دابمەزرێت و گەشەی پێبدرێت و پلانی دامەزراندنی چەند کارگەیەکی بەرهەمهێنانی پەینی کیمیاوی دابنرێت لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی کشتوکاڵیدا لە کوردستان . بەمەبەستی





باشتر کردن و بەهێزکردنی خاك و هەروەها زیادکردنی بەرهەمی بەروبومە کشتوکاڵیەکان کە لەدوا ڕۆژدا ئومێدی ناردنە دەرەوەی میوەو سەوزەواتی کوردستان هەیە بۆ دەرەوە کەئەم ئەرکەش ئەرکی وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵە و هەق وایە لەئێستاوە پلان بۆئەم کارە دابنرێت و بیری لێبکرێتەوە......

**سەرچاوەکان :-**

١. المدخل فی علم الکیمیاء للمهندسین د . محمد یوسف و د . محمد حسین / دار المعارف /١٩٧٧ / قاهرة / مصر

*ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە ٨ لە بەهاری ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی پێنجەم





## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەسکەوتێکی گرنگی ڕاپەڕین بوو*

پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەسیما دیارو بەرجەستەکراوەکانی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا , هەردەسەڵات و حوکمێك لەڕێگای هەڵبژاردنەوە متمانەی زۆرینەی گەلی پێدرابێت ئەوا ئەو دەسەڵاتە بەدەسەڵاتێکی شەرعی و دیموکراسی دەژمێردرێت و خاوەن بنکەیەکی فراوان و پتەوە لەناو جەماوەرداو پشتگیری کۆمەکی جەماوەریشی لەگەڵدا دەبێت, بەحوکم و دەسەڵاتێکی سەرکەوتوانە لەقەڵەم دەدرێت .

بەپێچەوانەوە هەردەسەڵاتێك دوور لە هەڵبژاردنێکی ئازادو سەربەستانە بێتە ئاراوە , ئەوە بەدەسەڵاتێکی خۆسەپێن ودیکتاتۆر لە قەڵەم دەدرێت و پشتیوانی ومتمانەی زۆرینەشی لەگەڵ دا نابێت و لەڕێگەی زەبرو زەنگ و تۆقاندنەوە درێژە بەتەمەن و دەسەڵاتەکەی دەدات و سەرئەنجامیش ناتوانێت لەبەر لێشاوی ڕق و تووڕەیی و ناڕەزایی جەماوەردا خۆی ڕابگرێت و بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەچێت . نموونەی هەردوو دەسەڵاتەکەش لەناوچە جیاجیاکانی دنیادا هەیە .پرۆسەی هەڵبژاردن لەدنیاداو بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ململانێی سیاسی و حزبایەتی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات پەنایان بردۆتە بەر شەڕو کوشتار , تاکە چارەسەری گونجاوو عادیلانەیە بۆ کۆتایهێنان

بەو ململانێیانەو سندوقی دەنگدان وەك ناوبژیوانێکی ڕاستگۆ کێشەکان یەکلا دەکاتەوە و هەر حیزب و ڕێکخراوێك زۆرینەی گەلی لەگەڵدابوو ئەوا شەرعیەت و دەسەڵات وەردەگرێت .

هەر بۆیەش لەدنیای ئەمڕۆماندا زۆربەی کێشەکان لەڕێگەی هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدانەوە یەکلادەکرێنەوە , پرۆسەی هەڵبژاردن کە سیمایەکی گەشاوەی دیموکراسیەتە دوژمنی سەرسەخت و بەهێزی ڕژێمە دیکتاتۆری و خۆسەپێن و دەسەڵاتە پاوانکراوەکانە لەلایەن دەستەو گروپ و بەشەکەمەکانی کۆمەڵگا . کەتەنیا بەرژەوەندیەکانی خۆیان لامەبەستە و ئیدی گوێ نادەنە بەرژەوەندی و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و لەو لاشەوە سەروەت و سامان و ئابووری وڵاتیش بەتاڵان دەبەن و هەژاری و بێ کاری و چەندان کێشەو گرفتی تر لەناو وڵاتدا بڵاودەکەنەوە .

گەلی کوردیش زۆر باش لەماناو دەلالەتەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسی گەیشتووە و زانیویەتی کەتەنیا بەدیلی دیکتاتۆریی بریتییە لەدیموکراسی و ئەویش لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادو سەربەستەوە دێتەدی و هەستی بەگرنگی شەرعیەت و متمانەی زۆرینەی جەماوەریش کردووە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات , لەبەر هەموو ئەم کاریگەرییانە هەرزوو بەرەی کوردستانی دوای ڕاپەڕین بیریان لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتێکی خۆماڵی کوردی کردەوەو بڕیاریاندا لەڕۆژی (١٩/٥/١٩٩٢) دا پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت .





سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان و پیلانی دوژمنان لەدەرەوەو ناوخۆی کوردستاندا بۆ سەرنەکەوتنی پرۆسەکەو هەندێکیش خۆیان ئامادەکردبوو دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان جارێکی تر کورد دەستبدەنەوە چەك لەدژی یەکتری و ئەوانیش بتوانن بێنەوە کوردستان . هەموو ئەمانەو سەرجەم کەموکوڕییەکانی ئیداری و تەکنیکی پرۆسەکەش سەرئەنجام پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی زۆر ئازادو سەربەستانە ودوور لەشەڕو پێکدادان بەڕێوەچوو , کە ڕووی گەشی شارستانیەتی و تینوێتی میللەتی کوردی دەرخست بۆ ژیانێکی ئازادو دیموکراسیانە ئەویش بەوەی کەڕادەی دەنگدەران و شێوەی دەنگدان بەشێوەیەك بوو کە جێگەی سەرسوڕمانی چاودێران بوو , کە خەڵکی بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچوون .

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان چەند ڕاستیەکی مێژوویی بۆ دۆست و دوژمنانی گەلەکەمان دووپاتکردەوە وەك :

١. میللەتی کورد بەڕاستی تامەزرۆی ژیانی ئازادی و دیموکراسی و دوور لەشەڕو کوشتار و چەوساندنەوەیە .

٢. پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانیش سەلماندیان کە ئامادەن بەڕێگا چارەی ئاشتی و هەڵبژاردن و متمانە پێدانی گەلەوە دەسەڵات بگرنە دەست و ملکەچی ڕای زۆرینەن و دوورن لەڕۆحیەتی خۆسەپاندن .

٣. هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا لەسایەی ڕۆژگارێکی ئاشتی و تەبایی و یەك ڕیزی و یەکگرتووی دا ئەنجامدرا دوور لەگیانی دووبەرەکی و جودایی .

٤. لەسەر ئاستی دەرەوەشدا کوردو پارتە سیاسیەکانی سەلماندیان کە دەیانەوێت لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و گۆڕانکارییەکان و باهۆزی دیموکراسیدا خۆیان بگونجێنن و لەڕێگای شەرعیەتەوە دەسەلات بگرنە دەست و بنەمای دیموکراسی لەولاتانی خۆیاندا بچەسپێنن و هەر لەو ڕێگەیەشەوە بەشداری لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەدا بکەن و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن وەك گەلێکی زیندوو ئازاد .

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٤٥٨ لە ٢١/ ٥/ ٢٠٠١دا بلاوکراوەتەوە.





## بناغەی دەسەلاتی گەل لە هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەماندا داڕێژرا, بەلام...!*

❖ گەلی کورد لە مێژە تینووی ژیانێکی ئازادی و سەربەستیەولەو پێناوەشدا گەلێك قوربانی بەخشیوە و چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی هەڵگیرساندوە دژی دەسەلاتی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردو و کوردوستان لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا.گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردوستاندا لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری سالی ١٩٩١وە ژیانێکی سەربەست و ئازادی بۆخۆی بەدەست هێناوەو تاڕادەیەکی باش زەمینەی ژیانی دیموکراسی و ئازادیەکانی بۆ سەرجەم چین و توێژو کەمینە نەتەوەییەکانی تر دابین کردوە.یەکەمین هەنگاو بەو ژیانی دیموکراسی و چەسپاندن و داڕشتنی بناغەی دەسەلاتێکی سیاسی کوردی لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩دانرا لەڕێگەی هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردی لەمێژووی دوورو درێژی پڕ لە نسکۆو سەرکەوتنەکانی خەباتی کوردایەتیدا.ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ڕۆژێکی پرشنگدارو زێڕینە لەلاپەڕەکانی مێژوودا وگرنگیەکی گەورەی هەیە,چونکە پەرلەمان بەیەکەمین و گرنگترین دەسکەوتی ڕاپەڕین دەژمێردرێت و بەردی بناغەی داڕشتنی دەسەلاتێکی سیاسی کوردییە لەم پارچەیەی کوردوستاندا.هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن کوردەوە بۆ یەکەمین جارو دوای چەندین سال لەڕاوەدوونان و قات و قڕکردن و کیمیاوی باران و ئەنفال و

سووتماككردنی کوردوستان و لەبەرچاوی هەموو دونیادا,ئاماژەیەکی مژدەبەخش بوو بۆ دۆستانی گەلی کورد و جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە کورد گەلێکی ئاشتی دۆست و زیندوە وتامەزرۆی ژیانێکی ئازادو دیموکراسیە و دەیەوێت لەسەر خاك و لەناو گەلی خۆیدا دەسەلاتێکی خۆمالی دابمەزرێنێت و لەگەلّ دۆست و دوژمنانیدا لاپەڕەیەکی نویّ هەلّبداتەوە وکوردیش وەك هەموو گەلان بەشداری لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و ئارامی ناوچەکە و جیهانیشدا بکات و ڕۆلّی خۆی ببینێت.هەلّبژاردنی پەڕلەمان ئەو تۆمەت و ناو وناتۆرە ناشیرین و دوور لەڕاستیانەی ڕەواندەوە کە دوژمنان بۆ کوردیان هەلّدەبەست و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد کە گوایە گەلی کورد گەلێکی دواکەوتوو دوور لە شارستانیەتی و حەزیان بەکوشت و کوشتار هەیە و شۆڕشەکانیشی شۆڕشی کۆمەلّێك چەتە و ڕێگر وتیرۆریستن. دروست بوون و هەلّبژاردنی پەڕلەمان لەلایەن گەلەوەو لەکاتی خۆیدا وەك کەرنەڤالّێکی ڕازاوە و پڕ لەخۆشی بەڕێوە چوو.کە تیایدا بیرو هەستی کوردایەتی و بەگرنگ تێڕوانینی ئەم پڕۆسەیە لەسەرداهاتووی کورد لەسەروو هەموو بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی حیزبی تەسك بوو.هەربۆیەش سەرجەم گەل بەپیر و نەخۆش و گەنج و سەرجەم دیدوبۆچونەکانەوە بەشداریان لەدەنگداندا کرد.پەڕلەمان جارێکی تر گیانی برایەتی و کوردایەتی ژیاندەوە لەناو دلّ و دەروونی سەرکردەو پارت و ڕێکخراوەکان و جەماوەردا.هەربۆیەش





پەرلەمان لەلایەن دۆست و دوژمنانەوە چەند حسابیان بۆ دەکرد. بەلاّم دوژمنان کەوتنە پیلان داڕشتن بۆ لەناوبردن و سەرنەگرتنی و لەبەرامبەریشدا دۆستەکانمان هەولّی پتەوکردن و هاوکاری وکۆمەك کردنیان دەدا.مەخابن دوای ٢ سالّ کەمتر بەهۆی هەلّگیرساندنی شەڕی ناوخۆوەو بەفیتی دوژمنان ئەم ئەزموون و دەسکەوتە گەورەو مێژووییەبەدەستی کورد خۆی بەرەونەمان و لاوازبوون و لەناوچوون چوو.هەموو ئومێد و هیواکان بەرەو بەفەناچوون بران,خوێنی براکان سەر لەنویّ ڕژایەوە ,کۆنە قین و ئازارەکان سەرلەنویّ سەریان هەلّدایەوە ئەوەی دوژمن نەیتوانیبوو ئەنجامی بدا لەناو خێزانی کوردیدا شەڕی ناوخۆ توانی برا بکات بەبکوژی براو باوك بکاتە خوێنڕێژی کوڕ وخێزانی کوردیان لێك هەلّوەشاند, بەشێوەیەك کە تائێستاش و دوای ٦ سالّ نەتوانراوە ئاگری شەڕ بنەبڕ بکرێت و ئاشتی سەقامگیر بکرێت و مالّی کوردی یەك بخرێتەوە و حیزبایەتی بخرێتە خزمەت کوردایەتیەوە.بەم کارە کوردو دۆستەکانی نیگەران و دوژمنانی دلّشاد کرد.ئەرکی سەرکردەکان و پارتە سیاسیەکان و لەسەروو هەمووشیانەوە جەماوەرە کە فشاری خۆیان بخەنە کار لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئاشتبونەوەدا و دووبارە هەلّبژاردنەوەی پەڕلەمانێکی ڕاستەقینەو بەهێز ویەکگرتوودا.

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١٤٩ لە ١٨/٥/٢٠٠٠دا بلاّوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەکان وانەیەکی نوێی تری (( ی.ن.ك )) ە لە فێرگەی کوردایەتیدا*

❖ ی.ن.ك لەساتی دامەزراندنیەوە و تاکو ئێستا دەستپێشخەر و داهێنەری خوونەریتی نوێی شۆڕشگێڕانە و مەدەنیەت بووە لەکاروانی خەباتی کوردایەتیدا. ئەو خوو نەریتانەش, هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەبیرو ڕێچکە و ڕێبازێکی نوێی پێشکەوتنخواز کە کۆڵەکەی بنچینەیی شۆڕشەکە تەنها هێز و توانای پێشمەرگە و سەرکردەکانی خۆی و پشتیوانی جەماوەری خۆی و خوای خۆی بووە.لەزەمەنی شاخ و شاریشدا خوونەریتی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و فرە حیزبی و ئازادی چاپەمەنی و ئازادی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و ئازادی دین و مەزهەبەکان و دابینکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراسی بۆ برا تورکومانەکان وئاشوریەکان و عەرەبەکان کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا دەژین.بەکردنەوەی خوێندنگەی تایبەت بەخۆیان و دامەزراندنی ئێزگە و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارو ...هتد.لەخوو نەریتە مەدەنیەکان, کە ی.ن.ك پیادەی کردووە لەسەر زەمینەی واقیع و لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا, بە چاکترین شێوە هەر لە ی.ن.ك دەوەشێتەوە.ئەم داهێنان و پیادە کردانانەی ( ی.ن.ك ) بۆ ئەم خوو نەریتانە لەلایەك دووپاتکردنەوەی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی





ی.ن.ك ە بەرامبەر بەبەڵێنەکان و بەرنامە سیاسیەکەی خۆی. کە داوێتی بەجەماوەرەکەی خۆی ولەلایەکی ترەوە, دیاری ی.ن.ك ە بۆ سەدەی داهاتوو, دووپاتکردنەوەی پێشکەوتنخوازی فکرو بەرنامەی ( ی.ن.ك ) ە و ئاماژەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی سەردەم و بەجیهانیکردنی دنیاو گۆڕانکاریە سەرسامکەرەکانی تەکنەلۆژیا.

هەموو ئەم داهێنانە بۆ خۆی لەمێژووی گەلەکەماندا بەسەروەریەکی گەورە بۆ ی.ن.ك و سەرکردایەتیەکەی تۆمار دەکرێت و نەوەی داهاتوو فەخری پێوەدەکەن. چونکە ڕاهێنانی جەماوەر لەسەر ئەم خوو نەریتانە و بەژیانی دیموکراسی. لەوداهاتووشدا دەبێتە فشارێك و لەلایەن جەماوەرەوە دەکرێتە سەر هەر پارتێك کە دەسەڵات دەگرێتە دەست لەکوردوستاندا کە نایەوێت پیادەی ئەو خوو نەریتانە بکات.لەبەرئەوە ی.ن.ك سەروەریەکی هەمیشە زیندووی بۆ خۆی تۆکار دەکات بەوەی کە بناغە و هەنگاوێکی گرنگ بە ئاڕاستەی بەمەدەنیکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵدەهێنبێت.

ئەم پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیانەش لەم کات و ساتەدا و لەدووەم مانگی سەدەی نوێدا لەلایەن ( ی.ن.ك )ەوە وانەیەکی نوێی تری ی,ن.ك ە لەفێرگەی خەباتی کوردایەتیدا کە دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردەواریمان پێفێر و ڕام بکات.لەلایەك ئاماژەیە بۆ مژدەیەکی خۆش و ژیان و داهاتویەکی ڕوون لە ئاسۆی کوردایەتیدا و لەلایەکی تریشەوە ئاماژەیە بۆ

ئەوەی( ی.ن.ك ) لەداهێنان و ڕابەرایەتی كردنی خەباتی كوردایەتیدا هیچ دوو دڵ نیە و دڵنیاشە لەگەیشتنی كەشتی كوردایەتی بەبەندەری دڵنیایی و مەنزڵی كۆتایی و بەدیهێنانی ئامانج و دەسكەوتەكانی لەگەیشتنی بەمافی چارەی خۆنوسین.

ی.ن.ك مەبەستێتی لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیانەوە بەهەموو لایەك بەدۆست و دوژمنانەوە ڕابگەیەنێت كە نەتەوەی كوردیش نەتەوەیەكی زیندووەو دەتوانێت لەگەڵ ژیانی سەردەمدا هەڵبكات و لەگەڵ ڕەوتی ژیان بەرەو پێش بچێت و هاوكاری گەلانی ناوچەكە و دونیاش بكات لە ئاشتی و پێكەوە ژیان.ئەم داهێنانە نوێیەی ی.ن.ك لەكوردوستاندا كە لەمێژووی دەوڵەتی عێراقیدا بێ هاوتایە و لەناوچەكەشدا كەم وێنەیە,جێگەی فەخرو شانازی هەموو تاكێكی ئەم كۆمەڵگایەیە.هەربۆیە ئەركی سەرجەم پارتە سیاسیەكان و ڕێكخراوە پیشەییەكان و جەماوەریشە كە بەوپەڕی دڵسۆزی و نیەت پاكیەوە پشتگیری و پشتیوانی ( ی.ن.ك ) بكەن, لەسەركەوتن و بەردەوام بوونی ئەم پرۆسە و داهێنانە لەپێناو زیاتر بەرەو پێش بردن و بەمەدەنی كردنی دەسەڵات و كۆمەڵگەی كوردەواری لە كوردوستاندا .

*ئەم بابەتەم لە بڵاوكراوەی ( هەڵبژاردن) دا بڵاوكراوەتەوە ژمارە ( ١٥ ) لە ٢٠٠٠/١/٣١دا كە تایبەت بوو بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەكان.





## هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەكان لە بەرنامەی ی.ن.ك دا*

وەك ئاشكرایە ی.ن.ك لەكۆنگرەی یەكەمی خۆیدا كە لە بەرواری ١/٢٧ تا ١٩٩٢/٢/١٤ لەشارەكانی سلێمانی و هەولێر ئەنجامی دا,یەكێك لەو بڕیارە گرنگانەی كە جێگیری كرد لە بەرنامەی خۆیدا,پەسەندكردنی ڕێبازی سۆسیال دیموكرات بوو بۆ خەباتكردن و بەدیهێنانی ئامانجەكانی.ئەم بڕیارەش پڕبەپڕی پێداویستی وخۆگونجاندن بوو لەگەڵ ڕەوتی ژیان و خەباتی سەردەمدا و قۆناغەكەش قۆناغی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی و دیموكراتی بوو.

لەئەنجامی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا ڕژێمی عێراق دەسەڵات و ئیداراتی لەكوردوستان كشاندەوە و جەماوریش بەلێشاو ڕوویان دەكردە ڕیزەكانی بەرەی كوردستانی و بە تایبەتیش ڕیزەكانی ی.ن.ك وەك ڕێكخراوێكی سەرەكی سەر گۆڕەپانی خەباتی كوردایەتی و هەڵگیرسێنەرەوەی شۆڕشی نوێ و ڕابەرایەتی كردنی ڕاپەڕین , جەماوەرێكی فرە چین و توێژ و فرە بیر و ڕای جیاواز و فرە بەرژەوەندی جیاواز , خۆیان ڕێك خست لە ناو ڕیزەكانی ی.ن.ك . هەر بۆیەش ی.ن.ك بۆ لە خۆ گرتن و أستعاب كردنی جەماوەرەكەی بڕیاری دا كە ڕێبازی سۆسیال دیمكرات لە خەباتیدا پەسەند بكات . ئاشكراشە یەكێك لە پایە گرنگ و سەرەكیەكانی پارت و ڕێكخراوە سۆسیال دیموكراتەكان لە

دونیادا ( دیموکراسیە ) , هەر بۆیەش ی.ن.ك لە بەرنامەی خۆیدا ( دیموکراسی ) جێگیر کردووە و تێدەکۆشێت بۆ بەدی هێنانی لەسەر ئاستی ناوخۆی ی.ن.ك و لەسەر ئاستی دەستەڵات و حوکم و جەماوەریشدا , چونکە دیموکراسی بە مانای ( دەسەڵاتی گەل ) دێت . یەکێك لە دیاردەکانی پیادە کردنی ژیانی دیموکراسی لە هەموو دونیادا ( هەڵبژاردنە ) . هەر بۆیەش ی.ن.ك لە ئامانجە سیاسیە گشتیەکانی خۆیدا جێگیری کردووە و تێدەکۆشێت بۆ جیٚ بەجیٚ کردن و پیادە کردنی . ئاشکراشە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیش ناتوانێت بەرنامەی سیاسی خۆی جیٚ بەجیٚ بکات تا نەگاتە دەستەڵات و کورسی حوکم . لەبەر ئەوە ی.ن.ك دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین کەوتە خۆ بۆ خەبات کردنی سیاسی و جەماوەری و پەرلەمان , دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩ / ٥ / ١٩٩٢ دا و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هەر لەو کاتەوە ی.ن.ك خەبات دەکات بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی بڕگەکان و بەرنامە سیاسیەکەی خۆی لەوانەش مسۆگەر کردنی زەمینەی ژیانی دیموکراسی و دەستە بەر کردنی سەرجەم ئازادیەکان .

هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجوومەنی شارەوانیەکان خاڵی گرنگی ئامانجە سیاسیە گشتیەکانی ( ی.ن.ك )ن و لە ئێستادا دەیەوێت لەسەر زەمینەی واقع پیادەی بکات . بەو نیازەی خەڵك و جەماوەری کوردستان ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیاندا وەهەر خۆشیان ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە دەستەڵات و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان و خزمەت کردنی شار





و شارۆچکە و گوندەکان .ئەم هەڵبژاردنەی سەرۆك و ئەنجوومەنی شارەوانیەکان ئەگەر ئاماژەبێت بۆ شتێك ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ی.ن.ك ڕێکخراوێکە بە حەق هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرە و هەر بۆ خزمەتی ئەوان هاتۆتە گۆڕەپانی خەبات و ڕێکخراوێکە ڕاستگۆیی خۆی پاراستوە لە جیٚ بەجیٚ کردنی بەڵێن و بەرنامەکەی خۆی کە داویەتی بە جەماوەری کوردستان و هەر ئەویشە کە شایستەی ڕابەرایەتی و پێشەوایەتی خەباتی کوردایەتی بێت لەم قۆناغە گرنگەی خەباتماندا , کە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراسیە , دژ بە کۆنە پەرستیو دواکەوتویی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی مێژوو .

هەر بۆیەشە بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنانەدا و دەنگدان بە کەسانی شایستە و بە توانا و ماندو لە خەباتی کوردایەتیدا و ڕابوردو پاك ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقیشە لەسەر شانی هەموو هاوولاتیەکی خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ و پێشکەوتن خواز , لە هەمان کاتدا جارێکی تریش ڕووی گەشی کۆمەڵی کوردەواری دەردەخات کە دەتوانێت لەگەڵ ژیانی سەردەم و دیموکراسیەتدا دوور لە شەڕ و توند و تیژی خۆی بگونجێنێت و بەشداری لە گەشە سەندن و پێشکەوتنی ناوچەکە و دونیادا بکات و ئاشتیو پێکەوە ژیانی گەلانی پیٚ قبوڵە .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٠٤٦ لە ٢٠٠٠/١/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# ئایا بەرژەوەندی کورد لەبەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراقدایە یان لەپرۆتستۆکردنیدایە؟*

❖ ئاشکرایە هەڵبژاردن سیمایەکی گەشی هەموو سیستم و دەسەڵاتێکی دیموکراسیە لە ئێستای دنیای شارستانیەتە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە خۆشبەخت و ئاست گوزەران بەرزەکاندا .

بۆیە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کەسیستمی دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەت و تاکڕەوی دەیبات بەڕێوە , هەمیشە هەوڵی گۆڕانی ئەو سیستمانەی دراوە لەلایەن سەرجەم چین وتوێژەکانی کۆمەڵگاکانەوەو هەوڵدەدەن کەژیان و گوزەران و ئازادیەکانیان لەڕادەربڕین و هەڵسوکەوت و کردارییاندا دەستەبەربکەن و سەرۆك و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن خۆیانەوە دیاری بکرێت .

لەعێراقی دوای ڕژێمی شۆڤێنی و تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی (٣٥) ساڵەی بەعسی سەدامیداو تینوێتی سەرجەم گەلانی عێراق بۆ دیموکراسی و ئازادی و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگاو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و سەروەربوونی یاساو دیاریکردنی دەسەڵات لەلایەن گەلەوە لەلایەك و زەرورەتی قۆناغەکەو ڕووداوو پێشهاتەکان و خۆگونجاندنیش لەگەڵ ڕەوتی سیاسەتی دنیاداو پرۆژەکانی دیموکراتیزەکردن و





گۆڕانی ناوچەکەو لابردن و ڕووخاندنی ڕژێمە تاکڕەوو خۆسەپێنەکان و پەرتکردنی دەوڵەتە گەورەکان بۆ دەوڵەتێکی بچووك لەلایەکی ترەوە , واپێویست دەکات کە عێراقی نوێ خاوەن سیستمێکی دیموکراسی و دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوو متمانە پێکراوی گەلانی عێراق و ناوچەکەو دنیاش بێت .

بۆیە ئەنجامدان و سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق ( ئەنجومەنی شارەوانییەکان و پەرلەمانی کوردستان ) کارێکی زێدەگرنگ و پڕبایەخە چونکە مانای سەرکەوتنی ئیرادەی گەل و دیموکراسییە بەسەر تاکڕەوی و ئیرهاب و تیرۆریستاندا . مانای گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنە دژ بە کوشتن و بڕین و ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و جەنگە دۆڕاوەکانی ڕابردووی عێراق , هەروەها مانای زیاتر نزیکبوونەوەیە لەئاوات و ئامانجە ستراتیژییەکان و ڕوونتر بوونەوەی ئاسۆکانی دواڕۆژە بۆ گەلانی عێراق .

لێرەوە پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە دەربارەی گەلی کورد کەیەکێکە لەپێکهاتە سەرەکی و گرنگەکانی کۆمەڵگای عێراق کەئایا گەلی کورد لەبەرژەوەندیدایە کەبەشداری بکات لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو هەوڵی سەرخستنیشی بدات یان بەشداری نەکات و پرۆتستۆی پرۆسەکە بکات ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە کەمێك وردبوونەوەو واقیعبینانە سەیرکەین کوردیش هێندە گەرم و سوورن لەسەر وەدەست هێنانی بۆ مافەکانی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق وبێ

پشت و پەنایی کوردیش لەلایەکی ترەوە وایکردووە کەنەتوانێت ڕاشکاوانە و بێ شاردنەوە داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی و پێکەوەنانی کیان و دەوڵەتی خۆی بکات , کەئاوات و خواست و خەونی هەموو کوردێکە لەدێر زەمانەوە .

بەلاّم ئایا دەکرێت بەسۆزو دڵگەرمیەوەو بەکارێکی سەرپێی و دوور لەدراسەکردنی ئەوەی هەشمانە لەدەستی بدەین و چەندین ساڵەی خەبات و خوێن و فرمێسکی گەلەکەمان بەهەدەر بدەینەوە و بەدەستی خۆمان بەلاّو نەگبەتی و نەهامەتی بۆ گەلەکەمان دووبارە بکەینەوە لەسەردەمێکی زێڕینی مەسەلەی کورددا کەلەئێستادا گەورەترین دوو زلهێزی دنیا ئەمریکاو بەریتانیا پشتیوانیەکی بێ وێنەو گەورەمان لێدەکەن کەتاکە زامنی مانەوەو بەرەوپێشبردنی ئەم دەستکەوت و قۆناغەن.

لەئێستای عێراقدا کەکورد بەشداری و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و هێزە کوردییەکان جێ متمانەو باوەڕی زۆرێك لەهێزە سیاسی و عەشائیری و کۆمەلاّیەتیەکانی عێراقن و پانتاییەکی گەورەی جەماوەریشیان هەیەو دەکرێت لەڕێگەی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی دەسەلاّت و زیاتر خۆگونجاندن و قوڵکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیاو ئەوروپاو دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە عەرەبیەکان ئەم ڕۆڵ و کاریگەریەی کورد بەهێزتریش بکرێت و ببێتە مایەی بەدەستهێنانی زیاتری دەستکەوت و مافەکان .





هەر بۆیە بەڕای ئێمە بەشداریکردنی کورد لەهەڵبژاردنەکاندا نەك هەر کارێکی گرنگ و پێویستە بەڵکو ئەرك وکارێکی ژیانیشە , دەبێت کورد چەندی بۆ دەکرێت بەشداری بکات و بتوانێت زووترین دەنگ بەدەستبهێنێت و لەوپێناوەشدا دەبێت لەلایەك کورد بەهەمووان بەیەك لیست و بەیەك دەنگ هەڵوێست و بەرنامەوە بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا بکات و لەلایەکی تریشەوە هاوپەیمانێتی و پەیوەندی توندوتۆڵیش لەگەڵ هەموو هێزە ڕەسەن و عەلمانی و نیشتمانی و ئەوانەی داندەنێن بەدیموکراسی و مافەکانی کورددا ببەستێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا کاردەکەن و بنکەی فراوانی جەماوەریشیان هەیە .

بەم شێوەیە کورد دەتوانێت دەنگ و ڕەنگ و جێگە دەستی دیاری هەبێت لەناو گەلانی عێراق و دەتوانێت بەشداری جدی و کاریگەری هەبێت لەداڕشتنی دەستووری هەمیشەیدا وێڕای چەسپاندنی مافەکان و داواکارییەکانی لەدیموکراسی و فیدڕاڵی و بەپێی یاساو هاوبەشی و ئامادەبوونی کاریگەریشی هەبێت لەدەرکردنی بڕیارە سیاسیەکان و سەنگ و قورسای گەورەشی هەبێت لەناوەندی بڕیاربەدەستدا .

ئەی ئەگەر گەلی کورد بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا نەکات وپرۆتستۆی بکات ودوورەپەرێز بوەستێت چی ڕوودەدات؟

١. بەکورتی دەبێتەمایەی نەمانی پشتگیری ئەمریکاو بەریتانیا کەتاکە پشتیوانی کورد و مەسەلەکەین لەعێراق و

ناوچەکەدا لەبەرامبەر هەموو پشتیوانییە بەردەوام و هەمیشەییەکان و سروشتیەکان و دەوڵەتی عەرەب بۆ سوننەو شیعە پێکەوەو ئێران بۆشیعە و تورکیا بۆ تورکمان .

٢. هاتنەناوەو دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە کەهەموویان دوژمنی سەرسەخت و دێرینی کورد و مەسەلەکەین و ڕێگە نادەن کورد بەماف و ئامانجەکانی بگات .

٣. یەکگرتنی هەموو هێزە عەرەبیەکان و بەسوننەو شیعەو ئیسلامی و عەلمانی و شۆڤێنی و کۆنە بەعسییەکان و..هتد . دژی کوردو داواکارییەکانی و ڕەوایی مەسەلەکەی .

٤. نەمانی هاوسۆزی ڕۆشنبیران و مرۆڤ دۆستانی عەرەب و دەوڵەتانی عەرەبی و دنیاش بۆ کورد و بچووکبوونەوەی مەسەلەکەی .

٥. گێڕانەوەی برسێتی و هەژاری و دواکەوتوویی و مەرگەساتەکان بۆ کوردستان .

٦. لەدەستدانی هەموو ئەو دەستکەوت و مافانەی کەتائێستا بەدەستمان هێناون کەبەری ڕەنجی سەدان ساڵەی خوێن و خەباتی گەلەکەمانن و گەلێك دەستکەوتی تریش .

لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە کەکورد واز لەخەباتکردن بهێنێت و لێرەدا کۆتای پێبهێنێت و ئیدی نەوێرین داوای هیچ کام لەمافەکانی ترمان بکەین و واپیشانبدەین کە کورد و سەرکردایەتییەکەی بێ هەڵوێست و سازشکارەو ئەوەی کەتائێستا بەدەستیهێناوە زۆریشی زیادەو ئیدی مافی





سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نیەو بۆشی نیە وەك گەلانی تر بەسەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی شادببێت , بەڵکو مافی چارەنووس مافێکی سەرەتایی گەلی کوردە و چۆن و چی بوێت بۆ پێکەوەژیان و مانەوەی لەعێراق و دەرەوەیدا بۆ خۆی هەڵیبژێرێت .

بەڵکو لێرەدا مەبەستمان لەدەست نەدان و بەفیڕۆنەچوونی بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خەباتمانە و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ژیرانەو واقیعبینانەیە لەعێراقی نوێداو زیاتر خۆگونجاندنە لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهات و پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن و گۆڕینی ناوچەکە , کەپێویست دەکات کورد ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبێت لەسەرخستنیاندا بۆ ئەوەی لەئەنجامدا بەکۆمەڵێك ماف و داواکاری تری شادببێت هەروەك چۆن سەرکردایەتی کورد بەسیاسەتێکی ڕاست و دروست بەشدارییان کرد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا و ئەو دەستکەوتە گەورانەی لێکەوتەوە کە ئێستا پێیان شادین و لەسەروو هەمووشیانەوە پشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیایە دژ بەتیرۆر و تیرۆرستان .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٣٥١٧ لە ٢٠٠٤/١١/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی شەشەم





## یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان
## ڕێکخراوی هەستانەوەو گەشەپێدانی کوردایەتیە*

❖ کوردایەتی وەك بیرێکی پێشکەوتنخواز و خاوەن داواکاری و مافی ڕەوای نەتەوەیەکی زیندوو ئاشتیخوازی وەك کورد و وەك بزوتنەوەو جوڵانەوەیەکی ئازادیخواز و تینوو بۆ سەربەستی ,بەگەلێك قۆناغی پرشنگدار وتاریکدا تێپەڕیوە وهەوراز و نشێوی زۆری هاتۆتەڕێ و تامی سەرکەوتنی کەم وتاڵی و نسکۆو لاوازبونیشی زۆرجار چێشتوە,لەسەردەستی ئەو شۆڕشە یان ڕاپەڕین یان سەرکردەیەکی لێهاتوو,لەقۆناغە دوورودرێژەکەی کوردایەتیدا.یەکێك لەو شۆڕشانەی کورد کە ئومێدی زۆری لێدەکرا بگاتە مەنزڵ و سەرکەوتن,شۆڕشی ئەیلول بوو لەم بەشەی کوردوستاندا,چونکە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری کوردی لەگەڵدابوو قەبارەو دەسەڵات و توانای مادی ومرۆڤی شۆڕش ئەوەندە گەورە ببووکە هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا لەچاو تروکانێکدا بەرەو فەناچوون بچێت.کورد دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و ئاشبەتاڵ لەساڵی ١٩٧٥دا تووشی بێئومێدی و ڕەشبینیەکی گەورەبوو,زۆر کەس لایان وابوو جارێکی ترو بۆماوەیەکی دوورتر کورد ناتوانێت شۆڕش بەرپابکاتەوەو کوردایەتی سەرلەنوێ ببوژێنێتەوە.ئالەوکاتانەدا ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ی.ن.ك لە ١/٦/١٩٧٥دا مژدەیەکی ئاسوودە بەخش و زیندووکەرەوەی گیانی کوردایەتی بوو لای دڵسۆزان و

دۆستەکانی کورد.بەم شێوەیە ی.ن.ك دوای ئاشبەتاڵ بەکەمتر لە ٣ مانگ خۆی ڕاگەیاند و ودوای ١ ساڵ بەسەر دامەزراندنیا لە ١٩٧٦/٦/١دا شۆڕشی چەکداری لەکوردوستاندا هەڵگیرساندەوەو ئیدی لەو ساتە وەختەوە تاکو ئێستا ی.ن.ك وەك ڕێکخراوێکی زیندوو پێشکەوتنخوازی چەکدار بەبیری نوێ و ئایدۆلۆژیایەکی واقعی و سەردەم دەستی داوەتە خەباتکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد.ی.ن.ك بەدامەزراندنی تەحەدای هەموو ڕۆژە سەخت و دوژمنە سەرسەختەکانی گەلی کوردی کرد.ی.ن.ك بەعەقڵیەتی و سیاسەتەکانی خۆی شاڕێگەی کوردایەتی فراوانترکرد و توانی مەسەلەی کورد سەرلەنوێ و دوای ئاشبەتاڵ بگەیەنێتە ئاستێك کە دۆست و دوژمنان حسابی بۆ بکەن, ئەوەش تەنها بەخەبات و کۆڵنەدان و بەردەوامبوونی بوو لەسەر ڕێگا ڕاست و ڕەسەنەکەی کوردایەتی و ملکەچنەکردنی بۆ دوژمنان و نەبوونی بەئاڵقەلەگوێو قەتیسنەکردنی مەسەلەی کورد بوو لە چوارچێوەی دەزگا موخابەرایەتیەکاندا.ی.ن.ك توانی خەباتی کوردایەتی بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون و دوور لە دووڕوویی و بیرتەسکی و بەرژەوەندی تایبەتەوە گەشە پێبدات و درێژەی پێبدات و ئەو ڕەوتە کلاسیکیە بگۆڕێت کە بەدرێژایی مێژوویی کوردایەتی سەرکردەکانی کورد پەیڕەویان دەکرد. بەم شێوەیە ی.ن.ك وەك ڕێکخراوێکی نیمچەبەرەیی توانی زۆربەی تواناکان,عەقڵەکان,بیرو ئایدۆلۆژیاکان,لەچوارچێوەی خۆیدا کۆ بکاتەوە و هەستانەوە



کوردایەتی لە نێوان ...

بکاتە دروشم و ڕۆژانی گەلان و ئاشبەتاڵ بگۆڕێت بەڕۆژانێکی پرشنگدار و زیندوو لە مێژووی گەلەکەماندا.

ی.ن.ك بەدرێژایی ٢٥ ساڵ خەباتی پڕ لەجۆش وخرۆش و سەرکەوتن و داستانەکانی, گەلێك جارو لەقۆناغی دژواردا ڕووبەڕووی ترسناکترین پیلان و لەناوچوون بۆتەوە,بەڵام توانیویەتی لەبەرامبەر هەموویاندا سەرکەوتوانە درێژە بەخەبات و تێکۆشان بدات,ڕۆژگارە سەختەکانی سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و ڕاگواستنی دێهاتەکانی سەرسنوور و کارەساتی هەکاری و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو و کارەساتی ئەنفال وکیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کورد و لەدوای ڕاپەڕینیش جارێکی تر شەڕی ناوخۆو کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ,لەو ڕۆژگارانەن کەتەنها لەتوانای ( ی.ن.ك ) و سەرکردایەتی و جەماوەرەکەیدایە.بتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوەو بەزووترین کات بەسەربەرزی و شکۆمەندی هەستێتەوەودرێژە بەخەبات بداتەوە.

ی.ن.ك وەك هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە داهێنەری عەقڵ و بیرو ڕێچکە و ئایدۆلۆژیایەکی کوردایەتی نوێ بوو لەخەباتی کوردایەتیدا.ئاوهاش بەبەردەوامی خاوەنی گەلێك داهێنانی مەزنتر بوو لە خەباتی ٢٥ ساڵەی خۆیدا,داهێنانەکانی ڕادیۆی شۆڕشی گەلی کوردوستان و بەرزکردنەوەی دروشمی نان و ئازادی بۆ هونەرمەندان و ئەدیبان لەشاخ و گرنگیدان بەشێوە خەباتی دیپلۆماسی و گفتوگۆکردن و لەدوای ڕاپەڕینیش ی.ن.ك دەستی باڵای هەبوو لەسازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و

پێکهێنانی حکومەت و دامەزراندنی یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی و یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە و یەکەم کۆلێژی سەربازیدا.هەروەها ی.ن.ك توانی لەسەر ئاستی دام و دەزگاکانی حکومەتیشداداهێنانی گەورە ئەنجام بدات هەر لە بەیاسایی کردنی سەرجەم دام و دەزگاکان و گرنگیدان بەئاوەدانکردنەوەی کوردوستان و پێشکەشکردنی سەرجەم کارە خزمەتگوزاریەکان لەبواری کارەبادا پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی ئەنجامداولەگەورەترین داهێنانەکانی ی.ن.ك لەبواری نەوتدا بوو کە توانی بیری نەوت و پالآوگەیەکی نەوت دابمەزرێنێت.هەر ئەو دەستپێشخەری و داهێنان و خزمەتگوزاریانەی وای لە ی.ن.ك کردووە کە لەلایەن زۆربەی کۆمەلآنی خەڵکەوە پشتیوانی لێبکرێت.ڕاپەڕین کە بەیەکێك لەهەرە گەورەترین و مێژوویترین دەسکەوتی خەباتی کوردایەتی دەژمێردرێت ,( ی.ن.ك ) شەرەفی سازدان و بەرپاکردن و ڕابەرایەتی کردنی بەردەکەوێت و ئەوەندەی ئێستا و لەدوای ڕاپەڕین مەسەلەی کورد گەرم و گوڕ و دۆستی هەیە لەهیچ کاتێکدا ئەوەندە پشتیوانی لەمەسەلەی کوردی نەکراوە.(ی,ن.ك )یش بەشی شێری لەم شەرەفە گەورەیە بەردەکەوێت .ئەگەر پیلانی دوژمنان و خۆفرۆشانی ناوخۆ نەبوایە ی.ن.ك و سەرکردایەتیەکەی دەیانتوانی ئەوەندەی تر مەسەلەی کوردوکوردایەتی ببوژێننەوە و زیاتر گەشەی پێبدەن.

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢١٦٠ لە ٢٠٠٠/٥/٣١دا بلآوکراوەتەوە .





## بەحەق یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان داهێنەرە, خزمەتکارە , ڕابەرە*

( ی.ن.ك ) هەر لەساتە وەختی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستاش قەدەری هەمیشە داهێنان و خزمەتکردن و ڕابەرایەتی کردن بووە لەسەرجەم بوارەکانی خەبات و خزمەتگوزاری و داهێنانە نوێیەکانی زانست و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریدا. ئاشکراشە هەمیشە کاروکردەوەی مەزن و بەخششی گەورە لەسەرکردە و پارتی بەخشندە و هەڵقولآوی ناو جەماوەرەوە دەوەشێتەوە و قەدەری میلەت و نەتەوەیەك لەداهاتوودا لەسەر دەستی ئەوان دیاریدەکرێت و مێژوو کەلتورێکی نەمر بۆ گەل و نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن.هەڵبژاردنی پەڕلەمان و دامەزراندنی حکومەت یەکێکە لەبڕگەکانی بەرنامەی سیاسی ی.ن.ك و لەڕێگەی حکومەتیشەوە ی.ن.ك توانیویەتی سەرجەم بڕگەکانی تری بەرنامە سیاسیەکەی جێبەجێ بکات لەبوارەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری و زانستی و تەندروستی و پەروەردە و ..هتدا. ئەگەر بەکورتیەك باس لەداهێنان و خزمەتگوزاریەکانی (ی.ن.ك) و حکومەتی هەرێم بکەین لەم بەشەی هەرێمدا کە پێشکەشی جەماوەر و شار و شارۆچکە و گوندەکانی کردووە بەبێ جیاوازی , ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ی.ن.ك و سەرکردایەتیەکەی بە حەق شایستەی ڕابەرایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریان هەیە لەگشت بوارەکانی ژیاندا.

## لەبواری خەباتی سیاسی و چەکداریدا:-

١. ی.ن.ك هەڵگیسێنەرەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە لەساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ داو ڕابەرایەتی شۆڕشێکی نوێ,بیرێکی نوێ,ڕێچکەیەکی نوێی خەباتی کوردایەتی بووە.

٢. ی.ن.ك ڕابەرو خوڵقێنەری سەدەها و بگرە هەزارەها کادری سیاسی و عەسکەری بووە, هەمیشە پێشەنگی گشت حیزبەکانی تر بووە لەقوربانی دان و شەهیدبوونی سەرکردەکانی و داهێنەری دروشمی( کەم ژیان وکەڵ ژیان )و ( نەسرەوتن تا سەرکەوتن ) بووە.

٣. ی.ن.ك پێشەنگی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و گفتوگۆکردن بووە,لەسەر بنچینەی خۆبەکەم نەزانین و سازشنەکردن لەسەر بیروباوەڕ وخاك و بەهەدەرنەدانی ڕەنج و ماندوبونی گەلەکەمان.

٤. ی.ن.ك ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەکوژانەوەی ئاگری شەڕی براکوژی و ئەندازیاری ئاشتبونەوەی گشتی ودروست بوونی بەرەی کوردوستانی بووە, لەپێناو یەکگرتنی سەرجەم هێز و تواناکان بۆ وەستانەوە دژ بەحوکمی دیکتاتۆری لە بەغدا.

٥. ی.ن.ك خوڵقێنەری داستانە مەزنەکانی هێزی پێشمەرگە بووە و گەلێك ناوچەی ئازاد و ڕزگارکردوە و خۆی بالادەست بووە, وەك داستانی ڕزگاری و قەیوان -ماوەت و دابان -هەلاج و ...هتد.





٦. ڕێچکەشکێنی دابینکردنی ژیانی دیموکراسی و ئازادی بیروڕا دەربڕین بووە,کە ئەمەش داهێنان و نەریتێکی نوێ بوو لەخەباتی کوردایەتیدا.لەشاخ دروشمی( دابینکردنی نان و ئازادی) بۆ نوسەران و هونەرمەندان هەڵگرتبوو,ئەنجومەنی گوندەکانی بەهەڵبژاردن پێك هێنا.لەئێستاشدا زیاتر گەشەی بەژیانی دیموکراسی و ئازادیەکانی داوە و هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان پیادەدەکات.

٧. هەر ( ی.ن.ك ) بوو لەدوای هێرشی ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیاوی باران و جینۆساید و سووتماککردنی کوردوستان و خاپورکردنی شارۆچکە و دێهاتەکان,مەفرەزە پارتیزانەکانی لەکوردوستان و لەناو جەرگەی ڕژێمدا دروستکردوە و گورزی گورچك بڕیان لەدوژمن دەسرەواند.

٨. پێش ڕزگارکردنی کوێت و شەڕی دووەمی کەنداو, (ی.ن.ك )ڕابەرو دەستپێشخەری دروست کردنی شانە چەکدارەکانی( شالاو و بروسك ) بوو, بۆ خۆسازدان بۆ ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ و ڕزگارکردنی سەرجەم شارو شارۆچکەکان بەکەرکوکی قودسی کوردوستانیشەوە .

٩. دوای کشانەوەی ئیدارات لەکوردوستان لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە ,تەنها ی.ن.ك بوو ڕابەری بیرۆکەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت.

١٠. هەر ی.ن.ك بوو ڕابەر و دەستپێشخەر بۆ بیرۆكەی ( فیدراڵیەت ) بۆ عێراق و هەر ئەویش بوو كە خەباتی بێ ووچانی كرد بۆ جێگیركردن و دان پیادانانی لەلایەن سەرجەم حیزبە كوردیەكان و ئۆپۆزسیۆنی عێراق و دەوڵەتە ناوچەییەكان و عەرەبییەكان و تەنانەت ئەوروپا و ئەمریكاش .

١١. بۆ چارەسەركردنی سەرجەم كێشە و ناكۆكیەكان و بنەبڕكردنی شەڕی براكوژی و سەقامگیربوونی ئاشتیەكی سەرتاسەری لەكوردوستان و بەمەبەستی ڕێككەوتن و یەكگرتنەوەی پەرلەمان و حكومەتی هەرێم لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردوستاندا, هەر ی.ن.ك و سەركردایەتیەكەی بوو كە زۆر بەپەرۆش و دڵپاكیەوە دەچوو بەرەو پیری سەرجەم هەوڵە ئاشتیخوازەكانی دۆست و دوژمنانیشمان لەناوە وە و دەرەوەی وڵات و ناوچەكەش. مۆركردنی سەرجەم ڕێككەوتننامەكانی پاریس و درۆگیدا و دبلن و ئێران و ئەنقەرەو واشنتۆن و ڕێككەوتنامە دووقۆڵیەكان و بڕیارەكانی پەرلەمان , سەرجەم گەواهی ئەو ڕاستیەن كە ی.ن.ك چەندە بەپەرۆشە بۆ ئاشتی و چەسپاندنی.دەست پێشخەریەكانی مەكتەبی سیاسی و بەڕێز مام جەلال بۆ سەردان و نامە نوسین لە شەقڵاوە و پیرمام و هەولێر,هەموو ڕاستی و پاكی نیەتی ی.ن.ك نیشان دەدەن بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی .

١٢. هەر ی.ن.ك كە بەڕاستی ئۆپۆزسیۆنێكی ڕەسەن و هەڵقولاوی ناو جەماوەر و خاوەن ڕەگ و ڕیشەیەكی قوڵ و





توندە لەناو كوردوستان و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا بەهەموو باڵەكانیەوە,هەر ( ی.ن.ك ) كە بەڕاستی خەبات دەكات بۆ ڕزگاركردنی عێراق و گۆڕانی ڕژێم و هەر ئەویشە پارێزەری دەسكەوتەكانی ڕاپەڕین و دڵە زیندوەكەی خەباتی كوردایەتیە دوورە لەهەر خیانەت و خۆفرۆشی و كاسەلێسی بۆ دەوڵەتانی ناوچەو دونیاش.ئەم ڕاستیەی سەرەوە لای دۆست و دوژمنان ئاشكرایە و بۆیە ( ی.ن.ك ) بە لایەنێكی سەرەكی و ڕەسەنی هاوكێشەی گۆڕانی ڕژێمی عێراق دادەنێن.

## لەبواری پیشەسازی و كارەبادا

١. بەگەڕخستنەوەی كارگە بەهەمهێنەرەكانی وەك چیمەنتۆوجگەرەو جلوبەرگ و ئاوی كانزایی و ساردی بانی خێلان و ڕستن و چنینی كفری و پەیداكردنی كەرەسەی خاو بۆیان.

٢. دامەزراندنی چەند كارگەیەكی بەرهەمهێنی تر وەك كارگەی شۆردنەوەی خوری تەقتەق و كارگەی دۆشاوی كۆیە و كارگەی مافورلەسلێمانی و كارگەی شیر و ئەلبان لەدەربەندیخان و كارگەی خوێی یۆدی بازیان و ...هتد.

٣. لەبواری كارەباشدا,ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی هێڵی٣٢كەی‌ڤی لەدەربەندیخانەوە بۆ سلێمانی.

٤. ڕاكێشانی كارەباو ڕووناك كردنەوەی شارۆچكە و ژمارەیەكی زۆر لەگوندەكان كەلەكاتی ڕژێمی بەغداشدا كارەبایان بۆ ڕانەكێشرابوو.

٥. دانانی ژمارەیەك وێسگەی گۆڕینی کارەبا لەشارو شارۆچکەکاندا.

٦. بەگەڕخستنەوەی وەحدەی ژمارە ٣ی بەرهەمهێنانی کارەبا لەوێسگەی دەربەندیخان.

## لەبواری نەوت و کانزادا

(ی.ن.ك) توانی بۆ یەکەم جار لەمێژووی گەلی کوردا. تاجی سەرکەوتن و سەروەریەکان بۆ خۆی تۆماربکات ئەویش بەهۆی دەرهێنانی نەوتی کوردی لەبیرە نەوتەکانی ( شیواشۆك) و دروستکردنی پالاوگەی نەوت لە سلێمانی کە تەنها و تەنها بەشارەزایی و ماندووبون و دەستی ئەندازیار و کادری کورد ئەنجامدراون, ئەم کارە خەونێك بوو لای هەموو کوردێك, بەلاّم ی.ن.ك کە بەدرێژایی مێژوو لەهەولّیدابوو بۆ بەدیهێنانی بۆئەوەی ببێتە خێرو بەرەکەت بەسەر گەلی کورددا. لەبواری کانزاو کانە بەردیشدا هەولّی زۆر دراوە بۆ بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی بۆی چونکە بەردی مەڕمەڕی کوردوستان لەجۆرێکی زۆرباشە. ئاشکرایە لەهەموو دونیادا وولاّتان بەدوو دەسکەوتی مەزنەوە شانازی دەکەن, ئەوانیش پیشەسازی قورس و نەوتە, لەکوردوستانیشدا ئەم دوو پرۆژە ستراتیژیەلەسەر دەستی ی.ن.ك هاتۆتە دی بۆیە دەبێت ی.ن.ك جێگەی فەخروشانازی هەموو میلەتی کورد بێت.

## لەبواری زانست و پەروەردەو تەندروستیشدا

ی.ن.ك ئەوەی کردویەتی لەم بوارەشدا جێگەی فەخرو شانازیە:-





١. (ی.ن.ك) ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەدامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی و کردنەوەی پەیمانگای نویێ لە ڕانیە و کۆیە و کەلاردا.

٢. دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی کە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بە ئاڕاستەی گەشەکردن و داهێنانی نوێی زانستی لەگشت بوارەکاندا.

٣. لەبواری پەروەردەشدا ی.ن.ك هەر لەزووەوە هەولّی داوە بۆ کردنەوەی خوێندنگەی نویێ و یانەی زانستی و باخچەی ساوایان و گرنگترینیشیان گۆڕینی مەنهەجی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنە.

٤. لەبواری تەندروستیشدا هەولّی زۆری داوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی گەورە لەشاروشارۆچکەو بنکەی تەندروستی لەگوندەکاندا و دابینکردنی دکتۆرو پێداویستی بۆیان.

## لەبواری ڕاگەیاندندا

لەم بوارەشدا( ی.ن.ك ) گەلێك داهێنانی کردوە کە بۆ یەکەم جارە لەمێژووی کوردا ڕوویدات لەوانە:-

١.دامەزراندنی ( ئێزگەی دەنگی شۆڕش ) لەساڵی ١٩٧٩دا.

٢.دەرکردنی بلاّوکراوەی( الشرارة و ڕێبازی نوێ) لەشاخ.

٣.دامەزراندنی ( تەلەفزیۆنی گەلی کوردوستان ) بۆ یەکەمین جار.

٤.دەرکردنی ڕۆژنامەکانی( کوردوستانی نوێ و الاتحاد) وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و هەفتانە بۆ یەکەمین جار.

٥.بڵاوکردنەوەی زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەو گۆڤار و زیاتر لە ٢٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ لەم بەشەی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك )دا.

٦.تازەترین داهێنانی ( ی.ن.ك )یش پەخشکردنی کەناڵی ئاسمانی( کوردسات) ەکەلەبەرواری ٢٠٠٠/١/١ وە پەخشی خۆی دەست پێکردوەکەوەك دیاریەك بوو بۆ سەدەی داهاتوومان.

## لەبواری پێشمەرگایەتی و سەربازیشدا

ی.ن.ك هەوڵی داوە کە ه.پ.ك لەسەر نوێترین بەرنامە و مەشق و ڕاهێنان و چەکی سەردەم ڕابهێنێت و پەروەردەی بکات و سازیبدا. و بەکردنەوەی خولی هۆشیاری و ڕابەری سیاسی ئەم هێزە بکاتە هێزێکی عەقائیدی و تۆکمە و پتەو. بۆ ئەم مەبەستەش ( ی.ن.ك ) لەمێژووی کوردا یەکەمین( کۆلێژی سەربازی ) دامەزراند. هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی بەباشترین شێوە ڕێکخستۆتەوە و پەروەردەیەکی کوردانەی کردوون. بۆ پاراستنی سنورەکانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆی شارو شارۆچکەکان.

## لەبواری ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریدا

( ی.ن.ك ) توانیویەتی لەڕێگەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە سەرجەم خزمەتگوزاریە ڕۆژانەییەکان پێشکەش بەجەماوەر بکات لە:-

١.قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان

٢.دروستکردنی ڕێگاوبانی نوێ





٣.دروستکردنی ئاوەڕۆ و تۆڕی نوێی ئاو

٤.دانانی بەدالەی نوێی تەلەفۆن لەشاروشارۆچکەکاندا

٥.ڕازاندنەوە و جوانکردنی باخچە و فولکەکانی ناوشار و لەبواری ئاوەدانکردنەوەشدادەستی بالای هەبوە لەهاندانی ڕێکخراوە بیانیەکاندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردوستان و دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی و دابەشکردنی دانەوێڵە و سەمادی کیمیاوی بەسەر جووتیاراندا.

## لەبواری یاساو مافی مرۆڤ وبە ( مؤسسة) کردنی دام و دەزگاکاندا

ی.ن.ك هەوڵی زۆری داوە بۆ کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری بەکۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و مەدەنی و هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ داهێنان و بەجیهانیکردنی دونیادا .لەڕێگەی چەسپاندنی یاساو پاراستنی مافی مرۆڤەوە, ئەوەش بەدامەزراندنی دام و دەزگا دادیەکان لە ( وەزارەتی داد و دادگای تەمیز و سەرجەم دادگانی تر لە شارو شارۆچکەکاندا).هەروەها بەمەبەستی چەسپاندنی دام و دەزگاکانی حکومەت ی.ن.ك بڕیاری دامەزراندنی( مەجلیسی پلان دانان و مەجلیسی خزمەت) ی داوە و لەڕێگەی دامەزراندنی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستانیشەوە گرنگی داوە بە بەسەرجەم شەهیدان و بنەماڵەکانیان.

## لەبواری هونەرو وەرزشدا

( ی.ن.ك ) هەر لەزەمەنی شاخەوە دروشمی( دابینکردنی نان و ئازادی) بۆ نوسەران و هونەرمەندان بەرزکردۆتەوە, لەبواری وەرزشیشدا لەڕێگەی ( لیژنەی ئۆلۆمپی کوردوستانەوە ) گرنگی و گەشەی بەرچاوی داوە بە وەرزش و وەرزشەوانان.

## لەبواری بازرگانیدا

( ی.ن.ك ) هەمیشە سیاسەتی بازاڕی ئازاد وبازرگانی سەربەستی بوە و هانی کەرتی تایبەت و خاوەن سەرمایەکانی داوە کە گەشە بە بازرگانی ناوخۆو دەرەوەش بدەن و کارئاسانی زۆریشی بۆ کردوون بەمەبەستی زیاتر بوژانەوەی ئابوری لەکوردوستاندا.

بەم شێوەیە ی.ن.ك لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا, داهێنەرو خزمەتگوزار و ڕابەربوە, بەمەبەستی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری,هەربۆیە ئەرکێکی نیشتیمانی و ویژدانی و ئەخلاقیشە لەسەر هەموو هاوڵاتیەکی دڵسۆز بەگەل و نیشتیمان و خەمخۆری دواڕۆژی نەوەکانی داهاتوەوە.

کە پشتگیری و پشتیوانی لە ی.ن.ك بکەن و ئاڵا سەوزو هەمیشە شەکاوەکەی بەرز ڕابگرن و دەنگ بدەن بەنوێنەرەکانی لە هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەکان بەمەبەستی بەردەوام بوون لە داهێنان و خزمەتگوزاری زیاتردا.

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٠٤٩ لە ٢٠٠٦/١/١٧دا بڵاوکراوەتەوە.





# پێویستە کۆنگرە هەوڵبدات گیانی شۆڕشگێڕی بەزیندوویی بهێڵێتەوە*

❖ ئاشکرایە سەرجەم ڕێکخراو وحیزبە سیاسیەکان لەدونیادا بەگیانێکی شۆڕشگێڕانە دەستپێدەکەن و نهێنی سەرکەوتنیان هەمیشە لەو گیانە شۆڕشگێڕیەدایە کە هەڤاڵانی پێ پەروەردە دەکەن بەدرێژایی کاروانی خەبات وتێکۆشانیان تاگرتنە دەستی دەسەڵات و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت و بەیاساییکردنی دەسەڵاتیان لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسیەکانیاندا.بەم شێوەیە ئەم خوو نەریتە شۆڕشگێڕانەیە لای هەموو ڕێکخراوو حیزبێکی سیاسی ڕەسەن و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان هەمیشە سەر قافڵەی ئەم خوو نەریتە شۆڕشگێڕی و خۆنەویستیە بوون.تێکۆشەرانی ڕۆژانی خەباتی شاخ و پارتیزانی و نهێنی لەدونیادا ئەگەر دەسەڵاتیشیان گرتبێتە دەست هەمیشە ئەم خوو نەریتە شۆڕشگێڕی و فیداکاریانەیان لەیادنەچووە و پلەو پایە و دەسەڵات و کورسی و ڕەفاهیەتی ژیان هیچ کاتێك گیانی شۆڕشگێڕیانی لاواز و نەمراندووە و وای لێنەکردوون ببنە کەسانێك یان چینێکی جیاواز لەجەماوەر و هەڤاڵانی ڕۆژانی تەنگانەیان.

❖ نمونەشەمان :یەکەم( دیگۆل) ی سەرکۆماری فەڕەنسایە لەکاتی داگیرکردنی فەڕەنسادا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە وەك

سەرکردەیەك ڕابەرایەتی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی دەکردو کاتێکیش دوای سەرکەوتن و گرتنە دەستی دەسەلاَت و لە ئەنجامی سەرهەڵدانی پشێوی و ناڕەزایی لە وولاَتدا بەبێ هیچ گرفتێك و خۆسەپاندنێك وازی لە کورسی دەسەلاَت هێنا.
نمونەی دووهەمیشمان,شۆڕشگێڕی ناوداری چەپی دونیا( چیێ جیڤارا)یە کە سەرکردەی خەباتی پارتیزانی بوو لە قۆناغی شۆڕشی چەکداریدا لەکوباو دوای سەرکەوتنیان و گرتنە دەستی دەسەلاَت لە وولاَتدا لەوپەڕی دەسەلاَت و ڕەفاهیەتی ژیاندا وازی هێناو جارێکی تر دەستی دایەوە تفەنگ و خەبات لە پێناو ڕزگارکردنی وولاَتانی ئەمریکای لاتینیدا تا ڕۆژی شەهیدکردنی.
بەم شێوەیە گیانی شۆڕشگێڕی لای شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی ڕەسەن هەمیشە دینەمۆی بەزیندووی هێشتنەوەو گەشەپێدان و داهێنان و پێشکەوتنی زیاتر و نوێ بونەوە بوە لە بەرنامە و فکرو خوونەریتی ڕێکخراوەیی و حیزبیدا.هەمیشە کەسانی شۆڕشگێڕ ئەو ووتەیەیان ڕەتکردۆتەوە کە دەڵێت(( دەسەلاَت و کورسی حوکم خەڵکانی شۆڕشگێڕ تووشی لادان و فەساد دەکات)).

❖ لە ئێستاشدا ی.ن.ك وەك خوو نەریتێکی حیزبیانە و وەك ئەرکێکیش لەخۆئامادەکردندایە بۆ سازدان وگرتنی کۆنگرەی دووهەمی خۆی.ئاشکرایە کۆنگرە لە ژیانی هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا گرنگی و مەترسی خۆی هەیە.گرنگی لەوەدایە کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی حیزب و ڕێکخراو پێویستیەکی هەنوکەییە,چونکە کۆنگرە گیانێکی نوێ و بیری





نوێ وخوێنی نوێ و ئەقڵیەتی نوێ و بەرنامە و پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ دێنێتە ئاراوە.کە بۆ ژیانی ناوخۆ و دەرەوە و داهاتووی ئەو حیزب و ڕێکخراوە کارێکی زۆر گرنگە. مەترسی کۆنگرەش لەوەدایە,بەتایبەتی ئەگەر لە قۆناغێکی ناسك و ناجێگیردا بگیرێت کە ئەو حیزب و ڕێکخراوەی پیادا گوزەر دەکات.چونکە زۆر جار کۆنگرە بۆتە هۆی کەرتبوون و جیابونەوەی باڵەکان و هەڵوەشانەوە و مردنی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە.بۆیە زۆر گرنگە کە زەمان و زەمینەی گونجاو و لەبار بۆ بەستنی کۆنگرە هەڵببژێردرێت و سەرجەم پێداویستیە مادی و مەعنەوی و نەفسیەکانیشی بۆ دابینبکرێت لەپێناو سەرکەوتن و زامنکردنی پاراستنی یەکگرتوویی ڕیزەکان و پێکانی ئامانجەکان. ئاشکرایە ی.ن.ك لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا یەك کۆنگرەی بەستووە و ئەمەش دووەم کۆنگرەیەتی.
لێرەدا مەبەستمانە کە لە کۆنگرەدا گرنگیەکی تەواو بدرێت بەدانانی پەیڕەوێکی ناوخۆو بەرنامەیەکی سیاسی ئەوتۆ بۆ ی.ن.ك بەشێوەیەك کە گیانی شۆڕشگێڕی لای هەڤالاَن بەزیندووی بهێڵێتەوە و بەڵکو جۆش و خرۆشی زیاتری پێبدات, چونکە تاکو ئێستا ی.ن.ك و سەرجەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی نەگەیشتۆتە ئامانج و قۆناغی ڕزگاری و سەربەخۆیی تەواو.هەربۆیە پێویست دەکات لەپێناو بە ئامانج گەیشتن و ڕزگارکردنی ئەو بەشەی کەماوە لە ژێر چنگی ڕژێمی عێراقدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرپەرچدانەوە و بەگژداچونەوەی

پیلانی دوژمنان لەناوخۆو و دەوروبەردا و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەو دەسکەوتانەی کە بەدەستهاتوون.هەمیشە هەڤالآنی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی کوردوستان سازو ئامادەبن و گۆشبکرێن بەگیانی شۆڕشگێڕی و بەردەوام حەماس و خۆڕاگرییان بەگەرموگوڕی لە ئاستێکی بەرزدا بمێنێتەوە.

سالآنی دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت و ئیدارەی کوردی و هەموو ئەو پیلانە گلاّوانەی دوژمنان بۆ تێکدانی ئەم ئەزمونەی گەلەکەمان هەر لە شەڕی ناوخۆو شەڕ فرۆشتنەکانی پەکەکە و ...هتد.وامان لێدەکەن کە هەمیشە بەسەرکردە و هەڤالآنی ڕێکخستن و ه.پ.ك و جەماوەریشەوە زۆر هەستیار و وریا بین و لە حالّەتی ئامادەباشیدا بین.ئەگەر خوا نەکردە گیانی شۆڕشگێڕی و قەلاّی ورەو و متمانەمان لەرزۆك بێت ئەوا بەئاسانی هەموو ئەو دەسکەوتانەمان لەدەست دەچێت کە بەدەیان ساڵ و بەخوێنی هەزارەها شەهید بەدەست هاتبوون.

ئاشکرایە ئەم ٨ ساڵەی دەسەلآت و حکومەت و ڕەفاهیەتی ژیان و گیانی شۆڕشگێڕی و مقاوەمەتی لای زۆرێك لە هەڤالآنی سەرکردە و پ.م و ڕێکخستنەکانیش لاوازو خاوکردۆتەوە و بگرە لای هەندێکیش هەر نەماوە و زۆرێکیش وولآتیان بەجێهێشتوە.

ئەگەر ئەم بۆچونەشمان بەسەر ژمارەیەکی کەمیش لە هەڤالآن ڕاست بێت,پێویست بەوە دەکات کە کۆنگرە هەڵوێستەیەکی لە ئاستدا بکات و حسابی ووردی بۆ بکات.





وەك ئاماژەمان پێدا کۆنگرە دەتوانێت گۆڕانکاری زۆر بکات لە سەرکردایەتی و تاکتیك و ستراتیژی (ی.ن.ك )دا و دەتوانێت کەسانی نوێ بەفکرو بیروبازوی نوێ بهێنێتە پێشەوە, لەبەرئەوە گرنگە کە نوێنەرانی کۆنگرە زۆر بە وریای و ژیرانە هەڵببژێردرێن و کەسانی بیرمەندو هەستیار و دڵسۆز و خاکی و شۆڕشگێڕ لە ڕیزەکانی ڕێکخستن و ه.پ.م و ئیداراتدا بچنە کۆنگرە.چونکە بڕیاردان و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ و دیاریکردنی ڕێبازی خەباتی داهاتوو لەسەر دەستی ئەمانە دێتە دی.

پێویستە کۆنگرە کەسانێکی نوێ لەڕووی تەمەن و ئەقڵ و بۆچوون و گیانی شۆڕشگێڕی و حەماسی زیاتری کوردایەتیەوە, کەسانی نوێکار و پێشکەوتنخواز بۆ سەرکردایەتی ی.ن.ك هەڵببژێردرێت,بەواتایەکی تر پێویست دەکات کە کۆنگرە سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ ی.ن.ك هەڵبژێرێت کە دانایی بەتەمەنەکان و خاوەن ئەزمونەکان و حەماسەت و گیانی شۆڕشگێڕانەی لاوانی تیادا کۆببوبێتەوە.بەشێوەیەك کە بتوانێت ی.ن.ك و جەماوەرەکەی و بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ چەند ساڵی داهاتوو بباتە ڕێوە و کەشتی کوردایەتی لەناو شەپۆل و دەریا هەڵچوەکانی ڕووداو و بەرژەوەندیە ئاڵۆزەکانی دەوروبەر و دونیادا بگەیەنێتە کەناری ئارامی و دڵنیایی و بەئامانج گەیشتن.

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە و پاراستنی یەکێتی ناو ڕیزەکانی ی.ن.ك دەخوازم و هیوادارم هەموو لایەك ئەنجام و

بڕیارەکانی کۆنگرە بەگیانێکی وەرزشیانە وەربگرن لەپێناو بەرژەوەندییە بەرزەکانی کوردو کوردایەتیدا لەم قۆناغە ناسکەی خەباتی کوردایەتیدا. چونکە بەڕاستی ( ی.ن.ك ) لەماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا سەلماندی کە هێزێکی شۆڕشگێڕی ڕەسەن و پێشکەوتنخوازی هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرە و هەر ئەویش پارێزەری ڕاستەقینەی دەسکەوت و دواڕۆژی کوردایەتیە. هەربۆیە پێویست دەکات هەموو لایەك و سەرجەم هەڤاڵانی( ی.ن.ك ) وەك بیلبیلەی چاومان بیپارێزین بۆ ئەوەی دۆستەکانمان دڵخۆش و دوژمنەکانیشمان دڵبتەقێنین و هەمیشە ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت کە (( مانەوەمان,سەروەریمان,بەندە بەمانەوە و سەروەری و گەشەپێدانی ی.ن.ك)).

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ٢٣٥٤لە ٢٠٠١/١/١٦دا بڵاوکراوەتەوە .





# بەشی حەوتەم

# ئەندازیاران پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن*

دونیای ئێستا دونیای سەردەمی داهێنان و تەکنەلۆژیاو کۆمپیتەرو ئینتەرنێت و چوونە ناو بۆشایی ئاسمانەوە یە , کە بەهۆی هەموو ئەم داهێنان و پێشکەوتنە گەورانەوە ئەم دونیا پان و پۆڕو ئالۆزەیان کردۆتە گوندێکی بچوکی پێشکەوتووی هاوچەرخ . هەموو ئەم پێشکەوتن و داهێنانەش لەسایەو لەسەردەستی زانست و زاناو داهێنەرەکانەوە هاتوونەتەدی ,ڕەوڕەوەی زانست و پێشکەوتن لەمێژەوە کەوتۆتە گەڕ و بەردەوام لەبەرەو پێش چووندایە , بەئاڕاستەی داهێنانی زیاترو دروست کردنی ئامێرو کەرەسەی وەها کە پێدەچێت لەداهاتوودا دروست بکرێن کە لەئێستادا بەبیری زۆر کەسدا نایەت , وەك چۆن پێش ٥٠ یان ١٠٠ساڵ لەمەوپێش ئەگەر باسی کۆمپیتەرو ئینتەرنێت و مانگی دەسکردو چوونە ناوبۆشای ئاسمانەوە بکرایە , هیچ کەس باوەڕی نەدەکردو زۆر کەسیان لەڕوانگەی دینەوە لەسێدارە داوەو ملیان پەڕاندووە .

نمونە گالیلۆی زانا ئاشکراو ڕوونە , کەلەسەر خڕی سوڕانەوەی زەوی لەملیاندا . سەرجەم ئەو شارستانیەت و ئاوەدانیە نەمرانەی کەتاکو ئێستاش باس دەکرێن و ماونەتەوە کەلەو کۆشك و تەلارو پاشماوانەدا خۆیان دەنوێنن وەك پاشماوەی شارستانیەتەکانی ڕۆمان و چین و هندو فارس و میسرییە





کۆنەکان و ئیسلامیش ,کۆڵەکەی بنچینەی مانەوەیان لە چۆنێتی دروست کردن و دانان و دارشتنیانەوەیە , کە لەسەر دەستی تەکنیکارو پسپۆڕو ئەندازیارانی بیناسازی یەوە هاتوونەتە دی . ئەم شارستانیەتە گەورە مرۆڤایەتیانە کەتاکو ئێستاش هەرنەمرن دەرئەنجامی کارو ماندوبون و داهێنانی ئەندازیارانن .

هەروەها بەرەو دوا بۆ سەردەمی نوێ و شۆڕشی پیشەسازی لەئەوروپادا و گشت داهێنانە نوێکان بەزۆری لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی کردنی ئەندازیاراندا هاتوونەتە دی لەسەرجەم بوارەکانی بیناسازی و کارەباییات و میکانیکی و کیمیاوییاتدا . لێرەدا بەکەم گرتنی ڕۆڵ و داهێنانی پسپۆڕییە جیاوازەکان و لقەکانی زانستەکانی تر نی یە . بەڵکو دەرخستنی ڕۆڵی ئەندازیارانەو هیچی تر .

ئەندازیاران چۆن ڕۆڵی گەورەو سەرەکی هەیە لەزەمەنی ئاشتیدا لەبەرەو پێش بردنی کۆمەڵگاو دروست کردنی شارستانیەت و داهێنانی نوێدا ,ئاوهاش لەزەمەنی جەنگ و ململانێکانیشدا بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوت و داهێنان و شارستانیەتانەشدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت , لەداهێنانی دروست کردنی کەرەستەو تەکنەلۆژیای سەربازیدا دەتوانێت بەلانسی جەنگ و سەرکەوتن بەلای خۆی دا بشکێنێتەوە .

نمونەش , جەنگی ساردی نێوان دووبلۆکی ڕۆژهەلآت و ڕۆژ ئاواو جەنگی عیراق – ئێران و جەنگی کەنداوو لەئێستاشدا

جـەنگی بـەرەی نـاتۆ دژ یۆگـسلافیا, ڕاسـتی ئـەو وتەیـە دەسەلمێنن کەئێستا ( جەنگ جەنگی تەکنە لۆژیایە نەك جەنگی مرۆڤ ) .

بەم شێوەیە دونیای ئێستامان لەسەردەستی زانست و زانست کاران بـەرەو پـێش دەچـێت و ئـاوەدانتر دەبێتـەوە لەوانـەش ئەندازیاران .

لەکوردستانی خۆشماندا لەمێژەوە تاکو ئێستاش ئەندازیاران لـەبواری شارسـتانی و ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان و دروسـت کردنـی کۆمەڵگـەی نـوێی کوردەواریـدا وەکـو توێـژێکی دڵـسۆزو نیـشتمانپەروەرو داهێنـەرو بونیـات نـەرەوە هاوشـان لەگـەڵ سـەرجەم چـین و توێـژەکانی تـر ڕۆڵـی گـەورەیان بینیـوەو بـە بەردەوامیش ئەوڕۆڵە دەبینن .

ئەنـدازیاران لـەبواری شـۆڕش و بەشـداری کردنیـان و نیـشتمان پـەروەریان لـەڕیزی پێـشەوەی خـەبات و گیـان فیـدایی بوونـەو داهێنـان و خـوێنی خۆیـان پێـشکەش بەگـەل و نیـشتمانەکەیان کـردووە . نموونـەی ئـەم هەڵوێـستەش لەشۆڕشـی ئـەیلول و شۆڕشـی نـوێی گەلەکەشمانـدا درەوشـاوەیە , ئـەویش شـەهیدی ئەنـدازیار (ئیـبراهیم عـەزۆی ) هەمیـشە زینـدووە کـە ئەنـدازیارێکی دڵـسۆزو نیـشتمان پـەروەر و داهێنـەربوو، کۆمـەڵێکی تـریش لەئەنـدازیاران شـەهید بوونـەو بونەتـە مەشخەڵێکی گەش بۆ نەوەی نوێ لـە ئەندازیاران کـە بـەردەوامی بدەنە ئەو ڕێگە نەمرە .





لـە بـواری داهێنـان و ئاوەدانکردنـەوەی کوردستانیـشدا ئەنـدازیاران لـەدوای ڕاپەڕینەکـەی سـاڵی ١٩٩١ ەوە , کەوتوونەتـە خۆیـان بـۆ کۆکردنـەوەو ڕێکخـستنی ئەنـدازیاران لەچـوار چـێوەی ( یـەکێتی ئەنـدازیارنی کوردسـتاندا ) کـەتا ئێـستاش تاکـە ڕێکخـراوی یـەك پارچـەیە لـە کوردسـتانداو هیـوادارین هـەرواش بمێنێتـەوە بـۆ زیـاتر خزمـەتکردنی ئەندازیاران .

ئەنـدازیاران دروشـمی ( ئەنـدازیاران پێـشمەرگەی ئاوەدانکردنـەوەی کوردستانیان ) هـەڵگرتووە . کـە ئـەم دروشـمە بۆ قۆنـاغی دوای ڕاپـەڕین و دەست کردنەوەبەئاوەدانکردنـەوەو بیناکردنـەوەی ژێرخـانی ئـابووری کوردسـتان دوای کـاولکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە , پڕ بەپڕی زەرورەتی ئەم قۆناغە مێژووییەی گەلەکەمانە .

## ئەندازیاران لەدوای ڕاپەڕینەوە چەندەها پرۆژەی گەورەو ستراتیژیان جێبەجێ کردووە لەبوارەکانی :

١. بیناکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارو شارۆچکەکان .

٢. بەگـەڕ خـستنەوەی کارگـە بەرهەمهێنـەرەکانی وەك کارگـەی چیمەنتۆ وجگەرەو ئاوی کانزای بانی خێڵان .

٣.جـێ بـەجێ کردنـی پـرۆژەی سـتراتیژی کارەبـاو گەیانـدنی بەگوند و شارو شارۆچکەکانی کوردستان .

٤٣. هەڵکەندی بیری نەوت و دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوت لەسلێمانی .

کە هەموو ئەم کارانە جێگەی فەخرو شانازی نەتەوەی کوردن و لەمێژووی گەلەکەماندا مێژوویەکی نەمریان تۆمارکردووە . بەم شێوەیە ئەندازیاران ڕۆڵی گەورە و سەرەکیان بینیوەو لە داهاتووشدا دەیبینن لە پێشکەوتن و داهێنانی نوێ و جێ بەجێ کردنی پرۆژەی گەورەتر .
ئەندازیاران کۆڵەکەی بنچینەیی و کادری قیادی و پێشکەوتوون لەشوێنی کاری خۆیاندا و لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا سەرپەرشتی کارو ئاراستە کاری ئیش و کارەکانە. دەرئەنجامی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە , زەرورەتی پشتگیری کردن و ئاوڕدانەوەی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەژیان و گوزەرانی ئەندازیاران بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانیان کە بمێننەوە لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا و ڕوونەکەنە دەرەوەی وڵات .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٨٧١ لە ١٩٩٩/٥/٣١ دا بڵاوکراوەتەوە.





# بەرەو کۆنگرەو هەڵبژاردنی ئەندازیاران*

لەزەمەنی ئێستا دا وەك دیاردەیەکی سەردەم ( هەڵبژاردن ) بەگشت جۆرەکانیەوە و لەناو سەرجەم پارتە سیاسی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکاندا لەسەر ئاستی دونیادا , بۆتە ڕوویەکی گەشی جێ بەجێ کردنی دیموکراسیەت . لەدواساتەکانی هەزارەی دووەمدا هەموو دونیا دەیەوێت بەڕوویەکی گەش و بەخوێن و بیرێکی نوێ وە هەنگاوبنێن بەرەو هەزارەی سێەمی مێژوو .
هەر بۆیەش لەکوردستانە ئازادەکەی خۆشماندا ,پارتە سیاسیەکان , ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ,سەرجەمیان هەڵبژاردنیان لەگشت ئاست و ئۆرگانەکانی خۆیاندا ئەنجام داوەو کۆنگرەی خۆیان سازدەدەن , بۆ ئەوەی سەرکردایەتی و عەقڵی کوردی بەکۆمەڵێك کەسایەتی بەتوانا و لێهاتووی تازەوە کێشەی کورد بخەنە بەردەم دونیاو لەگەڵ گۆڕانکاری و پێش هاتەکانی هەزارەی سێیەمدا خۆیان بگونجێنن و ئەوەی کەنەیان توانیوە لەسەدەی بیستدا بیهێننە دی ,لەسەدەی بیست و یەکدا بتوانن بەدەستی بهێنن . ئەم هەڵبژاردنانەی پارتە سیاسی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان ,ئەگەر بەڵگەبێت بۆ شتێك ئەوا بەڵگەیە لەسەر هۆشیاری و تینوویەتی میللەتی

کورد ,بۆسەرجەم ئازادییەکان و دیموکراسیەت و ژیانی سەردەم .

بەڵام جێی داخە کە ئەم هەڵبژاردنانە لەکەش و هەوایەکی نەشەڕ نەئاشتی و دووکەرت بوونی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت ,لەسەر ئاستی پارت و ڕێکخراوەکان و تەنانەت جەماوەری کوردستانیشدا . هیوادارین پێش هاتنی ساڵی ٢٠٠٠ ماڵی کورد یەك بخرێتەوەو یەك دەسەڵاتی سیاسی و یەك پەرلەمان و حکومەتی یەکگرتوومان هەبێت ,ئەویش تەنها بەهەڵبژاردنێکی ئازاد و سەرتاسەری دێتە ئەنجام .

لێرەدا مەبەستمان لەیەکێتی ئەندازیارانی کوردستانە  کە ئەویش وەك سەرجەم ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر دوچاری دووکەرت بوون هاتوون ,بۆیە ئەگەر بکرێت بەیەکگرتوویی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و هەنگاو بەرەو کۆنگرە هەڵبنێن ئەوا کارێکی باش دەبێت , ئەگەریش نا ئەوا با یەکێتی  ئەندازیاران لەم بەشەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەك ڕێکخراوەکانی ( ئابووری ناسان و زانایانی ئاینی و کارمەندانی تەندروستی و هتد .. )  خۆ ئامادەبکەن  بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و بەستنی کۆنگرەی خۆیان ,و بتوانن دەستەیەکی نوێ لەئەندازیارانی لێهاتوو وکارامە و هەڵسوڕاو هەڵبژێرن بۆ دەستەی باڵاو لقەکان .

با ئەندازیاران کە هەمیشە پێشەنگ  و داهێنەرو پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوون ,هەرواش





پێشەنگ بن لەجێ بەجێ کردنی دیموکراسیەت و زیندوو کردنەوەی گیانی خەباتی پیشەیی لەکوردستاندا .

خوازیارین بەزووترین کات یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان خۆی ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردن و بەرەو کۆنگرە هەنگاو بنێت ,لەپێناو بەرژەوەندی ئەندازیاران و بەرز ڕاگرتنی ئاستی زانست و داهینان لەکوردستاندا .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٩٧٢ لە ١٢/١٠/١٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی هەشتەم





## تیرۆر لەفەرهەنگی کوردەواریدا*

تیرۆر وەك دیاردەیەكی دزێو و قێزەون و دوور لەهەموو خوورەوشتێكی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەن . هیچ كاتێك لەكاروانی دوورو درێژی خەباتی كوردایەتیدا جێگەی نەبۆتەوەو كوردیش هیچ كاتێك نەیویستووە لەڕێگەی تیرۆرو تۆقاندن و زەبرو زەنگێكی بێویژدانانەوە مافەكانی خۆی بەدەست بهێنێت تەنانەت لەگەڵ دوژمن و داگیركەرەكانی كوردستانیشدا . چ جای لەگەڵ كوردو برادینیەكانی خۆیدا . هەروەها كورد بەدرێژایی خەباتی كوردایەتی نەیویستووە نەكورد وەك گەلێك نەشۆڕشە ئاشتیخوازو پێشكەوتنخوازەكەشی ناوو ناتۆرەی تیرۆرست و تیرۆری لێبنرێت و دوژمنانی ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ بەگژداچوونەوەی و تەریككردنی لەكۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وشۆڕشگێڕایەتی ڕەسەن . مێژووی تیرۆر زۆر كۆنەو گەلێك شۆڕش و گروپ و گەل تەنانەت دەوڵەتانیش كاری تیرۆریان كردووە و پەنایان بۆ بردووە بۆ گەیشتن بەئامانجەكانیان . ئەگەریش خۆشیان نەیان كردبێت ئەوا زۆر جار بەناوی هاوكاریەوە پشتیوانی تیرۆریستانیان كردووە .بەڵام ترسناكی دیاردەی تیرۆر لەدوای كارەساتی ٣ شەممەی گەورە , كەلە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەشاری نیویۆركو واشنتۆن لەئەمریكا ڕوویاندا ئەوەندەی تر دڕندەیی و بێبەزەیی و ترسناكی تیرۆر و تیرۆرستانیان بۆ جیهان دەرخست و كاریكی وای كرد كە هەموو جیهان تەنانەت لەزۆر لەو وڵاتانەشی كە پەنای

تیرۆرستیانیان دابوو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێت بەشێوەیەکی دەستە جەمعی لەسەر ئاستی هەموو دونیا بەرەیەکی بەهێزو یەکگرتوو دروست بکەن دژ بەتیرۆرو تیرۆرستان و نەهێڵرێت چیدی لەوەزیاتر ئاشتی و ئارامی مرۆڤایەتی و جیهان بخەنە مەترسیەوە . کورد بەدرێژایی خەباتی ڕەوای کوردایەتی خۆی بۆتە قوربانی کاری تیرۆرستی و لەو پێناوەدا چەندین سەرکردەو شۆڕشگێڕی ئەم گەلە بەدەستی تیرۆرستان شەهید کراون . لەبەرامبەر هەموو ئەم کارە دڕندانانەشدا کورد هیچ کاتێک تەنانەت بیریشی لەکاری تیرۆرستی نەکردۆتەوە بەرامبەر بە دامو دەزگا و پیاوانی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانیشدا . لەزەمانی خەباتی چەکداری و شاخیشدا کە قۆناغێکی نائاساییەو لەهەموو جێگەیەکدا و هەموو کردەوەیەکی تیا ئەنجامدەدرێت بەباش و بەخراپەوە , تەنانەت کورد لەو کاتانەشدا بیری لەکاری خۆکوژی و تیرۆرستی نەکردۆتەوەو کە کەسانی بی ˇگوناهو بیˇ چەکی تێدا بوبێتەقوربانی و ئامانج , بەڵکو تەنها ئەوکەسە بۆتە ئامانج کە زۆر کاری دڕندانەو دوژمنایەتی دژ بەشۆڕش و کوردایەتی و کەسوکاری پێشمەرگەو خیانەتی بەگەل و نیشتمان کردووە , وهەمیشە ماڵ و منداڵ و ژن و کەسوکاریان پارێزراون , دیارترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کەلە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا ڕوویاندا و تۆڵەی کورد تەنها بۆ کەسانی خوێنڕێژ و تاوانباران بوو نەک





کەس و کارو ژن و منداڵەکانیان . کورد بەدرێژایی شەڕی براکان لەکوردستاندا لەزەمانی شاخ و شاریشدا هیچ کاتێک و لەو پەڕی گەرمەی شەڕو ناکۆکیەکاندا بیریان بۆ تیرۆر کردنی سەرکردەو کادرو کەسانی بێگوناهی یەکتر نەکردۆتەوە . لەئێستاشدا و لەو جێگایانەی کەکورد و نەتەوەکان و مەزهەبە جیاوازەکانی تیادا دەژین و چەندین کاری تیرۆرستی بەرامبەر بەسەرکردەو کادرو کەسانی بیˇ چەك و سیڤڵی کورد دەکرێت لە شارەکانی کەرکوك و موصلˇ و تکریت و فەلوجە و حەویجەو بەعقوبەو ...هتد . کورد هەمیشە وەڵامەکەی بەدایەلۆگی شارستانیانەو دیموکراسیانە بوەو هیچ کاتێك بیری لە کردەوەی قێزەونی تیرۆرو تیرۆرستی نەکردۆتەوە و ناشیکاتەوە , نالەبەر ئەوەی کورد ترسنۆکە و خاوەنی مافی ڕەوای خۆی نیە لەو جێگایانەدا بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی کە کورد لەپڕەنسیبی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی خۆیدا هیچ کاتێك بڕوای بەترس و تۆقاندن و تۆڵە سەندنەوەی ناڕەوا نەبوەو هەمیشە شاڕێگا ڕاستەکەی شۆڕش و کوردایەتی گرتوەو لە ئێستاشدا درێژە بەو کاروانی خەباتە دیموکراسی و مەدەنی و سیاسیە دەدات بۆ سەندنی مافەکانی و دەشییەوێت کەنەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانیش لە عێراقی داهاتوودا چاو لەکورد بکەن و ئەزموونی چەند ساڵەی کورد لەکوردستانی ئازادا بکەنە پێشەنگ بۆ خۆیان . بەم شێوەیە دەبینین کە دیاردەی تیرۆر لە فەرهەنگی خەباتی کوردایەتیدا بەدرێژایی

مێژوو جێگەی نەبۆتەوەو بیریشی لێنەکراوەتەوە . بەڵام تازە بەتازە لەسەر دەستی کۆمەڵێك سەرلێشێواو و بەناوی ئیسلامی پیرۆزەوە کە ئیسلام بێبەریە لێیان دیاردەی تیرۆر لەکوردستاندا سەری هەڵداو یەکەم قوربانیش تەنها کەسانی وولاّتپارێزو دڵسۆز بەکورد و کوردستان بوون لەناوچەی هەڵەبجەو هەوراماندا . ئەوگروپەسەرلێشێواوە بە وکارانەیان لەلایەك ناوی ئیسلامی پیرۆزو لەلایەکی تریشەوە ناوی کوردو کوردایەتیان لەکەدار کردوو کوردیان وەك گەلێکی حەز بەتوندو تیژی و ئیرهابی پیشانی جیهان داو زەرەری زۆریان گەیاندە ناوبانگی کورد وەك گەلێکی شارستانی و حەز بەدیموکراسیەت و مەدەنیەت و ئاشتی و ئارامی .. بۆیە ئەم کارەی ئەم گروپە چەندین جار دەچێتە چوارچێوەی تاوانە گەورەکان کەلێخۆشبونیان مەحاڵە , بۆیە پێویست دەکات کەسەرجەم پارتە سیاسیەکان بەعیلمانی و ئیسلامیەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە بەهێزێکی نەبڕاوەوەو یەکگرتوەوە دژی دیاردەی تیرۆر و تیرۆرستان بوەستنەوە و ڕێگە نەدەن کۆمەڵگای کوردەواری بشێوێنرێت و بەرەو دواوەو ڕۆژگارە تاریکەکانی ببەنەوە .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە (١٠٠) لە (٢٥) ی ئەیلولیساڵی ٢٠٠٤ دا بلاّوکراوەتەوە.





# جەنگی دژە تیرۆر

# و

# ئایندەی گەلی کوردستان*

ڕۆژی ١١/ ٩/ ٢٠٠١ بەڕۆژێکی ئاسایی ناژمێردرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیداو ڕۆژێکە کە هەرگیز لە یاد ناچێت لەسەدەی بیست و یەکەمدا , چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای دەستپێکی سەردەمێکی نوێ بوو لەدونیاداو ترسناکی کارەساتەکە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو بێ بەزەیی تیرۆریستانیشی دەرخست بەرامبەر مرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشکەوتن , کارێکی وای کرد کەناوەندی بڕیار بەدەستەکانی دونیا چاو بخشێنێتەوە بەسەرجەم نەخشەو پلانەکانیاندا و خۆ ئامادە بکەن بۆ جەنگێکی درێژ خایەن بەرامبەر بەدوژمنێکی نەناسراو و پەرشو بلاّو بەهەموودونیادا , کاریگەری ئەو هێرشانە ئەوەندە گەورەو پڕمەترسی بوو بەجۆرێك کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردە دوو بەرەو دووسەنگەری جیاواز سەنگەری دژ بەتیرۆر و تیرۆرستان بەرامبەر سەنگەری تیرۆرستان .

کوردیش وەك هەموو گەلانی دونیاو لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و لەم پارچە ئازادو ڕزگارەدا , هەر زوو سەنگەری دژە تیرۆری هەڵبژارد . ئەم هەڵوێستەی کوردیش

هەڵوێستێکی تەکنیکی و سەرپێی و ڕاگوزەر نییە , بەڵکو لەئەنجامی تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانەوە هات بۆ کاریگەریی و هۆکارو دەر ئەنجامی ئەو هێرشانە بوو , چونکە کورد زۆر لەمێژەوە بۆتە قوربانی دەستی تیرۆرستان و کۆنە پەرستان , ئەم هەڵوێستەی کوردیش چەند ڕاستیەکی دەرخست کە مایەی خۆشحاڵیە لەوانە :-

❖ کورد لەسایەی ئازادی و حکومڕانی نزیکەی ١٠ ساڵەی خۆیدا , توانیویەتی درك بەگۆڕانکاریی پێشهات و سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان بکات و هەوڵ دەدات لەبەرژەوەندی مەسەلە ڕەواکەیدا بەکاریبهێنێت .

❖ پێشکەوتن و کرانەوەی عەقڵ و لێکدانەوەی دیپلۆماسیەتی کوردی دەریخست کە ئاوا هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە دەربڕێت و بەعەمەلیش بەشداری لەجەنگی دژ بە تیرۆردا بکات .

❖ بەم هەڵوێستە کورد نواندی , ئەو ڕاستیە دەردەخات کەکورد لەهەوڵی ئەوەدایە لەمەودوا لە پاشکۆو پەراوێزی ڕووداوەکاندا نەمێنێتەوە و مەسەلەکەشی لەکارتێکی گوشاری ناو یارییە سیاسیەکانەوە بگۆڕێت بەپایەو دینگەی جێگیرو بەهێز لەنەخشەو پلانەکانی زلهێزەکانداو بتوانێت بەئاراستەی بەرژەوەندیەکانی ئەوان بیگونجێنێت .





لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایندەی کورد دوای ئەم هەڵوێستەو دوای دەستپێکی ئەم سەردەمە نوێیە بەرەو کوێ دەچێت ؟ ئایا کورد بەم وەزعەی ئێستایەوە کە لەژێر دوو حکومەت و ئیدارەی جیاوازدایە دەتوانێت لە ئاست ئەو گۆڕانکاریانەدا بێت و بتوانێت زامنی ئایندەی مەسەلەکەی بکات ؟ ئایاکاتی ئەوە نەهاتووە کورد لەناو خۆیدا بەعەقڵیەتێکی کراوەتر و بەگیانێکی پڕ لە لێپرسراوێتی و پەرۆشی زیاترەوە لەگەڵ یەکدا مامەڵە بکەن و هەوڵی چارەسەرێکی هەتا هەتایی بدەن بۆ کێشەکان و ئاشتیەکی سەرتاسەری و پتەو جێگیر بکەن لەکوردستاندا ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندانی تر , بەکورتی هەر ئەوەیە کە بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە کە کورد بکەوێتە خۆی هەوڵی بەپەلە بۆ چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکان بدات و ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوەو برایەتی و تەبایی و هاوڕایی و یەکگرتووی خۆی سەرلەنوێ ببوژێنێتەوەو پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێش ببات و کۆمەڵگەی کوردەواری وەك کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و پێشکەوتن خوازی حەز بەژیانێکی ئازادو دیموکراسی و شارستانیەت پێشانی گەلانی ناوچەکەو دونیا بدات ,بەم شێوەیەش کۆمەڵگەی کوردەواری یەکو یەکگرتوو و بەهێز لەدژی دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە پێك دێت بەشێوەیەك کەئایندەی کوردایەتی ڕووناك و پرشنگدار دەبێت , دەنا

بەپێچەوانەوە ئایندەمان بەرەو نادیار دەڕوات و تەنیا خۆشی بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم گەل و مێژوو و نەوەی داهاتووشدا .

هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە ئەرکێکی هەنوکەیی و گرنگە کە چیدی پرۆسەی ئاشتی بەسستی نەچێتە پێش و ئەو دوو ئیدارە جیاوازو لەتکراوە نەمێنێت و حاڵەتی نەشەڕ نەئاشتی کۆتای پێبهێنرێت , یەکێتی و پارتی بەپەرۆشی زیاترەوە هەنگاو بەرەو یەکگرتنەوەو چەسپاندنی ئاشتی و ڕێککەوتن هەنگاوی عەمەلی بنێت , چونکە لەم قۆناغەدا ئەوان لێپرسراوێتی مێژوویان لەئەستۆدایەو دەبێت کارێکی وابکەن کەکوردایەتی لەسەر دەستی ئەواندا بگاتە دوا ئامانج و مەنزڵی خۆی بەهەمان شێوە ئەرکی سەرشانی سەرجەم پارت و ڕێکخراوو جەماوەریشە لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان هەوڵبدەن کەئەم باردۆخە گونجاوەی دونیا لەبەرژەوەندی کوردایەتی بەکاربهێنن و چیدی مەسەلەی نەتەوەکەمان نەکەینە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی حزبی و هەوڵبدەین ئایندەی کوردایەتی زامن و مسۆگەر بکەین .

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە ١٨١٢ لە ١/٣/١٩٩٩ دا بلاْوکراوەتەوە.





# تیرۆریستان
## پەلەقاژەی مەرگیان دەکەن*

ئاشکرایە کەڕۆژی ١١/٩/ ٢٠٠١ کەبەسێشەممەی گەورە لەئەمریکادا ناسراوە , ڕۆژێکی مێژوویی خەتەرناکە لەدنیادا , چونکە لەو ڕۆژەدا تیرۆریستان مەرام و ئا مانجە ئاشکراو نهێنیەکانیان بەرامبەر ئەمریکا کەڕەمزی شارستانیەت و پێشکەوتن و دەسەلاْتی ئەم سەردەمەیە , دەرخست و بەوپەڕی بێ بەزەیی و دوور لەهەستی مرۆڤایەتی و بەرزنرخاندنی شارستانیەتی دنیا , لەماوەیەکی کەمدا هەزاران کەسی بێ تاوانیان تیرۆر کردو هەر لەو ساتەشەوە و بگرە لەپێشتریش و بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی بزووتنەوە ئسووڵییە سیاسییە توندڕەوکان , هەمیشە بەبیرێکی تەسکی تاریك و دواکەوتوو و دڵ پڕ لەقینەوە بەرامبەر بەهەموو بەها جوانە مرۆڤایەتییەکان هەڵسوکەوتیان کردووە .

پێش ١١ / ٩ / ٢٠٠١ لەدنیادا , بەناو ( صەحوەیەکی ئیسلامی ) دەستی پێکردبوو , لەئەفغانستانیشدا بزووتنەوەی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە حکومەتێکی سەلەفیی و توندڕەویان دامەزراندبوو لەوێشەوە پەل و پۆیان بەهەموو دنیادا هایشتبوو , بەزەبری کاری تیرۆریستی و ترس و تۆقاندن دنیایان سەرقاڵ کردبوو , تاڕۆژی ١١/ ٩ کارە تیرۆریستییەکانیان و غرورییان بەهێزو دەسەلاْتیان گەیشتە

ترۆپك و هەموو ڕق و قینیان لەو ڕۆژەدا تەقاندەوە بەو هیوایەی کەئیدی خۆیان بالاْ دەست بن لەدنیاداو ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن و چیان بوێت بیسەپێنن , بەلاْم نەیانزانی کە هەر ئەو ڕۆژە دەبێتە سەرەتای هەلْدێرو لەناوچوونی خۆیان , چونکە دنیا سەرجەم بووە یەك سەنگەر دژی تیرۆرستان جگە لە چەند دەولْەت و سەرکردەیەکی بیر تەسکی وەك سەدام حسین نەبێت کە کەوتنە پشتگیری کردنی تالْیبان و ئەلقاعیدە . تیرۆریستان لەو ڕۆژەوە چەندین گورزی گورچك بڕیان لێدراوە , هەر لەڕوخانی ڕژێمی تالْیبان و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەرجەم بزوتنەوە تیرۆریستییەکان لەکوردستان و ئەندەنوسیاو فلیپین و زۆر جێگەی تر لەدنیادا . مەوداو گۆڕەپانی تەراتێنی تیرۆرستان دوای ڕووخانی تالْیبان و لێك هەلْوەشاندنەوەی ئەلقاعیدە , تەسکبووەوەو کونە مشکیان لێبووە بەقەیسەری و چەندین هێلْ و سەرکردەو کادری نهێنیان ئاشکراکران و دەستگیرکران , وەزعیان زۆر خراپ بوو تا ڕۆژی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا , ئەو کاتە عێراقیان کردە لانەیەکی بۆگەنی خۆیان و چەندین سەرکردەو کادریان لەگەلْ ژمارەیەکی زۆری عەرەبە ئەفغانییەکان ڕوویان کردە عێراق و بەهاوکاری هەندێ دەولْەتی دراوسێی عێراق بەمەبەستی شکست پێهێنانی ئەمریکا لەسەر حسابی گەلانی عێراق و خەلْکانی بێتاوان کە ڕۆژانە بوونەتە قوربانی کارە





تێکدەرانەکانی تیرۆرستان و عێراقیان کردە گۆڕەپانێکی سەرەکیان بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکاو دەستیانکرد بەکاری تۆقاندن و تیرۆر کردنی کەسانی سیاسی و کۆمەلاْیەتی و عەشایەری و ڕۆشنبیری بەمەبەستی نانەوەو خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و تایەفی لەناو ڕیزەکانی گەلانی عێراقدا بەعەرەبی شیعەو سوننەو کوردو تورکمان و ئاشووری .. هتد , بۆ ئەوەی درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن و مەرگیان دوابخەن , ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بووە . سەرەتا زۆر توندو تیژی وکاری تێکدەرانەیان ڕۆژانە ئەنجامدەدا لەشارەکانی بەغداو موسلْ و ڕومادی و دیالەو تکریت و فەلوجەو کەرکوك ...هتد بەلاْم ڕۆژ بەڕۆژو دوای دروستکردنی هێزی پۆلیسی عێراقی و ناسینیان لەلایەن گەلانی عێراقەوە و تێگەیشتن لەمەرام و ئامانجەکانیان و توندکردنەوەی ئابلْوقەو ڕاوەدونانیان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە , کارە ترسنۆك و تێکدەرانەکانیان بەرەو کزبوون دەچێت و لەدوای کوژرانی کوڕانی سەدام و گرتنی سەدام خۆیشیەوە , سەرکەوتنێکی بەرچاو بەسەر تیرۆریستاندا بەئەنجام هات , بەلاْم بەهۆی ئەوەی تیرۆریستان لەتاریکیدا گەورەبوون و ڕاهاتوون هەمیشە لەئاوی لێلْ و لەناخافلْدا کارە قێزەونەکانیان ئەنجام دەدەن و بۆنە پیرۆزە ئاینی و کۆمەلاْیەتییەکان بەهەل دەزانن بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی بێ گوناه بکەنە قوربانی . کارە تیرۆریستیەکانی یەکی شوباتی هەولێرو بنکەی پۆلیسی کەرکوك و کارە خۆکوژییەکانی

کەربەلا و بەغدای عاشورا , نموونەی ئەو ڕاستیەن . هەوڵ دەدەن کە هەردوو ناوچە ئارامەکەی کوردستان و خواروو بشێوێنن و دووبەرەکی تایەفی و مەزهەبی بقەومێنن لەناو ڕیزەکانی گەلانی عێراقدا , وەك لەنامەکەی گەورە تیرۆرست ئەبو مەسعەب ئەلزەرقاویدا هاتووە. ئایا بۆچی تیرۆرستان لەماوەی ئەم مانگەدا چەند کارێکی تیرۆرستییان ئەنجام داوە ؟ کە قوربانیانیان نزیکەی ٨٠٠ کەس دەبن لەناو کوردو شیعەداو لەڕۆژانی جەژن و عاشووورداو لەکاتی نزیکبوونەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم و ئیقرارکردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەت لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە ؟ وەڵامێکی سادەو سانا ئەوەیە کە تیرۆریستان مەرگیان نزیك بۆتەوەو دوا ڕۆژەکانی ژیانیان بەرەو کۆتای دەچێت و تا بۆیان دەکرێت پەلە قاژەی مەرگ دەکەن و هەوڵدەدەن کەهەرچی پێیان دەکرێت لەکوشت و کوشتار و تۆقاندن و کاری تێکدەرانە دەیکەن و دەیانەوێت زیاترین قوربانی لەگەلانی عێراق بدەن , جاگرنگ نییە کەسەرکردە یان هاوولاتی , ژن یان منداڵ و پیرو پەککەوتە , عەرەب یان کورد یان تورکمان و کلدۆ ئاشوری , عێراقی یان ئەمریکی , تەنها گرنگ ئەوەیە کەڕۆژێك مەرگی خۆیان دوابخەن , هەربۆیە پێویست دەکات سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی عێراق و گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی قەومی و مەزهەبی و تایەفیی و بەیەك و یەکگرتووی بەرپەرچی تیرۆریستان و کارە تێکدەرانەکانیان بدەنەوە , ئەوەش





بەبەردەام بوونیان دەبێت لەسەر خەبات و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی عێراق و سەرژمێری کردن و دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتێکی شەرعی لەعێراقدا و دانانی دەستورێکی هەمیشەیی کەبەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراقی دەستوورێکی هەمیشەیی نەبووە , دەستورێك کەڕەنگدانەوەی خواست و ئاوات و مافەکانی سەرجەم گەلانی عێراق بێت بەکورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشووریو ....هتد . بەیەکسانی و دادپەروەری , بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە گەورەترین سەرکەوتن دەبێت بەسەر تیرۆرستان و کۆنە بەعسییەکانداو شکست و مەرگی کۆتاییان نزیکتر دەبێتەوە . لەسەر ئاستی کوردستانیش , یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە دوای ئیمزاکردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەت , کارێکی هەنووکەیی و بەپەلەی هەردوو حزبی یەکێتی و پارتییە و توند و تۆڵکردنی باری ئاسایش و چاودێریکردنی سنوورەکان و هۆشیاری زیاتری هاوولاتیان زامنی سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانمانە لەچەسپاندنی فیدڕاڵییەت و دانپیانانی سنوورەکانی کوردستان و ماف و ئازادییە کەسییەکانمان و تەنها بەیەکبوون و بەیەکگرتوویی دەتوانین بەرەنگاری تیرۆریستان ببینەوەو سەرکەوتنی کۆتاییمان مسۆگەر بکەین .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (٣٣١٣) لە ٨/ ٣ / ٢٠٠٤ دا بلاْوکراوەتەوە.